# لە فێمینیزمەوە تا هیومانیزم

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

مەهاباد قەرەداغی

# لە فێمینیزمەوە تا هیومانیزم

ئامادەکردنی:

خالید عەبدولکەریم حەمەلاو

ناوی کتێب: مەهاباد قەرەداغی لە فێمینیزمەوە تا هیومانیزم – چاوپێکەوتن
ئامادەکردنی: خالید عەبدولکەریم حەمەلاو
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٥٢
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ٢٥١٣ی
سالی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# پێڕست


پێشەکی ..... 7
بەشی یەکەم: هەڤپەیڤین لە دوازدە تەوەری ڕەنگین ..... 11
تەوەری یەکەم: چەمکە شاراوەکانی جەنگ ..... 13
تەوەری دووەم: خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی فێمینیزم و ..... 23
تەوەری سێیەم: وشە باران ..... 35
تەوەری چوارەم: چەمکی شەرەف لە شەرەفنامەدا ..... 49
تەوەری پێنجەم: ڕیفۆرم ..... 63
تەوەری شەشەم: ڕۆشنبیر و دەسەڵات ..... 76
تەوەری حەوتەم: مرۆڤ و نامۆبوون ..... 93
تەوەری هەشتەم: لە خۆشەویستییەوە تا عەشق ..... 106
تەوەری نۆیەم: پرسی تاوان لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی... ..... 116
تەوەری دەیەم: پەروەردە و ئەخلاق ..... 128
تەوەری یازدەم: سیاسەت و ئاین ..... 135
تەوەری دوازدەم: ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە ژیانی سیاسی و لە هەڵبژاردنەکاندا ..... 146
بەشی دووەم: دیدار و دیمانەکان ..... 161

## پێشەکی

دواندنی ئەهلی قەڵەم لە پانتاییی ڕووناکبیری وڵاتی ئێمەدا هێشتا نەیتوانیوە ببێتە دیاردەیەکی مەعریفیی بەرچاو بۆ بەرهەمهێنانی پرۆژەی ئاڵوگۆڕی مەعریفی لەلایەن خودان فیکر و قەڵەمەکانەوە بۆ خوێنەر. کاتێک سەیری کتێبخانەی ئەو میللەتانەی کە لە فەرهەنگدا دەوڵەمەندن، دەکەین، دەبینین پڕیەتی لە پرۆژەی ئاڵوگۆڕی مەعریفی. ئەو پرۆژانە یارمەتیی وەبەرهێنانی هۆشیارییەکی زانستی دەدەن و هەر تاکێکی کۆمەڵگە وا لێ دەکەن تاکڕەوانە نەڕوانێتە جیهان، بەڵکە بەهرە لە دنیابینییە جیاوازەکان وەربگرێت و دیدێکی ڕەنگینی هەبێت بۆ ژیان نەک دیدێکی سادە و ڕەش و سپی، کە ئەم دیدەی دووەمیان لە ئەنجامی تەنگژەی دیموکراسییەوە دێتە بەرهەم. هەڵبەتە ڕوانینی ڕەنگین لە سۆنگەی نەهێشتنی گۆشەگیری ڕۆشنبیری و کرانەوەی کولتووری کۆمەڵگەیە بە ڕووی ئەم جیهانە و شارستانییە دەوڵەمەندەکانی دنیا. لەلایەکی ترەوە فراوانکردنی دیاردەی گفتوگۆی مەعریفی لەسەر ئەو پرسانەی کە پێوەندییەکی هەنووکەیی بە ژیانی تاک و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە، حاڵیبوونێکی تری پرۆژە ناوەخۆییەکانمانە کە خوێندنەوەی بۆ جیهان کردووە، هەڵبەت ئەوانەی کە شایستەی ئەوەن بدوێندرێن، ئەوانەن کە توانیویانە شوناسێکی تایبەت بە خۆیان هەبێت و بەرهەمەکانیان جێگەی مشتومڕ و گفتوگۆی کەسایەتی و کایە ڕۆشنبیرییەکان و خوێنەران بێ.

ئەم گفتوگۆیەی بەندەش لەگەڵ ڕووناکبیری گەورەی گەلەکەمان، خاتوو مەهاباد قەرەداغی بەرهەمی گەیاندنی تا ڕادەیەک کۆی ئەو گفتوگۆیانەیە کە لەسەر بەرهەمەکان و دنیابینی ئەو دەکرێ. هەر کەسێکیش دێڕێک لە بەرهەمەکانی خوێندبێتەوە، هۆشیارە بەوەی قەرەداغی لە پاڵ ئەوەی هەڵگری

پەیامێکە بۆ یەکسانی، یەکێکە لەوانەی کە وشەیەک دەنووسێت بۆ ئەوەی شەڕێک هەڵبگیرسێنێت و لە ئەنجامیدا حەقیقەتێک بدۆزێتەوە، وەلێ ئەو شەڕەی ڕەگەزە دیکتاتۆرەکان قەبووڵی ناکەن. ئاشکراکردنی حەقیقەتەکان شەڕێکە لای هێزە بیرستاتیکەکان، هەر بۆیە زۆرترین مشتومڕ لەسەر بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەمان دەکرێ.

بەهەموو تێبینییەکانیشەوە لەسەری، وشەکانی قەرەداغی جیاوازە لەوانەی کە لە دنیای کەیف و سەفاوە دێن و بۆ خزمەتی کۆمەڵگەیەکی دیاری کراون، بگرە لە زمان و ئازاری گەلێکەوە هەڵدەقووڵێن و هەر بۆ ئەوانیشن، ئەمەیە سیحری قەرەداغی کە وای کردووە بەرهەمەکانی پڕخوێنەر بن و بەردەوامیش خوێنەرەکانی حەز دەکەن لەگەڵیدا گفتوگۆ بکەن. نووسەرێکیشە زۆرترین دیمانە و گفتوگۆی لەگەڵدا کراوە و ڕوون و ڕاشکاوانە بۆ خوێنەر و خەڵکەکەی دواوە. لە هەمان کاتیشدا قەرەداغی لەلایەن کەسانێکی تریشەوە دژایەتیی توند کراوە، تانە و تەشەری زۆری لێ دراوە و تۆمەتی وەپاڵ خراوە، هەڵبەتە ئەمەش بە دیاردەیەکی ئاسایی دەبینرێت، چونکە بەرهەمەکانی قەرەداغی هەتاوەکو زەمەن و کاتی داهاتوو دێ بەردەوام باڵا دەکەن، بۆیە ئەگەر ئێستاش دژایەتی بکرێت و تۆمەتی وەپاڵ بدرێت، کاتێک دێت بەدوای وشەکانیدا بگەڕێین، نەوەیەکی داهاتوو دێت عەوداڵی ڕوانینەکەی دەبێت، تا دنیای پێ بخوێنێتەوە.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت قەرەداغی نەتوانێت لە ئێستادا بژی، ڕاستە ئەو خەمی سبەینێیەکی جوانتر، بەردەوام لە بیریدایە و ئاراستەی سەرنجی بەرەو دواڕۆژە، بەڵام ئەوانەی ناهێڵن ئەو داهاتووە ئاوا بێت وەک ئەم دەیخوازێت، ئەوا بەرهەمەکانی قەرەداغی لە ئێستاش و داهاتووشدا باشترین شەڕیان لەگەڵدا دەکات. لە ئێستادا زۆر و لە هاتووشدا زۆرتر ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

کاتێ کە نیتشەی فەیلەسووفی بوونگەراکان بەرهەمەکانی بڵاو دەکردەوە، دەگمەن بوون ئەوانەی کە پشتگیرییان لێ دەکرد و زۆرترین دژایەتی و تۆمەت دەدرایە پاڵی، وەلێ ئێستا شارستانی ڕۆژئاوا دەگەڕێن بەدوای

بەرهەمەکانیدا و بۆ بنیاتنانی وڵاتەکەیان سوودی لێ دەبینن. دەشێ هۆی ئەو دژایەتییانە بووبێ کە نیتشە هەستی بە تەنیایی کردبێت و گوتبێتی: "تەنیاییم بەهۆی ئێوەوە لە خۆمدا دەشارمەوە." بەڵام نیتشە ئەو هەستکردن بە تەنیاییەی نەکردووەتە کێشەیەک بۆ خۆی و ئەو هەستە شکستی پێ نەهێناوە. ئەی دەبێ چی لێ کردبێت؟ خۆی گوتوویەتی: "ئەوەی تێکم ناشکێنێت بەهێزترم دەکات."

بەرهەمەکانی قەرەداغییش هەرگیز پیر نابن و بە گەنجی دەمێننەوە، هەر گفتوگۆکردنێک لەگەڵیدا پێویستییەکی دەزگا ئەکادیمییە گەورەکانە، چونکە لە هەر بابەتێک دەدوێ پسپۆڕێکە، ئەمەش نیشانەیەکی دەگمەنە و لای ئەوانە پەیدا دەبێت کە لە ناو فیکر و وشەدا زیکر دەکەن و قاڵ بوونەتەوە. ئەم گفتوگۆیەی بەندەش لەگەڵ قەرەداغیدا، لە کاتی خۆیدا ژمارەیەکی کەمی لە ڕۆژنامەکان و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا بڵاو بوونەتەوە، زیاتر لەسەر ئەو بابەتانەیە کە کایەی مەعریفیی ئێمە پێویستییەتی قسەی لەسەر بکات. تێگەیشتنمان لە پرسە مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکان، ئاوابوونی بیری ستاتیکی و بنیاتنانی شارستانییەکی دەوڵەمەندە. ورووژاندنی هەر پرسیارێک لەسەر ئەو پرسانە زیاتر پڕکردنەوەی دەلاقەی ڕووناکبیری ئێمەیە و پرسیارنەکردن لەسەر ئەو پرسانە، هێمای پاشکەوتنی هزریمانە.

ئەم گفتوگۆیەی ئێمەش دەرگەی زۆرترین پرسیار دەکاتەوە، بەرامبەر ئەو پرسانەی کە پێوەندیی هەنووکەییی بە تاک و بە کۆمەڵەوە هەیە. بەرهەمی ئەم پرسیارکردنەش جێ دەهێڵین بۆ خوێنەر تا هەڵی بسەنگێنێت تا چەند پێویستە پرسیار لەسەر پرسە جۆراوجۆرەکان بکەین، لەلایەکی تریشەوە ئەم بەرهەمە خوێندنەوەیەکی تری قەرەداغییە بۆ پرسە مەعریفی و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتەکەمان و دەوروبەر و دنیا، ئەوانەشی لە قەڵەمەکەی قەرەداغی دەترسێن ئەم گفتوگۆیە دەیانسرێتەوە، ئەوانەشی کە دژایەتیی دەکەن و تۆمەتی وەپاڵ دەخەن، بەخۆیاندا دەچنەوە و ئەمەش بۆ هەریەک لەوانە خۆیان بەجێ دەهێڵم و با خۆیان بگەنە ئەو بڕوایە.

ئەم کتێبەی کە دەیخەمە بەردەستی خوێنەران، لە دوو بەش پێک هاتووە. بەشی یەکەمیان پڕۆژەی هەڤپەیڤینی نێوان خۆم و مەهاباد قەرەداغییە و لە دوازدە تەوەر پێک هاتووە و کە هەریەک لە تەوەرەکان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و لەبارەی دیاردەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەکانی دەوروبەرمان و کۆمەڵگەی خۆمانەوە. بەشی دووەمیشیان هەندێ دیدار و دیمانەی ترە کە ڕۆژنامەنووسەکانی تر لەگەڵ قەرەداغیدا ئەنجامیان داوە لە نێوان ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٩دا، کە بەڕاوێژکردن لەگەڵ نووسەر خۆی، هەندێک لەوانە لە ناو ئەم کتێبەدا دانراوە. بێگومان دیدار و دیمانەی زۆرتر لەگەڵ نووسەردا کراوە، بەڵام ئێمە تەنیا هەڵبژاردەیەکیمان لە ناو ئەم پرۆژەیەدا داناوە کە هاوئاهەنگییان لەگەڵ تەوەر و بابەتەکانی ئێمەدا هەیە و دەشێ تەواوکەری هەمان ئەو پارچانە بن کە وێنەیەکی گشتگرەوەتر پێک دەهێنن. هیوادارم ئەم کتێبە بۆ خوێنەر بە گشتی و بۆ لێکۆڵەران و قوتابییانی زانکۆکان بە تایبەت، جێگەی ڕەزامەندی بێت و بەهرەبەخش بێت.

خالید ع. حەمەلاو

بەشی یەکەم

# هەڤپەیڤین لە دوازدە تەوەری ڕەنگین

"سەربەستی لە هەر جێیەک بوو، نیشتمانیش لەوێدایە."

ژان ژاک ڕۆسۆ

تەوەری یەکەم

# چەمکە شاراوەکانی جەنگ

* ڕۆژانە دەبینین، دەبیستین، بگرە زۆر جاریش خۆمان یەکێک دەبین لە قوربانییانی جەنگ. مرۆڤ لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆیدا، حزب لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا، ئاین لەگەڵ نەیارەکانیدا «حەتمەن هەموو ئاینێک نەیاری هەیە»، شەڕ دەکەن و مێژووش پێمان دەڵێت مەرگەسات لەو شەڕانەوە بەجێ ماوە. مەبەستمە بپرسم تۆ وەک ڕووناکبیرێ سەرچاوەی یەکەمی شەڕەکان دەگەڕێنیتەوە بۆ چی؟

– سەرچاوە زۆرە بۆ شەڕ، بەڵام گرینگترین و سەرەکیترینیان بەرژەوەندییەکانە. پرسی بەرژەوەندی زۆر ئاساییە بۆ مرۆڤ کە خەمخۆری بێت، چ لە سەر ئاستی تاکەکەس، یان گرووپ و کۆمەڵگە و دەوڵەت، بەڵام بە چ شێوەیەک بەدەستی بهێنێت و بیپارێزێت، ئەوە پرسیارەکەیە. بێگومان هەموو بەدەستهێنانێکی ناڕەوای بەرژەوەندی توندوتیژیی لێ دەکەوێتەوە. هاوکێشەی بەرژەوەندی لە هەموو پێوەندییەکدا هەیە، بەرژەوەندییەکی هاوبەش مرۆڤ بە یەکترەوە دەبەستێتەوە، بەڵام زۆر جار یاسای بەرژەوەندیی هاوبەش پێشێل دەکرێت و لایەک مافی ئەوی تر دەخوات و کێشەکان سەرهەڵدەدەن. خۆ ئەگەر مرۆڤ تەنیا بیتوانیبایە لە هاوکێشەی «بەرژەوەندیی هاوبەش» بەهرەمەند بێ و کاری پێ بکات، ئەوە مێژووی ئاشتی گرەوی لە مێژووی شەڕ دەبردەوە، وەلێ چونکە مرۆڤی ئەم گێتییەی ئێمە گیرۆدەی داوی

«بەرژەوەندیی هەر بۆ خۆ»یە، بۆیە لەسەر ئاستی تاکەکەسەکان و گرووپەکان و حــزبـەکــان و، دەوڵەتـەکــان ئەو هـەمــوو شـــەڕە هـەڵدەگـیــرسێ و ژیانی سەرزەمینی ئێمەی نابووت کردووە.

زۆربەی جـار لەبـارەی شـەڕەکـانەوە ئەو هۆکـارانە دەخـرێنە ڕوو کـە زۆر لاوەکین و فـاکتـەری سـەرەکی دەسـتپێک و هەڵگیرسـانی شـەڕەکـان نەبوون. لە شەڕێکدا ئـیتر هـی دوو کـەس بێت، یان دوو گرووپی بچووک بێت، یان هـی دوو حزب و یانیش هی دوو دەوڵەت و بگرە چەند دەوڵەتێک پێکەوە، کەسانێکی زۆر تێوە دەگلێن بێ ئەوەی لە ئامانجی ڕاستەوخۆی شەڕەکان ئاگەدار بن و بێ ئەوەی بزانن بۆ و لە پێناوی چی شـەڕ دەکەن. مێژووی مرۆڤایەتی شاهێدی شـەڕی سەد ساڵە و دە ساڵە و چەند ساڵەیە، شاهێدی شەڕی درێژخایەن و کـورتخـایەنە، قـوربـانیـیـەکـانی شـەڕ لە ژمـارە نەهاتوون، ئاکـامـەکـانیـشی ماوەیەکی زۆر درێژخایەن کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر باری دەروونیی هەموو تاکـێکی کـۆمـەڵگەکان بەجێ دەهـێڵی و ئەو گـرژبوونەوە دەروونـیـیـانەی پاش شەڕەکانە کە ناهێڵێ مرۆڤەکان لەگەڵ ئاشتیدا دۆستایەتی ببەستن و ئارامی ڕوویان تێ بکات. بۆیە بازنەی بەدکاری و بەدگۆیی لە دوای شــەڕەکان درێژە دەخـایەنێ و شـەڕە گەرمـەکان شێوە و ڕەنگیـان دەگۆڕێ و لە شەڕی "گەرم و ســـوور"ەوە دەبن بە شــــەڕی "ســـارد و ســـپی". شــــەڕی ســـارد و ســـپی جیـاوازییـەکـەی لەگەڵ شـەڕی گەرم و سـوور تەنیـا ئەوەیە لە شـەڕی سـوور و گەرمدا خوێن دەڕژێ و زیانی فیزیکی بە مرۆڤەکان دەگات، وێڕای کاریگەرییە دەروونییەکەش، وەلێ لە هـی سارد و سپیدا مـرۆڤـەکان دەمـێننەوە و لە ڕووی فـیـزیکییـەوە لـە ناو ناچن، بەڵام لە ڕووی ڕوحـیـیـەوە تێک دەشکێن و لە ڕووی دەروونیـیـــەوە گــرژ دەبنەوە و لە چەندان جــۆری تـەنگژەدا خــۆ دەبیننەوە. کۆمـەڵگەی دوای شەڕ مرۆڤەکانی ئاسایی نابن، بۆیە خـەمخـۆرانی کۆمـەڵگە دەبێ لە فیکری ئـەوەدا بن بەرنامـە بۆ ئاسـاییکردنـەوە دابنێن. ئێـمـە زۆر جـار دەبینـین و دەبیـسـتـین قـسـە لەسـەر ئاسـاییکردنـەوەی بارودۆخی سـیـاسـی و پێـوەندییـە سـیـاسـیـیـەکـان دەکـرێت لە دوای تەنگژە و شـەڕەکـان، وەلێ بە

دەگمەنیش نابیستین لە پاش شەڕەکان باس لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی دەروونی و ڕوحی و کۆمەڵایەتی بکرێت. کە باری دەروونی و ڕوحی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی کۆمەڵگەی پاش شەڕ چاک و ئاساییی نەکرێتەوە، پسپۆڕانە و بەپێی بەرنامەیەکی زانستی لێی نەکۆڵدرێتەوە لە پێناوی چارەسەرکردن، ئەوە ئەگەری دووبارەبوونەوەی شەڕ و تەنگژە و تەنگژەی جۆراوجۆر لەو کۆمەڵگەیەدا بەهێزە و دەشێ لە هەر کات و ساتێکدا ڕوو بداتەوە، چونکە شەڕ کولتوورێک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت توندوتیژی تێدا دەبێت بە نۆرم و بە شێوەیەکی ئاسایی پیادە دەکرێت. کاتێکیش توندوتیژی بوو بە نۆرم، لەو کۆمەڵگەیەدا دادپەروەری و دادسەروەری مانا نادەن و، کەشێکی سەربازییانەی تووڕەکەر دەبێتە کەشێکی باو و سەپاو لە ناو خێزان و لە ناو کۆمەڵگە و لە ناو داوودەزگاکانیشدا. لە کۆمەڵگەیەکی وادا بەها مرۆڤایەتییەکان تیا دەچن و لە جێگەی ئەوان کۆمەڵێ بەهای تری هاودژیان دێنە ئاراوە و دەبن بە نۆرم و داوونەریت و ڕێسای کۆمەڵایەتی. بۆ نموونە بێ متمانەیی جێگە بە متمانە لەق دەکات، ڕق و کینە بوار نادات خۆشەویستی بگاتە دەروونی مرۆڤەکان و تۆڵەسەندنەوە بە دەستی خۆ دەبێتە باوەڕ و کەس ددان بە یاسا و دادگەدا نانێت، پارەدۆستی و هەڵپەی کۆکردنەوەی جێگەی ژیاندۆستی و ئارامی دەگرێتەوە، گەندەڵی لە هەموو ئاست و بوارەکاندا دەبینرێ یان هەست پێ دەکرێت. ئا ئەمانە ئاکامە دیارەکانی شەڕن و زۆر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە ڕابردوودا و لە ئێستادا پێوەی دەناڵێنن.

* تۆماس هۆبس، فەیلەسووفی ناوداری ئینگلیز بۆچوونێکی هەیە و دەڵێ مرۆڤ گورگی مرۆڤە. بە باوەڕی تۆ، ئەگەر مرۆڤ گورگە، چی وای لێ دەکات گورگ بێت، ئاین یاخۆ کەڵچەری کۆمەڵگە؟

– میتافۆری "گورگ" زۆر بەکارهێنانێکی باوە لە کۆمەڵناسی و دەروونناسیدا. بۆ ئەو مرۆڤانەی کە لە دۆخی ئاسایی خۆیان دەردەچنە دەرەوە و هێندە توندوتیژی دژی یەکتری دەنوێنن وەک ئەوە وایە بەشێکیان

چووبنە پێستی گورگەوە لە دژی بەشەکەی تریان کە هێشتا بە مرۆڤی ماون، ددان تیژ دەکەن. لە دەروونناسیدا میتافۆری "زمانی گورگ"یش بەکار دەبرێت بۆ ئەو جۆرە ئاخاوتنەی مرۆڤ بە توندوتیژییەوە لەگەڵ یەکتری دەیکات و زیاتریش لەو کۆمەڵگانەدا دەبێت بە باو کە شەڕ میراتی توندوتیژیی بۆ بەجێ هێشتوون و لە خووڕەوشتی مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگانە نائارامی و خەمۆکی دەبێتە بەرهەمهێنەری ئاکار و گوفتاری توندوتیژی ئامێز.

دەپرسی ئاخۆ ئاین یان کەڵچەڕی کۆمەڵگە هۆکاری بەگورگبوونی مرۆڤە، بێگومان بنکەیەکی بەرفراوانی کولتوور لە ئاین پێک هاتووە، ئاینیش باوەڕە و لە ڕووی ڕواڵەتیشەوە زۆر کەرەت ئاینەکان و باوەڕە جیاوازەکان وەک فاکتەری دژایەتی و شەڕ بەیان کراون و شەڕەکان وەک شەڕی نێوان دوو ئاین و دوو شارستانی ناسێنراون. بەڵام کەڵچەر بە گشتی و ئاینیش بە تایبەتی شتێکی تر نین جگە لە داهێنانەکانی مرۆڤ خۆی، واشیان بەکار دەبات کە مەبەستییەتی و کە پارێزەریی بەرژەوەندی و دەستکەوتەکانیان بێت. بۆ نموونە لە سەدەکانی ڕابردوودا ئاین بۆ فراوانکردنەوەی هەژموونی ئیمپراتۆرەکان و سنووری دەسەڵاتیان و سەقامگیرکردنیان بەکار براون. هەر لە یۆنانییەکان و ڕۆمانەکانەوە تا ساسانییەکان و عوسمانییەکان، ئاینیان لە پێناوی دەسەڵاتی خۆیان و پاراستنی دەستکەوتەکانیان بەکار بردووە، نەک بە پێچەوانەوە. ئاین وەک ئامانج ناسێنراوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئامانج بەرژەوەندییەکان و دەسەڵات بووە و ئاین ئامرازێکی بەهێز بووە بۆ پاراستنیان، چونکە باوەڕی مرۆڤ پێوەندیی بە ژیانی ڕوحییەوە هەبووە و بەو هۆیەشەوە کۆنترۆڵی مرۆڤەکان کراوە و چۆن ویسترابێ وا بەکار هێنراوە. ئەوەی هۆکاری عەقڵانیی شەڕەکانە و مرۆڤی کردووەتە گورگی مرۆڤ، مەیلی هەژموونی بەشێکی مرۆڤە بەسەر بەشەکەی تری و هۆکاری ئەمەش هەر بەرژەوەندییەکان و دەستبەسەراگرتنیانە. من پێدادەگرم لەسەر بەرژەوەندییەکان وەک فاکتەری سەرەکیی شەڕ و، مەخابن ئەم فاکتەرەش لە هەزاران ساڵی ڕابردووەوە هەبووە و لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت.

مـرۆڤـەکـان بە گشـتی بڕیاردەری شـەڕ و ئاشـتی نین، بەڵکە بـۆ پێنج ملیـارد مـرۆڤی سـەر زەوی چەند سـەد کەسێک بڕیار دەدەن و بـەرژەوەندییەکـان ئەوان دیاری دەکـــەن و، ئەگـــەر شـــەڕ دەسکەوتـی مـــادیی هەبێت بـۆ چەنـد هەزار کەسێکە، بەڵام ئاکامـە نێگەتیڤـەکانی و زیان و دەردەسـەرییەکانی بۆ هەمـوو مرۆڤایەتییە.

* لە زۆربەی شـارستـانییە کۆنەکاندا بۆچوونی جیـاواز دەبینرێت بۆ شـــەڕ. هـەن ڕەوایەتـیی پـێ دەبـەخـشـن و هـەشن ســەرکـۆنەی دەکـەن. ئەی شــارسـتـانیی کـوردی لەم بارەیەوە چی تـێـدا بەدی دەکرێ؟

– لە هـەمـوو دنیـادا وایە کە بـەشـێک مرۆڤ کـە بەرژەوەندییـان لـە شـەڕدایە و دەستکەوتیان دەبێ لەو شەڕە، پاسـاو بۆ شەڕەکان دەهێننەوە و ڕەوایەتیی پێ دەبەخشن و تا ئەو ڕادەیەی لە هەندێ کاتدا پیرۆزی دەکەن و وەک تێکۆشـان لە پێناوی خوا و لە پێناوی نەتەوە و نیشتمان ناوزەدی دەکەن. بەشێکی تر لە مـــرۆڤ کـــە هـۆشـــیـــارانە ئـاکـــار و ئاکـــامـــەکـــان هەڵدەســـەنگێنن و هـیچ بەرژەوەندییـەکـیـشـیـان لـە شـەڕدا نـیـیـە، سـەرکـۆنەی دەکـەن و ئەنتی تێـزی پاســـاوەکـــانی ئەوان و تـیـۆری بەپیـــرۆزکـــردنی شـــەڕ بـەرهـەم دەهێـنن. بەڵام بەشـێکی تریش لە مرۆڤ هـەیە کە هـەڵوێستـێکیـان نابێ بەرامبـەری و کەمتـر زیانیان پێ دەگات، دوا بەشیش ئەو بەشـەیە کە دەبنە قوربانی بێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکیان لە شەڕەکاندا هەبێت، کە ئەمانە بەشی هەرە زۆری مرۆڤەکان دەگرێتـەوە. کە ئەمـە دەڵێم مـەبەسـتم ئەوە نییـە کە شـەڕ لە پێناوی نەتەوە و نیشتـماندا نەکرێ، بێگومان ئەگەر نەتەوەیەک ژێردەست و نیشتمـانێک داگیر بکرێت، مـــرۆڤ ناچارە بۆ ڕزگـــارکـــردنیـــان تـێ بکۆشـێ و، ئەمـــە لـە دۆخـی کوردسـتان و کورددا وابووە. لە مێژووی کورددا دوو جۆر شـەڕ بوونیان هەیە، کە یەکەمـیـان بۆ ڕزگاریی نەتەوە و نـیـشـتـمـان بووە و، شـەڕێک بووە یەخـەی گرتووە و دەبووایە بیکات، دووەمیشـیان شەڕی خـۆبەخـۆ و ناوەخـۆ بووە کە لە

پێناوی بەرژەوەندییەکانی چەندان کەس بووە و شەڕی ناڕەوا بووە. لە مێژووی کۆندا میرنشینەکان و شەڕەکانی نێوانیان، لە مێژووی نوێشدا شەڕی ناوەخۆیی نێوان دوو حزبی کوردستان "پارتی و یەکێتی" نموونەی ئەو شەڕە ناڕەوایانەن کە لە پێناوی بەرژەوەندییەکان ڕوویان داوە و دەبووایە و دەتوانرا ڕوو نەدەن.

* بۆچی دەبینین زۆربەی شاعیرە کۆنەکان، زۆربەی داوونەریتە کوردییەکان، کەمتر لە ئێستا بانگەشەی شەڕیان کردووە، ئەگەر بە ناڕاستەوخۆش بێت؟

– هەتا ژیان سادەتر بووبێ و پێویستییەکانی مرۆڤ کەمتر بووبێ، بەرژەوەندییەکانیش کەمتر بوون، کەواتە هۆکارە سەرەکییەکەی شەڕ کەمهێزتر بووە. وەلێ لەگەڵ ئاڵۆزبوونی ژیان و زۆربوونەوەی پێداویستییەکانیان، بەرژەوەندییەکانیش گەورە بوون و تا ئەوانیش گەورەتر بن پاڵنەری شەڕ بەهێزتر دەبێت.

کورد لە کۆندا ئاینی خۆی هەبووە و پەیڕەوی ڕێوڕەسمی ئاینی زەردەشتی کردووە و ئەو ئاینەش تا ڕادەیەکی زۆر بانگەشە بۆ ژیاندۆستی و ئاکار و ڕەفتاری نەرمونیان و باش دەکات. بەڵام هێزێک هات و بەشەڕ ئاینێکی تری سەپاند و بەهۆی ئاینەکەشەوە کولتوور و داوونەریتی تری سەپاند بەسەر خەڵکی کوردستاندا. لێرەشدا دیسان نەک ئاینە سەپێنراوەکە خۆی، بەڵکە بەرژەوەندیی پیاوانی ئاینەکان هۆکار بوونە لەو شەڕانە. مەبەستیش تەنیا بەئیسلامکردن نەبووە، بەڵکە مەبەست بووە بەناوی هەژموونی دینەوە خۆ بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن و، سامانی مرۆیی و سروشتیی ئەو وڵاتانەی کە ئاینەکەیان بەسەردا دەسەپێنن بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و بیکەن بە هی خۆیان. وەک چۆن ئەمەریکانیزەکردن لە ئێستادا لە ڕێگەی چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچە جیاجیاکاندا بەهۆی سەپاندنی زمان، کولتوور و دراوی خۆیەوە دەیکات، ئاواهیش ئەوسا

ئیسلامیزەکردن بۆ چەسپاندنی زمان و کولتوور و داوونەریتی عەرەب بووە لە ناوچەکان. کولتوور و داوونەریتی کوردی بەهۆی ئەو شەڕ و سەپاندنی بیروباوەڕ و کولتوور و زمانانی ترەوە خۆماڵییەتیی خۆی لەدەست داوە و خڵتەیەکە لە گیراوەی چەند کولتوورێکی تری بێگانە و نامۆ بە پێکهاتەی سروشتی کەسایەتیی مرۆڤی کورد. هۆی ئەوەشە سروشتی مرۆڤی کورد ئاڵۆزە و ئاسان نییە بڕوا و فەلسەفەی ژیانی مرۆڤی کورد دەستنیشان بکەیت، چونکە ئازاد نەبووە و خاوەنی خۆی نەبووە و بیرکردنەوەیەکی خۆماڵی نەبووە تا فەلسەفەی ژیانی بۆ دابنێت.

نەک لە کۆندا، بەڵکە لە ئێستاشدا مەفرووزە شاعیران و نووسەران و ڕووناکبیرانی کورد بانگەشە بۆ شەڕ نەکەن و بە پێچەوانەشەوە بانگەواز بۆ ئاشتی و ژیانپەروەری بدەن. چینی ڕووناکبیر ئەو چینەن بەرژەوەندییان لە ئاشتییدایە نەک لە شەڕدا، چونکە چڕبوونەوەی بیری ئەوان لەسەر گەشەپێدانی کولتوور و پەروەردەکردنی نەوەکان و خۆشگوزەرانی خەڵکە، هەموو ئەمانەش لە کەشی ئاشتیدا جێبەجێ دەبن و لە کەشی شەڕدا نغرۆ دەبن. لەبەر ئەم هۆیانەیە کە ڕووناکبیری ڕاستەقینە هەردەم ئەوانە دەبن کە دژی شەڕ دەوەستن و بە پڕۆژەی جۆراوجۆری ئاشتی، دیموکراتی و ئازادیخوازانە بەرەنگاری شەڕ دەبنەوە.

* شەڕ گەورەترین کارەساتی بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناوە. هەر کۆمەڵگەیەک پشکێکی ماڵوێرانی بەرکەوتووە، ئەگەر ڕاستەوخۆ لە شەڕیش نەبووبێت. شەڕی فیزیکی لە سەدەکانی ڕابردوودا عەقڵی ستاتیک کرد، مۆدێرنیتە هات عەقڵ لەو جامبوونە ڕزگار بکات. جیهان کەوتە خۆ و دەیان جاڕنامە و دەزگا و ڕێکخراو بۆ بەرەنگاربوونەوەی شەڕ دروست بوون ئێستا چەند شارستانییەتیی بەردەوام لە هەوڵدان جیهان قووت بدەن، ئەمە دەرهاوێشتەی بردنەوەی ئەو شەڕانەیە، یاخۆ دروستکردنەوەی دەوڵەت و کۆمەڵگەیەکی بێ شەڕە؟

– مێژووی مرۆڤ جگە لە سەدان شەڕی گەورە و بچووک، شەڕی ناوەخۆییی وڵاتان و شەڕی وڵاتان لەگەڵ یەکتر، خاوەنی دوو شەڕی جیهانیشە کە لە سەدەی ڕابردوودا نزیکەی سەرجەم مرۆڤەکانی جیهان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ تێوە گلاون و زیانیان بەرکەوتووە. کە ئەو هەموو شەڕە هەبوویێت، مانای ئەوەیە لە جیهاندا توندوتیژی وەک نورمێک قبووڵ کراوە و کاری پێ کراوە، بۆ ئەوەی توندوتیژی ئاسایی نەبێت بە لای مرۆڤەوە پێویستی بەوە کردووە هزری مرۆڤەکان گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت و بەرنامەیەک بۆ ئەو گۆڕانە دابنرێت. بێگومان لە هەموو کات و قۆناغەکانیشدا مرۆڤی ژیاندۆست، خەمخۆری مرۆڤایەتی، ئاشتیخواز و دانا هەبوون کە بیرکەرەوە بن بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لەو تەنگژانەی کە تێی کەوتووە. دەبینین ڕێکخراوی نێونەتەوەیی بۆ ئەو مەبەستانە دامەزراون و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ یەکێک لە بەرهەمەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە تێیدا جەخت لەسەر بەهاکانی مرۆڤێکی سروشتی دەکاتەوە. مرۆڤێکی سروشتی مرۆڤێکە لە سروشتەوە کۆمەڵێک بەهرە و ماف و ئازادیی پێ بەخشراوە و کولتوورەکان و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ و گرووپ و چینەکانی کۆمەڵگە وا دەکەن شەڕەکان هەڵبگیرسێن و مرۆڤیش لەو ماف و ئازادی و بەها سروشتییانەی خۆی دادەبڕێت. مرۆڤەکانی ئەم گەردوونە هەمووی پێکەوە هاوبەشن و کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە. لەمپەڕی دنیا مرۆڤێک ئازاری پێ بگات، کار دەکاتە سەر مرۆڤێکی تر لەوپەڕی دنیا بەهۆی ئەو وزە هاوبەشەوە کە مرۆڤایەتیی پێکەوە بەستووەتەوە. خەڵکی گەردوون ڕێک وەکو یەک خێزان وان، هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە نەخۆش بێت، کار لە ئاسوودەییی هەموو خێزانەکە دەکات. ئەم فەلسەفەی وزەی هاوبەشەیە وا دەکات مرۆڤ پێویستی بە یاسا و ڕێسای گەردوونی هاوبەش بێت و نموونەیەکی ئەوەش جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤە، کە لە دیسەمبەری ١٩٤٨دا ڕاگەیاندرا و لەم پەنجا و هەشت ساڵەدا لەلایەن بەرەی ئاشتی و ئازادیخوازانەوە تێکۆشانێکی زۆری بۆ کراوە تا لە وڵاتان و کۆمەڵگەکانی

دنیادا بچەسپێت و ببێتە سەرچاوەی یاسا و ڕێسا و ڕێنوێنییەکانیان.

لە دوای شەڕە جیهانییەکانەوە مرۆڤ پێویستی بەوە بوو دووبارە پەروەردە بکرێتەوە و، بە جۆرێک پەروەردە بکرێتەوە کە مەیل بداتە ژیان و بە خۆشەویستی و ئاسوودەیی، هاوکات نەفرەت لە شەڕ و توندوتیژی و هۆکارەکانی بکات. پەروەردەکردنەوەی مرۆڤیش پێویستی بەوە هەبوو لە ڕەگ و ڕیشەوە بێت، لە ساوایەتییەوە بێت و ڕاستەوخۆ کار لەسەر مینتالیتە بکرێت، واتە عەقڵ بگۆڕدرێت. لە ئەوروپادا بە گشتی دوای شەڕی جیهانی دووەم، کار بۆ ئەوە کرا سیستەمی پەروەردە بەو ئاراستەیە بگۆڕدرێت کە ببێتە بەرهەمهێنەری نەوەی تەندروستی ژیاندۆست و ژینگەدۆست. مرۆڤ کە ژیانی خۆش نەوێت، خۆی و ئەوی تری خۆش ناوێت و، ئاسانە بۆی بڕیار بۆ وێرانکردنی ژیانی خۆی و ئەوی تر بدات و شەڕ بنێتەوە. مرۆڤ کە ژینگەی خۆش نەویست ئاسانە بۆی پیس و ژەهراوی بکات و خاپووری بکات و، سەرچاوەکانی ژیان کوێر بکاتەوە. لە پاش شەڕەکان، ئەگەر بەرنامەیەکی عەقلانی بۆ گۆڕینی عەقڵ پێش هەر گۆڕانێکی تر نەکرێتەوە، ئەو کۆمەڵگەیە دەستی لە یەخەی شەڕ نابێتەوە.

لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵانەشدا کە بۆ پاراستنی ژینگە و ژیانی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤدۆستان و ژینگەدۆستان دەکرێت، وەلێ شەڕ هەر هەیە و، دەبینین ئێستاش وڵات هەیە وەک نەهەنگ وڵاتانی تر قووت دەدات و، کۆمەڵگەی زاڵ و کولتووری زاڵ هەیە و دەیەوێ هەژموونی بەسەر دنیادا هەبێت. هۆکارە سەرەکییەکەش دیسانەوە بەرژەوەندییەکان و بەخێوکردنی سامانەکانی سروشت و مرۆڤ و قۆرخکردنیانە بۆ خۆ.

* پێت وایە مرۆڤ وەڵامی ئەو پرسیارەی دەست بکەوێت، کە بەردەوام دەپرسێ: کەی شەڕ دەست لە یەخەی مرۆڤایەتی بەردەدات؟

– لەبەرئەوەی شەڕ بەرهەمهێنەری خۆیەتی و ئاشتیش بەرهەمهێنەری

خۆیەتی، هەردووکیشیان بەرهەمی مرۆڤەکان خۆیانن، بۆیە لەو ولاتانەدا کە عەقڵی شەڕپەروەر ڕێبەرە و مێژوویەکیان لە توندوتیژی تێپەڕاندووە، شەڕی جۆراوجۆری تریش بەرهەم دەهێننەوە. لەو ولات و کۆمەڵگەیانەشدا کە ڕێبەری ئاشتیپەروەر بەڕێوەیان دەبەن، ئەو ئاشتییە بەردەوام دەبێت. لە ولاتی سوێددا بۆ نموونە، دووسەد ساڵە هیچ شەڕێک هەڵنەگیرساوە، سەد ساڵێکیشە سیستەمێکی دیموکراتی ولات بەڕێوە دەبات و، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام ڕێبەرانی ئەم ولاتە بیر لە بنبڕکردنی ئەو دیاردانە دەکەنەوە کە مەیلی توندوتیژی لە مرۆڤدا گەشە پێ دەدەن. لە ولاتێکی وادا تەنانەت بیر لەوەش دەکەنەوە کە لە چیرۆکی منداڵاندا باس لە کلکبڕینی پشیلەیەک نەکرێت، تا مەیلی توندوتیژی لای منداڵ دروست نەبێت، کەواتە مرۆڤ دەتوانێت پێشبینیی ئەوە بکات لەم ولاتەدا دەشێ ئاشتی و ئاسوودەیی هەردەم خۆیان بەرهەم بهێننەوە و شەڕ هەڵنەگیرسێت. هەر کۆمەڵگەیەکی تریش بەم جۆرە بیر بکاتەوە و بەرنامە بۆ چەسپاندنی ئاشتی دابنێت، دەتوانێت ئاشتی دەستەبەر بکات. بەلام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کۆمەڵگەکان و ڕێبەرانی کۆمەڵگەکانی تریش وا بیر دەکەنەوە؟ سەبارەت بە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە داخەوە دەتوانین پێشبینیی ئەوە بکەین کە بەو مینتالیتەیەی کە ئێستا کاری پێ دەکرێت و بەو مەیلی مەرگدۆستییەی کە لەلای ڕێبەرانی کۆمەڵگە هەیە، شەڕ بەرهەم بێتەوە و بازنەیەکی بەدکاری و بەدڕەفتاری و بەدگفتاری بەردەوام بسووڕێتەوە.

سادەترین پەندی ژیان ئەمەیە: هەرگیز ئازاری کەس مەدە.
ژان ژاک ڕۆسۆ

ئازادیی ڕاستەقینە ئەوە نییە هەرچی حەز لێ بکەیت ئەنجامی بدەی، بەڵکو ئەوەیە ئەوەی مافی خۆمانە ئەنجامی بدەین.
ڤیکتۆر کورزن

تەوەری دووەم

# خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی فێمینیزم و بزووتنەوەی فێمینیستی

*ئازادی هیچ کاتێک چاوەڕوانمان ناکات، دەبێ ئێمە لە داواکردنی بە دڵ و گیان درێغی نەکەین. لە هیچ جێگەیەک و هیچ مێژوویەک شک نابەین ئازادی و دیموکراسی ئاسان وەدەست هاتبێ.*

ئیمرسۆن

*نهێنیی سەرکەوتن لە سووربوون لەسەر ئامانجدایە.*

بنیامین دزرائیلی

* بزووتنەوەی فێمینیستی خوێندنەوەی زۆری بۆ کراوە، ئاراستە دیار و نادیارەکانی ناسێنراوە، هەن مێژووی ئەم بزووتنەوەیە دەگەڕێننەوە بۆ بەرهەمەکانی ئەوانەی ڕەخنە لە ئەفلاتوون دەگرن کە هیچ پێناسەیەکی نەداوەتە ژن جگە لە ئالییەت بوون. ئەمە لە ڕووی تیۆرییەوە، کۆمەڵێکی تر پێیان وایە لە دوای شۆڕشی پیشەسازی و چوونە دەرەوەی ژن لە ماڵ، ژن توانی پێناسەی حیسابکراوی هەبێت لە زۆربەی فەرهەنگە هاوچەرخەکاندا. دەستەیەکی تر پێیان وایە لە دوای ئەو دەستکەوتانەی شۆڕشی پیشەسازی بۆ ژن و چەسپاندنی مافەکانی لە دەستووردا وردە وردە ئەم بزووتنەوەیە ڕووی لە لاوازی و کزی کرد لە ڕۆژئاوادا. ئەگەر بزووتنەوەی فێمینیزمی دەستکەوتێکی هەبێت بۆ کۆمەڵگە

خۆی و ژنی ڕۆژئاوایی، ژنی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و ژنی کورد بە تایبەتی لە کوێی ئەم دەستکەوتانەدایە؟

– هەر قۆناغێکی مێژوویی ململانێی تێدا بووە و چین و توێژ و ڕەگەز و توخمە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە بە شێوازی سەردەمەکە ڕووبەڕووی یەکتری بوونەتەوە. سەبارەت بە خەباتی ژن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو چەوساندنەوەیەی کە هەستی پێ کردووە لە کۆمەڵگەدا، بێگومان لە سەدەکانی زووتریشدا هەبووە و لە سەدەی ناوەڕاستیشدا هەر هەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی ڕێکخراو نەبووە و، فەلسەفە و دنیابینییەکی تایبەتیی لە پشتەوە نەبووە. فێمینیزم بۆ ئەوە داهات کە ڕوانگەیەک بۆ ژن پێک بهێنێت لێیەوە دنیا ببینێ و ڕاڤەی ناسنامەی خۆی، پێوەندییەکانی خۆی و ژیانی خۆی لە ناو ئەم دنیایەدا بکات و، لەو دیدگایەوە لێکدانەوە بۆ کێشەکانی بکات و چارەسەریان بۆ پێشنیاز بکات. سەدەی هەژدە سەدەی لەدایکبوونی فێمینیزمە و ڕۆژئاواش لانکەی ئەم فەلسەفەیەیە. شۆڕشی پیشەسازی ئەو پێویستییەی هێنایە ئاراوە کە هێزی کاری هەموو مرۆڤ نەک نیوەی بخاتە خزمەتی خۆیەوە و، ئەنجامەکەشی ئەو گەشەسەندنە خێرایە بوو کە ڕۆژئاوای کردە پێشڕەوی بەشەکانی تری دنیا. شۆڕشی پیشەسازی و هاتنە ناو بازاڕی کار، ژیانی ژنانی گۆڕی و هێنایە ناو کەشی گشتیی کۆمەڵگەوە و کردی بە خاوەنی ئەزموونی گشتی، لە کاتێکدا پێشتر تەنیا ئەزموونی تایبەتی شک دەبرد و بوار نەدرا بوو بێتە ناو ژیانی گشتییەوە. بەهەرحاڵ ئەو گەشەسەندنە خێرایەی کە لە خۆرئاوا سەدەی هەژدەمی گرتەوە و بیری ژنانی وروژاند بۆ ئەوەی دنیابینییەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت. ئەمە وەک فەلسەفە، بەڵام چەمکی فێمینیزم وەک سیاسەت، یان وەک تێڕوانینێکی سیاسی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٨٩٠ لەلایەن مارگریتا دوراند لە ڕۆژنامەی "فروندا"ی فرەنسی بەکار براوە.

ئایدیۆلۆجیا جیاوازەکانیش هەریەکە و بە ئاراستەی بیرکردنەوەی خۆی ئەم چەمک و تێڕوانینەی بەکار هێنا، بۆیە فێمینیزمیش لک و پۆپ و

قوتابخانەی جیاوازی لێ پێک هێنرا، بۆ نموونە فێمینیزمی مارکسیستی، فێمینیزمی سۆشیالیستی، فێمینیزمی ڕادیکاڵ، فێمینیزمی لیبراڵ، فێمینیزمی ئەنارشیستی و تەنانەت لەم دواییە باسکردنی فێمینیزمی ئیسلامیش هاتە ئاراوە. هەموو ئەم ئاراستانەش دژیان بۆ پەیدا بوو، چونکە پەیوەست کران بە ئایدیۆلۆجیا هاودژەکانەوە. شەپۆلی ئەنتی فێمینیزم "دژە فێمینیزم" ڕووبەڕووی خەباتی فێمینیستەکان دەبووەوە و تا ئەوان زیاتر دەستکەوتیان دەبوو، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمان توندتر دەبووەوە. بەڵام چونکە فەلسەفەکە بناغەیەکی پتەوی هەیە و باس لەو هاوسەنگییە دەکات کە سروشت بە مرۆڤەکانی ڕەوا بینیوە، بۆیە کێرڤی دەستکەوتەکانی خەباتی فێمینیستی لە قۆناغە ئاساییەکاندا هەردەم ڕووەو سەرەوە بوو. بەڵام لە هەندێ قۆناغدا «وەک سەردەمی شەڕە جیهانییەکان» خاو بووە، بەڵام دوابەدوای شەڕەکان دیسانەوە خۆی ڕێک خستووەتەوە و هاتووەتەوە مەیدان.

فێمینیزم لەم دووسەد ساڵەدا لە ڕۆژئاوا کاریگەریی سەرسامکەری بەدەست هێناوە و بەردەوامیشە لە بەدەستهێنان. لە بەشەکانی تری زەویش هەر کۆمەڵگەیەک ویستبێتی بەهرەی لێ وەربگرێت، توانیویەتی گۆڕانێک دروست بکات و لە هەموو بوارەکانی ژیاندا لە پرسی هاوسەنگکردنەوەدا ڕۆڵ ببینێت. سەبارەت بە پرسیارەکەی تۆش لەسەر ژنی کورد و پێوەندیی بە فێمینیزمەوە، کۆمەڵگەی ئێمە ئازاد نەبووە و وڵاتی ئێمە سەربەخۆ نەبووە، تا بتوانین وەک پێویست سوود لە ئەزموونەکانی دنیای گەشەسەندوو ببینین. لە ئێستا بەدواوە و لەم بەشەی کوردستاندا کە خۆمان بەڕێوەی دەبەین، دەتوانین سوود لە هەموو ئەو چەمک و ئەزموون و بەرنامانە ببینین کە بوونەتە هۆی پێشکەوتنی وڵاتانی تری دنیا، تا ئێمەش بەرەو پێشەوە بئاژوێن.

* ئەگەر میتۆدۆلۆجی فێمینیستی ڕۆژئاوایی بە شوێن ئاوەژووکردنەوەی کۆمەڵێک بیروبۆچوونی دژ بە ژن بێ، ئەم بزووتنەوەیە ئەگەر بە کارایی هەیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا توانیویەتی ئاوەژووی چەردەیە لە بیروبۆچوونی پیاوسالاری بێت؟

– فێمینیزم ئەلتەرناتیڤی یەکسانی و هاوسەنگیی نێوان نێر و مێ دەخاتە ڕوو، کەواتە ویستوویەتی و دەیەوێت هەرەس بەو دید و بۆچوونانە بهێنێت کە لاسەنگی دروست دەکەن و ئاستی بەرز و نزم بۆ توخمی مرۆڤەکان دادەنێن و پیاو وەک پلە بەرز و ژن وەک پلە نزم پێناسە دەکەن.

فیکر کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی لەسەر زمان هەیە، چونکە بیر و زمان هەوێنی بەرهەمهێنانەوەی یەکترین. دەبینین چۆن بیری باوکسالاری کاریگەری لەسەر زمانەکان داناوە و لە زمانەکاندا ژن وەک ڕەمزی سۆز و پیاو وەک ڕەمزی عەقڵ، ژن وەک ڕەمزی لاوازی و پیاو وەک ڕەمزی هێز دادەنرێت. فێمینیزم لە ڕاڤەکانی خۆیدا پەی بەو مەترسییەش دەبات کە فیکر لەسەر زمان و، زمان لەسەر فیکر هەیەتی لە مەسەلەی تێڕوانینی کۆمەڵگەدا بۆ ژن، بۆیە هەردەم لە هەوڵی گۆڕینی زمان و هاوسەنگکردنەوەیەتی، تا لە ئەنجامدا ئەو پێناسانەش بگۆڕێت کە لە ڕێگەی سیمبۆلەکانی زمانەوە بە ژن دراوە.

لە زمانی کوردیشدا هەمان ستركتووی باوکسالاری بەپێوەیە و ژن وەک سیمبولی زەعیفە و گوناه دادەنێت. لە زمانی کوردیدا، کە پێکهێنەری تێڕوانینە کولتوورییەکانیشە، وێڕای ئەوەش ژن بریتییە لە شەرەفی پیاو، شەرەفیش بەندە بە سێکسوالێتی ژنەوە و لە ئەنجامی ئەم پێناسە و پێوەندییەدا کە لە نێوان شەرەفی پیاو و جەستەی ژندا هەیە، کارەساتی گەورە قەوماوە و دەقەومێ.

لە کوردستاندا هێشتا لە شێوەی هەڵمەتێکی گشتی نا، بەڵکە لەسەر ئاستی تاکەکەس و گرووپ و ڕێکخراوی بچووک کار بۆ ئەوە کراوە پێناسەکان بگۆڕدرێن و دەستکاریی ستركتووری زمان و کولتوور بکرێت. ڕەنگە هێشتا ئەو هەولانە ئەنجامی پێویستیان بەدەست نەهێنابێت، بەڵام بە بەردەوامبوونی هەوڵەکان و چڕوپڕترکردنەوەی ئەو ئەزموونانە، گۆڕینێک بەرپا دەبێت. بێگومان گۆڕان تەنیا بەهۆی هەوڵەکانەوە نابێ، بەڵکە گۆڕینی

ستركتووری سیستەمی سیاسی و گەشەسەندنی ئابووریش لە کوردستاندا ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕانەکانی زمان و کولتوور.

ئەگەر سەرنجت دابێت هەوڵی سەرەکیی من لە کتێبی "شەرەفنامە" گۆڕینی پێناسەی باوی شەرەف و جەستەی ژنە بە پێناسەیەکی مرۆڤانە و زانستییانە. چونکە لە تێڕوانین و کولتووری باوی کوردەواریدا ئەو پێناسە خەتەرەی کە بۆ شەرەف کراوە و پێوەست کراوە بە جەستەی ژنەوە، وای کردووە کۆمەڵگەیەکی نائاسایی دروست ببێت. جەستەی ژن ئۆرگانێکی زیندووە و تایبەتە بە ژن خۆیەوە و ژیانی فیزیکی ژن بەڕێوە دەبات، وەک چۆن جەستەی پیاو ئۆرگانێکی زیندووە و تایبەتە بە پیاوەوە و ژیانی فیزیکی پیاو بەڕێوە دەبات. هیچ شتێکی پیاو لە جەستەی ژن دانەنراوە و ئەو بڕوایەی کە لە بیر و دەروونی کۆمەڵگە چەسپاوە تەنیا وەهمە و پێویستە ڕووناکبیری کورد ئەم وەهمە لە بیری کۆمەڵگە بەرنەوە. شەرەف لە زمان و لە کولتووری کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کراوە بە چەکێک بۆ کۆکوژی. ئەوانەی لەسەر شەرەف دەکوژن و دەکوژرێن، ئازار دەدەن و ئازار دەدرێن، سووکایەتی دەکەن و سووکایەتییان پێ دەکرێت، دەسووتێنن و خۆ دەسووتێنن، ژمارەیان یەکجار زۆرە و ئەمە دۆخی جینۆسایدی فیزیکی ژنە. ئەمە وێڕای ئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە ئەم پێناسەیە هێندە زیانی لە مێینە داوە کە کردوویەتی بە بوونەوەرێکی پاسیڤ و، دەبینین ئافرەت کارایی لە ناو کۆمەڵگەدا کەمە، کە ئەمە خۆی لە خۆیدا ئیفلیجکردنی پەلوپۆی کۆمەڵگەیە. «شەرەف کۆدێکە بۆ کۆیلەکردنی ژن»، ئەمە ئەو پێناسەیەیە کە لەسەر بەرگی کتێبی "شەرەفنامە" نووسیومە و لە ناوەرۆکی کتێبەکەشدا چوومەتە قووڵاییی چەمکەکە و لێکدانەوەی کۆدەکان. ئەم کۆدانە پێویستە بگۆڕدرێن و هەوڵی ئێمە بەردەوام دەبێت لەم بوارەدا.

* ئەگەر کۆمەڵگەیەک خاڵی بێت لە چەمکە حەقیقییەکانی "ئازادی، هاوولاتی، دیموکراتی،... هتد" یان ئەو چەمکانە

هەبوویێتن بەڵام لە تەنگژەدا بن، بزووتنەوەی فێمینیزم دەتوانێ چ بکات لەو کۆمەڵگەیەدا؟

– فێمینیزمیش جەخت لەسەر چەسپاندنی ئەو چەمکانە دەکاتەوە و، بزووتنەوەی فێمینیستیش لە پراکتیکدا بەشێکی سەرەکیی خەباتەکەی خەباتە بۆ دیموکراتی، چونکە کارکردن بۆ یەکسانیی کارکردنە بۆ دیموکراتی، کارکردنە بۆ ئاسایشی هاووڵاتی و پاراستنی ئازادییە تاکەکەسییەکانی. بەهەمان شێوە ئەو کەسانەی کە کار بۆ دیموکراتیزەکردن و مۆدیرنیزەکردن دەکەن، هاوکات کار بۆ یەکسانیش دەکەن. ئەم چەمکانە ئەڵقەی هەمان زریزەن کە کۆمەڵگەی مەدەنی پێک دەهێنن.

بێگومان کۆمەڵگەیەک کە ماوەیەکی درێژ شەڕی تێدا بووبێ و تەنگژەی جۆراوجۆری ئابووری، سیاسی، کولتووری و کۆمەڵایەتیی تێدا بێت، هەموو ئەو چەمکانەش کە گوزارە لە تێڕوانینێکی ئەلتەرناتیڤ دەکەن، کە دەهێنرێنە ناو ئەو کۆمەڵگەیە دژایەتی دەکرێن و تەنگژەیان بۆ دروست دەبێت. بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە دوای ئازادبوونی بەشێکی کوردستان و دەستپێکی قۆناغی خۆ بەڕێوەبردن، دەست کرا بە چالاکیی جۆراوجۆری کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری، بەڵام لە کاتی شەڕی ناوەخۆدا هەموو چالاکییەکان وەستان و ساڵانێکی زۆر هەموو شتێک بەرەو دواوە گەڕایەوە، چونکە وەستان مانای ئەوە نییە کە بابەتەکان لەو شوێنەدا دەوەستن و ناجووڵێن، بەڵکە بەرەو دواوە دەچن، بەهۆی ئەوەوە کە کۆمەڵگەکانی تر لەو دەمەی تۆ وەستاوی ئەوان نەوەستاون و دەڕۆن و هەندێکیان زۆر خێرا بۆ پێشەوە دەچن. کەواتە هەموو وەستانێک گەڕانەوەیە بۆ دواوە.

* کاتێ بیریارانی پۆست فێمینیزم مەرگی ئایدیۆلۆجیا ڕادەگەیەنن، چۆن بزووتنەوەی فێمینیستیش بە ئایدیۆلۆجیایەکی مردوو ناوی دەبەن و بانگەشە بۆ خەباتی ئازادیی تاکەکان و فەرهەنگەکان بە باشتر دەزانن؟

– فێمینیزم بانگەوازی هاوسەنگییە، فەلسەفەیەکە دەکرێ لەگەڵ هەر بارودۆخێکی نوێدا گەشەی پێ بدرێت و کاری پێ بکرێت. بێگومان ئەگەر فێمینیزم گرێ بدرێت بە ئایدیۆلۆجیایەکەوە، بە لاوازبوونی ئایدیۆلۆجیاکە ئەویش لاواز دەبێت، بۆیە پێویستە بەکارهێنانەکەی بەجۆرێ بێت کە فێمینیزم کاریگەری لەسەر ئایدیۆلۆجیاکە هەبێت نەک بە پێچەوانەوە. هەموو کەس دەتوانێت لایەنگر و هەڵگری ئەم فەلسەفەیە بێت و خۆی بە فێمینیست بزانێت ئەگەر لایەنگری هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی تریش نەبێت، دەتوانێت دوور لە هەر ئایدیۆلۆجیایەک بەکاری بهێنێت و ئەنجامی لێ بەدەست بهێنێت. لایەنی هەرە دژواری تواندنەوەی فێمینیزم لە ناو ئایدیۆلۆجیاکانی تردا، ئەوەیە کە کاتێک ئایدیۆلۆجیاکان دژ بەیەک لە سەنگەردان، فێمینیستەکانیش لە دژی یەکتر دەکەونە سەنگەرەوە و ئەمەش لە دژی بزووتنەوەی ژنان تەواو دەبێت، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی ڕەشونێل "عەقڵانی" لەگەڵ ئایدیۆلۆجییەکانیشدا بەکار ببرێت، دەتوانێ ئەو ئایدیۆلۆجیایە دەوڵەمەند بکات و بەرهەمی پۆزەتیڤی هەبێت.

* ئەگەر فێمینیزم ئایدیۆلۆجیایەک بێ و لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا هاوکاریی چەندان ئایدیۆلۆجیای کردبێت، یاخۆ نزیک بێت لێیەوە بۆ هێرشکردنە سەر خورافات و ئەفسانە و قەدەغەکراو و ڕەگەزپەرستی، ئەگەر سەردەمی ڕۆشنگەریی کوردی هاتووە، بزووتنەوەی فێمینیزم دەتوانێ لە کام ئایدیۆلۆجیاوە نزیک بێ و هاوکاریی بکات؟

– وەک پێشتر باسم کرد، فێمینیزم تێڕوانینە، دنیابینییە، فەلسەفەیە، بەڵام پاشتر گرێ دراوە بە ئایدیۆلۆجیاکانەوە و ئاراستەی جیاوازی لێ پێک هێنراوە. لەو دۆخانەشدا خزمەتی بە سیاسەتی ئەو حزبانە کردووە کە هەڵگری ئەو ئایدیۆلۆجیایانە بوون، هاوکات خزمەتیشیان بە دۆزی ژن کردووە. هەر ئایدیۆلۆجیا و سیاسەتێک کە کار بۆ هاوسەنگی بکات،

فێمینیزم لەگەڵی هەڵدەکات.

بە بڕوای من فێمینیزمی کوردی ئەگەر دروست بێت و لەسەر پێگەی ڕاستەقینەی خۆی دەستبەکار بێت، دەتوانێت لەگەڵ ڕێڕەوی دیموکراتییەکی لیبراڵدا زیاتر لە هەر ڕێبازێکی تری سیاسی هەڵبکات و نزیک بێت لێیەوە. ئەگەر زەمینەیەکی ڕاستەقینە بۆ ڕەوتی سۆسیال دیموکراتیش هەبێت و حزبی بەکردەوە نەک بە بانگەشە سۆسیال دیموکرات لە کوردستاندا هەبێت، دەشێ فێمینیزمی کوردی لەگەڵیدا هاوکار بێت و گەشە بکات و گەشەی پێ بدات. فێمینیزم ناتوانێت لەگەڵ ڕەوتێکی تەواو ڕاستڕەودا کار بکات کە هیچ سەکۆیەکی تێدا نییە بۆ گوزارەکردن لە بیری ئەو، بەڵکە لە ناو ڕەوتی چەپدا هەست بە بوون و بنیاتی خۆی دەکات، بەڵام چەپێکی ڕاستگۆ، کە دژ بە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد کار نەکات. مێژووی ژنی کورد بە مێژووی نەتەوەکەی خۆیەوە گرێ دراوە. من لە تیۆرییەکدا لەمەڕ ئەم بابەتە مێژووی کورد و هی ژنی کوردم وەک گوێزێک ناساندووە کە لە توێکڵ و کاکڵ پێک هاتوون و ناوکی ئەو گوێزە ئازادیی ژنە و توێکڵەکەشی ئازادیی نەتەوەیە. مەحاڵە ژنی نەتەوەیەکی ژێردەستە بیت و ئازاد بیت، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە و ناکرێ نەتەوەیەک لافی ئازادبوون لێ بدات ئەگەر تەنیا پیاوەکانی ئازاد بن و ژنەکانی کۆیلە بن. بۆیە گرینگە لە ڕوانگەی ئەو ڕاستییەوە بیر لە ئازادیی ژنی کورد بکەینەوە.

* بزووتنەوەی فێمینیستی کوردی ئەگەر هەیە ئایا توانیویەتی مافەکانی ژن لە دەستوور و یاسای وڵاتدا بەرقەرار بکات؟

– کۆمەڵگەی کوردی هێشتا لە سەرەتای بنیاتنانەوەی خۆیدایە دوای ئازادبوونی لە ڕژێمێک کە سەرخان و ژێرخانی کوردستانی وێران کردبوو. لەم سەرەتای بنیاتنانەوەیەدا خەریکی داڕشتنی دەستوورین و، تاک و تەرا یاسای خۆماڵی لە پەرلەمانی خۆماڵییەوە دەردەچێت. لەسەر ئاستی تاکەکەس و گرووپ و ڕێکخراودا هەردەم پێشنیاز و پڕۆژەی یاسایی بە پەرلەمان دراوە

بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکات سەبارەت بە مافەکانی ژن. بۆ نموونە "پڕۆژەی ژنی کورد" بە هاوکاریی "پرۆژەی مافی مرۆڤی کورد" لە هاوینی ٢٠٠٤دا "داخوازینامەی ژنی کورد"یان بە سەرۆکایەتیی حکوومەت و پەرلەمان گەیاند و ئەم داخوازینامەیەمان دا بە لیژنەی نووسینەوەی دەستووری کوردستان تا مافەکانی ژن و یەکسانی جێندەری لە دەستووری کوردستاندا بچەسپێت. لە ڕەشنووسی دەستووری کوردستاندا بەندی ٢١ تەرخان کراوە بۆ یەکسانی، دیارە لەسەر ئەوەش قسەمان هەبووە و بۆ ڕای گشتی لە ڕاگەیاندنەکانەوە و، بۆ لیژنەی نووسینی دەستووری کوردستانمان ناردووە. جگە لەوەش لەسەر ئاستی سەرۆکایەتیی حکوومەت سیاسەتی یەکسانیمان پێشنیاز کرد و پەسند کرا و ڕاگەیەندرا.

* لە دوای ڕاپەڕینەوە چەندان سەنتەر و ڕێکخراو و دەزگە و ڕۆژنامە دروست بوون تایبەت بە چالاکییەکانی ژنان، ئەمانە توانیویانە هۆکارێک بن بۆ سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوە فێمینیستییە کاریگەرەوە کە پێویستە سەرهەڵبدات؟

– پێش دروستبوونی خودی بزووتنەوەیەکی فێمینیستی، کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی فێمینیستی هەیە و ناکرێ کۆمەڵگەیەک هێشتا نامۆ بێت بە مانا و مەبەست و ناوەڕۆک و چەمکی فێمینیزم کەچی بانگەشەی بزووتنەوەکەی بکات. لە دوای ئەوەی سەقامگیرییەکی سیاسی لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی سەدامەوە لە کوردستاندا دروست بوو، ڕێکخراوە ناحکوومەتییە ناوەخۆیی و ئینتەرناشیونالەکان دەستیان بە پەخشکردنەوەی زانیاری کردووە لەسەر ئەو بەهایانەی کە بۆ کۆمەڵگەیەکی مەدەنی پێویستە، لەناو ئەوانەشدا پرسی دیموکراسی و یەکسانی جێندەر و دادپەروەری. هەموو ئەو هەنگاوانەی کە پازدە ساڵی ڕابردوو نراون بایەخی خۆیان هەیە و زەمینەیان ساز کردووە بۆ بزووتنەوەیەکی ڕاستەقینە و کارا کە لە داهاتوودا دروست ببێت.

* ئەگەر ئەوانە چالاکن و دەتوانن مافەکانی ژنان بچەسپێنن لە دەستووری وڵاتدا، بۆچی تا ئێستاش چاوەڕوانی مەرحەمەتی سەرۆکی حزبەکانن کە لێدوانێکی دا و وتی بڕوام بە مافەکانی ژنان هەیە، ئیتر دەکرێتە هەڵایەکی ئیعلامی کەچی هیچ گۆڕانێک ڕوو نادات؟

– هەموو شتێ بایەخی خۆی هەیە. خەبات و تێکۆشانی ڕێکخراوەکان گرینگن ئەگەر لەسەر بنەمایەکی ڕاست و دروست بن. بەهەمان شێوە قسە و لێدوانی سەرۆکی حزبەکانیش گرینگن و پێویستە بایەخیان پێ بدرێت.

لە هەموو دنیادا بە کەسانی سەرکردە دەگوترێت سیمبۆلەکان "رموز"، قسە و لێدوانەکانی ئەو ڕەمزانە جێگەی بایەخ و لێکدانەوە و تیشک خستنە سەرن، چونکە ئەوان لە پێگەیەکن دەتوانن کاریگەرییان هەبێت و گۆڕانی گرینگ دروست بکەن. بەهەمان شێوە لە هەر وڵاتێکدا هەندێ نووسەر و بیریاری جیاواز هەڵدەکەوێ کە دەبن بە سیمبول و قسەکانی ئەوان وەک کەسی ئاسایی وەرناگیرێ و شی دەکرێتەوە و لێک دەدرێتەوە. بۆیە گرینگە بایەخ بۆ قسەی سەرکردە سیاسییەکان، نووسەرە گەورەکان و بیریارەکان دابنرێن، نەک تەنیا بۆ وشەکانیان، بەڵکە تیشک بخرێتە سەر پشتی قسەکانیشیان و نێوان دێرەکانیان.

ژنی کوردستان دەتوانێ پشت بە خۆی ببەستێ و کار بۆ یەکسانی و بەدەستهێنانی مافەکانی بکات، بەڵام گرینگیشە پشتیوانیی سەرکردایەتیی حزبەکانیشی هەبێت. ئافرەتانی کوردستان پێویستییان بە پشتیوانی هەیە نەک بە بەزەیی، ئێمەش داوای پشتیوانی لە سەرکردەکانی خۆمان دەکەین. لە ڕاستیدا چەند ئێمە پێویستمان بە پشتیوانیی ئەوان هەیە، ئەوانیش ئەوەندە پێویستییان بە پشتیوانیی ئێمەیە. من بە دەستکەوتێکی گەورەی دەزانم و شانازی پێوە دەکەم کە سەرۆکی کوردستان پشتیوانی بۆ دۆزەکەم دەربڕێت، کە لە دوو دیدارمدا لەگەڵ بەڕێزیان ئەو پشتیوانییەیان دەربڕیوە. شانازی

پێوه دەکەم کە سەرۆک وەزیران سیاسەتی یەکسانی ڕابگەیەنێت، وەک لە ٨ی مارسی ٢٠٠٥دا بە پێشنیازی ئێمە و ڕاوێژکردنم لەگەڵیدا، ڕای گەیاند.

کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانیی سەرکردەکانی کورد بۆ دۆزی ژن و بە تایبەتیش بۆ (داخوازینامەی ژنی کورد) سەردانی سەرکردایەتیی زۆربەی حزبەکانی ئەم بەشە و چەند بەشێکی تری کوردستانیشمان کرد و هەڵوێست و پشتیوانی و بەڵێنەکانیانم نووسییەوە و بڵاو کردەوە، لەلایەن کەسانێکەوە کە سەرپێیی لە مەسەلەکان دەڕوانن کەوتمە بەر شاڵاوی دژایەتی و ڕەخنەوە، بەڵام مرۆڤ کە دێتە مەیدانی سیاسەت و خەبات بۆ ژن دەکات پێویستە هەموو ڕەهەندەکانی دۆزی ژن ببینێت و بە تایبەتی ڕەهەندی قووڵایی لە بیر نەکات، کە لە ڕووی زەمەنییەوە دوارۆژ دەگەیەنێت. هەر سەرکردەیەک کە سیاسییەکی پرۆفیشناڵ بێت و لە زانست و هونەری سیاسەت شارەزا بێت و پێشبینیی هەبێت بۆ داهاتوو، دەزانێت پشتیوانیکردنی مەسەلەی ژن لە کوردستاندا بردنەوەی دوارۆژە بۆ ئەو سەرکردەیە و ئەو حزبە، بۆیە سەرکردە زرنگەکان دەتوانن بەهرە لە بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان حزبەکانیان و دۆزی ژن وەربگرن و ڕەهەندی دوارۆژ مسۆگەر بکەن.

ژنی کوردستان جگە لە سەرکردایەتیی حزبەکانی کوردستان، پێویستە لە وڵاتانی جیهانیشدا بۆ خۆی پشتیوان پەیدا بکات. ئەمڕۆ و لە سەردەمی گلۆبالیزمدا یەکێک لە ئامرازەکانی خەبات پێوەندییە نێونەتەوەییەکانە. بۆ نموونە ئەگەر ئێمە بتوانین چەند وەرگرێکی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی و نۆبڵی ئەدەب بکەین بە دۆستی پرسی خۆمان و تەنیا بە وشەیەک پشتیوانیی خۆیانمان بۆ دەرببڕن، مانای ئەوەیە ئێمە سنووری وڵاتێک تێ دەپەڕێنین و پرسەکەمان بە جیهانەوە گرێ دەدەین. بەهەمان شێوە بەشداریمان لە کۆبوونەوە و کۆنفرانسە نێونەتەوەییەکان دەتوانێ دەرگای زۆرمان بە ڕووی جیهاندا بۆ بکاتەوە. کردنی خەڵکی دنیا بە هاوسۆزی پرسەکەت بایەخی خۆی هەیە و، کردنی سەرکردە و ڕەمزەکانی وڵاتی خۆشت بە هاوسۆزی

پرسەکەت بایەخی زۆرتری هەیە. ئێمە پێویستمان بە میتۆدی جۆراوجۆرە بۆ چارەسەری پرسی ژن لە کوردستاندا.

***

تەوەری سێیەم

# وشەباران

*بەبێ زانینی هێزی وشەکان زانینی مرۆڤ ئەستەمە.*

کۆنفۆشیۆس

*چونکە وشە کردارە، کرداریش خوایە.*

ڤیکتۆر هۆگۆ

*وشەکان پێشانگەی هەڵواسینی بیرەکانن.*

هێنری ۆرد بیچەر

* ڕەنگە خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم گفتوگۆیە، ئارەزوو بکات قەرەداغی لە زمانی خۆیەوە باس لە سەرەتاکانی تێکەڵبوونی لەگەڵ وشەدا بکات. مەبەستی من لە وشە ئەو کاتەیە کە قەرەداغی توانی قەڵەم هەڵبگرێت و بنووسێت. ئەگەرچی قەرەداغی ناوێکی ڕووناکبیری دیارە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار دەبیسترێ قەرەداغی مەبەست وای لێ کرد واز لە دنیای بێگەردی شیعر بهێنێ و خەریکی لێکۆڵینەوە و باسی تر بێت تا ڕادەیەک جیاوازتر بێت لە ڕابردووی. هەندێ لە نووسەران و ڕووناکبیرانمان هەن لە دوای ئەوەی زەمەنێک ماندوو دەبن لەگەڵ دنیای نووسین و لێکۆڵینەوەدا ئەو کاتە دەست بە شیعرنووسین

دەکەن. پێم وابێت تۆ بە پێچەوانەوە بە شیعر دەستت پێ کرد و وازیشت لێی هێنا، بۆچی؟

– سیحری وشە زۆر لە منداڵییەوە کەمەندکێشی کردم. لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی، هەرکە پیتە کوردییەکان فێر بووم، لە خەیاڵی خۆمدا وشەم لێ پێک دەهێنان و پێکەوەم گرێ دەدان بێ ئەوەی بزانم ئەم وشانە بۆ وا لێ دەکەم. بە حونجە ڕۆژنامە و کۆوارە کوردییەکانی ئەوسام دەخوێندەوە و ئەو کتێبە شیعرییانەی کە ئەوسا باو بوون دەمخوێندەوە و لەبەرم دەکردن. هەستێکی وام هەیە وشە لەگەڵ مندا لەدایک بووە و دووانەین و ناتوانین لە یەکتر جودا ببینەوە. لە قوتابخانەی ناوەندیشەوە دەستم کرد بە نووسینی شیعر، بەڵام لە چواردە ساڵی ئینجا یەکەمین هۆنراوەم بڵاو کردەوە. بە شیعر دەستم پێ کرد و یەکەمین هەست و نەستە ساکار و نازدارەکانی خۆمم بە تابلۆی وشە دەردەبڕی. هەر لەوساوە پێوەندییەکی گیانی بە گیانی لە نێوان من و شیعر دروست بوو. دە ساڵێک بە تەنیا شیعرم دەنووسی، دوای ئەوە دەستم دایە ژانرەکانی تری وەک چیرۆک و ڕۆمان و لێکۆڵینەوە، بۆیە شیعر هەستەکانی منی بە خەڵک ناساند و وەک شاعیر ناسرام. ئێستاش ئەگەرچی کەمتر شیعر دەنووسم و زیاتر ڕووم لە ژانرەکانی ترە، بەڵام وازم لە شیعر نەهێناوە و ناهێنم، هەست و زمانی چیرۆک و ڕۆمانەکانیشم هەست و زمانێکی شیعرین. جگە لەوەش ڕۆمانی "ئەڤین ئاوی ژیانە"م هەر وەک ڕۆمانێکی شیعری نووسی.

ڕاستییەک هەیە کە نابێ فەرامۆشی بکەین، قۆناغەکان دێن و داخوازی نوێ لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن. جاران شیعر ئەرکی هەموو ژانرەکانی تری گرتبووە ئەستۆ، ئەرکی سیاسەت و فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونناسیشمان هەر خستبووە ئەستۆی شیعر. کێشەی ئافرەتیشمان هەر بە شیعر دەنووسییەوە. ئەمەش هۆی ئەوە بوو ئێمە نە دەرفەتی ترمان هەبوو، نە بیرمان لەوەش کردبووەوە کە هەریەک لەمانە زمانی تایبەتی خۆیان پێویستە و پسپۆڕیەتی دەتوانێت دەربڕی ئەو ژانرانە بێت. من وەک خۆم کە لە

ناو زانستی کۆمەڵناسی و دەروونناسی قووڵ بوومەوە و زانیاریی زۆرم لەبارەی پرسی ژن و تیۆرییەکانی فێمینیزمەوە پەیدا کرد، ئیدی لۆجیک ئاراستەی کردم کە پرسی ئافرەت بە لێکۆڵینەوە و وتار دەربڕم، پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان پێویستە بە لێکۆڵینەوە بخرێنە ڕوو. پسپۆڕیەتی و شارەزاییی خۆیان ڕێگە خۆش دەکەن ئەوەی پێویستی بە لێکۆڵینەوە بێت، لێی بکۆڵینەوە و ئەوەشی بەند بێت بە ڕوح و هەست و نەستەکانەوە بە شیعر دەری ببڕین. بەڵام لە ئاکامدا ئامرازی هەموو ئەمانەش هەر وشەیە. ئامرازێکی ساکارە، بەڵام شاکاری پێ دەنووسرێت، ئەگەر مرۆڤ فێر بێت نهێنیی هێزی وشە بدۆزێتەوە و بیکاتە کۆدی گیانی خۆی و ئینجا بیکاتە گوزارە و دەربڕین، دڵنیا دەبێت لەوەی کە ئەوەی دەینووسێت کاریگەری دەبێت.

پێوەندیی نێوان من و شیعر هەردەم بەهێز بووە و قەت وازم لێی نەهێناوە. مەرج نییە ئەگەر ماوەیەک شیعرت نەنووسی مانای ئەوە بێت کە وازت لێی هێناوە. من هەر تازە لە نووسینی ڕۆمانێک بوومەتەوە بە ناوی "زەنگدانەوە" کە بە ڕوحی شاعیرێک نووسیومە و زمانەکەشی هەر زمانی شیعرە.

* هۆکاری ژینگەیی هەبوو بۆ شیعر نووسینت؟ کامە بارودۆخ یارمەتیی تۆی دا بۆ ئەوەی شیعر بنووسیت؟ دیارە ئەو کەسەشی کە دەتوانێت شاعیر بێت دەبێ زۆربەی نهێنییەکانی دنیا بزانێت و هەردەم پێناسەی جودا لە پێناسە باوەکانی هەبێت بۆ شتەکان، واتا شاعیر ئەو کەسەیە هەستی زیاترە لە مرۆڤی ئاسایی. تۆ ئەو هەستەت لە لا خێرا باڵا بوو، ئایا دڵداری لەگەڵ نیشتمان وای لێ کردی یاخۆ کەسێکت خۆش دەویست و وشەکانی ناخت دەردەکرد و تۆی کرد بە شاعیر؟

– هەندێ جار خۆشم بیر دەکەمەوە و ڕادەمێنم و دەپرسم ئەرێ هۆی چی بوو دەستم بە شیعرنووسین کرد؟ ڕەنگە لە هەر قۆناغێکی ژیانمدا وەڵامێکی

جیاوازی خۆمم دابێتەوە. بەرسڤی ئەو پرسیارە پێوەندیی هەیە بە ڕادە و ڕێژەی هۆشیاری و کەشفکردنی نهێنییەکانی گیان و دەروونی خۆمانەوە و بەرسڤێکی ڕێژەییە نەک ڕەها. شیعر زمانێکە نهێنییەکان و پێوەندییەکانی ڕوحی ئەو مرۆڤە ئاشکرا دەکات کە دەینووسێ، مرۆڤ چەند لەگەڵ دەروونیدا زیاتر دەبێتە ئاشنا و خۆی دەناسێ و لەگەڵ خودی خۆیدا یەک دەگرێتەوە، زیاتر لە نهێنییەکانی دەروونی خۆی دەگات، کە لەو ڕازانەی خۆیشی تێ گەیشت زیاتر لە دەروونی کەسانی دەوروبەری تێ دەگات.

بەهەرحاڵ ژینگە کاریگەری زۆری هەیە بۆ سەر مرۆڤ و کەشی فیکری و ئەدەبی لە بنەماڵەی مندا کە باپیرم شاعیر بووە و مامم و برام شاعیر و نووسەر بوون کەشێکی لەبار بووە بۆ گەشەکردنی من، بەڵام بەهرە کە وزەیەکی دەروونییە و پێدراوێکی سروشتییە پێویستە لە مرۆڤدا هەبێت، ئینجا ژینگە یارمەتیی دەدات بۆ گەشەسەندن. پێم وایە ئەو بەهرەیە وەک پێدراوێک لە مندا هەر لە منداڵییەوە هەبووبێت، دەنا لە ناو هەمان ژینگەی مندا خوشک و برای تریش هەبوون کە نەبوون بە شاعیر. ئەگەر بەهرە و ژینگە دوو کۆڵەکەی بنچینەیی بن، سێیەمیان خۆشەویستییە و چوارەمیان ئیرادەیە. جیا لە هەموو ژانرەکانی تر، شیعر بێ خۆشەویستی ڕوحی تێدا نابێ. من وا خۆم دەناسم کە خەڵتانی خۆشەویستیم و خۆشەویستیم لێ دەچۆڕێ. ئیرادەش بۆ نووسین و بەردەوامی پێویستە، بە تایبەت لە کۆمەڵگەیەکدا کە کولتووری هاندان نییە و تەنیا کولتووری شکاندنەوە و ڕووخاندن هەیە، بە تایبەتی بۆ کچ ئیرادەی پۆڵایین پێویستە بۆ ئەوەی لە نێو کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا بتوانێت خۆی ڕابگرێ و بەردەوام بێت و داهێنان و بەرهەمی هەبێت. دوای بەردەوامییەک لە نووسین کە ئێستا تەمەنی بیست و شەش ساڵە و، بیست و شەش کتێبی چاپکراو بەرهەمی ئەو تەمەنەیە، دەتوانم بڵێم ئەو چوار کۆڵەکەیەی کە بۆ نووسین و داهێنان پێویست بوون خۆشبەختانە لە مندا هەبوون و هەن، بۆیە توانیومە و دەتوانم بەردەوام بم.

* وەکو ئاشکرایە تۆ زیندانی بەعست بینیوە. ئایا مرۆڤ لە زیندانڕدا دەتوانێ شاعیرتر بێت یاخۆ لە دەرەوەی زیندان، ئەگەر پرسیارەکە بە شێوەیەکی تر بکەین، چی کاتێک شاعیر هەست دەکات دنیا بۆ ئەو زیندانە؟ ئەگەر هەموو خەڵکی هەستی کرد ژیان لەم ڕۆژانەدا زیندانێکە ئەوا دەکرێ بڵێین هەموو خەڵکی شاعیرن یاخۆ سەرخۆشن؟

– ئەزموونێکی دژوار بوو، بۆیە لای من زیندان وەک سینۆنیمی دۆزەخ بووە، لە پای ئەوە بیرەوەرییەکانم ناو نا "ساڵێک لە دۆزەخ". من کاتێ لە زیندان بووم کچۆڵەیەکی ساکار بووم و عاشق بووم بە نیشتمان و بەهایەک کە فریشکم پێ گرتبوو، پێی پەروەردە کرابووم، ئەویش کوردایەتی بوو. هۆی چوونە زیندانیشم هەر شیعر بوو، کە گوزارەی لەو بەهایانە دەکرد کە وەک باوەڕ لە دەروونمدا ڕوێنرابوون.

ئەگەرچی بە پێوەری جیهانی دەکرێ بڵێم منداڵ بووم کاتێ کە لە زیندانیان پەستام، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیاییەکانی نێو زیندانەکان منیان خستە سەر سکەی بیرکردنەوەی قووڵ و گەیشتن و ئاشنابوون بە ڕوحی خۆم. کاتێ لەگەڵ ڕوحی خۆمدا بووم بە ئاشنا فێری زۆر شتی کردم، بۆ نموونە فێری بەکارهێنانی فەنتازیایەکی باڵا بووم، فێر بووم ڕوحم لە جەستەم جیا بکەمەوە و بینێرم بۆ گەشت و دەرەوەی زیندانەکان، فێر بووم ڕوحی تر بانگ بکەم و لەگەڵیاندا بدوێم و بمدوێنن و بەوەش تەنیاییەکانی نێو زیندان پڕ بکەم لەو کەسانەی کە خۆشم دەوێن و نموونەی باڵامن. مەحوی و نالی و قانیع و گۆرانم دەهێنایە نێو ژوورە ئینفیرادییەکەمەوە و لەگەڵم دەدوان، ڕوحی سەرکردە و سیمبولە سیاسییەکانم دەهێنایە لای خۆم بۆ ژوورەکەم، یان من دەچوومە لایان. کە خەیاڵی باڵا فێری فڕینی کردم، لەوێ زانیم تەنیا جەستە دەتوانرێت زیندانی بکرێت و ڕوح ئەو سیفەتەی هەیە کە دیل ناکرێت، مەگەر مرۆڤ خۆی بە دەستی خۆی دیلی بکات. بە هەمان شێوە لەوێ زانیم

ڕوحەکان نامرن و تەنیا جەستە دەتوانرێت بکوژرێت و لە کار بخرێت. لەو لێدوانانەی کە بە خەیاڵێکی باڵا لەگەڵ ئەو گیانانە دەیکەیت، ڕاستە خۆت داهێنەریانیت، وەلێ ئەوانن کە سروشی وات دەدەنێ کە نهێنییەکانی بوون و نەبوون، مەرگ و ژیانت بۆ ئاشکرا دەکەن و، تۆش دەیانکەیت بە پێناسەی ناباو و دەیاننووسی. هەر کەسێک لە کەسێکی تر جیاوازە، شاعیرەکانیش لە یەکتری جیاوازن و ئەندێشەیان جیاوازە و باوەڕیان جیاوازە و ژینگەیان جیاوازە، بۆیە ئەوەی من دەیڵێم پێوەرێک نییە هەموو شاعیرێک بگرێتەوە، بەڵکە تەنیا خۆم دەگرێتەوە.

زۆر کاتی وا هەیە مرۆڤ لە نێو ئاهەنگێکە و هەست بە چێژی خۆشییەکەی ناکات، یان وڵاتەکەی خۆی بە زیندانێکی گەورە دادەنێت، یان هەموو شتێک بە بێهوودە دەبینێت و پێی وایە جیهان زیندانێکی گەورەیە. لە ڕاستیدا ئێمەی مرۆڤ خۆمان داهێنەری بەهەشت و دۆزەخین، بەڵام بێ ئاگاین لەوەی کە خۆمان داهێنەریانین. لە دەروونی خۆماندا دەتوانین گەورەترین زیندان دروست بکەین، دەشتوانین گەورەترین باخچە دروست بکەین. تۆ ئەگەر لە مێرگێکی پڕ لە گوڵ و گوڵزاردا بیت و بیر لە زیندان بکەیتەوە، یان دۆزەخییانە و ڕقئامێزانە بیر بکەیتەوە، مانای ئەوەیە تۆ خۆتت دیل کردووە. ئەگەر لە زیندانیشدا بیت و بیر لە مێرگوزارێک بکەیتەوە، مانای ئەوەیە تۆ لە دۆزەخیترین کونجی جیهاندا بەهەشتت بۆ خۆت ساز کردووە. هەموو ئەو دۆخانە پێوەندیدارن بە بیرکردنەوە و ئەندێشەی ئێمەوە، بیرکردنەوەش وزەیە. کاتێک ئێمە وزەی جوان، پاراو و پاک لە خۆماندا دەڕوێنین، پەروەردە دەکەین و دان و ستانی پێدەکەین، خۆشەویستی بوون و بنیاتمان پڕ دەکات لە خۆی و هەموو شتێک جوان و گەش دەبینین و بەهەشتێک لە دەروونمان چێ دەکەین. کاتێکیش کە وزەی ڕەش و بەد لە خۆماندا دەڕوێنین و پەروەردە دەکەین و دانوستانی پێ دەکەین، ڕق و کینە هەموو بوون و بنیاتمان پڕ دەکات لە خۆی و ئیتر هەموو شتێک ناشیرین و ڕەش دەبینین. کێشەی ئێمە ئەوەیە نازانین وزەکانی خۆمان بەکار ببەین، نازانین بیرکردنەوە و ئەندێشەمان چەند

کاریگەری بەسەر خۆمانەوە هەیە، تا بەرەو گەشبینی ئاراستەی بکەین.

بە بڕوای من شاعیرەکان تەنیا لە نێو ئەم جیهانە مادییەدا ناژین کە بە چاو دەبینرێت، جیهانێکی تری نادیار هەیە تەنیا خۆیان پەی بە شوێنەکەی دەبەن و لەو کاتانەی کە شەڕ و پەلامار و کوشتار هەبێ و بەها جوانەکان ڕامالێت، ئەوان دەچنە نێو ئەو جیهانە تایبەتییە و دەیانەوێ هەتوانێک بەرهەم بهێنن برینی ڕوح چارەسەر بکات، نەک برینی جەستە. شیعر هەتوانی برینەکانی ڕوحە و شاعیر پێش هەر کەسێکی تر، ڕوحی خۆی پێ چارەسەر دەکات. هەتا توندوتیژی هەبێت مرۆڤ پێویستی بەو هەتوانە هەیە، بۆیە شیعر هەردەم پێویستە و لەو ئامرازانە نییە کە کاتیان بەسەر بچێت.

* هەست دەکەی شیعرەکانت زیاتر خزمەت بە بزووتنەوەی ئازادبوونی ژنان دەکات یاخۆ نووسین و لێکۆڵینەوەکانت؟ ئەگەر بشڵێی خوێنەر ئەوەیان هەڵدەسەنگێنێ، من وەک خوێنەرێکی هەمیشەی بەرهەمەکانت هەست دەکەم جیاوازییەک هەیە لە ڕابردوودا و لە ئێستادا. جاران لە شیعر و نووسینەکانتدا بەردەوام نەهامەتیی ژن و کۆمەڵگەت دەبەستەوە بەبوونی دەسەڵاتێکی بنیاتگەرەوە، وەلێ ئێستا کەمتر ڕەخنە لەو دەسەڵاتە بنیاتگەرە سونەتییە دەگری، ئەمەیان بۆ؟

– ئەگەر باس تەنیا لە شیعر بکەیت، ڕاستە کە لە ڕابردوودا زیاتر پرسی ژن لەلای من بە شیعر گوزارەی لێ کراوە، بەڵام ئێستا ئامرازم زۆرە بۆ گوزارەکردن لەو کێشەیە، بە وتار، بە لێکۆڵینەوە، بە کردەوە، بە گفتوگۆ، بە دیبات و وتووێژی ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، سیمینار، کۆڕ و کۆنفرانس، پرسی ژن دەردەبڕم. ئەگەر باسی نووسین بە گشتی بکەیت، من سوپاسی تۆ دەکەم بۆ ئەم پرسیارە، دەرفەتێکە بۆ باسکردن و ڕوونکردنەوەی هەندێ خاڵی پێویست، کە ڕەنگە گومانی تۆ نەبێت بە تەنیا، هی کەسانی تریش بێت. تۆ ئاگەداری هەموو بەرهەمەکانی منیت و خوێنەرێکی جیدیی بەرهەمەکانم بوویت، بۆیە

ئەو ڕەخنەیەی کــە تۆ دەیگریت بە هــەند وەری دەگــرم، زۆر بـە جــیــدی لەم بارەیەوە قـســەت بۆ دەکـەم و دۆخــەکــانت بۆ ڕوون دەکــەمــەوە. ســەرچاوەی پرسیـارەکەی تۆ دەشێ لەو گومانەوە سەرچاوەی گرتبێت کە من نووسەرێکی ڕەخنەگری بارودۆخی سـیاسی و کۆمەڵایەتیم، بەڵام ماوەیەک لە ئۆرگانێکی باڵای حکوومەتدا و لەگەڵ کەسێک کە لە لووتکەی دەسەڵاتدایە، کارم کردووە. ئەم دەستبەکاربوونەی من قسە و باسی زۆری لەسەر کرا و نووسینی دژ لەو بارەیەوە زۆر نووسرا و بڵاو کرایەوە، بە تایبەتی باس لە سەنگەر گـۆڕین دەکرا و تانە و تەشەری ئەوەیان دەدا کە گوایە من سەنگەرم گۆڕیوە. دەشێ و دوور نییە تۆش لە ژێر کاریگەری ئەو هەڵمەتی ڕاگەیاندنەدا بیت کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا دژ بە من ئاراستە کرابوو. من لە بەرامبەر کەسانێکی ئاراستەکراو بۆ نووسین لە دژم، پێ دەکەنم و بێدەنگ دەبم، چونکە دەزانم ئەوان پێشوەخت بڕیاریان داوە دژ بن، بەڵام بەرامبەر بە خوێنەرێکی جیدیی وەک تۆ، کە پسپۆڕێکی بواری کۆمەڵناسیشی پێویستە قسە بکەم و دەزانم تێم دەگەیت.

با لە پێناسەی سەنگەرەوە دەست پێ بکەم، تا بزانین سەنگەرگۆڕین مانای چییە و ئایا سەنگەرگۆڕین پێویستە یان نا. من خۆم نابەستمەوە بە پێناسەیەکی باو بۆ سەنگەر، سەنگەر لەلای من ئامانج نییە، تەنیا وەسیلەیەکە بۆ گەیاندنی ئامانجێک، بۆیە خودی ئامانجەکە بۆ من پیرۆزە نەک سەنگەرەکە. ئەو ئامرازە ئەگەر ئیتر کەڵکی ئەوەی نەما خزمەت بە ئامانجە مرۆڤانەکەی من بکات، پێویستە بیگۆڕم. من بەهایەکی پیرۆزم کردووەتە ئامانجی خۆم و خەباتی بۆ دەکەم، بەهای یەکسانی، کە هاوکات کۆڵەکەی دادپەروەری و دیموکراتیشە. ئەم بەهایەش کە کاری پێ بکرێت سوودی بۆ هەموو کۆمەڵگەی کوردستان هەیە، کەواتە کام سەنگەر، کام حزب، کام گرووپ، کام ڕێکخراو بتوانێت ببێتە وەسیلەی گەیاندنی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە مرۆڤانەیە، بە شانازییەوە کاری لەگەڵ دەکەم. تەنانەت ئەگەر حزب و ڕێکخراویش نەبێت و کەسێکی سەرکردە بۆ

بەدیهێنانی ئەو ئامانجە پشتیوانیم بکات و هاوکاریم بکات، من بە سوپاسەوە لێی وەردەگرم و بە شانازییەوە کاری لەگەڵ دەکەم، بە مەرجێ ئەگەر هەست بکەم ڕاستگۆیە لە پشتیوانییەکەی بۆ دۆزەکەم.

هەندێ کەس حزب و سەنگەر وەک ئامانج دەبینن، بۆیە بەهەڵەدا دەچن و سەنگەرگۆڕین وەک تاوان تەماشا دەکەن. من بانگەوازی گۆڕانکاری بەرەو ئاراستەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەم و بۆ ئەم مەبەستەش ڕەخنەی خۆم بۆ حزبەکان هەرچی بووبێت و، پێشنیازی خۆم بۆ چاکسازییان بەئاشکرا و بەناو و نازناوی تەواوی خۆمەوە نووسیوە و بڵاوم کردووەتەوە و هەندێ جار ڕاستەوخۆ بۆ سەرکردەکانم ناردووە. ئەوسا و ئێستاش هەر ڕەخنەم گرتووە، دەشێ جیاوازییەکە تەنیا لە زماندا بێت و ڕەخنەکان جاران بە زمانێکی توندتر بوو، ئێستا بە زمانێکی ناتوندوتیژ دەگرم. جیاوازی لە میتۆدی نووسین یان کارکردنی من بۆ ژن لە ڕابردوو و لە ئێستادا پێوەندیی هەیە بەو گۆڕانکارییانەی کە پێویستە بەردەوام بەسەر مێشکی ئێمەدا بێت. ئەگەر من ئێستا وەک بیست ساڵ لەمەوبەر بیر بکەمەوە و نەگۆڕێم، پێویستە لۆمەی خۆم بکەم، چۆن دەبێ بارودۆخی دنیا و ناوچەکە و کوردستان بگۆڕێت، ئێمە هەر هەمان بیرکردنەوەمان هەبێ! من سەیرم لەو کەسانە دێت کە گۆڕان بەعەیب دەزانن، ئەوەی سەنگەرگۆڕین بەعەیب بزانێت وشکەبڕوایە.

ڕاستە ماوەی ساڵ و نیوێک کە لە نێو حکوومەتدا کارم کرد، کاتم کەمتر هەبوو بۆ نووسین، بەڵام چالاکیی ترم هەبوو، لە دەیان دێباتدا بەشدار بووم، لە دەیان کۆنفرانسی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی بەشدار بووم، "سیاسەتی یەکسانی"م بۆ حکوومەت دارشت و ڕای گەیاند و بەرنامەی کارمان بوو. بێگومان کاری ئیداری کاتی مرۆڤ دەگرێ و کاتی بۆ نووسین کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەو کارەش خۆی ئەزموونێکی گرینگە و بایەخی خۆی هەیە و پێویستە. لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا پێشوازیم لە زیاتر لە سێ هەزار کەس کرد و هاوکاریی دامەزراندنی چەندان کۆمەڵە و سەنتەری کولتووری و کۆمەڵایەتیم کرد. ئەنجوومەنی وەزیران لە هەولێر بووبوو بە "ماڵی خەڵک" و بەتاک و

بەکـۆمـەڵ دەهاتن بـۆ لام. ئەو نەریتـەم شکاند کـە بەرپرس لە بـەردەست و لە بەرهـەسـتی خـەڵکی خـۆی نەبێت، هەرچی کـاتێک و لە هەرچی شـوێنێک پێـویست بووایەم لەوێ بـووم. من شـادمـانم ئەو ئەزمـوونەم هەیە و ، لەوەش گرینگتر بۆ من ئەوەیە من وەک "مەهاباد قەرەداغی" خۆی لەوێ بووم نەک وەک کچی، یان خـوشکی، یان ژنی پیاوێکی بەرپرس. من وەکو "کچی خەڵک" لەوێ بووم، بۆیە توانیم پێـشـوازی لە زۆربـەی خـەڵک بکەم لە نێـو ئـەنجـوومـەنی وەزیران و بیکەم بە "ماڵی خەڵک".

من کە نووسـەرم هـەر کچی خەڵکم و کە بەرپرسیش بووم هـەر کـچی خـەڵک بووم، ئەمە ئەو بـڕوانامەیەیە کە مـوچوڕکی خۆشیم پێ دەبەخشێت، کاتێ ئەو خۆشەویستییە لە چاوی خەڵکەوە دەبینم ئاراستـەم دەکرێت. چی تێدایە، با ساڵ و نیوێک کـەمترم نووسیبێت، ئەمە کەی کێشـەیە، گرینگ ئەوەیە بەو ساڵ و نیـوە چەندان نەریتی نێگەتیڤم شکاند و چەندان نـەریتی پۆزەتیڤم داهێنا. چەنـدان مـرۆڤی بەویژدان هەن کـە لـە ژینگەی کـارەکـەمـدا لەگـەڵم بوون و شـاهێـدی ئەوە دەدەن کـەشـی ئەنجـوومـەنی وەزیران لە کـاتی کـارکـردنی مندا چۆن گـۆڕانـی بەسـەردا هـاتبوو. دەبێ ئەوەش بڵـێم کە خـودی سـەرۆک وەزیران بۆ ئەو کارانە دەستخۆشی لێ دەکردم و هـانی دەدام، وەلێ کەسی واش هەبوو پێـی خـۆش نـەبوو "کـچـێکی خـەڵک" لە ئەنجـوومـەنی وەزیران بێت و مـاڵی حکوومەت بکاتە ماڵی خەڵک!

* پێش ئەوەی لە تاراوگە بژی لە شـارۆکـەی ژیاوی، چوویتە تـاراوگە و گـەڕایتەوە و ئێـستا لە هەولێـردا نیـشتـەجێی، تـا چەندە ئومێدت بەوە هـەیە کفری و دەڤەری گەرمیان ببێتە دوورگەی ژیان، ئەو ژیانەی تۆ لە تاراوگە و شوێنانی تر بینیوتە؟

– کە ئەم پرسـیارە دەبیسـتم گریانم دێ. کە ئەوێم بـەجێ هێشت و چووم بۆ سـوێد، یەکـەمین سـەردانەوەم دوای نۆ سـاڵ بوو، لە ٢٠٠١، بەڵام ئـەوەی کـە بینیم لە کـفری نـەک هیـچ گـۆڕانێکی پۆزەتیـڤ نـەبوو، بەڵکە گـەڕانەوەیەکی زۆر

بۆ دواوە ڕووی دابوو. کفری لە شارۆکەیەکی پاکەوە بووبوو بەدێیەکی گەورە و ژینگەیەکی پیس. گەرمیان بە گشتی بێ خزمەتگوزاری بوو، ئەمە ئازارێکی زۆری دام، چوومە لای چەند بەرپرسێک لە سلێمانی و باسی بارودۆخی ئەوێ و پێویستییەکانم بۆ کردن، بەڵێنیان دا و دوای ساڵێک بە وتارێک بەڵێنەکەم بیر خستنەوە وەلێ هیچ ئەنجامێکی نەبوو. بەڵام شارەکانی تری کوردستان کاری زۆری بۆ کرابوو، بە تایبەتی شارە گەورەکان. بە داخەوە عەقڵی پلاندانان لاوازە و کارێکی وا نەکراوە کە گەشەسەندنێکی بەردەوام، ڕێکوپێک و گشتگرەوە ڕوو بدات. ئەگەر لە وڵاتێکی پێشکەوتوو بڕوانی هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە پایەتەختدا هەیە، لە دێیەکی بچووکی دوورەدەستیشدا دابین کراوە، بەڵام لای ئێمە شارەکان گەشەیان پێ دەدرێت بەڵام شارۆکەکان فەرامۆش دەکرێن، ئەمەش جیاوازیی کولتووری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیش دروست دەکات بۆ ئەو دوو جۆر خەڵکەی کە لە شارە گەورەکان و لە شارۆکەکاندا دەژین.

کفری شارێکە تێیدا لەدایک بووم، تێیدا گەورە بووم، خۆشم دەوێت، لە دوورەوەش هەر خەمی خەڵکەکەی لەگەڵمدا دەژی. خەڵکی کفری خەڵکێکی ماندوونەناس و قوربانیدەرن و هەقە هیمەتێک بکرێت و ئاوڕێکی جیدییان لێ بدرێتەوە.

* ڕۆژانە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە هەموو جۆرەکانییەوە هەواڵی سەیروسەمەرە دەبیسترێ، بەرامبەر بە ژنان. زۆر جار دەگاتە ڕادەی بێ حورمەتی دەسەڵاتداران بەرامبەر بە ژنان، تۆ وەکو ڕووناکبیرێ تا چەند پێت وایە کاتی ئەوە هاتووە ژن پێویستی بە شۆڕشێکی گەورە هەیە؟ حەز دەکەم ئەوەش بڵێم جاران کە بچووکترین لاساری بەرامبەر ژن بکرایە تۆ ئەوپەڕی بەرگریت دەکرد، کەچی ئێستا کێشەکان زۆرترن و تۆش بێدەنگتر؟ ئایا هۆکەی ئەوەیە ئەوە خودی کەمتەرخەمی ژنە یاخۆ سەرقاڵبوونتە بە کاری ئیدارییەوە؟

– بە ڕاستی کاکە خالید ناهەقییە ئەگەر بە من بگوترێت بێدەنگیت. ئەگەر من بەبێدەنگ بزانیت، ئاخۆ کێ بەدەنگدار دەزانی؟ من یەک کەسم بەڵام ئەو وزەیەی بەکاری دەبەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و نادادپەروەری وزەی چەندان کەسە. لە بیست و شەش ساڵی تەمەنی نووسەرایەتیم بیست و شەش کتێبم چاپ کردووە، کەچی تۆ دەڵێی بۆ کەم دەنووسیت! ئەگەر بڵێم لە زیاتر لە سەد کۆنفرانس و کۆڕ و سیمینارردا بەشدار بووم لە وڵاتی خۆم و دەیان وڵاتی تر، کەچی هەر دەڵێن ئەوە بۆ ئێستا وەک جاران نیت و قسە ناکەیت! بڕۆن تەماشای ڕۆژنامەکان، گۆوارەکان و سایتەکان بکەن، بزانن چیم نووسیوە و چەندم نووسیوە. لە ئاکامدا منیش مرۆڤێکم پێویستم بە حەسانەوەش هەیە، ئەگەرچی کەمترین کاتم بۆ خۆم داناوە . کۆمەڵگەکەی من چاوەڕوانییان لە من زۆرە، هەرچی دەکەم داوای زیاترم لێ دەکەن. من خۆشحاڵم بەوەی بوومەتە جێگەی ئومێدی ئەوان بۆیە داواکارییان لە من زۆرە و چاوەڕوانی زۆریان هەیە، بەڵام ئاخۆ ئەوە ڕەوایە تاکەکەسێکی نووسەر زۆرترین کار بکات و ژیانی لەسەر پرس و پرەنسیپەکان دانابێت، هێشتا هەر داوای زیاتری لێ بکرێت و پێی بوترێت ئەوە بۆ وا بێدەنگیت! بەڵام دەیان کەسی تر هەن ناوی گەورەیان لە خۆیان ناوە و سەرۆکی ئەم ڕێکخراو و سکرتێری ئەو ڕێکخراون، بەرپرسی ئەم سەنتەری ستراتیجی و مودیری ئەو دەزگا و وەزیری ژن و بەرپرسی حزبیی ئافرەت هەن، کەس چاوەڕوانی لێیان نییە و دەنگیشیان نەبێت و هەڵوێستیشیان نەبێت، کەس نە لۆمەیان دەکات، نە پاڵەپەستۆیان دەخاتە سەر!

یەکێک لەو کەسانەی کە ماوەیەک پێش ئێستا ڕەخنەیەکی توندی ئاراستەی من کردبوو، تا ئەو ڕادەیەی سووکایەتی و جنێوی بەکار هێنابوو، لەم ڕۆژانەدا بەدوو چاوی پڕ لە سۆز و خۆشەویستییەوە هات و داوای لێبووردنی لێ کردم. من ئەگەرچی یەک زەڕەش ڕقم لە دڵدا نەبوو بەرامبەر بەو کەسە، بەڵام بەو هەڵوێستە جوانەی، ئەوم زۆر لەلا گەورە بووەوە. نەک لەبەرئەوەی داوای لێبووردنی لە من کرد، لە بەرئەوەی بەو ئاکارەی هەنگاوێکی بۆ

کولتووری بەخۆداچوونەوە و لێبووردەیی نا. دەمەوێ بە جەنابت بڵێم ئەوە من نیم کە بێدەنگم بەرامبەر بە ستەم، بەڵکە مەکینەیەک هەیە دەیەوێت کارەکانی من بێ بایەخ بکات، دەنگی من لە خەڵک بشارێتەوە. بۆ ناپرسی بۆچی ئێستا مەهاباد قەرەداغی لەسەر تیڤییەکانی کوردستان نابینین قسە بکات لەسەر پرسی ئافرەت؟ کوردسات، زاگرۆس تیڤی، کوردستان تیڤی، ئەوانی تر. هەندێ ڕاستی هەن درەنگ یان زوو دەبێت دەرببڕدرێن. بۆ نموونە ئەمەت بۆ باس دەکەم، ساڵی ٢٠٠٣ لە سویدەوە بۆ مانگێک بۆ سەردان هاتمەوە کوردستان، لە ماوەی ئەو مانگەدا کوردسات چوار چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردم، کوردستان تیڤی سێ چوار چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردم، لەسەر پرسی ئافرەت و لەسەر شیعر و ئەدەبیات و سیاسەت و کولتوور، ئەوسا سەردەمی دوو ئیدارەیی بوو. کاتێ هاتمە هەولێر و کۆنفرانسێکمان لە پەرلەمانی کوردستان گرت بۆ "داخوازینامەی ژنی کورد" بە هاوکاریی سەرۆکی حکوومەت لە هەولێر، ئیتر بەرپرسان لەولا لووتەلا بوون و، لەوساوە هەتا ئەم ساتە کامێرای کوردسات منی نەدیوە. ئەوە ئەولا، کە بووم بە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتیش تیڤییەکانی ئەملا هەفتەی جارێک یان دووجار گفتوگۆیان لەگەڵ دەکردم و لەو ماوەیەدا لە سەدان دێبات بەشدار بووم و ژان و ژووری ژنانی کوردستانم تاوتوێ دەکرد. بەڵام ئێستا «نازانم بڕیارەکە هی کێیە؟»، بەڵام کامێراکانی ئەمانیش ڕوو وەردەگێڕن. کولتوورەکە سەیرە، عەقڵییەتەکان سەیرن، ئەوە من نیم کە چالاکی ناکەم، ئەوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنن کە چالاکییەکانم ناگەیەنن بە ئێوە. کۆنفرانسێکمان لەسەر خۆسووتاندنی ژنان کرد لە هەولێر، تەلەڤزیۆنی یەکگرتوو هەموو کۆنفرانسەکەی لە حەرفەوە تا حەرف پیشان دا، بەڵام زاگرۆس یەک چرکە لە دەنگوباسیش نەیخستە ڕوو! خۆ من هیچ باکم نییە ڕووی کامیراکان وەردەگێڕن یان نا، بەڵام کە خەڵکیش لە من بپرسێت ئەوە بۆ دەنگت نییە، دەبێ پەردە لە ڕووی هەندێ ڕاستی هەڵبدەمەوە. ئەوەی کە دەیڵێم تەنیا مشتێکە لە خەروارێک.

* ئەگەر بتوانی پێمان بڵێ لە دوای تەمەنێک ئەگەرچی زۆر نییە، بەڵام

به قووڵی هەڵسوکەوتکردن لە نێو دنیای ڕۆشنبیریدا، قەرەداغی بە تەمای چییە؟ گەڕانەوە بۆ دنیای شیعر و نووسین و لێکۆڵینەوە یاخۆ ڕۆتینیاتی ئیداری؟

– ئێستا خەریکی نووسینم، پرۆژەم زۆرە و سێ کتێبم لەم یەک دوو مانگەدا بەدەستی خوێنەرە هێژاکانم دەگات، یەک لەوان ڕۆمانێکە بە ناوی "زەنگدانەوە"، دووەمیان بەشی یەکەم و دووەمی بیرەوەرییەکانمە لە بەرگێکدا بە ناوی "چلچرا"، سێیەمیشیان لێکۆڵینەوە و وتارە لەسەر پرسی ژن بە ناوی "ئافرەتیزم". بیرۆکەی زۆر لە مێشکمدا ئامادەیە بۆ هەندێ کاری ئەدەبی، ئیتر نازانم دەبێت بە شیعر یان چیرۆک و ڕۆمان.

سەبارەت بە کاری ئیداری، ئیدی چ پێویست بێت بۆ قۆناغەکانی داهاتوو، لە کات و ساتی خۆیدا بڕیاری بۆ دەدەم چ بکەم. من وشکەبڕوا نیم نە بۆ کارکردن لەگەڵ حکوومەتدا، نە بۆ کارکردنیش لەگەڵ حزبەکان. ئەگەر بزانم حزبێک لەوانەی کوردستان پرەنسیپەکانی من قبووڵ دەکات و ڕێگەم دەدات ڕۆڵم هەبێت لە نەخشی سیاسەتیدا و بوارم دەدات لە مۆدێرنیزەکردنیدا کارا بم، لاریم نییە لەوەی ببم بە ئەندام تیایدا. من باوەڕم بەخۆم هەیە لە هەر کوێ کار بکەم، دەتوانم باشترین گۆڕانکاری لەو شوێنەدا بکەم، ئەگەر بزانم حزبێک ڕاست دەکات و دەیەوێت ببێتە پێشڕەوی گۆڕان، ئەوپەڕی هاوکاری دەکەم.

***

*عاقڵ ئەوەی کە دەیزانێ نایڵێت، بەڵام ئەوەی کە دەیڵێت دەیزانێت.*

ئەرستۆ

تەوەری چوارەم

# چەمکی شەرەف لە شەرەفنامەدا

*شەرەف چییە، تەنیا وشەیەکە.*

شکسپیر

*تا زەمانێ کۆت و بەند و دیلییەتی نەبینین، هەرگیز دەرک بە وشەی ئازادی ناکەین.*

خوزە سیلوا

* دەمەوێ ڕاستەوخۆ بچینە نێو گفتوگۆکەمانەوە، لە خاڵێکی گەوهەریشەوە دەست پێ بکەین، کە مرۆڤایەتی و ژنان بە تایبەتی مێژوویەکی دوور و درێژە وەکو کێشە و دەردەسەری دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەن، شەرەف کەی و چۆن بوو بە بەشێک لە جەستەی ژن؟

– کاتێ کە پێویست بێت لە چەوساندنەوە بگەین، دەبێ بۆ سەرچاوەکەی بگەڕێین. مێژووی چەوساندنەوەی مرۆڤیش پێوەستە بە بەرژەوەندی و هاوکێشە ئابوورییەکانەوە. سەرەتای مێژووی چەوساندنەوەی ژن دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی کار و دەستکەوتی ئابووری کە دەسەڵاتەکانی نێو کۆمەڵگە و خێزانی دەستنیشان کرد. دابەشکردنی کار و نرخدانان لەسەر کار و بەرهەم و بە هی خۆکردنی ئامرازەکانی کار ململانێی خستە نێوان چین و توێژە

جیاجیاکانی کۆمەڵگەوە. ململانێی نێوان توخمی ژن و پیاویش لە ئەنجامی ئەو دابەشکردنی کارە دروست بوو. بۆ ئەوەی کارە بایەخدارەکان کە دەستکەوت و دەرامەتیان تێدا بوو لە ژن وەربگیرێنەوە، تێڕوانینێکی بیۆلۆجیانە بۆ ژن و جەستەی ژن دروست کرا. جەستەی ژن بەهۆی ئەوەی کە منداڵدانی تێدا بوو، بەبێ ڕەچاوکردنی گرینگی و بایەخی ئەوەی کە ئەوە کانگای ژیانە و سەرچاوەی مانەوەیە، لە بایەخی کەم کرایەوە و وەک جەستەیەکی نەخۆش تەماشا دەکرا و ئەو تیۆرییانە داهێنران کە گوایە سروشت غەدری لە ژن کردووە و جەستەیەکی نەخۆش و ناتەواوی داوەتێ، چونکە بەهۆی زەیستانی و مەهەکی مانگانە و دۆخی منداڵبوون و شیردانەوە ناتوانێ کاروبارەکانی بە باشی ئەنجام بدات. وردە وردە ئەو تیۆرییانە جێگەی خۆیان گرت و پێناسەی ناتەواو بەجەستەی ژن ڕەوایەتییەکی کولتووری و ئاینیی پەیدا کرد، چونکە تیۆرییە ئاینییەکانیش جەختیان لەسەر هەمان بابەت دەکردەوە. تیۆری نێو کتێبە پیرۆزەکان بۆ کەم بایەخکردنی جەستەی ژن هێندەی تر کێشەکەی قووڵ کردەوە. لە تەورات و ئینجیلدا ئەم جەستەیە بە تایبەت بەهۆی منداڵبوونەوە و لە کاتی زەیستانیدا و لە کاتی مەهەکی مانگانەدا وەک پیس تەماشا دەکرا. کە ئاین بەشێکی بەرفراوانی کولتووری پێک هێناوە، ئەمەش زەمینەی بۆ ئەوە ساز کرد کە لە نێو کولتوور و داوونەریتی کۆمەڵایەتیشدا ئەم تێڕوانینە بچەسپێ و کارا بکرێت و لە نێو زمان و بیرکردنەوەشدا ڕەگ دابکوتێ. بۆ نموونە لە زمانی کوردیشدا بە ژنێک لە کاتی مەهەکی مانگانەدا دەگوترێت "بێنوێژ"، دەزانین کە وشەی "نوێژ" بە مانای پاکی دێت و پێچەوانەکەشی کە "بێنوێژ"ە بە مانای پیسی دێت. ژنی بێنوێژ بۆی نییە لە شتە پیرۆزەکان نزیک ببێتەوە، بۆی نییە لەو کاتەدا خوا بپەرستێ و لە تەقسە ئاینییەکاندا بەشدار بێت، وەک وتمان ئاینیش بەشێکی بەرفراوانی کولتوورە و ئەمەش وا دەگەیەنێت کە ژن لەو ماوەیەدا لە کولتوور دەکرێتە دەرەوە. بەڵام کە لە کولتوور دەکرێتە دەرەوە بواری ئەوەشی نەماوە لەگەڵ سروشتدا دۆستایەتیی هەبێت، چونکە لە سروشتی ڕاستەقینەی خۆی

دوور خـراوەتەوە و دەمـامکی بۆ کـراوە. بەهۆی ئـەوەی کـە ئەمـانە هەمـووی بەهۆی جـەسـتـەیەوە بوو، بایەخـی جـەسـتـەی ژن کـەم بووە و تەنـانەت لەلای خـۆیشـی جـەسـتـەی نرخـی دابەزی، چونکە هـەسـتی بە ناتەواوی دەکـرد کـە بەهۆی ئەم جەستەیەوە لە پەراوێزی ژیان دانراوە.

ئەگـەر ئێـمـە بە چاویلکەی کـۆمـەڵناسی لـەم دیاردەیە بڕوانین دەبـینین کـە سـەرچاوەی ئەم بێ بایەخکردنە لە ئابوورییەوە سـەرچاوەی گرتووە، بۆ ئەوەی بەشـێکی مرۆڤ ببـێتـە مـوڵکی بەشـەکـەی تری، پێویست بوو ئەم تێـڕوانینە دروست بکرێت و کرا. کە جەستـەی ژن کرا بەمـوڵکی پیاو، ئەودەم ملمـلانێی نێوان پیـاوان خۆشیـان و دیسانەوە بەهۆی بەرژەوەندییە ئابوورییـەکانەوە وای کرد بۆ شکانـدنەوەی نرخ و بایەخی یەکتری زیان بە موڵکی یەکتری بگەیەنن، ژنیش کە کرابوو بـەمـوڵکی پیـاو، ئیـتر وەک کـالا ڕەفـتـاری لەگەڵ دەکرا نەک وەک مـرۆڤ، کـەواتە بۆ زیـانگەیاندن بەیەکـتـری ژنیـان کـردە ئامـراز و کـالا و زیانیان بە یەکتری لە ڕێگەی ئەو کالایانەوە دەگەیاند. ئیدی ژن کرا بە یەکێک لە وەسیلەکانی شـەڕ لەسـەر بەرژەوەندییەکان.

شـەرەف لـە ئەنجـامی ئـەو ملمـلانێـیـەوە خـزێنرایە نێـو جـەسـتـەی ژن و بنەماڵەکان بۆ لێدانی یەکتری و لەسـەر بنەمای بەرژەوەندیی ئابووری شـەرەفی یەکـتریان ئەتک دەکرد و دەشکاند، هەمـوو ئەم شـکـاندن و ئەتککردنەش گـورز وەشـاندن بوو لە جەسـتەی ژنانی بنەمـاڵە بەمـەبەستی لێدانی پیاوانی بنەمـاڵە لەلایان پیـاوانی بنەمـاڵەی تـرەوە کـە بەرژەوەندییـەکانیـان هـاودژ بـوون. هێدی هێـدی جـەسـتـەکە بـایەخی دادەشکا و، نۆرمـەکـەش زیاتر دەچەسـپا کـە ژن شـەرەفی پیاوە و شـەرەفی بنەماڵەیە.

پێـشکەوتنی فـیکر و زانسـت و تەکنۆلۆجـیـا لە بەشـێکی جـیـهـاندا مـانا و تێڕوانین و هـاوکێشـە ئابوورییە کلاسیکییەکـانیشـی گـۆڕی و بەوەش لە ڕۆژئاوا تەوقی شـەرەف لە ئـەسـتـۆی ژن ترازا و لە کـۆڵی بووەوە، پێناسـەی تر درایە شـەرەف و جەسـتە و ڕەوشت و پێوەندییە مـرۆڤانەکان، بەلام لە بەشـێکی تری جـیـهـاندا کـە نە فـیکر و نـە زانست و نە تـەکنۆلۆجـیـا لـە داهێنانـی ئەوانە،

تێڕوانینی نامووسپەروەری پەرەی پێ درا و تا ئەمڕۆش هەر تێڕوانینێکی زاڵە و وەک چەکێکی کوشندە و کۆکوژ کاری پێ دەکرێت.

* ئەگەر داوونەریت و ئاینەکان لە پاڵ بنیاتنانی شەرەفەوە بووبێتن وەکو چەکێک بۆ دەستی پیاو، خۆ ناشتوانرێت بە تەواوی ئاین لە مرۆڤ دابماڵدرێ و بەرەنگاری داوونەریتەکان ببێتەوە، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا؟

- بۆ ئەوەی ژەنگی تێڕوانینە نائاساییەکان کاڵ بکەینەوە پێویستمان بەوەیە بۆ ژیانمان یاسا و ڕێنوێنیی مرۆییمان هەبێت. ئێمە ئەگەر ڕێنوێنیی و ڕێسای وامان هەبێت و دادپەوەرانە بەهرە لە ماف و ئازادییەکانی خۆمان وەربگرین و ئەرکەکانی ژیان جێبەجێ بکەین، پێویستمان بە گەڕانەوە نییە بۆ فەرمانەکانی غەیب و نادیار. ئێمە ئەگەر توانیمان فکر و زانست و تەکنۆلۆجیا بەرهەم بهێنین، دەتوانین تێڕوانینێکی نوێش بەرهەم بهێنین کە خواستی سەردەمەکەی تێدا بەرجەستە بێت. با ئاین هەر هەبێت و بەشێکی کولتوور بێت و ببێتە سەرچاوەیەکی لێکۆڵینەوە لە ڕابردووی مرۆڤایەتی و وێنەیەکی ڕوونی مێژوومان، بەڵام ناکرێ ڕابردوو داهاتوومان بەڕێوە ببات و ببێتە پێوەری ئێستامان، کە لە هەموو ڕوویەکەوە جیاوازە لە ڕابردوو. مرۆڤ دەکەوێتە نێو تەنگژەیەکی گەورەوە ئەگەر بیەوێت کێشەی ئەمڕۆ بە پێوەرەکانی ئەوسا چارەسەر بکات، کێشەکانی ئەمڕۆ پێوەری ئەمڕۆییان دەوێت. ئەگەر پێوەرەکانمان هەبوون و بە لۆجیک و عەقڵ ئەو پێوەرانەمان دانابوو، ئیتر کەس پێویستی بە ڕێسا و ڕێنوێنییە کۆنەکان نامێنێت و ناچێ بە لایاندا. بە بۆچوونی من پێویستمان بە دروستکردنی کلیلی نوێیە بۆ کردنەوەی دەرگە نوێیەکان، چونکە دەرگە تازەکان بە کلیلە کۆنەکان ناکرێنەوە.

* لە کتێبی شەرەفنامەدا دەڵێیت" هەتا جەستەی ژن دۆلاب بێت بۆ هەڵگرتن و پاراستنی شەرەفی نێرینەکان، با بیر لە

ئازادبوونی نەکەینەوە". منیش دەڵێم: جگە لەوەی ژن هەوڵی داوە لە مەیدانی فیکردا بێت بۆ ئەو شەڕە کە پێویستە خۆی بۆ ئامادە بکات بۆ بەرەنگاری و ئاوەژووکردن و ئازادکردنی ئەو مێژووە کە پیاوسالاری دەینووسێتەوە، بەڵام هێشتا نەیتوانیوە لە کایەی ئابووری و کەناڵەکانی سیاسەتدا پێگەی خۆی قایم بکات، کە ئەمە ئەسڵی کێشەکەیە؟ نموونەی زیندوومان زۆر لە بەردەستدایە کە چۆن گوزارشت لەوە دەکا هەتا ژن نەتوانێ لە پێگەی ئابووری و سیاسەتدا قایم بکات بەردەوام دەکەوێتە بەر پەلاماری پیاوسالارەکان، نموونەی کێشەکەی دەربەندیخان کە بەڕێزیشت بەرگریکارێکی کارا بووی لە لایەنی زوڵم لێکراو، ئەمە بە تەواوەتی تەندروستیی بۆچوونەکانمان ناسەلمێنێ؟

– ئەوەی من و تۆ دەیڵێین تەواوکەری یەکن. کە لە بنچینەدا بەرژەوەندی و هاوکێشە ئابوورییەکان ئەم قەیرانەیان خوڵقاندبێت، پێویستە لە هەمان سەرچاوەوە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بگەڕێین. بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێتەوە کە ڕاستە ئابووری سەرچاوەی تەنگژە و قەیرانەکەیە و سیستەمێکی باوکسالاری ڕیشە ئەستووری هێنایە سەرپێ، بەڵام ئەم سیستەمە تەنیا لە نێو ئابووریدا نەمایەوە و بە حوکمی پێوەندیی ئابووری لەگەڵ هەموو دیاردە و بوارەکانی تری وەک سیاسەت، فیکر و فەلسەفە. کولتوور لە نێو هەموویاندا پێگەی پیاوسالاریی قایم کرد.

ئازادی نە پێناسەیەکی جێگیر، نە قاڵبێکی دیاریکراوی هەیە، زۆر جار لە باسکردنی ئازادی و ئازادیی جەستە تێگەیشتنی هەڵە و شیکردنەوەی هەڵە دەکرێ و کەڵک ئاوەژوو لە دەستەواژەکان وەردەگیرێ بە تایبەت لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا. مرۆڤ کاتێ باسی دەستەواژەی ئازادی دەکات، بواری لێک حاڵی نەبوون و شیکردنەوەی نادروست زۆرترە. بە باوەڕی من مرۆڤ بە ژن و پیاوەوە فیکر و هۆش و جەستەی هی خۆیەتی، لە هەمان کاتدا باوەڕم وایە کە پێویستە فیکر و هۆش و جەستە بۆ هیچ مەبەستێکی نامرۆڤانە و نادروست و

ناتەندروست بەکار نەبرێن. بەکارهێنانی فیکر و هۆش و جەستە بەشێوەی نارێک و بە مەبەستی بازرگانی یان سیاسی نرخی جەستەی مرۆڤ دادەشکێنێت و دەیکات بە کوتاڵ، بۆیە پێویستمان بەوەیە پێناسەیەکی نوێ و دروستی جەستە و ئازادی و ژن و پیاو بکەینەوە. ئەگەر جەستەی ئافرەت وەک شەرەفی پیاو پێناسە کرا، بایەخی سروشتیی خۆی دەدۆڕێنێ، یان جەستەی ژن وەک ئامراز بۆ کاری سیاسی و سیخوڕی بەکار هێنرا، نرخی خۆی دەدۆڕێنێ و دەبێت بە کاڵێشەیەکی بەتاڵ. مەخابن جەستەی ژن چونکە لەمێژە وەک شتومەک و کوتاڵ مامەڵەی لەگەڵ کراوە، بۆیە زیاتر لەو پرۆژە نارەوایانەدا بەکار دەبرێت، بە هەمان شێوە هۆش و فیکری ژن بەهۆی سنووردارکردنی جەستەیەوە توانراوە کۆنترۆڵ بکرێت و بە کۆیلە بکرێت. تۆ نموونەی کێشەی دەربەندیخانت هێنایەوە کە چۆن بەرپرسانی ئەو شارە کەڵک ئاوەژوویان لە جەستەی کچانێکی بێ پشتیوان و بێ کەس وەردەگرت و دەیانویست بەرامبەر بە هەندێ پێویستیی رۆژانەیان ئەو نرخەیان لێ وەربگرن کە لە نێو خودی ئەو کۆمەڵگەیەدا دانی ئەو نرخە بە مانای تەواوبوونی بایەخی کۆمەڵایەتیی ئەو مرۆڤانەیە، منیش نموونەی دیاردەی تۆڕی تیرۆریستی شێخ زانات بۆ دەهێنمەوە کە چۆن بە فریودان و سێکسبازی لەگەڵ کچان و تەنانەت کوڕانیشدا هەموویانی کردبووە کۆیلەی خۆی و نارەواترین کاری پێ دەکردن کە بریتی بوو لە کاری لەتوپەتکردنی مرۆڤ بەکوڕەکان و کاری سیخوڕی بە کچەکان. بزانە ئەو جەستەیە بەهۆی ئەو شەرەفەی کە تێی ئاخنراوە چۆن کراوە بە ئامرازی سەرکوتکردن و کۆیلەکردنی مرۆڤەکان. ئەو کوڕانە و ئەو کچانە ناچار و ئامادە بوون هەموو کارێکی نارەوا ئەنجام بدەن بە مەرجێ گرتەیەکی سێکسی لەو فیلمانەی کە بە کامیرا شاراوەکانی ماڵی سەرۆکی باندی تۆڕی تیرۆریستی گیرابوون، پیشان نەدرێن بە خەڵکی، ئەو فیلمانەی کە وەک چەکی هەڕەشە بەکاری بردبوون. بزانە چۆن مرۆڤ رۆژانە نرخی ئەو شەرەفە دەدات کە لە جەستەیەتی و لە بنەڕەتیشدا تەنیا وەهمە و شەرەف لە جەستە نییە. تەنانەت

لەو کولتووره دواکەوتووانەدا جاسووسیکردن، دزی، درۆزنی، گەندەڵی و ناپاکی ئەو سزایەی نییە کە لەسەر سێکس و شەرەف هەیە. ئەمانە ئەو پێوەرە هەڵانەن کە بەردەوام پەڵە لە نێوچەوانی مێژووی ئێمە دروست دەکەن، بۆیە پێویستە پێناسەیان بکەینەوە و پێوەری تر دابهێنینەوە.

* هەندێک لە خەڵکی وا سەیری مەهاباد دەکەن کە چۆن مارکس دەیویست پرۆلیتاریا بکاتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر، ئاوەهاش مەهاباد دەیەوێت ژن بکاتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر بەسەر پیاوەوە؟

- بەو خەڵکانە بڵێ کە مەهاباد دژی دیکتاتۆرەکانە بە هی پرۆلیتاریاشەوە. ئەوەی مەهاباد وا پێناسە بکات کە تۆ باسی دەکەی مەبەستی هەیە و ئاسانە بزانین کێن ئەوانە و مەبەستیان چییە و بۆ دەیانەوێ وێنەی پێچەوانەی مەهاباد پێشان بدەن.

من دەخوازم بە خوێنەرانی خۆم بڵێم پێویستە ئێوە خۆتان لە ئەنجامی خوێندنەوەی قووڵ و بیرکردنەوەی لۆجیکی خۆتان، مەهاباد بناسن. من بەهۆی نووسینەکانمەوە هەردەم و بەردەوام لەگەڵ خەڵکدا لە گفتوگۆدا بووم و بەهۆی ئەوەشەوە کە هەستیارترین و دژوارترین کێشەی مرۆڤایەتیم هەڵبژاردووە و خەباتی بۆ دەکەم، بۆیە شەپۆلی جیاجیاش لە دژی من و هاوخەباتەکانم دروست دەبێت و ئەمەش ئاساییە.

خەباتی من بۆ یەکسانییە، بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانە، بۆ ڕزگارکردنی ژنە لەو قاڵبانەی تێی ئاخنراوە. بە هەمان ئەندازە خەباتی من بۆ ڕزگارکردنی پیاوە، ئەو پیاوەی کە ژن دەچەوسێنێتەوە خۆیشی کۆیلەیە و من پێم خۆشە ڕزگاری بکەم لەو کۆیلایەتییە. زۆردار و زۆر لێکراو، چەوساوە و چەوسێنەر، هەردووکیان نائاسایی و کۆیلەن و پێویستە ڕزگار بکرێن. کە ژن بەو مافانەی خۆی بگات کە زەوت کراوە لێی مانای ئەوەیە بارودۆخی ژیانی ئاسایی دەبێتەوە و دەبێتە مرۆڤێکی سروشتی و ئاسایی. بەهەمان شێوە پیاویش لەم هاوکێشەیەدا ڕزگار دەبێت و ئیتر وەک زۆردار و چەوسێنەر

تەماشا ناکرێت و بەپلەی مرۆڤبوونێکی سروشتی خۆی دەگات و شاد دەبێت. بەختەوەری لەوەدا نییە چەند دەسەڵات و پارەت هەیە، ئاسوودەیی لە نێو قووڵاییی ویژداندایە و دەشێ دەسەڵات و پارەی بێ ئەژمارت هەبێت و نابەختەوەرترین مرۆڤ بیت، ئەگەر لە ناواخنی ویژدانەوە ڕۆشناییەک نەبێت دەروازەی ئاسوودەییت پێشان بدات. بۆیە گرینگە مرۆڤ لە ویژدانی خۆیدا بەدوای بەختەوەریدا بگەڕێت و ئیدی نە چەوساوە بێت و نە چەوسێنەر، مرۆڤێکی ئاسایی بێت و مرۆڤەکانی تری خۆش بوێت.

* لە "شەرەفنامە" دەروازەی تێگەیشتنی ژن لە خودی خۆی، دوو مێژوو دیاری دەکەیت، کە دووانەیەکن و دیلن، مێژووی کورد و مێژووی ژنی کورد. ئەگەر مێژووی یەکەمیان خۆی ڕزگار بکات و ڕای بگەیەنێت کە دەسەڵاتێکی ڕەهای دیموکراسی و ئازادیی بێ خەوشی بنیات ناوە، وەکو لە ئێستا و ڕابردووی کەناڵ و پڕوپاگەندەی حزبی دەسەڵاتەوە گوێمان لێ بووە، ئەگەر پرسیارەکە ڕوونتر بکەینەوە، پیاو مێژووی خۆی ڕزگار کرد و لێ بووەوە وەک وتمان بە حساباتی خۆیان، ئێستا ژن چۆن مێژووە دیلەکەی خۆی ڕزگار بکات؟

– ئەم دوو مێژووە هیچیان بێ ئەوی تریان ئازاد نابن. مرۆڤ کاتێک ئازادی دەپێویت، بانگەشە و ڕیکلام ناکات بە پێوەر، بەڵکە پیادەکردنی ئەو ئازادییە لەسەر زەمینی ڕیاڵیتەی کوردستان دەکات بە پێوەر، ڕێژەی مافە بەدەستهاتووەکان و مافە زەوتکراوەکان دەکات بە پێوەر.

لە تیۆرییەکەی مندا "تیۆری تووک"، کە تووک کورتکراوەی "توێکڵ و کاکڵە"، ئەم دوو مێژووە وەک گوێزێک وێنا کراوە کە لە توێکڵ و کاکڵ پێک هاتووە، مێژووی ژن کاکڵە و مێژووی کورد بە گشتی توێکڵە. بۆ ئەوەی مێژووی کورد گوێزێکی پووچ نەبێت، پێویستە کاکڵی تێدا بێت. گریمان سبەینێ کوردستان بوو بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و دان پێدانراو، بەڵام ئەگەر وڵاتێک بێت نیوەی

مرۆڤەکانی کۆیلەی نیوەکەی تری بێت و نیوەی چەوسێنەری نیوەکەی تری بێت، مانای ئەوەیە ناوەرۆکی دەوڵەتەکە بێ ئەرزشە، گوێزێکی پووچە. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، ژنی کورد ناتوانێت مێژووی خۆی بە تەنیا ئازاد بکات لە کاتێکدا مێژووی نەتەوەکەی دیل بێت. لە تیۆرییەکەی مندا خەبات بۆ ئازادکردنی هەردوو مێژوو بە هاوتەریبی پێویستە، بۆ هەردوو مێژووەکەش هەردوو توخمی نێر و مێ پێویستە تێ بکۆشن.

ئێمە ئەگەر لە مێژووی خەباتی سیاسیی کورد بۆ ڕزگاری نەتەوەیی بڕوانین، دەبینین ژن لەو مێژووە دەرکراوەتە دەرەوە یان لە پەراوێزی فەرامۆشکراوی ئەو مێژووەدایە. ئەگەر تەماشای مێژووی خەباتی ژنی کوردیش بکەین، دەبینین چۆڵە لە پیاو و تەنیا ئافرەتان خۆیان قسەی تێدا دەکەن و هەوڵی بۆ دەدەن. ئەم میتۆدی کارکردنە لە ناو مێژووی کورددا ئاکامێکی نابێت و پێویستە هەردوو مێژوو پێوەندییەکی تۆکمە و زیندوویان لەگەڵ یەکدا هەبێت. مێژووی ژن حەمامی ژن نییە تا پیاو بۆی نەبێت بێتە ژوورەوە، مێژووی کوردیش حەمامی پیاو نییە تا ژن نەتوانێ بچێتە ناوی و هاوشانی پیاو لە ناویدا دابنیشێ. مێژوو مەیدانە، مەیدانی تێکۆشانیش نابێ تەنیا ڕەنگێک و تەنیا دەنگێکی تێدا بێت.

من کە لە کتێبی "شەرەفنامە"دا و لە "تیۆری تووکدا" باسی مێژووی کورد و مێژووی ژنی کورد دەکەم، مەبەستم لە دوو مێژوو نییە، بەڵکە باس لە یەک مێژووی دوو کەرتکراو دەکەم کە پێویستە یەک بگرنەوە. بەهۆی ئەو دووکەرتبوونەی مێژوومانەوە، کۆمەڵگە و کولتوورمان، زمان و وێژەمان و هەموو شتێکی ترمان دوو کەرت بووە. جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە مێژوو نە ئاودەستە نە حەمام تا هی ژن و پیاو جودا بێت، بەڵکە گۆڕەپانە و پێویستە هەردوو توخمی مرۆڤ ئەسپی خۆیانی تێدا تاو بدەن و ئامانجیش یەک بێت، بۆ ئازادکردنی مێژووی داهاتوومان لە ئەنجامی کارکردنی ئەمڕۆدا.

* له فەرهەنگی زمانەوانیی کوردیدا، کۆمەڵێک دەستەواژە، وشە و دەربڕین تایبەت کراوە بە ژنان، هەموویان دەلالەتێکن بۆ کەم بایەخکردنی ژن وەکو بوونەوەرێک. لە سەردەمی ئێستای کرانەوەدا کۆمەڵگەی ئێمە نەیتوانیوە سەرچاوەی ئەو بیرە بارگاوییە بناسێت، یاخۆ چاکی بکاتەوە. تۆ بڵێی هەمان ئەو سەرچاوانە نەبن کە مێژووی کوردیان دیل کردبوو و پیاویان ڕزگار کرد، یا خۆی بیر و دنیابینی پیاوە ڕزگارکەرەکان سەرچاوەکەین؟

- زمان بەرهەمهێنەری کۆمەڵێک سیمبۆلە و لە مێشکی ئێمەدا ڕۆژانە وێناکردن دروست دەکات بەرامبەر بە دیاردەکان و کەسەکان و شتەکان. هەموو ئەوانە کار و کاردانەوەی دەروونییان هەیە و چوارچێوەی بیرکردنەوەی مرۆڤ دیاری دەکەن. کە بوونەوەرێک هەر لە منداڵییەوە سەرکوت بکرێت و پێی بوترێت تەمبەڵ و تەوەزەل، مەحاڵە پێچەوانەی ئەوەی لێ دەربچێت. کە هەر لە منداڵییەوە پێت بگوترێت ئازا و بەتوانا، مەحاڵە غەیری ئەوەت لێ دەربچێت. کاتێ مێینەش هەر لە منداڵییەوە پێی بگوترێت زەعیفە، ناسک، عەورەت و هتد، ئیدی چۆن ئەم وێنایە لە مێشکی ناچەسپێت. کاتێ کە نێرینە هەر لە منداڵییەوە پێی بگوترێت قارەمان، جەربەزە و بەهێز، وێنەکە لە عەقڵی ناوەوەی دەچەسپێ و کاری پێ دەکات.

بەڵێ بێگومان سیمبولەکانی زمان لە دروستکردنی کەسایەتیماندا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. بۆیە من لەو کتێبەدا و لە زۆر جێگەی تریشدا جەخت لەسەر گۆڕینی سیمبۆلەکانی زمان و پێناسە باوەکان دەکەمەوە.

من لە هەزاران ژنەوە بیستوومە گوتوویانە: ئاخر من زەعیفەم. ئەمانە مێشکیان شۆراوەتەوە و جگە لەم سیمبولانە پێناسەی تریان نییە بۆ خۆیان. ئەمانە قایل بوونە بەوە و کردوویانە بەناسنامەی خۆیان. هیچ لەوە کارەساتبارتر نییە کە مرۆڤ بە دەمی خۆی زەعیفی بکات بە پێناسەی خۆی

و ناسنامەی خۆی و پێشانی بدات. بەڵام خۆ ئەمە تاوانی ئەو ژنانە نییە بە تەنیا، کولتوورێک تەمەنی هەزاران ساڵە کاری بۆ کردووە و چەسپاندوویەتی، زمانێک هەزاران ساڵە سیمبۆلەکانی هەمانن و گۆڕانیان بەسەردا نەهێنراوە.

هیچ شتێک هێندەی دووبارەکردنەوە مێشکی مرۆڤ ناشواتەوە، ئەمە لە زانستی دەروونناسی ڕیکلامدا سوودی لێ وەرگیراوە و دەبینین بەهۆی پێشاندانی ڕیکلامی کاڵایەک سەدان جار لە تیڤییەکانەوە، مێشکی کڕیار دەشۆردرێتەوە و کە دەچێتە کۆگایەکەوە یەکسەر دەست بۆ ئەو کاڵایە دەبات کە ڕیکلامی بۆ کراوە. لە کۆمەڵگەشدا کۆدەکانی زمان ڕۆڵی ئەو ڕیکلامە دەبینن و بەردەوام دووبارەبوونەوەی ئەو ڕەمزانە مێشکی مرۆڤ دەشواتەوە. کاتێ کە ژن وەک ڕەمزی زەعیف هەزاران جار دووبارە دەبێتەوە، ئیتر وەک نۆرم و ئاسایی ژن خۆیشی بەکاری دەبات و خۆی وا دەبینێ.

زمانی کوردی بنیاتێکی نێرسالارانەی هەیە و سیمبۆلەکانی کۆدی کۆیلەبوونی ژنیان تێدایە، بۆیە ناکرێ ئێمە باس لە خەباتی فێمینیستی بکەین و مەبەستمان ئازادکردنی مێژوو بێت، بەڵام سیمبۆلەکانی زمان ئاسایی نەکەینەوە.

کێشەیەکی گەورەی ئافرەت لە کوردستاندا ئەوەیە ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە ناو کایەی زمان و کولتوور کار دەکەن کەمن و نەبوونەتە شەپۆلێک. کە قەڵەم بەدەست لە ناو ژناندا کەمە و پیاوانی قەڵەم بەدەستیش ئەم مەسەلەیە نەبووەتە خەمیان ئیتر سیمبۆلەکانی زمان وەکو خۆیان دەمێننەوە و کاریان پێ دەکرێت. بە دەگمەن نووسەری پیاو و ژن هەیە خۆیان لەو سیمبۆلە سەپاوانە ڕزگار کردبێت و هی نوێیان داهێنابێت بۆ گوزارەکردن لە پیاو و ژن و پێوەندییەکانیان. بە دەگمەن پیاو هەیە، بە ڕۆشنبیرەکانیشەوە لە کاتی تووڕەبوونیدا جنێو بە دایک و خوشکی پیاوە ڕەقیبەکەی بەرامبەری نەدات، ئەمە لەبەرئەوەی لە سیمبۆلەکانی زماندا دایک و خوشکەکان شەرەفن و ئەویش لە تووڕەبووندا دەیەوێت گورز لە شەرەفی پیاوەکەی بەرامبەری بدات. بە دەگمەن ژن هەیە بێتە مەیدان بۆ کارکردن ئیتر کارەکەی سیاسی بێت، یان

کولتووری و کۆمەڵایەتی، ئەگەر پێی لەسەر مافەکانی داگرت و باسی ئازادیی کرد بە خەوشێکی ڕەوشتی تۆمەتباری نەکەن. سیمبۆلەکانی زمان لە ناو عەقڵی ناوەوەی مرۆڤەکان دەچەسپێن، ئەگەر بە ڕواڵەتیش و عەقڵی دەرەوەیان شتێکی تر بڵێت، لە ناکاودا وێنەکەی عەقڵی ناوەوەیان دەردەپەڕێ و وێنە ڕاستەقینەکەیان دەکەوێتە ڕوو. من لە کتێبی شەرەفنامەدا باسی چەند نموونەیەکم کردووە، بەڵام ڕۆژگارەکانی ئێمە پڕن لە نموونەی وا. لە کێشەی نێوان دوو پرۆفیسۆری زانکۆوە بگرە تا هی دوو سیاسەتوان دوو نووسەر و دوو ڕۆژنامەنووس و... هتد، هەموویان بۆ تانەدان لە یەکتری سێکسوالێتی ئافرەت بەکار دەبەن و لە زمانیانەوە ڕۆژانە ئەو سیمبولانە دەچەسپێننەوە و جەختی لەسەر دەکەنەوە. چونکە لە زماندا ژن ئابڕووی پیاوە، بۆیە لە کێشەی نێوان پیاواندا ژنان زیاتر گورزیان بەردەکەوێت، کاتێ کە پیاوان بیانەوێت ئابڕووی یەکتری ببەن.

ئەرکی کێیە ئەم زمانە پاک بکاتەوە و ڕەمزەکانی بگۆڕێت، ئایا تەنیا ئەرکی ژنانی نووسەر و فێمینیستە یان هی ڕووناکبیران بەگشتی؟ ئایا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بیر لەمە دەکەنەوە؟! حزبەکانی کوردستان ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتان و خوشکان و خانمان و.... هتد، هیچ کام لە سەرکردایەتیی ئەم ڕێکخراوانە بیریان لەم نەهامەتییە نەکردووەتەوە و بە پێچەوانەشەوە سەرانی ئەم ڕێکخراوانە بۆ خۆشیان پەیڕەوی ئەو سیمبولانە دەکەن. سکرتێری یەکێک لەو ڕێکخراوانە کە کچی دەبێت دۆش دادەمێنێ و خەفەت دەخوات بەڵام کە کوڕی دەبێت گوێزەبانەی بۆ دەکات، ئایا ئەمە خۆی بێ بایەخکردنی کچ نییە؟! یەکێکی تر لە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوانەی کە سەر بە حزبێکە و سەرۆکی حزبەکەی دوو سێ ژنی هەیە کە لێی دەپرسن بۆ، دەڵێ توخوا قەینا فلان کەس لێی دێ با سێ چوار ژنی هەبێت. ئا ئەم جۆرە کەسەن زیان بە بزووتنەوەی ژن دەگەیەنن و ئەگەر کەسانی تریش هەنگاوێک پرسی ژن بۆ پێشەوە بەرن ئەمانە دەبنە بەربەست و ناهێڵن.

* وەکو لە شەرەفنامەدا هاتووە کۆمەڵێک کۆد هەن زۆر ڕێگا لە مرۆڤ دادەخەن بۆ چوونە نێو دنیایەکەوە کە سروشتی مرۆڤ، پێکهاتەی مرۆڤ خوایشتیەتی. لێرەوە تابۆ و یاساغەکان دادەنرێن، دەکرێ بزانین سەرچاوەی یەکەمی تابۆکان چین بە تایبەتی بەرامبەر بە ژنان زۆرترە؟ وەک لە شەرەفنامەدا بە جوانی ئاماژەت پێ کردووە، وەکو چەمکی سێکس، ئەخلاق.. هتد بۆچی لەو تەنگژەیەدان کە هەمووکات کورد واتەنی سەری ژن و لاو دەخۆن؟

– ئێمە زۆر لە سروشتی خۆمان دوور کەوتووینەتەوە. هەموو تابۆکردنێک لە پێناوی خۆسەپاندن و دەستبەسەراگرتن سەرهەڵدەدات. هەژموونی توێژێک یان توخمێک بەسەر توخمەکەی تردا بەهۆی قەدەغەکردنیەوە لە یەکێک لە غەریزە سروشتییەکانییەوە دەست پێ دەکات و تەنگژە دەخوڵقێنێت. لە کۆمیونە سەرەتاییەکان، چونکە مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی و لە ناو سروشتدا ژیاوە، یەکسان ژیاوە و هێزی بەکار نەبردووە بۆ هەژموون و پێویستی بەداهێنانی تابووەکان نەبووە. بەڵام کاتێ دابەشکردنی کار و هاوکێشەی بەرژەوەندییەکان هاتە ئاراوە، ئیدی مرۆڤ بیری لە هەژموون کردەوە و بۆ ئەوەش پێویستی بە ئامراز و میکانیزمی جۆراوجۆر بوو. بۆ نموونە ئاینی کرد بە ئامراز و دەبینین جگە لە ئاینە ئاسمانییەکان لە سەدان ئاینی زەمینیشدا بەرژەوەندیی چینایەتی و توخمایەتی لە ململانێدان و بەهۆیەوە حەرام و حەڵاڵ هێنراوەتە کایەوە. بۆ نموونە گۆشتی بەراز لە ئیسلامدا حەرامە و لە ئاینی کرستیاندا حەڵاڵە، گۆشتی بەرخ لە ئیسلامدا حەڵاڵە بەڵام مەسیحییەکان هەتا بەراز وەستابێت گۆشتی بەرخ بە فلسێ ناکڕن. کێ دەڵێ ئەم حەڵاڵ و حەرامە لە ململانێی بەرژەوەندیی نێوان بەرازەوانێک و بەرخەوانێکەوە سەری هەڵنەداوە!؟ لە هاوکێشەی قەدەغە و ئازادکردنیشدا هەردەم پێویستە گومانمان لە خاوەن بەرژەوەندییەکان و

ململانێی نێوان خاوەن بەرژەوەندییەکان هەبێت. لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئاڵوگۆڕی زۆر بە دەسەڵات و بەرژەوەندییەکان کراوە و جەستەی ژنیش لەو ململانێیەدا ئەو گورزەی بەرکەوت کە ببێت بە ئامرازی حەرامکراو. سێکسوالێتی ژن کرا بە میکانیزمی بەکۆیلەکردن، بەڵام هاوکات چونکە سێکس یەکێکە لە غەریزەکانی مرۆڤ و مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداری بێت، بۆیە پیاو خۆی نەیتوانیوە ئەو تابووە نەشکێنێ و نەبێتە بکەری گوناهن، بەڵام سزاکەی بۆ ژن بووە و لە ئاکامیشدا جەستەی ژن کراوە بە زیندانێک بۆ خودی خۆی.

***

*بەزۆری ئێمە پەرداخ بە نیوەیی دەبینین و هەموو سەرنجێکمان لای ئەوەیە کە نیمانە و لەوەش کە هەمانە بێ ئاگاین و چێژی لێ نابینین.*

بەرنادشۆ

تەوەری پێنجەم

# ڕیفۆرم

*مرۆڤی گەورە لە بیری ناچێتەوە و هەوڵی تۆڵەسەندنەوەش نادات، بەڵکە لە جیاتی ئەوە هەوڵ دەدات تێ بگات.*

ویلیەم ڕایش

*لە نێوان خەڵکیدا شتێک نییە جگە لەو دیوارانەی خۆیان دروستیان کردووە.*

تۆڵستۆی

* پێش ئەوەی ڕیفۆرم وەکو چەمک و زاراوە شی بکەینەوە، پێویستە ئەوە بپرسم بۆچی کۆمەڵگە و حزبی ئێمە بەردەوام ئەو بابەتانەی لە خزمەتی مرۆڤ دابن، تەحریفی دەکات (واتایەکی کارتۆنیی بۆ دروست دەکات) و بچووکی دەکاتەوە. لە ئەنجامدا دەیخاتە خزمەتی دەستە و تاقم و گروه و نوخبەیەکی کەمەوە؟

– لە وڵاتانی گەشەسەندوو، ئەو وڵاتانەی کە خۆیان بەرهەمهێنەری چەمکی (ڕیفۆرم) و زۆر دەستەواژەی سیاسیی تریشن، سیاسەتوان پیشەی سیاسەتە، واتە زانست و هونەری سیاسەت دەزانێ ، هونەری بەکاربردنی هۆ و ئەنجام، تاکتیک و ستراتیجی و کایەکانی تری سیاسەت. ئەوەش یان بەهۆی ئەزموونی دوور و درێژ و سەرقاڵبوونی بەو پیشەیەوە فێری بووە، یانیش بەهۆی پسپۆڕیەتیی لە ڕشتەی سیاسەتدا، واتە بڕوانامەی لە

سـیاسـەتدا بەدەست هێناوە و بڕوانامـەکـەشی بەرهـەمی تێکۆشـان و هـەوڵی جیـدییەتی. کـاتێ ئەم جۆرە سـیاسـەتوانە دەست بـە ڕیفۆرم بکەن بێگومـان دەزانن چۆنی بەرنامە بۆ دابڕێژن و چۆنیش میکانیزمەکانی پراکتیزەکردنی بۆ دەستــەبەر بکەن. ئـەمـانە دەتوانن چەمکی ڕیفـۆرم و دەیان چەمک و تیـۆری سیـاسیی تریش دابهێنن و دابڕێژن و بیـشیخـەنە بواری پراکتـیکەوە. بەڵام سیـاسـەتوانیـەتی لـە وڵاتە گەشـە نەسـەندووەکاندا کە کـوردسـتـانی ئێـمـەش دەگـرێتـەوە وا نییـە و بە بەخت و ناوچەوانە، بە ڕێکەوتە، بـەهۆی بڕوانامـەی ساخـتـەیە، یان بـە بڕوانامـەی بەقـبـووڵ خـاس وەرگـیراوە کـە جیـاوازییـەکی ئەوتۆی نییـە لەگەڵ تەزویرەکە. باشـە ئەگەر ئەم جۆرە سـیاسـەتوانە ڕیفۆرم بکەن، ئیدی چۆن تەحریف نابێت! چۆن لە ناوەرۆکی خـۆی بەتاڵ نابێتـەوە! لە ناو حزبەکانی ئێمە لە کوردسـتاندا ژمارەیەکی کەم هـەن کە بەهۆی ئەزموون و مـێژوویەکی سـیاسـیی دوور و درێژیانـەوە بوونەتە سـیاسـەتوان و سـەرکردە، بەڵام زۆر بە ڕێکەوت و چانس و بڕوانامـەی بەلاشی بەقبـووڵ خـاس وەرگیـراو هێناونیە مەیدان، یان هـەر هۆیەکی نائاسـاییی تر. کوان تیۆرسێنی حزبەکانی ئێـمـە؟ نیمانە، نە کـەسێ تا ئێسـتـا چەمکێکی داهـێناوە و نە تیـۆرییـەکی بۆ حزبەکانیش دارشـتووە، ئەوەی هـەیە تەنیـا پەیڕەو و پرۆگـرامـێکە کە ئەویش لەسەر زەمینی واقیعدا قابیلی پراکتیزەکردن نییە.

لە چاوپێکەوتنی هـەندێ کەسی سەرکردایەتیی حزبەکان دەخوێنینەوە دەڵێن ئێمە بەشەرعیەتی شۆڕشگێڕانە بووینەتە دەسەڵات. لە دوای ڕاپەڕینەوە هەتا ئەمڕۆ دەکاتە شـازدە سـاڵ و سەرکردەکانمان تەنیا ڕەوایەتیی شۆڕشگێڕانە بۆ حوکمڕانیکردنی کوردسـتـان بووتە پێناسـەیان و نـایەنەوێت جۆرێکی تری ڕەوایەتی بە شـێوەیەکی دیموکراتی تاقی بکەنەوە و ئەو بازنە تەنگە تێپـەڕێنن کە بۆ خۆیانیـان داناوە و لە هـەموو کوردستاندا تەنیا سـەد دووسـەد کەسێک و کەسوکاری ئەم سەد دووسـەد کـەسە ڕەوایەتیی بەڕێوەبردنی کوردسـتـانیان بە خـۆیان داوە و دەرگـایـان لە ڕووی ئەوانـی تر داخـسـتـووە. خـۆ ئەگـەر بە شـۆڕشگێـڕیەتی و ڕەوایەتیی شـۆڕشگێـڕانە بێت، هـەمـوو مـیللـەتی کـورد

شۆڕشگێڕن، کێ هەیە بەشداریی لە شۆڕشەکان و حزبەکان و ڕێکخراوەکان نەکردبێت. قۆرخکردنی حوکمڕانی بە پاساوی ڕەوایەتیی شۆڕشگێڕانە بووەتە نوکتەیەکی سواو. کێ دەڵێ میللەت لاری هەیە لەوەی ئەم سەرکردانەی ئێستا وڵات بەڕێوە بەرن، گەلی کورد سەرەڕای هەموو شتێک سەرکردەکانی خۆی خۆش ویستووە. ئەو نارەزایەتییەی کە هەیە بۆ ئەوە نییە تەخت و تاج لەوان بسێنرێتەوە، بەڵکە بۆ ئەوەیە مافی ڕەوای هاووڵاتی بۆ خزمەتگوزاری دەستەبەر بکرێت. ساڵانێکە هاوار دەکرێ برایانی سەرکردە شێوازی کارکردنتان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بگۆڕن، شێوازی کارکردن لە حزبەکانتان بگۆڕن و پێش بخەن، ڕیفۆرم بکەن بۆ ئەوەی ڕوویەکی گەشترتان هەبێت و خەڵک زیاتری خۆش بوێن، وەلێ مەخابن نە وەک پێویست گوێ لە کەس دەگرن و نەخۆشیان بەرنامەیەکی وای ڕیفۆرمیان هەیە کە هی پراکتیزەکردن بێت، تەنیا بانگەشەیە و هیچی لێ شین نەبووە، وەک ئەو بەرنامانەی کە چەند ساڵێکە هەندێ لە گرووپەکان پێشنیازیان کردووە و بەڵام یەک خاڵیشی پراکتیزە نەبووە.

* ڕیفۆرم لە قۆناغێکی مێژووی پڕ کارەساتدا توانی مرۆڤایەتیی ئەو کاتە لە تەنگژەیەکی گەورە ڕزگار بکات. پێت وانییە حاڵ گەیشتبێیە ئەوەی پێویستە ڕیفۆرم وەکو خۆی بەکار بهێنرێت، بۆیە دەبینین هەموو کات کۆمەڵگەی ڕۆژئاوایی بەری ئەو کارەی دەچنێتەوە؟

– لای ئێمە هەتا تەنگژە نەگاتە قورڕقوڕاگەی کۆمەڵگە و خەریک بێت بیخنکێنێ، بیر لە ریفۆرم ناکرێتەوە، کە بیریشی لێ دەکرێتەوە بە پێچەوانەوە ڕەفتاری لەگەڵ دەکرێت. بەڵام ڕیفۆرم لە خۆرئاوا بووە بە نۆرم، بە کاری ڕۆژانە، بە بەڵگەنەویست، هۆی ئەوەیە ئەوان بە خێرایی برووسکە بۆ پێشەوە دەچن و گۆڕانکاری سەرسامکەر و داهێنان و بەرهەمی سەرسامکەریان هەیە. ئەوان نە بە ئاشکرا بانگەشە دەکەن بۆ ڕیفۆرم، نە ئەیکەن بە

هاتوهاوار و بگره و بەردە، بەڵکە بە هێمنی و وەکو بەرنامە و ئەرکێکی ڕۆژانە ژیان نوێ دەکەنەوە. ئەوان بیر دەکەنەوە، پێشکەوتنی ئەوان بەهۆی بەکاربردنی عەقڵ و مەنتیقەوەیە. ڕیفۆرم لای ئەوان مانای دروستکردنی قوتابخانەیەک، ڕێگایەک، کلێسایەک یان هۆتێل و بازاڕ و کۆمپانیایەک نییە. تەلەڤزیۆنەکانی ئەوان نە سەرکردەی حزبی و نە حکوومەتی پیشان نادەن کە قردێلە ببڕێت و قوتابخانەیەک بکاتەوە. دروستکردنی قوتابخانە و باخچە و بازاڕ و باڵەخانە ئەرکی سەرشانی داوودەزگاکانی حکوومەتە و خێر نییە بە میللەت بیکات تا بە چەندان کاتژمێر کامێرای تیڤییەکانی بخاتە سەر و پیشانی هاووڵاتیی بدات چی کردووە. بڕۆ تەماشای تەلەڤزیۆنێکی وڵاتێکی ئەورووپی بکە، بزانە یەک وەزیر پیشان دەدەن کە پێشوازی لە وەفدێک یان مێوانێک بکات. لای ئێمە ئەمە بە دەستکەوت دەزانرێت کە وەزیرێک لەگەڵ ڕێکخراوێک دادەنیشێت. ئەگەر چی لەو دانیشتنەدا کۆمەڵێک بەڵێنیان پێ دەدات و جێبەجێشی ناکات.

ئێمە پێویستە بەراوردی خۆمان و ئەوان بکەین، لە پێناوی ئەوەی بۆمان دەرکەوێت هەڵە و پەڵەی ئێمە لە کوێیە و بۆ ئەوان وەک مووشەک بۆ پێشەوە دەچن بەڵام ئێمە وەک کیسەڵ و بەخنەخنە دەڕۆین. بۆ کار لای ئێمە ناڕوات و لای ئەوان هەموو شتێ بە ڕێکوپێکی ئەنجام دەدرێت. ئێمە پێویستە ڕەخنە لە خۆمان بگرین بۆ ئەوەی هەڵەکان ببینین و دووبارەی نەکەینەوە. با لە خۆمان بپرسین بەرپرس و بەرپرسیارەتی لای ئێمە مانای چییە و لای ئەوان مانای چییە. بۆچی بەرپرس لای ئێمە هەستی دەمەیێ و وەک پێویست هەست بە بەرپرسیارەتی ناکات، بەڵام لەوێ هەموو هاووڵاتییەکیش خۆی بە بەرپرسیار دەزانێت بەرامبەر بە دیاردەکانی نێو کۆمەڵگە.

لە سوێد کە دەچیتە لای وەزیرێک خۆی قاوەت بۆ دادەنێت و چایچی و فەڕاشی نییە. ئەندام پەرلەمان خۆی ئۆتۆمۆبێلی خۆی لێ دەخوڕێت و پاسەوانیشی نییە، چونکە ئەندام پەرلەمان نوێنەری خەڵکە و لە خەڵک ناترسێ بیکوژن تا پاسەوانی هەبێت. وەزیرەکانی سوێد چونکە بە هەستێکی

بەرپرسیاریەتییەوە بەردەوام پێشبڕکێی ئەوەیانە کە خزمەتی خەڵک بکەن، بۆیە لە خەڵک ناترسن بیانکوژێت و پاسەوان دانانێن. خۆ ڕووداویش ڕووی داوە بەرپرس کوژرابێت لەو وڵاتە، بەڵام لەلایەن خەڵکی سویدی خۆیانەوە نەبووە، نموونەی کوژرانی سەرۆک وەزیران ئۆلۆف پاڵمێ و وەزیری دەرەوە خاتوو ئانا لیند، کە هەردووکیان لەلایەن خەڵکی بێگانەوە کوژران. مرۆڤ ئەگەر خزمەتی میللەتەکەی خۆی بکات قەت نابێ لە میللەتەکەی خۆی بترسێ. بەهۆی هەندێک تایبەتمەندییەوە و هەبوونی تیرۆریستان لەم ناوچەی ئێمەدا ڕەنگە بۆ چەند سەرکردەیەک ڕەوا بێت پاسەوانیان هەبێت، چونکە ئەو چەند کەسە ئامانجی سەرەکین بۆ تیرۆریستان، بەڵام فەرموو بڕوانە وەزیرەکان و ئەندام پەرلەمانەکانی ئێمە چەند پاسەوانیان هەیە! بڕوانە چەند دیواری بڵند و ئەستوور لە نێوان بەرپرسان و خەڵکدا هەیە و چەند پەنگخواردنەوەی دەروونی لەلای چین و توێژەکانی خەڵک هەیە. ڕیفۆرم نەک ئێستا زۆر دەمێکە پێویست بوو دەستی پێ بکرێت و لەسەر بناغەیەکی ڕاست و ڕەوا ئەنجام بدرێت. ڕیفۆرم لە پێناوی ئەوەدا کە خەڵک و حکوومەت و حزبەکان ئاشت بکاتەوە لەگەڵ یەکتر، کە ئێستا تۆرانێکی نائاشکرا و نافەرمی لە نێوانیاندا هەیە. گەل دڵی لە حکوومەت شکاوە چونکە خزمەتگوزارییەکانی وەک پێویست بۆ دابین نەکردووە، بەهۆی هەست نەکردنی هەندێ لە بەرپرسان بە بەرپرسیاریەتیی خۆیان، بەهۆی گوێ پێ نەدان و بایەخ نەدانی هەندێ لە بەرپرسان بە هاووڵاتییان. زۆرلە ناخەوە دەناڵێنن و چاوەڕوانی چارەسەرین، چاوەڕوانی ڕیفۆرمن، بەڵام نەک ڕیفۆرمێک کە تەنیا نووسراوی سەر کاغەز بێت.

* مارتین لۆتەر توانی ڕەخنەیەکی چەند خاڵی بکاتە دەروازەیەک بۆ تێگەیشتنی هەموو تاکێک لە ئاین و دەسەڵاتی قۆرخکراو. کاتێک کە خەڵک تێ گەیشت تەنیا بەوە نەوەستا بگرە شۆڕشی بەرپا کرد و دین و دەسەڵاتیان لە ژێر دەستی قەشە و پاپا دەرهێنا. ئێمە لەم سەردەمەدا پێویستمان بە ڕیفۆرمی خودی

بنیاتە سونەتییەکانە کە ڕەگی کێشەکانمانن؟ یاخۆ تەنیا ڕیفۆرم بخەینە سەر ڕۆژنامە و چەند سەرکردەیەکی حزبی بڵێ ڕیفۆرمخوازم و ئیتر بە بێ هیچ ئەنجامێک پاڵی لێ بدەینەوە؟

– بە بڕوای من لە ڕیفۆرمدا پێویستە پراکتیک پێش تیۆری بکەوێت، واتە قۆناغەکانی گۆڕانکارییەکە دەست پێ بکرێت و ئەنجامەکەی ببینرێت و بنووسرێتەوە و ببێت بە تیۆری، نەک بە پێچەوانەوە کە ئێستا کراوە و هەر تیۆرییە و لەسەر پارچە کاغەزێک دانراوە و بە چەند خاڵێک باسی ڕیفۆرم دەکات، بەڵام هیچیان ناکرێ لە پراکتیکدا ئەنجام بدەن. هۆی ئەم دۆخەی ئێستا ئەوەیە مەبەست لە دارشتنی ئەو خاڵانە لە بناغەوە ڕیفۆرم نەبووە، بەڵکە ململانێی گرووپەکانی نێو دەسەڵات و حزبەکان بووە و ئەویش لە پێناوی بۆڕبۆڕێنی تاکەکەسیدا بووە، نەک ململانێی فیکری و سیاسی. دەستەوەستانی ڕیفۆرمیستەکانی ئێمە لەوەدایە کە ئامراز و میکانیزم لە بەرچاو ناگرن کاتێک تیۆری دادەڕێژن بۆ ڕیفۆرم. کە دەڵێم پراکتیک پێش تیۆری بکەوێت، مەبەستم ئەوەیە کە ڕیفۆرمیستەکان پێش ئەوەی هیچ تیۆرییەک دارێژن پێویستە هێزی خۆیان و هێزی مرۆیی لە نێو کۆمەڵگەدا بناسن، عەقڵ و مەعریفەی خۆیان و هی کۆمەڵگە و هاوبیرەکانیان بناسن و چۆنیەتی و چەندیەتیی ئەو ئامرازانەی کە لە بەردەستیانە بناسن. ئەگەر وا نەبێت خاڵەکان لەسەر کاغەز بەبێ ناز دەکەون و دواجار لەلای خەڵک دەبن بە دەنگی دەهۆڵ و هەر لە دوورەوە خۆش دەبن. ئێمەش دەتوانین هەموو ئەو کێشانەی کە هەن بیانکەینە چەند خاڵێکی جەوهەری و کاری بۆ بکەین. وەنەبێ خاڵەکان تا ئێستا دەستنیشان نەکرابن، بەڵام چۆنیەتیی کار بۆکردن و چارەسەرییەکەی دەستنیشان نەکراوە. ئەی خۆ سەرکردەکان خۆیان خاڵەکان دەیان جار باس دەکەن و دەیزانن، ئەوان لە هەمووان باشتر دەزانن، کێشەی ئەم کۆمەڵگەیە و بەڕێوەبەرانی بریتین لە:

١– گەندەڵیی ئیداری.

٢- ناتەبایی سیاسی و ململانێی نارەوا.

٣- عەقڵی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی و کولتووری.

٤- ناسەروەری یاسا.

٥- نەبوونی دامەزراوەی حکوومەتیی کارا، واتە نەبوونی سیستەمی دامەزراوەیی.

٦- دەستوەردانی حزبەکان لە کاروباری حکوومەت.

٧- دانانی کەسانی ناشیاو و ناکامڵ بۆ بەرپرسیاریەتیی داوودەزگا حزبی و حکوومەتییەکان.

٨- لەبەرچاوگرتنی مەحسوبیەت و مەنسوبیەت لە هەموو شتێکدا.

٩- دابەشکردنی دەسەڵات بە پێی تەوافوقی حزبی سەپێنراو.

١٠- گرینگی نەدان بە ڕۆڵی ژن و گەنج و قوتابی و ڕووناکبیران.

١١- ڕۆتین و بیرۆکراسی و واستەخوازی و واستەسازی.

١٢- ناشەفافی ئابووری و سەرفکردنی بودجە و داهات و دەرهاتی وڵات بە بێ سیستەم.

١٣- ناشەفافی سیاسی و هەبوونی دیواری ئەستوور لە نێوان خەڵک و حکوومەت و پەرلەمان و هتد.

ئەمانە بنەڕەتیترین خاڵەکانن و دەبینین هەموو شتێکی ژیانی کۆمەڵگەی ئێمەی گرتووەتەوە و مانای ئەوەیە سەرتاپای دیاردەکان پێویستییان بە ڕیفۆرمە و دەستبەجێ، چونکە دواخستنی لە زیانی هەموو کۆمەڵگەیە. بەڵام هۆی چییە ئەمانە چارە ناکرێن، تۆ بڵێی مرۆڤ ئەوەندە دەست و پێ سپی بێت و ئەوەندە بێ ئیرادە بێت نەتوانێت کێشەی خۆی چارەسەر بکات! من پێم وایە نەویستراوە گۆڕان دروست بکرێت، با گرووپگەلێ بانگەشەشیان بۆ کردبێت. ویستن توانینە، گەر بەڕاستی بویسترێت دەکرێت، هیچ شتێ لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ نییە.

* نکووڵیکردن لە پێویستیی ڕیفۆرمێکی ڕاستەقینە، کە زۆر کەناڵ بگرێتەوە، وەکو سەرچاوەکانی ژیان، ئاین، کولتوور و نۆرمەکان.. هتد، مەترسییە و داهاتوومان لێڵتر دەکات. بە بڕوای تۆ ئەوە چی هێزێکە دێت لە داهاتوودا و ئەو دەرگا نکووڵی لێکردنانە دەشکێنێ و کۆمەڵگەیەکی ڕیفۆرمکراو دروست دەکات؟

– ڕیفۆرم نابێ مۆنۆپۆلیزە بکرێت لەلایەن حزبەوە یان گرووپەوە و چەند سەرکردەیەکی حزبی پێیان وا بێت دەتوانن کۆمەڵگە بگۆڕن. ڕیفۆرم پێویستە هەموو چین و توێژەکان، هەموو کەرت و گرووپ و ڕێکخراوەکان، ڕۆڵی تێدا ببینن. تەنانەت ڕیفۆرمێکی دیاریکراو لە ناو حزبێکی دیاریکراودا نابێت تەنیا ئەندامانی حزب خۆیان بڕیاردەر بن تێیدا و پێویستە عەقڵ و مەعریفەکانی دەرەوەی حزبەکانیش هاریکارییان بکەن.

خۆی لە بەرامبەر پرسیارەکەی تۆدا دوو ئەڵتەرناتیڤ هەیە، یەکەمیان باشە و ڕێگەی هاتە، بەڵام ئیرادە و هێز و توانای مرۆیی پێویستە، ئەویش خستنە ڕێی ڕیفۆرمێکی هەمەلایەنە، گشتگرەوە و ڕاستەقینەیە، کە ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کۆمەڵگە و حزبەکان و هاوولاتی و سەرکردەکان هەموو بەرەو گەشەسەندن دەڕۆن و بەدەستکەوتەکانی ئەو پلانی ڕیفۆرمە بەهرەمەند دەبن. ئەلتەرناتیڤی دووەمیش ئەوەیە کە هەر بەم شێوەیەی ئێستا هەموو شتێ بە خراپی بهێڵدرێتەوە و گوێ نەدرێت بە هیچ، بەڵام ئەمە نە لە بەرژەوەندیی حزبەکانە، نە سەرکردەکان و نە خەڵک و هێندە دەزانین پێکدادان لە هەموو لایەکەوە کۆمەڵگەکەمان دەشێوێنێ، کە ئەمەش زۆر حەیف و مخابنە ڕوو بدات بۆ میللەتێکی وەک هی ئێمە کە بە لێشاو قوربانیی داوە بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادی، بەڵام کە دەستی کەوت بە دەستی خۆی لە ناوی بدات. سەرکردەکان بیانەوێت یان نەیانەوێت ئۆباڵی یەکەمی تێکچوونی ڕەوشەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەوە و لە ئەزموونەکانی مێژووی جیهانیشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مێژوو تەنیا لەگەڵ ئەو پاشا و سەرکردانەدا میهرەبان بووە،

که لەگەڵ گەلی خۆیاندا میهرەبان بوون. بۆ ئەوەی کەشتیی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە بگاتە بەندەرێکی ئارام بڕوات، پێویستە سەرکردەکانمان بەسەوڵەکانی دەستیان ئاراستەی ئەو کەشتییە بگۆڕن بەرەو بەندەری ئارام، کە مخابن بەهۆی فەسادی بڕێک کەسەوە خەریکە ئاراستەی کەشتییەکە بەرەو بەندەرێکی وەک بەندەری بەرمۆدا دەڕوات و ئاگەدار نەبین هەموو دەستکەوتەکان هەڵدەلووشێ.

* بەهۆی ناکۆکییە حزبییەکانی نێو حزبێکی دەسەڵاتەوە، لەم دواییانەدا ڕیفۆرم بووە باس و خواسێکی گەرموگوڕی نێو ڕۆژنامەکان و تەرەفی ئەو ناکۆکییەش بانگەشەی ڕیفۆرمی ڕاگەیاند، پێت وایە سەرەتایەک بێت بۆ دەستپێکردنی جیدیمان بە ڕیفۆرم، یان ئەو کەناڵ و بیروڕایانە لەمەودوا دروست دەبن و دروست بوونە بۆ ڕیفۆرم، دەتوانن ببنە دەستپێشخەر؟

– بێگومان باسکردنی ڕیفۆرم باشترە لە باس نەکردنی، چونکە تەنانەت هەر باسەکە خۆی مشتومڕ و دێباتێک دروست دەکات کە لە ئەنجامیاندا بۆچوونی نوێ دەخوڵقێ و ڕێگەی تازە دەدۆزرێتەوە.

کۆمەڵێک هۆکار هەیە تەنگژەی بۆ ڕیفۆرم دروست کردووە لە کوردستاندا بە گشتی و لای ڕیفۆرمیستەکان بە تایبەتی کە پرسیارەکەت لەسەری وروژاندووە. ئەگەر ئامانج لە ڕیفۆرم خودی ڕیفۆرمەکە بێت، ئەوە ئاستەنگی هەرچەندێ زۆریش بێت ئەنجامی هەر دەبێت، ئەگەر هەموو کەسەکانی نێو گرووپی ڕیفۆرم هەمان ئامانجیان هەبێت و هەریەکە و ئامانجی شاراوەی نەبێت ڕیفۆرم دەتوانرێت بکرێت. مەبەست لە ئامانجی شاراوە، ئەمە لە "دەروونناسی گرووپ و ڕێکخراو"دا بە جوانی باسی لێوە دەکرێت و مەبەست لێی ئەوەیە کاتێ هەر گرووپێک دادەمەزرێت و ناوێک لە خۆی دەنێت مەرج نییە ئەو ئامانجە کۆی کردبنەوە لە دەوری یەکتری کە بە ئاشکرا دەری دەبڕن و بە خەڵکی ڕادەگەیەنن، بەڵکە خودی گرووپەکە ئامانجی شاراوەشی هەیە و

هەریەک لە ئەندامانی گرووپەکەش بە جیا ئامانجی شاراوەیان هەیە. لەو دۆخەدا کە گرووپ یان ڕێکخراو بۆ یەک ئامانجی دیاریکراوی ڕوون و ڕەوا دانەمەزرا بن ئەوسا لە نێو خودی گرووپەکەدا ململانێی هەمەجۆر دەخوڵقێ و کاروباری گرووپەکە دوادەخات و تەنگژەی بۆ دروست دەبێت. لە نێو ئەو گەندەڵییەی کە هەیە مرۆڤ ئاواتەخواز دەبێت کە بە کردار و ڕاستەقینە گرووپێکی ڕیفۆرمیست لە نێو هەریەک لە حزبەکاندا دروست ببێ و حزبەکان لە تەنگژە ڕزگار بکات، بەڵام مخابن واقیعی سیاسیی ئێمە و ململانێی فەردی و کەسی و بەرژەوەندییە کەسییەکان و غەرەزی شەخسی بوونەتە هۆی ئەوەی تەنیا ئالآکانی ڕیفۆرم هەڵبکرێن، بەبێ ئەوەی ئاراستەی ئەو بایە بزانرێ کە دەبێ ئەو ئالآیە بشەکێنێتەوە. ئێمە ئەگەر تەماشای کەسایەتی و باکگراوندی ڕۆشنبیری و سیاسیی ئەو کەسانە بکەین کە پێکەوە پرۆژەکانی ڕیفۆرمیان خستووەتە ڕوو، هاوئاهەنگی و نزیکییەکی ئەوتۆ بەدی ناکەین لە نێوانیان و ناشێ گرووپگەلێکی وا ئامانجی یەکگرتوویان هەبێت لە پرۆژەکەدا.

* حاشا لەوە ناکرێ کە دەزگای دەوڵەتی و حزبی سیاسی و پانتاییەک لە کۆمەڵگەی ئێمە گەندەڵی خواردوویەتی بۆیە ڕیفۆرم بە پێویست دەزانین. بەڵام کاتێک گەندەڵکاران لە کەسە جیدییەکان زۆرتر باس لە ڕیفۆرم بکەن بۆ کات بەسەربردن یان بۆ شاردنەوەی مێژووە ناشیرینەکانیان، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتی دروست نەبووە تا بتوانێ ڕێگە خۆش بکات بە زانستییانە باس لە ڕیفۆرم بکرێ و خودی چەمکەکەش لە تەحریفبوون ڕزگار بکات؟

– لە ڕاستیدا چونکە تاکتیک و پلان و ژمارە و قەوارەی گەندەڵکاران لە ژمارەی ڕیفۆرمیستەکان زیاترە، هەر خێرا ئەوان چەمکی ڕیفۆرمیشیان قۆستەوە و وەک هەر پرۆژەیەکی تر، کردیان بە هی خۆیان و ئەوەشیان گەندەڵاند. ئەمە چەکێکی تری گەندەڵکارانە بۆ لێدانی هاودژەکانی خۆیان و

بەمەش ڕیفۆرمیستەکانیان چەک کردووە. لێرەدا مەبەستم ڕیفۆرمیستەکانی ناو حزبەکان نییە، بەڵکە ڕووناکبیران، ئەوانەی کە بە جیدی لەم مەسەلانە دەکۆڵنەوە و ئامانج و نیازیان لە ڕیفۆرم تەنیا پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستانە. شتێکی تری سەیر ئێستا کە بووە بە باو ئەوەیە گەندەڵکاری بووە بە نۆرم و نەکردنی بووە بە شازیەتی و ڕیزپەڕیەتی. مەسەلەی هۆشیاریی گشتیی نێو کۆمەڵگەش هۆکارێکە، بیرمان نەچێت ئێمە ڕێژەیەکی نزیک لە نیوەی کۆمەڵگە نەخوێندەوارمان هەن و هێشتا هەر چەمکی ڕیفۆرمیان نەبیستووە و نازانن چییە. خودی ڕیفۆرم پێویستە پڕۆژەی نوخبەی نێو کۆمەڵگە بێت، بەڵام ئەم نوخبەیە بە ژمارە و بە هێزی لۆجیک و توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان دەرەقەتی هێزی گەندەڵکاران بێن، دەنا بەو پەرتەوازەییە کارکردن بۆ ڕیفۆرم ئەنجامێکی نابێت.

* وەک ڕووناکبیرێکی گەورەی گەلەکەمان و فێمینیستێکی بوێر، لە قۆناغی دەستپێکردنی ڕیفۆرمدا ژنان چی بە پێویست دەزانن؟

– ڕیفۆرم پێویستە بە بەشداریی هەردوو توخمی هەر کۆمەڵگەیەک دەست پێ بکرێت، مەحاڵە هیچ ڕیفۆرمێک بێ بەشداریی ژنان و بێ ڕەچاوکردنی پرس و پرەنسیپەکانی یەکسانی، ببێتە ڕیفۆرمێکی سەرکەوتوو. من دەپرسم گرووپی ڕیفۆرمیستەکان چەند ژنی ڕووناکبیر یان سیاسی یان ئەهلی فکریان لەگەڵدایە؟ ئەی چ بەرنامەیەکیان هەیە بۆ پرسی ژن و یەکسانی کە زیندووترین پرسی دنیایە و پرسێکی ستراتیجییشە لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا؟ بۆیە سەرکەوتنی پڕۆژەی ڕیفۆرمێکی وا بە مەحاڵ دەزانم کە ژنی کردبێتە دەرەوەی کەوانە و بە چەند پیاوێکی نێو کەوانەیەکی تەنگ بکرێت کە هیچ کامێکیشیان باکگراوندێکی وایان نییە کە لە پرسی ئافرەتدا پێشکەوتنخوازیەتییان نواندبێت و لە ڕابردوودا بە وتەیەکیش ددانی خێریان بە پرسی ئازادی و مافی ئافرەتاندا نابێت.

ڕیفۆرم بۆ گۆڕینی ڕواڵەتی دیاردەکان نییە، بۆ گۆڕینی ناوەڕۆکیانە، بۆیە

دەبێت دەست لەسەر خاڵە جەوهەرییەکان دابنرێت و خراپەکان چاک بکرێنەوە و نەکراوەکان بنیات بنرێن. ڕیفۆرم پێویستە لە گۆشەنیگایەکی ژنانەشەوە تاوتوێ کرابێ و هەڵسەنگێندرابێت و بەرژەوەندییەکانی مێینەی کۆمەڵگەشی ڕەچاو کردبێ دەنا نابێت بە ڕیفۆرمێکی جەوهەری.

ڕیفۆرم لە هەموو ئاستەکاندا پێویستە ژن تیایدا وەک ئەکتەوێرێکی سەرەکی تەماشا کرابێت و دەنگ و ڕەنگ و سەنگی پارێزراو بێت و کاری بۆ بکرێت. لە ئاستی سیاسیدا، لە ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا، لە ئاستی دەستووری و یاساییدا و لە ئاستی ئابووریشدا دەنگ و ڕەنگ و سەنگیان ڕەچاو کرابێت.

لە ئاستی سیاسیدا، ئێمە دەبینین لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ژنان هەتا ئێستا دەرفەت نەدراون ڕۆڵی سەرەکییان هەبێت، لە پێگەی سەرکردایەتی و ناوەندەکانی بڕیاردان و ڕابەریەتیی بەڕێوەبەرایەتییەکان و پڕۆژەکاندا ڕۆڵی ناوەندی و سەرەتاییان هەبووە نەک ڕۆڵی سەرەکی، ئەگەر دەشڵێی ئەوە نییە چەند دانەیەک ژن لە پێگە باڵاکانی وڵاتدا و لە ناوەندی حزبەکاندان، خۆت لە من باشتر دەزانیت ئەو هەندۆکەیەش بە پێوەرێکی دروست ڕۆڵیان نەدراوەتێ و بەهۆی مەحسوبیەت و مەنسوبیەتەوە لەو پێگانە دانراون. بۆ چاککردنەوەی ئەم دۆخە بەرنامەی ڕیفۆرم پێویستە زەمینە بۆ هەموو ژنانی وڵات بسازێنێت لە هەموو چین و توێژەکانی وڵات بێ ڕەچاوکردنی حەسەب و نەسەبیان، بێ ڕەچاوکردنی چین و تایفە و بنەماڵەیان، بۆ ئەوەی وەک مافێکی سیاسیی خۆیان سوود لە دەرفەتە سیاسییەکانی وڵاتی خۆیان وەربگرن.

لە ئاستی کۆمەڵایەتی و کولتووریشدا، ئێمە دەبینین کە ژنان بەهۆی تێڕوانینێکی زاڵی باوکسالارانەی نێو کۆمەڵگەوە چۆن لاواز دەکرێنەوە و زەفەریان پێ دەبرێت، چۆن بۆ مەبەستی سیاسی و ئابووری بەکار دەبرێن و بە کاڵا دەکرێن، کەواتە ڕیفۆرم دەبێت تێڕوانینێکی نوێی ئەلتەرناتیڤی پێ بێت بۆ کۆمەڵگە و کولتوور بگۆڕێت، بۆ ئەمەش دەزگا و میکانیزمی بەهێز و کاریگەر هەبێت و کادیری زیرەک و لێهاتوو کاری بۆ بکات.

له ڕووی دەستووری و یاساییشەوە، پێویستە ڕیفۆرم قسەی جیدیی هەبێت بۆ چەسپاندنی پرەنسیپە مرۆییەکان لە نێو دەستووردا و کردنی بە خاڵی بنچینەیی بە تایبەت پرەنسیپی یەکسانی جێندەری. یاسای نوێ و هاوچەرخ پێشنیاز بکات وەک ئەلتەرناتیڤی یاسا کۆن و کۆنەپەرستانەکان.

له ڕووی ئاینیشەوە، ڕیفۆرم پێویستە کار بۆ جیاکردنەوەی دین و دەوڵەت بکات، تا کۆمەڵگەیەکی سیکولار دروست ببێت و پێوەندیی ئاین ببێتە پێوەندییەکی تاکەکەسی و ڕوحی، کە بەمە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و خوا دەتوانێ تا دوا پلەی خۆشەویستی بالا بکات و بەهێز بێت، بەلام کە ئاین دەبێت بە ئامرازی دەوڵەت و ئامرازی چەوساندنەوە و سنووردارکردنی ماف و ئازادییەکان، ئەودەم سیاسەتی دینی پێوەندیی نێوان خوا و مرۆڤ دەشێوێنێ و لە یەکتری دووریان دەخاتەوە.

بە کورتی دەمەوێت بڵێم ڕیفۆرم پێویستە لە گۆشەنیگای ژن و پیاوەوە بێت، پرۆسەیەکی بەردەوام و بازنەیی و ئەرکێکی هەمەلایەنەی ڕۆژانە بێت و هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ بگرێتەوە. ئەمەش کارێکی قورس نییە و بگرە زۆر ئاسانیشە، بە مەرجێ نوخبەیەکی لێزان و لێهاتوو، هاوئاهەنگ و لەخۆبووردوو کاری بۆ بکەن.

***

*کەس بانگهێشتن ناکەم گوێ بۆ ڕاوبۆچوونەکانم ڕادێرێت، گەر بۆچوونەکانم ڕاست بن خۆیان دەگەیەننە خەڵکی.*

ویلیەم ڕایش

*لە ڕاستیدا هیچ دەسەلاتێک لە سەرووی عەقڵەوە نییە، هیچ بەڵگەیەکیش لە بەڵگەی ئەو بالاتر نییە.*

فرۆید

تەوەری شەشەم

# ڕۆشنبیر و دەسەڵات

*باکم چییە ئەگەر تاجێکم لەسەر نییە، خۆ پێنووسێکی پاک و پیرۆزم بە دەستەوەیە لە هیچ دەسەڵاتێک ناترسێت.*

ڤۆڵتێر

*کەسێک کە ترس تاقی دەکاتەوە، ئازایەتیی خۆی دەسەلمێنێت.*

پاولۆ کۆیلۆ

*هێرش بەرە سەر بیری مرۆڤ چۆن ئارەزوو دەکەیت، بەڵام ڕێگە بەخۆت مەدە هێرش بەریتە سەر مرۆڤەکە خۆی.*

پلاتۆن

* ئەنتۆنیۆ گرامشی بیرمەندی ئیتاڵی، دەڵێ: من بڕوام بە بەدبینی ڕۆشنبیرانە و گەشبینی و ئیرادە هەیە، ئەم وتەیە چۆن لێک دەدەیتەوە بە بەستنەوەی بە واقیعی کۆمەڵگەی خۆمانەوە؟

– بەدبینی ڕۆشنبیرانە مانای گومانی ڕۆشنگەرانەیە. ڕۆشنبیر پێویستە گومان لە پێوەرەکان، لە نۆرمەکان و یاسا و ڕێساکان بکات تا بتوانێت هی باشتر لە جێگەیان پێشنیاز بکات و دروست بکاتەوە. بەڵام ئەگەر ڕووناکبیر هەر گومان بکات و بە بەدبینییەوە بڕوانێتە هەموو شتێک و ڕاست و چەپێک بەسەر هەموو شتێکدا بهێنێ و هەوڵی گۆڕینی ئەو پێوەر و نۆرم و داوونەریت

و یاسا و ڕێسایانە نەدات، ڕەوشەکان وەکو خۆیان دەمێننەوە و هەندێ جار خراپتریش دەبن.

مرۆڤی ڕووناکبیر نابێ ڕەشبین بێت و ئیرادەی گۆڕانی نەبێت. ئەوەی بیری ڕووناکە چاویشی گەشە، بە واتایەکی تر ڕووناکبیر گەشبینە و گومانەکانی خۆی لە پڕۆژەی چاکسازیدا بەرجەستە دەکات و پێشنیازی چارەسەر دەکات.

ڕووناکبیر ئەو کەسەیە وەک چۆن دەردەکە دەبینێ، دەرمانەکەش دەبینێ، ئەگەر خۆیشی نەیتوانی میکانیزمی ئەو ڕێگەچارەیە وەگەڕ بخات، پێشنیازی بکات تا کەسانی تری کاربەدەست لە کۆمەڵگەدا سوودی لێ وەربگرن.

واقیعی کۆمەڵگەی ئێمە بەهۆی تایبەتمەندیی بارودۆخی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەوە، واقیعێکی تەواو سیاسی بووە و کەشێکی شۆڕشگێڕانەی پێویست بووە. شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی ئێمە لە سەد ساڵی ڕابردوودا ڕۆڵێکی کارایان هەبووە لە ئاراستەکردنی جەماوەر بۆ بەشداری لە شۆڕشەکان و ڕاپەڕینەکان. بە تایبەتی شاعیران تەنانەت ڕۆڵی ڕابەریان بینیوە و خەڵک دوای مەشخەڵی شاعیران دەکەوتن. بۆ نموونە بڕوانە پیرەمێرد و (نەورۆز)ەکەی، دڵدار و (ئەی ڕەقیب)ەکەی، بێکەس و (بیست و حەوت ساڵە)کەی، قانیع و (کونجی بەندیخانە)کەی، زۆر نموونەی تری شیعری کوردی کە ئێستاش لەسەر زارانن و لەبیر نەکراون. لە دوای ئەوانیشەوە دیسانەوە نەوەیەکی تری شاعیر مەشخەڵی شۆڕشەکانیان بەدەستەوە بوو، بەشداریی ڕۆشنبیران لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و شۆڕشی نوێ مێژوویەکیان بۆ ڕۆشنبیرانی نەتەوەکەمان پێک هێناوە جێگەی شانازییە. هەتا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١یش هەر شیعری شۆڕشگێڕانە ڕوحی خەباتی کوردی جۆش داوە و ئێستگەکانی شۆڕش گیانیان بەو شانە بوو بۆ جۆشدانی جەماوەر و پێشمەرگە.

بەڵام ئێمە دوو قۆناغمان هەیە لە باشووری کوردستان، قۆناغێکیان پێش ڕاپەڕینە و قۆناغێکیان پاش ڕاپەڕین. لە پێش ڕاپەڕین ڕووبەڕووی داگیرکەرێکی سەرسەخت دەبووینەوە و لە پێناوی مانەوە و سەلماندنی

ناسنامــە و ڕزگـاریدا، ڕۆشنبــیــران هـاوڕا و هـاوڕێگا و هـاوبڕوا لـەگـەڵ پێشمەرگە و سەرکردە و گەلدا هەنگاویان دەنا و ڕۆڵیشیان ئەوەندە دیارە کە هیچ کـەس و لایـەنێک نـاتوانێ نکوولێی لـێ بکات. بەڵام لـە قـۆناغی دووەمـدا بارودۆخـەکە گۆڕا، ئینجا کورد خۆی بوو بە دەسەڵات، دەسـەڵاتیش بێگومـان کۆمـەڵێک میکانیزم و کۆمـەڵێک ئامراز بەکار دەبات بۆ چەسپاندنی پێگەی خــۆی و هـەنـدێ جــار زەبروزەنگیش بـەکـار دەبات، وەک دورکـــهــایم دەڵێ : توندوتیژی یەکێکە لە ئامرازەکانی دەسەڵات.

لە دۆخی وادا ڕۆشنبیران دەکەونە نێو تەنگژەیەکی دەروونی و ویژدانییەوە، لە کـاتێکدا هـەمــوو بوونی خــۆیان تـەرخـان کـردووە بۆ ئەوەی دەســەڵاتێکی داگــیـرکـەر بڕووخـێن و یەکـێکی خــۆمــاڵی لـە جـێگەی دابنێن و، ئەمــەش سـەردەگرێ و دەسـەڵاتـەکە دروست دەبێت، بەڵام کە دروست دەبێت ڕەوشـتی هەندێ لەو کـەسـانەی کـە دێنە سـەر دەسـەڵات با خـۆمـاڵیش بن، وەک خـۆی نامـێنێت کە لە سـەردەمی ئۆپۆزیسـیۆندا هـەیانبـووە و ڕەوشـتی دەسـەڵاتدار دەگرن، بۆیە لایەکەی تری هاوکێشـەکە لاسەنگی دروست دەکات و ڕۆشنبیران لێرەوە کەرت و پەرت دەبن. ئێمـە بینیمـان چۆن بە کـردەوەش ڕۆشنبـیـران لە دوای ڕاپەڕینەوە کەرت و پـەرت بوون. بڕێکیـان دابەش بوونە سـەر حزبەکـانی دەسەڵاتدار و هـەندێکیـان دابەش بوونە سەر حزبە بچووکەکان و ژمـارەیەکیش لە دەرەوەی ئەواندا مانەوە.

ئێـمـە ئەزمـوونێکی وەک ژەهری مـارمـان هەیە و بینیـمـان چۆن لە شـەڕی ناوەخۆییدا ڕۆشنبیرانی ناو حزبەکان دیسانەوە بوون بە هـەڵگری مـەشخـەڵ، بـەڵام ئەمـــجـــارە نـەک لـە ســـەنگەری ڕووبـەڕووبوونـەوەی دوژمـن، بەڵکە لـە ســەنگەری یـەکـتـرکـوژی و کـوردکـوژی. کـەرت و پـەرتبـوونی نووســەران و ڕۆشنبـیـرانی کورد لـەو دۆخـەدا سـەنگی ڕۆشنبـیـری کـوردی کـەم کـردەوە و ڕۆشنبیرانی حزبی وەک یەکێک لـە ئامرازەکانی شـەڕ بەکار دەبران. بەڵام لەو دۆخە دژوارەشدا دەنگی ڕۆشنبیری دەرەوەی حزبەکان کە ئیدانەی هـەردوولای شـەڕیان دەکـرد بڵند بووەوە و کـاریگەری خـۆشـیـانیان دانا. لەو سـەردەمـەی

شەڕی ناوەخۆیدا هێشتا کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئاسمانی و ئەلکترۆنی زۆر بەردەست نەبوون و هێشتا کوردستان لە دەرەوەی دنیا بوو، دەنا ڕۆشنبیرانی دژی شەڕ دەیانتوانی زۆر زۆر لەوەش کاریگەرتر بن. ئەگەر ئەوسا ئێستا بووایە پارتی و یەکێتی نەیاندەتوانی ئەوەندە درێژە بە شەڕ بدەن و دەنگی نارەزایی ڕۆشنبیرانی کورد هەموو دنیای دەگرتەوە و ئەمانیش لە ژێر ئەو پاڵەپەستۆیەدا ناچار دەبوون سنوور بۆ شەڕانگێزی دابنێن.

شوێنەواری شەڕی براکوژی ئێستاکەش کۆمەڵگەی ئێمە پێوەی دەناڵێت و برینی دەروونی و ڕوحی وای دروست کردووە کە چارەسەرییەکەی قورسە. ئێستاش هەرچی دیاردەی خراپ لە کۆمەڵگەی ئێمە، لە گەندەڵی و لە بێ متمانەیی بە یەکتر و لە زمانپیسیەتی و لە توندوتیژی و زۆر دیاردەی ناشایستەی تر کە هەیە، ڕەگی هی ئەو کاتەیە و هۆکارە سەرەکییەکەی شەڕی ناوەخۆییە. ڕووناکبیرانی ئێمە قەت نابێ شەڕی ناوەخۆیی لە بیر بکەن و دەبێت بیکەن بە سەدان پرۆژەی لێکۆڵینەوە و ئەنجامەکەی بخەنە بەردەستی حزبەکان تا بزانن شەڕ چی لە مرۆڤ دەکات، چی بەسەر ڕوح و دەروونیان دێنێ، چی بەسەر ژێرخان و سەرخانی کۆمەڵگە دەهێنێت. بەڵام دەبینی هەرکە باسی شەڕی براکوژی دەکەین، هاواریان لێ هەڵدەستێت و دەڵێن ئەو باسە مەکەنەوە، شەڕ تەواو بووە و با کەس بیری نەکەوێتەوە. ڕاستە شەڕ تەواو بووە، بەڵام شوێنەوارەکەی وەک جێپێی دێناسۆر لە دەروونی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمەدا ماوە و ڕۆژانە توندوتیژی و ستەم و گەندەڵی بەرهەم دەهێنێت.

ئەگەر لە ساتی ئێستا بپرسیت، کە تەمەنی دەسەڵاتی کوردی گەیشتووەتە شازدە ساڵی ڕەبەق و مەخابن لە ئەمڕۆدا باسی گەندەڵی بووەتە سەرباسی هەموو دانیشتنەکانمان و ئەمەش ڕاستییە نەک بوختان، لەم دۆخەدا ڕۆشنبیران دیسانەوە لە بەردەم ئەرکێکی ویژدانی و مێژوویی دەوەستن. یان ئەوەتا هاوکاریی ئەم حکوومەت و حزب و داوودەزگایانە بکەن بۆ چاکسازی و چارەسەرکردنی ئەو نەخۆشییە پیسەی گەندەڵی کە مخابن ئەگەر ماوەیەکی

تر وا بمێنێتەوە وەک شێرپەنجە جەستەی هەموو کۆمەڵگە بە حکوومەت و حزبەکانیشەوە دەخوات، یانیش ئەوەتا وەک چۆن ڕووبەڕووی داگیرکەران دەبووینەوە، ئاواش ڕووبەڕووی ئەم دەسەڵاتە خۆماڵییەش ببینەوە.

بە بڕوای خۆم، کە خۆم ئەم ئەلتەرناتیڤەیانم هەڵبژارد، ڕۆشنبیرانی کورد شانسێکی تری باش بە حزبەکان و حکوومەت و پەرلەمان و داوودەزگاکان بدەن، بەوەی بەهەموو توانا و هێزی خۆیانەوە هاوکارییان بکەن و پێشنیاز بۆ چاکسازی بکەن و خۆیان بە دوور نەگرن لە دەسەڵات. لە دوورەوە ڕەخنە نەگرن و بێن هەم کار بۆ چاکسازی بکەن و هەمیش ڕەخنە لە خراپکارییەکان بگرن، هەم جوانی بنیات بنێن و هەمیش ناشیرینی بڕووخێنن. دەزانم ئێستا دەڵێی ئاخر ناهێڵن، دەڵێم ڕاستە هەندێ هەن ناهێڵن، بەڵام با گوێ نەدەنە کەسانێکی گەندەڵکار کە دەیانەوێت دووریان بخەنەوە و کۆڵیان پێ بدەن، بەڵکە بەردەوام و بەردەوام کار بکەن و هەوڵ بدەن و بە تایبەتیش یارمەتیی کەسە باشەکانی نێو حزبەکان و حکوومەت بدەن بۆ ئەوەی ئەم بارە خوارە چاک بکەینەوە و کەشتیی حوکمی خۆماڵی کە بەهەوڵ و تێکۆشانی هەموومان دروست بوو بەهۆی گەندەڵکارانەوە نوقم نەبێت. ئەگەر هەوڵی خۆمانمان دا و ئینجاش سوودی نەبوو، ئەو کاتە بە ویژدانێکی ئاسوودەوە ئەلتەرناتیڤی تر هەڵبژێرین.

باوەڕی من وایە، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک زیاتر ڕۆڵی ڕۆشنبیران گرینگە و نەک تەنیا بە پێنووس بەڵکە لە مەیداندا، بۆ ئەوەی ڕۆڵی مێژوویی خۆمان بگێڕین و وەک چۆن ئێستا شانازی دەکەین بەوەی کە ئێمەی نووسەران و ڕووناکبیران ڕۆڵمان هەبووە لە سەرکەوتنی شۆڕشەکان و دانانی حکوومەتی خۆماڵی، دەبێت خۆمان بکەین بە خاوەن ئەو شانازییەش کە سبەینێ بە سەربەرزییەوە بڵێین ئێمە ڕۆڵی سەرەکیمان هەبوو لەوەی حکوومەت و حزبەکان لە غەرقبوون ڕزگار بکەین و لە گەندەڵی پاکیان بکەینەوە. زۆر کەس دەڵێن ئەمە کاری ڕووناکبیر نییە بێتە مەیدان، ئەو پێویستە کاری تیۆری بکات و تەنیا ڕابمێنێ و بنووسێت، منیش دەڵێم دۆخی کوردستان وەک سوێد

و فرەنسا و سویسرا و وڵاتانی تری خۆرئاوا نییە تا ڕووناکبیر پاڵی لێ بداتەوە و ڕابمێنێ، دۆخی کورد ئەوە دەخوازێت تۆ ڕووناکبیرێکی خاکی بیت و ڕاشبمێنی و بشنووسی و کاریشی بۆ بکەیت. ئەگەر بارودۆخی کوردستانیش وای لێ هات سەربەخۆ بێت و سەد ساڵێک شەڕی تێدا هەڵنەگیرسابێت، با ئەوسا ڕووناکبیران پاڵی لێ بدەنەوە و تەنیا بنووسن و قسە بکەن. من باوەڕم وایە لەبەرئەوەی ڕۆشنبیرانی بەویژدان خۆیان دوور گرتووە، کۆمەڵێک کەسی ساختە پەیدا بوون و پانتاییی ڕۆشنبیری کوردییان داگیر کردووە و بەناوی ڕۆشنبیرانەوە دەپەیڤن و وێنەیەکی ناشیرینیان بۆ ڕۆشنبیر دروست کردووە.

* ڕۆشنبیرانی ئێمە زادەی مێژوویەکن تراجیدیا و مەرگەساتی زۆری تێدایە، شەڕی بەعس و دیکتاتۆرەکان، شەڕی ناوەخۆ.. هتد، کەچی ئێستا شەڕی ڕۆشنبیر لەلایەن دەسەڵاتەوە، مەبەستم لە ڕۆشنبیرە حزبییەکان نییە، خوا پێم نەگرێ باشترین نان پەیداکردنە. ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بە ڕۆشنبیران بڵێن وازمان لێ بێنن با ئێمە درێژە بەم شەڕە خوێناوییە بدەین؟ یان بۆچی دەسەڵات بەردەوام تووڕەیە لە ڕەقیببوونی ڕۆشنبیر بەسەریەوە کە ئەمە کاری گەوهەری ڕۆشنبیرە؟

– دەسەڵاتێک کە سیاسەتێکی عەقڵانی بەڕێوە ببات، قەت لە گومانەکانی ڕووناکبیران تووڕە نابێت. ڕووناکبیرێکیش کە ڕامانێکی عەقڵانیی هەبێت، چاوپۆشی لە هەڵەکانی دەسەڵات ناکات، بەڵام ڕەخنە و گومانەکانی لە شێوەی پلان و بەرنامە پێشکێش دەکات.

ڕۆشنبیر نابێت واز بهێنێت و کۆڵ بدات، با کۆمەڵێک کەسی ناو دەسەڵات دژایەتیی توندیشی بکەن و پێی بڵێن بڕۆ وازمان لێ بهێنە و لە کۆڵمان بەرەوە. من وا هەست دەکەم ڕۆشنبیر هەندێ جار بە هەڵە پێناسەی خۆی دەکات لە بەرامبەر دەسەڵاتدار و خۆی بە بێ دەسەڵات دەزانێت. ئاخر لە

هەموو جیهاندا وایە ڕۆشنبیر خۆیشی خاوەنی دەسەڵاتە، هۆش و بیر و قەڵەم دەسەڵاتن، دەسەڵاتێکی زۆر کاریگەریشن. دەسەڵاتداران ئەگەر هۆشیار بن ڕۆشنبیران لە خۆیان دوور ناکەنەوە و وەک سەرمایەیەکی تر دەسەڵاتی ڕۆشنبیرانیش لە خزمەتی خەڵکدا بەکار دەبەن، کە هاوکات لە خزمەتی ئەوانیشدایە.

پێویستمان بە کردنەوەی دەرگایەکی دیالۆگە لە نێوان دەسەڵات و ڕۆشنبیرانی ڕەسەن. ئێستا هەریەکە و لە ئاوازێک دەخوێنن و مۆنۆلۆگ دەکەن نەک دیالۆگ. لەو مۆنۆلۆگەدا ڕووناکبیران دەسەڵاتداران بە نەزان دەزانن و، دەسەڵاتدارانیش نووسەران بە دوژمن دەزانن. بەڵام ئەگەر ئەو مۆنۆلۆگە بگۆڕین بە دیالۆگ، پانتاییەکی تر بۆ لێک تێگەیشتن دروست دەبێت. لە ڕاستیدا نە ڕووناکبیری کورد دوژمنە و، نە دەسەڵاتی کوردی نەزانە، بەڵکە لێکدابڕانێک لە نێوانیاندا هەیە کە بە ئەنقەست دروست کراوە و لەلایەن (هەندێک) نووسەری حزبییەوە بەڕێوە دەبرێت. ئەمە نە لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتە نە لە بەرژەوەندیی ڕۆشنبیرانی ڕەسەن، تەنیا و تەنیا لە بەرژەوەندیی دەستەیەکی دیاریکراو لە نووسەر و ڕۆشنبیرانن کە لە بارودۆخێکی دژوار و تەمومژاوی دروست بوون و دەزانن تەنیا بەو لێکدابڕاندنە سەردەکەون و هەرکە کەشێکی دیالۆگ و لێک تێگەیشتن لە نێوان سەرکردایەتیی حزبەکان و حکوومەت و ڕووناکبیرانی ڕاستەقینەدا دروست بوو، ئیدی ئەوان ڕۆڵیان نامێنێت.

من دەزانم لە نێو سەرکردایەتیی ئەم حزبانەی خۆمان پیاوی عاقڵ هەیە و درەنگ یان زوو درک بەو پیلانە دەکات کە ئەو دەستەیە بۆ دوورخستنەوەی ڕووناکبیران لەوان، دەیگێڕن.

ڕۆشنبیرانی ڕاستەقینە بۆیە خۆیان بەدوور گرتووە لە دەسەڵات و حزبەکان، چونکە لەوە دەترسن وەک ئەو جۆرە نووسەرانەیان لێ بێت کە ئێستا لە نزیک حزبەکانەوەن و ڕەسیدی جەماوەرییان نییە. کاتێ کە ڕۆشنبیرێک، نووسەرێک، هونەرمەندێک دێت هاوکاریی دەسەڵات بکات،

پێویست ناکات دەسەڵات سنووورداری بکات و بیر و پێنووسی کۆنترۆڵ بکات، چونکە بەوە ڕۆشنبیر دەسەڵاتەکەی لە دەست دەچێت و ئەوانیش ناتوانن سوود لەو ڕۆشنبیرە بێ دەسەڵاتە وەربگرن. کە سوودیشی نەبوو، ئیتر بۆ چییانە! بە پێچەوانەوە دەسەڵاتداری هۆشیار کاتێ کە ڕووناکبیرێ دێتە لای و هاوکاریی دەکات، پێویستە ئەوپەڕی دەرفەتی بۆ دروست بکات بۆ بەکارهێنانی دەسەڵاتی بیر و قەڵەمەکەی. تەنیا بەم شێوەیە ڕووناکبیر دەتوانی خزمەتی دەسەڵاتەکەی ئەویش و حزبەکەی ئەویش و کۆمەڵگەکەشی بکات و پێشکەوتن و گەشەسەندن ڕوو بدات.

ئێمە دەبینین پێوەندیی نێوان ڕووناکبیر و دەسەڵات جێگەی گومانە و تەمومژاوییە. خەڵک ناهەقی نییە کە بە گومانەوە بڕوانێتە ئەو پێوەندییە، چونکە لە دۆخی دوای ڕاپەڕینەوە هەتا ئێستا کاتێ دەسەڵات ڕۆشنبیرێکی گرتبێتە خۆی، پێش هەر شتێکی تر چەکی کردووە و کۆنترۆڵی بیر و قەڵەمەکەی کردووە و بەمەش بێ دەسەڵاتی کردووە. بەکارهێنانی ئەو متیۆدەی پیاوانی دەسەڵات بۆ چەککردن و بێدەسەڵاتکردنی نووسەران و ڕووناکبیران زیانێکی دوولایەنەی هەبووە بۆ دەسەڵاتداریش و بۆ ڕۆشنبیرانیش. ڕووناکبیرانی ئازاد وایان لێ هات سڵ بکەنەوە لە نزیکبوونەوە لە پیاوانی حزب و حکومەت، ڕۆشنبیرانی ناو دەسەڵاتیش ئەرزشی خۆیان دۆڕاند و بوونە جێگەی گومانی خەڵک، کە لە باتی ئەوەی سوود بە دەسەڵاتداران بگەیەنن زیانیان لێ دەدەن. ئێمە نموونەکان بە چاوی خۆمان دەبینین کە چۆن نموونەی ئەو ڕۆشنبیرانە لە نێو حزبەکاندا گاڵتە بە کەرامەت و پیرۆزییەکانی خەڵک دەکەن و بەمەش خەڵک لە دەسەڵات دەتۆرێنن و دوور دەکەونەوە. ئەو دۆخانەی ڕوو دەدەن زەنگن، سەرکردایەتییەکی هۆشیار دەبێ لە زەنگ تێ بگات. هەموو ئەو ئەزموونانە دەبێت نیشانەی پرسیار دروست بکەن، پرسیار لە خۆیان. ئەوان پێویستە لە خۆیان بپرسن ئەرێ ئێمە چ دەکەین و بۆ وا دەکەین و ئەم گەمییە بۆ وا سەرگەردان لە ئۆقیانووسێکی لێخندا بڕوات و خەمێکی نەخۆین.

* کەواتە ئەگەر بۆمان ڕوون بووەوە کە ڕۆشنبیر خاوەنی ئەو پێناسەیەیە کە پێویستە هەیبێت و، بەمەش نوێنەرایەتیی زمان و ئازاری خەڵک بکات، ئەو دەسەڵاتە ناو دەنێی چی کە دەیەوێ ئەم جۆرە ڕۆشنبیرە قووت بدات؟

– هیچ گومانی تێدا نییە کە ڕۆشنبیری ڕەسەن، بەهۆی ڕۆشناییەک کە بەهرەی سروشتە و پێی بەخشراوە، پێویستە بۆ خەڵک و لە پێناوی خەڵکدا بەهرەکەی وەک مۆم دابگیرسێنێت. ڕۆشنبیری ڕاستەقینە و باوەڕبەخۆ ناتوانرێت قووت بدرێت و ئەگەر لە دەسەڵاتیش نزیک ببێتەوە هیچ مەترسییەک بۆ سەر ناسنامەکەی نییە. دەسەڵاتداری ڕەسەن و ڕەواش نایەوێت ڕۆشنبیر قووت بدات، ئەگەر ڕۆشنبیریش لە خۆی نزیک بکاتەوە بۆ ئەو مەبەستە نزیکی ناکاتەوە کە قووتی بدات و بێدەسەڵاتی بکات، بەڵکە بۆ ئەوەیەتی تواناکانی ئەو ڕووناکبیرە وەبەر بهێنێت و بۆ سوودی کۆمەڵگە وەگەڕی بخات.

* بەڵام ئایا لەم جۆرە دەسەڵاتدارە لە کوردستان هەیە، یان هەر ئەو جۆرەمان هەیە کە بە مەبەستی قووتدانی ڕووناکبیر و ئیفلیجکردنی کار دەکەن؟!

– دیارە لە کوردستاندا ئەو حاڵەتە زاڵ بووە کە تۆ باسی دەکەیت و دەسەڵاتی سیاسی هەوڵی قووتدانی دەسەڵاتی ڕۆشنبیری داوە، بەڵام لە ناو حزب و دەسەڵاتی کوردیشدا تاک و تەرایەک هەن کە لە پێناوی سوودوەرگرتن لە ڕۆشنبیران نزیکیان دەخەنەوە لە خۆیان نەک لە پێناوی قووتدانیان. پێویستە نموونەی ئەو جۆرە دەسەڵاتدارانە زیاد بکەن کە ڕۆشنبیر نەترسێت لێیان نزیک بکەوێتەوە و دڵنیا بێت کە دەتوانێ لە پاڵ ئەواندا پرۆژەکانی بە ئەنجام بگەیەنێت و ڕیفۆرم لە کۆمەڵگە و لە نێو داوودەزگاکاندا بکات. بەڵام وەک وتم مخابن هێشتا ژمارەی ئەو کەسانەی نێو حزبەکان و دەسەڵات کەمن

که هۆشیارانه بیانەوێت سوود له تواناکانی ڕۆشنبیران و پسپۆڕان و نوخبه وەربگرن.

* پێت وا نییه ئەو فەزا دڕییه که دروست دەبێت، چمکێکی خودی ڕۆشنبیر بەشداره و بگره درێژکەرەوەی ئەجنداکەیه. بۆ نموونه کاتێ ڕۆشنبیره جیدییەکان باسی ناشیرینی و دنیای پۆخڵەوات دەکەن، چینەکەی تری ڕۆشنبیران تۆمەتی لادەر دەدەنه پاڵ چینی یەکەم. خودی ڕۆشنبیر ئەم کەرتبوونه ناو دەنێ چی؟

– وەک وتم دوورەپەرێزی ڕۆشنبیرانی ڕەسەن وای کردووه مەیدانەکه پڕ بێت له ڕۆشنبیری فابریکه. تۆ بڕوانه زمانی کوردی چۆن بەدەستیانەوه دەناڵێنێ، بڕوانه چۆن ڕۆژنامەکانیان پڕ کردووه له تۆمەت و قسەی ناشیرین. ڕەخنه له دەسەڵات بێت یان له تاکەکەسێک و گرووپێک و حزبێک، پێویسته له سەرچاوەی فیکرەوه هەڵبقوولێت نەک له سەرچاوەی غەریزەوه. ئێمه چ قازانجێک دەکەین ئەگەر دەسەڵاتدارێکی گەندەڵ جنێوباران بکەین، ئەی بۆ نەیەین به فیکر و لۆجیک هەموو ئەو پێوەرانه بخەینه ژێر پرسیارەوه و بیاندەینه بەر ڕەخنه که گەندەڵکاران بەکاری دەبەن؟ بۆ نەیەین له جیاتی کەسەکان ڕەخنه له سیستەمەکه و پێوەرەکانی بگرین و پێشنیازی سیستەمی تر و پێوەری تر بکەین؟ چونکه ئەوه سیستەمەکەیه که بواری گەندەڵیی داوه و دەدات. بۆ نەیەین باس له هەڵەی ئەو پێوەره بکەین که ناشایستەیەک له جێیەکی هەستیار دادەنێت و بەهۆی بێ تواناییەکەیەوه (نەک لەبەر خراپییەکەی) ئەو دەزگا هەستیاره تێک و لێک دەدات. با ڕەخنه له پێوەری مەحسوبیەت و مەنسوبیەت بگرین، تا هاووڵاتیی کوردستان به گشتی و به بێ جیاوازی بەشداریی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاته بن. بەرپرسانی کوردستان کەسیان وەکو کەس خەڵکی خراپ نین، بەڵکه ئەو پێوەرانه هەڵەن که بەکاریان دەبەن. خۆ مرۆڤ به خراپی لەدایک نابێت، هەموو کەسێک کەسێکی باشه و ئەوه ژینگه و سیستەم و پێوەرەکانه مرۆڤ خراپ دەکەن. بۆیه ڕۆشنبیر نابێت

هێندە بە ڕقەوە باس لە کەسێک لە کەسەکانی نێو دەسەڵاتی حزبی و حکوومەتی بکات و بێ ڕەحمانە بیکوتێ، بەڵکە لە جێی ئەوە دەبێت هەوڵ بدات و توانای خۆیشی بخاتە خزمەتی گۆڕانەوە، لە پێناوی ئەوەی بگۆڕێن و پێوەرەکانیان و سیستەم و سترکتوورەکانیان بگۆڕن. ئەوە بیروبۆچوونی تایبەتی خۆمە لەم بارەیەوە.

* وەکو ڕۆشنبیرێکی گەورەی ئەم گەلە، پێت وایە میدیای ئازادیی ڕاگەیاندنی ئێمە تا ئێستا توانیویەتی چی بکات، بووەتە مینبەرێک بۆ ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسە جیدییەکان؟ گەر نەیانتوانیوە هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێتەوە. مەبەستێکی دیاریکراو ئەوانی دروست کردووە یاخۆ ڕێگەیان پێ نادرێ؟

– میدیای تەواو ئازاد تا ئێستا لە وڵاتی ئێمەدا نییە، هیوادارین لە داهاتوودا دروست ببێت. هێشتا کەرتی تایبەت نەهاتووە پڕۆژەی میدیایەکی ئازاد دابنێت و سەکۆیەک بێت بۆ ڕۆشنبیرە ڕەسەنەکان، بۆیە لە هەر شوێنێ نووسینێک بڵاو دەکەیتەوە یەکسەر مۆرکی لایەنێکت پێوە دەنرێت.

لەبەرئەوەی ڕۆشنبیری لای ئێمە هێشتا نەبووەتە کولتوور و نەبووەتە خۆراکی مێشک، بۆیە کەرتی تایبەت بیر لەوە ناکاتەوە سەرمایەی خۆی لە پڕۆژەی دانانی ڕاگەیاندنی ئازاددا بخاتە گەڕ، چونکە بۆ ئەو گرینگ سەرمایە و قازانجە و پڕۆژەی واش قازانجی ئەوتۆی بۆ ئەو نییە.

دەوڵەمەندەکانی کوردستان هۆشیاری نەتەوەییان لە ئاستێکی نزمدایە، دەنا لە پاڵ دەیان پڕۆژەی بازرگانیی خۆیان کە قازانجی بێ شومار دەکات، با پڕۆژەیەکی واش بکەن سوود بە کۆمەڵگە بگەیەنێت و قازانجی کەم بکات یان قازانج هەر نەکات. ئێمە تەنیا بە هەبوونی میدیای ئازاد دەتوانین هەوڵ بۆ ئەوە بدەین خوێندنەوەی ڕۆژنامە و کۆوار بکەین بە کولتوور، قسەکردنی ئازاد و ڕاستگۆیانە بکەین بە کولتوور. ڕادیۆ و تیڤییەکانی کوردستان هەموویان حزبی و حکوومەتین و، ئەو کەسانەی کە کراون بە بەرپرسیشیان باوەڕیان بە

ئازادیی بیرورِا نییە و پێوەریان بۆ هەڵسەنگاندنی کەسێک کە داوەتی دەکەن بۆ بەرنامەکانیان زۆرجار تەنانەت پێوەری حزبەکەشیان نییە، بەڵکە میزاج و غەریزەی خۆیانە.

* پێت وایە حزب کەی دەگاتە ئەو قەناعەتەی ئەو رۆشنبیرەی خۆی دروستی دەکات، جیاوازە لەوەی کە زمان و ئازاری خەڵکی دروستی دەکات، دووەمیان خاوەنی قسەی جیدییە و زۆر لە کەناڵەکانی ئیعلامیشی بەسەردا داخراوە. یەکەمیشیان تەنیا ئەو ئایدیۆلۆجیایە پەخش و ئینشانووس دەکاتەوە کە بۆی دانراوە. تەنانەت دەگاتە ئەوەی رۆشنبیرە حزبییەکان دەسەڵات هان دەدەن ئەوانی تر بە زیندان بگەیەنن. دەیان نموونەمـــان لایە، ئایا دەسەڵات وشە و راستی زیندان دەکات یان رۆشنبیر؟

– هەرچی سەرمایەی حزب هەیە سەرف بکرێت لە کەسێکدا کە خۆی بە رەسەن رۆشنبیر نەبێت، مەحاڵە و ناکرێت بە رۆشنبیر. هەرچی بروانامەی ماستەر و دکتۆرای (بە قبووڵ خاس) وەرگیراو هەیە بدرێ بە کەسێ، نابێت بە پسپۆر.

لەم چەند ساڵەدا بووەتە باو کۆرس دەکەنەوە بۆ دروستکردنی سەرکردە، کەسی وا لەو کۆرسانە بەشداری دەکەن، بانکی هەرێمیان تیا سەرف بکەی نابن بە سەرکردە. خۆ دروستکردنی رۆشنبیر و پسپۆر و سەرکردە وا نابێت و بەزۆر نییە. رۆشنبیر و نووسەر و سەرکردە بەو جۆرە دروست ناکرێن، چونکە ئەمانە تەنیا پیشە نین تا پیشەسازی بۆ دروستکردنیان دابنرێت. ئەمانە سیفەتی دەروونی و روحییان پێویستە و ئەم سیفەتانەش پێویستە لە بنیاتی روحی و دەروونیی ئەو کەسانەدا هەبن. رۆشنبیر و نووسەر بۆ نموونە بەهرەیەکی سروشتییان هەیە و بە پرۆسەیەکی دوور و درێژیش پەرەی پێ دەدەن. بە بروای من هەر نووسەرێک و هەر کەسێکی تر کەمتر لە هەزار کتێبی خوێندبێتەوە و لێی تێ گەیشتبێ، نابێتە رۆشنبیر.

هەر کەسێک خوێندنەوە نەبووبێت بە خۆراکی ڕۆژانەی مێشکی، ڕۆشنبیر نییە. خوێندنەوەی ڕۆژنامە نا، بەڵکە خوێندنەوەی جیدیی کتێبی هەموو بوارەکان. بەڵام ئەوەی من هەستی پێ دەکەم و لە هەندێ ڕۆشنبیری هەڵتۆقێنراو دەیخوێنمەوە و دەیبیستم نەبوونی باکگراوندە بۆ ڕۆشنبیرییەکەیان. لە ئەنجامی قسە و نووسینەکانیان بە جوانی دەردەکەوێت کە ئەمانە پشتیان بە مەعریفە ئەستوور نییە و تەنیا کلێشەیەکی بێ ناوەرۆکن.

بۆ سەرکردەش دیسانەوە دەڵێم سەرکردە بە پیشەسازی دروست نابێت، سەرکردە لەدایک دەبێت. مەبەستمە بڵێم ئەو سیفەتە دەروونی و ڕوحییانەی کە بە سەرکردەیەک پێویستە، دەبێ لە ناخی خۆیدا و لە پێکهاتەی دەروونیدا لای کەم تۆوەکەی هەبێت تا بەفێربوون و ئەزموون گەشەی پێ بدات.

بە نیسبەت پسپۆڕەوە، ئەمەیان دەشێ بە کۆرس و خوێندنی زانکۆ مرۆڤ فێری ببێت، وەلێ ئەمەشیان قەت بەو جۆرە سەرکەوتوو نابێت کە لە وڵاتی ئێمەدا بووەتە باو و هەر بەرپرسێک لە زانکۆ وەردەگیرێ و بێ ئەوەی دەوام بکات و بخوێنێ و تەنانەت کتێبەکانی مەنهەجەکەشی تەواو بکات، بڕوانامەیەکی ماستەر یان دکتۆرا وەردەگرێ و لافی پسپۆریەتی لێ دەدات. مەهزەلەی بڕوانامەی وا هەر زۆر عەیبە و پێویستە ڕابگیرێت. پسپۆڕی فابریکە نابێت بە سەرچاوەی مرۆیی، دەبێت بە گەندەڵکار.

سەبارەت بەو پرسیارەی کەی حزبەکان بۆیان دەردەکەوێت کە ڕۆشنبیری دروستکراو سوودیان پێ ناگەیەنێت، من دەڵێم بۆیان دەرکەوتووە و زۆر بە جوانیش بۆیان دەرکەوتووە و دەزانن کە ئەو قەڵەمانە نە برەویان هەیە، نە سوود دەگەیەنن، بە پێچەوانەشەوە زیانی زۆریان پێ دەبەخشن.

ڕۆشنبیرێکی فابریک، چونکە خاوەنی هیچ نییە بیدۆڕێنێ، حیساب بۆ قسەکانی خۆی ناکات و هەرچی بە دەمیدا بێت دەیڵێ و ڕەنگە بە وتەیەک کۆمەڵگەیەک بڕەنجێنێت. حزبەکان وەنەبێ بۆیان دەرنەکەوتبێ کە ئەو قەڵەمانەی بۆ شەڕی ناوخۆ پێویستیان بوو، لە کاتی ئاشتیدا هیچیان بۆ

بەدەست ناهێنن، بەڵام چاری تریشیان نییە، چونکە خودی ئەم ڕۆشنبیرانە دیوارێکی ئەستووریان لە نێوان ئەوان و ڕۆشنبیرانی دیکە داناوە و ناهێڵن ڕۆشنبیری ئاشتیخواز و پسپۆڕانی ڕەسەن لە حزبەکان نزیک ببێتەوە و یارمەتییان بدەن. ئەم ڕۆشنبیرانە چونکە باوەڕیان بە خۆیان نییە بۆیە دەترسن حزبەکەیان دەرگا لە ڕۆشنبیرانی ڕەسەن بکاتەوە و ئەگەر سەرکردەیەکی ئەو حیزبانە دەستپێشخەرییەکی وا بکات و ڕۆشنبیرانی جیدی بانگهێشتن بکات و دەرفەتی خزمەتکردنی بۆ فەراهەم بکات، ئەمان دەتۆقن و هەموو جۆرە پیلانێک دەگێڕن بۆ دوورخستنەوەی ئەو ڕۆشنبیرانە لە حزبەکەیان و لەو جۆرە سەرکردانە.

* بە ڕای تۆ ڕۆشنبیران خەریکی کام پرۆژەی جیدیی داهاتوو بن، ئەگەر لە ڕابردوودا فەرامۆشیان کردبێ یاخۆ ڕێگەیان لێ گیرابێت؟ مەبەستم ئەو پرۆژەیە گەیشتن بە حەقیقەتێک ببێتە بازنەیەک و هەموویان کۆ بکاتەوە؟

– من باوەڕم وایە ڕۆشنبیرانی جیدی پێویستە یەکتری بدۆزنەوە و بە یەکگرتوویی کار و پرۆژەی هاوبەش بکەن. پێویستە بەشێکی گەورەی ئەرکی ڕیفۆرم پرۆژەی ئەم ڕۆشنبیرانە بێت. ئەمانە دەتوانن سەرکردەی ڕاستەقینە و ڕاستگۆ بدۆزنەوە، ئەو سەرکردانەی کە پێشکەوتنی کۆمەڵگەیان دەوێ و ڕۆشنبیر ناتاسێنن. بە هاوکاریی ئەو جۆرە سەرکردانە تەکان بە کۆمەڵگە بدەن و پێشی بخەن. کە ئەمە دەڵێم، لێشم روونە ڕۆشنبیرانی دەوروبەری ئەو سەرکردانە ئەستەنگن لە ڕێگەی پێوەندی نێوان ڕۆشنبیری ڕەسەن و سەرکردەی ڕەسەن. من بە ئەرکی مێژوویی سەرۆکی کوردستانی دەزانم کە دەرگاکان لە بەردەم ڕۆشنبیرانی ڕەسەن و پسپۆڕانی ڕەسەن، کە سەدان کەسن و دەخوازن هاوکارییان بکەن، واڵا بکات و ئەو دیوارانە برووخێنێت، کە ڕۆشنبیر و پسپۆڕە ناڕەسەنەکان دروستیان کردووە لە نێوانیان.

* تۆ وەک شاعیر و نووسەرێکی جیدی دەناسرێیت، ئایا بەهۆی

بەرهەمەکانتەوە کێشەت لەگەڵ دەسەڵات و هێزە سونەتییەکان بۆ دروست نەبووە؟

– ئەم پرسیارە وەڵامێکی ڕاشکاوی دەوێت. نووسەرەکانیش هەموویان وەک یەک نین و هەن دەنووسن و بڵاو دەکەنەوە و سەریەشەشیان بۆ دروست نابێت، بەڵام بەرامبەر ئەوەش نووسینەکانیشیان دەنگدانەوە و کاریگەری نابێت. خۆشبەختانە من لەو جۆرەیان نیم و نووسینەکانم ڕێک ئامانج دەپێکن و لە بەرامبەر ئەوەشدا سەریەشەی زۆریان بۆ دروست کردووم و هاوکات دەنگدانەوە و کاریگەری زۆر باشیشیان بووە لە هەموو ئاستێکدا، چونکە ڕۆژانە لە بەرخوردی خەڵکدا و لە خۆشەویستی خەڵکەکەمەوە ئەوەم بۆ دەردەکەوێت، نووسینەکانم چەند توانیویانە دەربڕی هەست و نەست و ئازار و داخوازییەکانی ئەوان بێ.

شتێک هەیە لە ڕوحی مندایە و پێوەندیی بە دەروونمەوە هەیە و ڕەنگە ئەگەر خۆشم بمەوێ (کە نامەوێ)، نەتوانم دەستبەرداری ئەو سیفەتە بم، ئەویش ئەوەیە کە ناتوانم ڕووبەڕووی نادادپەروەری نەبمەوە و ئەم سیفەتەش لەوەتەی خۆم ناسیوە و بە تایبەتی لەوەتەی بوومەتە نووسەر لەگەڵمدا گەورە بووە و وای کردووە نووسەرێکی بزێو بم و ڕووبەڕووی ئەو هێزانە ببمەوە کە لەگەڵ پرەنسیپەکانمدا ناکۆکن.

پرەنسیپی کوردایەتی لەگەڵ شیری دایکمدا بە من درابوو، بۆیە لەگەڵ خۆناسیندا ڕووبەڕووی ئەوانە بوومەوە کە دژ بە نەتەوەکەم بوون و خاکەکەمیان داگیر کردبوو. هەر لەو سەرەتایەشەوە لەگەڵ ڕژێمی دیکتاتۆری بەعسدا دەستەویەخە بوومەوە و لە ئاکامدا ئەو دەسەڵاتە لە سزای نووسیندا ساڵێک دۆخەکانی دۆزەخی پێشان دام.

لەگەڵ دەسەڵاتی کولتووری و کۆمەڵایەتیشدا هەردەم لە شەڕدا بووم، چونکە من هەڵگری پرەنسیپەکانی مافەکانی مرۆڤم و بە تایبەتیش مافەکانی ژن، بەڵام کولتوور و کۆمەڵگەکەم توخمەکەم دەچەوسێنێتەوە. بەهۆی ئەم

پرەنسیپەشەوە لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکاندا تووشی گرفت و کێشە هاتووم.

لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی و حزبە خۆماڵییەکاندا کە ڕەخنەم لێ گرتبن، پێی قاڵس بوون، بەڵام ڕەخنەکانیشم و پێشنیازەکانیشمیان بە هەند وەرگرتووە و کاریان پێ کردووە. نەک هەر بە نووسین لە کاتی دیداریشم لەگەڵ سەرکردەکاندا ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو ڕەخنەم گرتووە و پێشنیازم بۆ کردوون. من بۆیە وەک نووسەر و ڕۆشنبیرێک سڵ لە دەسەڵاتی خۆماڵی ناکەمەوە، چونکە ئەزموونێکی دوو جەمسەریم هەیە لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەر و دەسەڵاتی خۆماڵیدا. لە ئەزموونی منەوە جیاوازیی دەسەڵاتی خۆماڵی و دەسەڵاتی داگیرکەر لەوەدایە، لە کاتی دەسەڵاتی داگیرکەر لەسەر چەند شیعرێک ساڵێک زیندانی کرام و تەمەنێک لە ژێر چاودێری بووم و دەبوو بە ترس و لەرزەوە بە بەردەمی دەزگایەکی حکوومەتدا تێ بپەڕم، بەڵام لە کاتی دەسەڵاتی خۆماڵیدا ڕووبەڕوو لەگەڵ هەندێ لە سەرکردەکاندا دادەنیشم و ڕەخنە دەگرم و دەنووسم و پێشنیاز دەکەم، بە هەند وەردەگیرێت.

لەگەڵ ڕۆشنبیرانی دەسەڵات و دەرەوەی دەسەڵاتیش دیسانەوە کێشەم بۆ دروست بووە، لەبەرئەوەی من جیاواز بیر دەکەمەوە و بە گوێرەی دڵی ئەو ڕۆشنبیرانە ناجووڵێمەوە و بەرنامەی مێشکی کەسانی تر جێبەجێ ناکەم و مێشکی خۆم بەڕێوەم دەبات. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە من تایبەتمەندیی خۆمم هەیە و ئەوەی عەقڵی خۆم بیبڕێت و بزانم سوودی بۆ کۆمەڵگەکەم هەیە هەر ئەوە دەکەم. بۆ من گرینگ نییە نووسەرێکی فەرەنسی یان ئینگلیز یان ئەمەریکی چۆن پێناسەی ڕووناکبیری کردووە و چۆن لەسەر پێوەندیی نێوان دەسەڵات و ڕووناکبیر قسەی کردووە. بۆ من ئەوە گرینگە منێکی ڕووناکبیری کورد لە بارودۆخی ئەمڕۆدا چی بکەم. هەر بۆیە گوێ نادەمە ئەوانەی چی لەسەر پێوەندیی نێوان من و دەسەڵات دەڵێن و گومانی چی دەکەن، بەڵکە ئەنجامی کارەکانم بۆ گرینگە. بۆ نموونە کە هاتمەوە و دەستم بە کارکردن کرد لەگەڵ دەسەڵاتی کوردی و لەگەڵ سەرۆکی حکوومەت بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، کەسانێک پەیدا بوون و دەستیان کرد بە ڕەخنە و تانە و تۆمەت و

ئەوەی دەیانوت نەیاندەوتەوە، پێیان وابوو ئەمە کفرە و من کە نووسەرێکی ڕەخنەگر بوومە چۆن ئێستا لەگەڵ دەسەلات کار دەکەم. وەک وتم من تایبەتمەندیی خۆمم هەیە و هەر هەنگاوێکیش دەنێم دەزانم بۆ دەینێم، چۆن دەینێم و کەی دەینێم. بۆ من گرینگ بوو پرەنسیپێک بێنمەوە کوردستان و بە جیدی کاری لەسەر بکرێت، هاوکات دەگەڕام بۆ سەرکردەیەکی ڕەسەن لە پەخشکردنەوەی ئەم پەیامەدا پشتم بگرێت. هۆشیاریی من ئەوەندە سنووردار نییە تا نەزانم کێ ڕاستگۆیە لە پشتیوانیکردنم. من ژنێکی ساکار نیم هەڵبخەڵەتێم، جگە لە ئەزموونی مەیدانی چارەکە سەدەیەک خەبات و تێکۆشانی سیاسی و کولتووریم، زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم لە ژیانمدا پێنج هەزار کتێبم خوێندووەتەوە لە فیکر و فەلسەفە و مێژوو و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و کولتوورناسی، جگە لەوەی پسپۆڕیەتیم لە لقێکی دەروونناسی هەیە، ئیدی چۆن ناتوانم وتار و ڕەفتار، بیر و دەروونی سەرکردەیەک بخوێنمەوە و هەڵسەنگێنم کە لەگەڵی دادەنیشم و باسی پرسێکی لەگەڵ دەکەم و ئەویش پشتیوانیم بۆ دەردەبڕێت.

بە هەرحاڵ ئێستاش من ئەمانە بە کێشە نازانم کە کام ڕۆشنبیر و کام کەس چۆن بیر لە من دەکاتەوە و منی پێ باشە یان خراپ، بەڵکە ئەوە بە کێشە دەزانم کە ئاستەنگەکان گەورە ببنەوە و نەهێڵن ئەم کۆمەڵگەیە لە غەرقبوون ڕزگار بکەین.

پێم وایە پێویستە بۆ دروستکردنی پێوەری نوێ و هاوچەرخ، بیرکردنەوە و تێڕوانینی نوێ کار بکەین و پێم وایە گۆڕان ڕوو دەدات و کۆمەڵگەی ئێمەش دەتوانێ سوود لە ئەزموونەکانی دنیا وەربگرێت و حزبەکانی ئێمەش نوێ ببنەوە. وەک گرامشی منیش بڕوام بە گومانی ڕۆشنبیرانە و گەشبینی و ئیرادە هەیە.

تەوەری حەوتەم

# مرۆڤ و نامۆبوون

* ڕەنگە نەتوانین لێرەدا بە تەواوی بچینە نێو لایەنە فەلسەفییەکانی ئەم بابەتەوە، بەڵام ئەوە گرینگە بزانین ئەم بابەتە تا چەندە کاریگەری بە ڕابردوو و ئێستای مرۆڤەوە هەیە، چۆن تێکەڵی کایە و زۆرینەی کەناڵەکانی ژیان بووە. لە سەرەتای گفتوگۆکەماندا بڕیارمان دا ئەوەی کە بتوانین پسپۆڕانە لە پرسەکان بدوێین، ئێستاش کە بابەتێکمان کردووەتە خوانی گفتوگۆکەمان زیاتر لە تەوەرێکی گفتوگۆیی هەڵدەگرێ و ڕەنگە دامەزراوەیەکی ئەکادیمی دەرەقەتی ئەم بابەتە بێ، بێ ئومێدیش نین لەوەی نەتوانین شتێک زیاتر لەوانەی کە هەستاون بە قسەکردن لەسەری بڵێین. نامۆبوونی کوردی چ واتایەک دەگەیەنێت و لە چ دۆخێکدا دروست دەبێت؟

– نامۆبوون پێش هەر شتێکی تر چەمکێکی فەلسەفییە، لەبەرئەوەی فەلسەفەش دایکی زانستەکانی ترە، ئەوانی تریش جێگەیەکی بەرفراوانیان بۆ ئەم دیاردەیە تەرخان کردووە، بە تایبەتیش لە دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا جێگەی بایەخە و کۆمەڵناس و دەروونناسە کلاسیکییەکان بە فراوانی لێیان کۆڵیوەتەوە، بە هەمان شێوە مۆدیرنەکانیش.

نامۆبوون پێوەستە بە ناخ و دەروونەوە و، ڕوحی مرۆڤ نەک جەستەی سەرچاوەی هەستەکانی نامۆبوونە بۆ مرۆڤ بە گشتی.

کەسایەتیی مرۆڤ بریتییە لە دوو دیو، دیوی دەروون و دیوی جەستە. جەستە بەشە بینراوەکەی مرۆڤە و ئۆرگانگەلێکی زیندووە و بە چاوی پەتی دەتوانی ببینیت و بەهۆی پێنج هەستەکەوە تێی بگەیت و پێناسەی کەسایەتیی جەستەییی مرۆڤەکە بکەیت، بەڵام بەشی دەروونی مرۆڤ بەشێکی نادیارە، دەزگایەکی ئاڵۆزە و بەهۆی ئەوەی بەرهەست نییە ناتوانی پێناسەیەکی تەواوی کەسایەتیی دەروونیی مرۆڤەکە بکەیت. بەڵام ئەم بەشە ئاڵۆزەش لەلایەن دەروونناسانەوە توانراوە بەش بەش بکرێت و شی بکرێتەوە و کاریگەری و پێوەندییەکانیان بە یەکترەوە بدۆزرێتەوە و بەهۆی ئەمانەشەوە ڕەفتارەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەک بناسرێت.

فرۆید لە پێشڕەوانی دەروونناسانە کە کەسایەتیی دەروونیی مرۆڤی بۆ بەشی هەست و بەشی نەست دابەش کرد و بەشی نەستی مرۆڤ کۆگای حەز و ئارەزووە چەپێنراوەکانە کە دەبنە هۆکاری هەموو ئەو ڕەفتارانەی کە شیکردنەوەیان ئاڵۆزە. نەستیش بەش بەشە و بەپێی فرۆید پێک هاتووە لە (من)، (منی بالا)، (منی بەرگریکەر)، کە لە زمانی کوردیدا بۆ (بەرزە من) و (نزمە من)یش بۆ ئەو دووانە بەکار براوە.

بێگومان ئەم بەشانەی نەست هەریەکەو وەزیفەی خۆی هەیە و زانستی دەروونناسی وەزیفەی هەر یەکێکیانی بە ئێمە ناساندووە. بە کورتی و کوردی دەتوانین بڵێین (منی بالا) ڕۆڵی ویژدانی مرۆڤ دەبینێ و، (منی بەرگریکەر) ڕۆڵی غەریزەکانی مرۆڤ دەبینێت و بەرپەرچی ویژدان دەداتەوە لە هەموو سات و کات و بۆنەیەکدا، واتە ئەم دووانە هەردەم لە ململانێدان و لە بەرەنجامی کێشەی نێوان ئەم دووانەدا (من) کە بە (خود)یش ناوی دەبەین، کۆمەڵێک سیفەتی بۆ دروست دەبێت کە دەبنە سیفەتەکانی کەسایەتیی هەر مرۆڤێک.

(منی بالا) کە ڕۆڵی ویژدان دەلەیزێ، هەردەم لە تێکۆشاندایە بۆ ئەوەی مرۆڤەکە ڕەوشتی نموونەییی هەبێت و ڕەوشتی نموونەییش بێگومان کولتوورەکان دیاری دەکەن و لە کولتوورێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە. بەڵام

(منی بەرگریکەر) کە ڕۆڵی غەریزەکان دەبینێت، هەردەم لە خەباتدایە بۆ ئەوەی مرۆڤەکە ئەو ڕەفتارانە بکات کە خۆی ئارەزووی دەکات و بەپێی ئەو غەریزانەی کە سروشت پێی بەخشیوە بجووڵێتەوە.

غەریزە سروشتییەکانی مرۆڤیش لە هەموو کولتوورەکاندا هەر هەمانن و برێتین لە غەریزەکانی خواردن، خواردنەوە، خەوتن، سێکس، خۆنواندن و خۆسەلماندن. لە ناو غەریزەکانیشدا سێکس زەقترینیانە، چونکە سیفەتەکانی ئەم غەریزەیە جێگەی سەرسڕمانی مرۆڤ بووە، چونکە جگە لە خەسڵەتە سەیرەکانی وروژاندن و تەوژمی ئەم غەریزەیە و هێزی ڕاکێشەری نێوان ژن و پیاو بەهۆی ئەم غەریزەیەوە، لە ئەنجامی سێکسەوە منداڵیش دروست بووە و ئەمانەش هێندەی تر ئەم غەریزەیەی کردووە بە جێگەی مشتومڕ و پێداگرتنی کولتوورەکان لەسەر شێوەگرتنی و پێناسەپێدانی و بڕیاروەرگرتن لەسەری و کردنی بە تابۆ.

هەموو ئەمانەی کە گوتم بۆ ئەوە بوو باس لە پێوەندیی نامۆبوون بکەم بە بەشەکانی کەسایەتیی مرۆڤەوە و بە تایبەتیش بە بەشی دەروونی و ڕوحیی مرۆڤەوە، واتە بە نەست و عەقڵی ناوەکیی مرۆڤ.

ئێمە بە شێوەیەکی باو پێناسەی نامۆبوونمان بەستووە بە شوێنەوە و بە کەسێکمان گوتووە نامۆ یان غەریب کە لە شوێنی خۆی بەهەر هۆیەکەوە بێت دابڕاوە و لە شوێنێکی تر گیرساوەتەوە و نامۆیە بەو شوێنە. بەڵام نامۆبوون هێندە پێوەندیی بە شوێنی جەستەوە نییە و بەڵکە لە قووڵاییی ناخی مرۆڤەکەدا دروست دەبێت، ئەویش نەک بە هۆی شوێنەوە، بەڵکە بەهۆی لێکترازانی بەشەکانی دەروونی و نەگەیشتنی بەشەکانی نەستی مرۆڤ بە ئەنجامێک کە (خود) پێی ڕازی بێت و بەو شێوەیە هاوسەنگی لە دەست دەدات و هەست بە نامۆیی دەکات. کاتێک ڕازی نییە بەو بڕیارەی کە لە ئەنجامی ململانێی نێوان ویژدانی و غەریزەکانی پێی گەیشتووە، بەڵام چاریشی نییە و ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکات، ئیدی لە خۆی نامۆ دەبێت. لە خۆنامۆبوون ناڕازیبوونە لەخۆ، تۆرانە لەخۆ بەڵام ئەم تۆران و ناڕازیبوونە بە

شـێـوەی جـیـاواز دەردەبڕدرێت و بەهۆی ئەوەی دەزگـای دەروونـیی مـرۆڤ کۆمـەڵێک میکانیزمیشی هەیە کە بەرگری لـە دەروونیی دەکات، بۆیە دەربڕینی ئەو نـامـۆبوونەش لـە شـێـوەی ناڕازیبـوون لە خـەڵکی، تووڕەبوون لـەوی تر، چەپاندن و زۆر شێوازی تر ئەنجام دەدات. لە دۆخی نامۆبوونی زۆر توندیشدا مـرۆڤـەکە تووشی خـەمـۆکـیـیـەکی کـوشندە دەبێت و دژ بە خـود بە جـۆرێک هەڵدەگەڕێتـەوە کە خـودی خۆی لە ناو ببات و بیکوژێت. لـەو کاتەدا ئەو پێی وا نییە خـۆی کوشـتـووە، بەڵکە پێـی وایە کەسێکی غـەریبی کوشـتـووە کـە لە ناو جەسـتـەی ئەمـدایە و داگـیـری کـردووە و ناهێـڵـێ خـۆی لە ناو جـەسـتـەی خـۆی بێت. ئەوەی کـە دەگاتە ئەو دۆخە، گەیشتـووەتە ئەوپەڕی پلەکانی نامـۆبوون بە خۆ، بەڵام مرۆڤ بـە پرۆسـەیەکی دوور و درێژ و بەردەوام دەگـاتە ئەو دۆخـە و نامۆبوونـیش دەکرێ مرۆڤـەکە خـۆی یان بە هـاوکاریی کـەسانی تر و پسـپۆڕان سنووری بۆ دابنێت و تەشـەنە نەکات.

نامۆبوون دۆخێکی نائاسایی دەروونی مرۆڤە، بەڵام چونکە کولتوورەکان بە درێژاییی چەندان هـەزار سـاڵ کاریان بۆ کردووە و کـاریگەرییان لەسـەر مرۆڤ داناوە و مـرۆڤ بە گشـتی و هەریەک بـە شـێـوەیەک گیـرۆدەی ئەو نامـۆبوونە هـاتووە، بەڵام بە پلە و ڕێژە و ڕادەی جیاواز، بۆیە نامۆبوونی مرۆڤ وەک نۆرم بینراوە و ئـاسـایی وەرگـیـراوە. ڕاسـتـە جێگەی بایەخی فـەیلەسووفـان بووە، بەڵام چـارێکی بۆ نەدۆزراوەتـەوە، چونکە گـەشـەکـردنی کـولتـوورەکـان و ئاڵۆزبوونی ژیانی مرۆڤ هـەردەم لە بەرهـەمـهێنانی زیاتری نامۆییدا کارا بووە، نەک لە کەمکردنەوەی. ئێمەی مرۆڤ هـەمـوومـان گیرۆدەی ڕێژەیەک لە نامۆیین، بەڵام ڕەنگە کـەسـە هەسـتـیـارەکـان زیاتر گیـرۆدەی بن و ڕێژەی نامـۆبوون لای ئـەوان زیـاتر بێت بـەهـۆی ئەوەی نـەسـتـی ئـەوان زیـاتـر کـارایە و بـەهـۆی بیرکردنەوەی بەردەوام لە هۆ و هۆکـارەکـانی نادادپەروەری و ئازاری خـەڵک و ئەندێشـەکـانیـان بەشـەکـانی نەسـتی ئەم کـەسـانە زیاتر دەکـەونە ملمـلانێ و بەوەش ڕێژەی گیرۆدەبوونی ئەمان بە نامۆیی زیاترە لە کەسانی ئاسایی.

* زۆربەی شارەزایانی فەلسەفە، سەرچاوەی نامۆبوونی مرۆڤ دەگەڕێننەوە بۆ بارودۆخی ئاینی، واتە ئەو کاتەی ئادەم و حەوا لە شوێنی ئەسڵی خۆیان (بەهەشت) دەرکران و فڕێ درانە سەر زەوی و ئیدی نامۆبوونی مرۆڤ لەوێوە دەستی پێ دەکات، پێت وایە مرۆڤێک نیشتمانی خۆی بە جێ بهێڵێ بە هەر هۆکارێ، سەرەتای نامۆبوونی دەست پێ دەکات؟

– وەک گوتم کێشەکان لە ناخی دەروونی مرۆڤەکەوە و بەهۆی نەگونجانی کەرتەکانی کەسایەتیی خۆیەوە لەگەڵ یەکتری سەر هەڵدەدات. ئیدی ئەم مرۆڤەی کە گیرۆدەی نامۆیی دەبێت و لە ناو دڵی خۆیدا، لە دڵ و دەروون و لە مێشکی خۆیدا هەڵی دەگرێ و بۆ هەر کوێ دەڕوات کێشەکانیش لەگەڵیدایە، بەڵام دەشێ شوێنێکی نامۆتر بە ڕوحی دۆخی نامۆبوونەکەی تۆختر بکاتەوە لە شوێنێکی کەمێک ئاشنا بە ڕوحی، بەڵام کەسی گیرۆدەبوو لە هەموو شوێنێکدا ئەو نامۆییە هەست پێ دەکات.

بە بڕوای من ئاین دەتوانێت دوو ڕۆڵ لە ژیانی مرۆڤدا بگێڕێت. لە ڕۆڵێکیاندا کە بەهەڵە بەکار دەبرێت، دەتوانێت کەسێکی ئاسایی لە خۆی ون بکات و نامۆی بکات. لە ڕۆڵێکیشیاندا کە بە شێوەیەکی دروست بەکار ببرێت، دەتوانێت کەسێکی گیرۆدەی نامۆیی و لەخۆ ونبوو، بهێنێتەوە خۆ و خۆی پێ بدۆزێتەوە. بەداخەوە لە زۆربەی کولتوورەکاندا ئاین بەو شێوەیە بەکار براوە کە مرۆڤ لە خۆی نامۆ دەکات و کۆمەڵێک تابۆ و عەیب و داوونەریتی بەربەستئامێز لە پاڵ ئاینەوە دادەنرێن کە بەردەوام مرۆڤ ناچاری چەپاندنی هەست و نەستە ڕاستەقینەکانی خۆیان بکەن و بەو شێوەیەش ئاین دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی لە خۆ نامۆبوون.

نامۆیی ئەو کاتانە دروست دەبێت کە مرۆڤ خودی ڕاستەقینەی خۆی نەناسیبێت و نەتوانێت بیناسێنێت. خۆناسین لەو دەمەدا دروست دەبێت کە مرۆڤ تەواو ئاشنای ناخی خۆی دەبێت. ئاین دەتوانێت ڕۆڵی ئاشناکردنی

مـرۆڤ بە خـودای خـۆی بگێـڕێت، ئەگـەر بە شـێـوە فـەلسـەفـیـەکەی لێکی بدەینەوە، واتە ئەوەی کە خۆی نەناسێت خوداش ناناسێت، ئەوەشی کە خۆی بناسێت بەردەوام لەگەڵ خودا لە پێوەندیدایە و خواش لە هەمـوو گەردیلەیەکی گیانیدایە و بەردەوام زانیاری دەداتێ، چونکە خودا بریتییە لە هۆشیاریی باڵا و ئەو هۆشیارییەش بۆ هەموو گەردوون هەمان هۆشیاریی بێ سنوور و مەزنە و دابەش بووەتە سـەر هـەمـوو تـەنە زیندووەکـان و تەنانـەت لە نێـو هەمـوو ئەو تەنانەشدا هەیە کە مرۆڤ بە مادە ناویان دەبات.

بەڵام ئایا چەند لە سـەدی مـرۆڤی ئەم گـەردوونە لەم یاسـایە دەزانن و کـاری پێ دەکـەن؟ ئایا قـەشـە و مـەلا و شـێخ و پیـاوچاکـان بە تـەواوی ئەم یاسـایە بەڕێوە دەبەن یاخـۆ لەم یاسـایە لادەدەن و پێناسـەی خـودا بە شـێـوەیەکی ترسناکی وا دەکەن کە مرۆڤ لە خۆی نامۆ بکات.

مـرۆڤ دەبێت خـودا بناسـێت، کـە ناسـیـشـی بێ ئەندازە خـۆشی دەوێت، خۆشـەویستـی و ترسیش قـەد پێکەوە هەڵناکەن. ئەو مـرۆڤانەی کە بێ ئەندازە خوایان خۆش دەوێت لە جیهاندا ژمارەیان زۆر کەمە، ئەوانەی کە بێ سنوور خوایان خـۆش دەوێت خووداش لە سەرچاوەی هۆشـیاریی باڵا و بێ سنوورەوە زانیـارییـان پێ دەبەخـشـێ و بەهرەی دەگـمـەنیـان دەداتێ و ئەو بـەهرانەش پێویسـتـە بۆ خزمـەتی مـرۆڤایەتی بەکار ببرێن و بۆ پەخـشـکردنەوەی پەیامی خــوودا بێت، پەیامی خــووداش بریتــیــیــە لە یەکــســانی و دادپەروەری و خۆشەویستی و ئاشتی لە نێو ئەم گەردوونەدا.

ئەوانەی کـە شـێلگیـرانە بۆ یەکسـانی و دادپەروەری و خـۆشـەویسـتی و ئاشـتی کـار دەکـەن، ئەو کـەسـانەن کـە بێ ئەندازە خـوایان خـۆش دەوێ و بوونەتە ئامرازی گەیاندن و پەخشکردنەوەی پەیامی خوا. ئەوانەشی کە ئاین بۆ مــەبەسـتی بەرژەوەندیی سـیـاسـی و بەرژەوەندیی ئابووری و زاتی بـەکـار دەبەن کەسـانێکی گومڕان و نە خـوا دەناسن و نە خـواشی لەگـەڵ ئەواندایە، بۆیـە سـەرزەمـینیـان کـردووە بە شـوێنگەی شـەڕێکی بەردەوام و مـەرگ و نەخـۆشی و ئازار بڵاو دەکەنەوە. ئەو کـەسانەی ئاین بەو شێوەیە بەکار دەبەن

جگە لەوەی خۆیان تا ئەوپەڕی نامۆبوون لە خۆیان نامۆن و دوورن لە خودی خۆیان واتە دوورن لە خوا، ملیۆنان کەسیش لەگەڵ خۆیاندا گومڕا دەکەن و کارێکی وایان کردووە چارەسەری گرفتاری نامۆبوونی مرۆڤ زۆر زەحمەت بووە.

سەبارەت بە چیرۆکی پەیدابوونی ئادەم و حەوا و دراماتیزەکردنی ئەو پێوەندییەی نێوانیان، کە خودی مرۆڤ داهێنەری ئەم چیرۆکەیە، بە بڕوای من ئەمە نییە بووبێتە هۆی نامۆبوونی مرۆڤ، بەڵکە مرۆڤ لە ئەنجامی نەناسینی خۆی و نامۆبوونی بەخۆی بیری لە داهێنانی ئەو چیرۆکانە کردووەتەوە کە تەفسیری ئەو دۆخانەی دەروونی ئاڵۆزی خۆیانی بۆ بکەن. چیرۆکی پەیدابوونیش جگە لەوەی هەوڵێک بووە بۆ تەفسیرکردنی ئەو دوو بوونەوەرە ئاڵۆزە و پێوەندییەکانیان، واتە ژن و پیاو، هیچی تر نییە.

کاتێ مرۆڤ لە ئەنجامی لەخۆڕاماندا سەرسام دەبێت لە چۆنیەتیی دروستبوونی خۆی، لەو غەریزانەی کە دەبێتە سەرچاوەی هەندێ ڕەفتاری سەیر و هەندێ پێوەندیی سەیری نێوان ئەم دوو بوونەوەرە و بە تایبەتی پێوەندیی سێکس و چێژ و وروژانەکانی و لە دواییشدا بەرهەمی کاری سێکس کە دروستبوونی مرۆڤی بچکۆلەیە و دواتر گەورەبوونی و بەردەوامبوونی ئەو پێوەندییە سەیر و ئاڵۆزانە، بیر دەکاتەوە و دەیەوێت وەڵام بۆ ئەو هەموو پرسیارە بدۆزێتەوە لە مێشکیدا کەڵەک بوون. وەڵام بۆ پرسیارەکانی: من چۆن دروست بووم، لە کوێوە هاتووم، من چیم و من کێم و بۆ وا دەکەم و سەدان پرسیاری تر لەبارەی بوون و نەبوونەوە مرۆڤ ئالوودە دەکات.

چیرۆکی ئادەم و حەوا ڕوونە کە داهێنەرەکەی پیاوێک یان پیاوگەلێکی خۆویست بووە و لە ڕامانی خۆیدا بەو ئەنجامە خۆی قایل کردووە کە ئەو یەکەمین بوونەوەری سەر زەوییە کە خودا دروستی کردووە و ژنیش دووەمینە و لە پەراسوویەکی خۆی بۆی دروست کردووە بۆ خزمەتکردن و بوون بە هاودەمی و هەموو شتەکانی تری گەردوونی بۆ ئەو دروست کردووە. ئەم

چیرۆکە خۆی لە ئەنجامی نامۆییی مرۆڤ بە خۆی هاتە ئاراوە، بەڵام ڕۆڵی سەرەکیشی بینی لە چەسپاندنی ئەو نامۆیییە و، بەڵکە درێژەپێدانێکی زۆر و قووڵبوونەوەی نەوەکانی دوای ئەم چیرۆکە لە نێو نامۆیییەکدا کە کێشەی جۆراوجۆری لێ کەوتووەتەوە، چونکە هەوێنی کولتوور و سیستەمی باوکسالاری چیرۆکی پەیدابوونە و لە سەردەستی ئادەم و بندەستی حەواوە سەرچاوەی گرتووە.

* دورکهایم لە تیۆری نەمانی پێوەرەکاندا باس لەوە دەکات، مرۆڤ کاتێ نامۆ دەبێت هەست دەکات سەرجەم دامەزراوەکانی کۆمەڵگە لە خزمەتی ئەودا نین و بەڵکە مافی زەوت دەکەن، بۆیە نامۆ دەبێ و دواجاریش ڕەنگە بە خۆکوشتن کۆتاییی پێ بێت. دەتوانین بپرسین تا چەندە ئەو تیۆرییە بەسەر لاوی ئێمەدا دەچەسپێت، بۆیە کۆچ دەکات؟ تا چەندە بەسەر ژناندا دەچەسپێت بۆیە خۆیان دەکوژن؟ تا چەندە بەسەر هاووڵاتیی ئێمەدا دەچەسپێت بۆیە بەردەوام هەست دەکەن ئەم حکوومەت و دامەزراوانە لە خزمەتیاندا نییە و بەردەوام مافیان زەوت دەکات؟

– پرسی پێوەرەکان خاڵێکی جەوهەرییە و پێویستە لە پێوەندیی بە نامۆبوونی مرۆڤ لەسەری ڕابووەستین و جەختی لەسەر بکەینەوە. کولتووری جیاواز پێوەری جیاواز دادەهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی مرۆڤەکان و دیاردەکانی کۆمەڵگەکەی خۆی. ئەم پێوەرانە لە هەندێ کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی عەقڵانی و لەسەر بنچینەی لۆجیک بەرهەم دەهێنرێن، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا کە هەندێ لەو وڵاتانە بنەماکانی ماف و یەکسانیی مرۆڤ لەسەر بنچینەی مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ دادەڕێژن و ئەمەش باری مرۆڤ سووک دەکاتەوە. پێوەری لەو جۆرە بە بێ هەڵاواردن مرۆڤەکان دەبینێت و ئەوانیش بە بێ کێشە دەتوانن ئەو پێوەرانە قبووڵ بکەن. بەڵام لە هەندێ کۆمەڵگەدا، کە ئەوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەو جۆرانەن، پێوەر لەسەر بنچینەی عەقڵ و

لۆجیک دانەنراون، بەڵکە بەپێی میزاج و غەریزەی هەندێک تاکی نێو کۆمەڵگە کە لە قۆناغی جیاوازدا دەسەڵاتی سیاسی، ئابووری یان کولتوورییان هەبووە و ئەم پێوەرانەش بۆ برێکی کەم لە کۆمەڵگە باشە و بۆ سەرجەم کۆمەڵگە خراپە. لەم دۆخانەدایە کە مەبەستەکەی دورکهایمیش دەگرێتەوە، کۆمەڵگە هەست دەکات هەموو داوودەزگاکان دژ بە بەرژەوەندییەکانی ئەون و تاکەکانی کۆمەڵگە خۆیان بە نامۆ دەبینن لە بەرامبەر ئەو داوودەزگایانەدا.

با دوور نەڕۆین و لە مێژووی خۆماندا نموونە بهێنینەوە. گەلی کورد لەسەر خاکی باو و باپیرانی خۆی دەژی، بەڵام بەهۆی داگیرکراوی کوردستان و ژێردەستەبوونیەوە، هەردەم پێوەرگەلێکی لەسەر پیادە کراوە کە ئەمی لە پەراوێزدا داناوە و مافەکانی زەوت کردووە و هەردەم دەوڵەت و داوودەزگاکانی لە دژی ئەم بوون و ئەمیش وەک تاک و وەک نەتەوەش بە گشتی هەستی بە نامۆیی خۆی کردووە لەسەر خاکی خۆی.

هەر لە ناو ئەم مێژووەدا، باس لە نموونەیەکی تریش دەکەین. بەشی باشووری کوردستان دوای خەباتێکی یەک سەدەیی خاکی خۆی ڕزگار کرد و لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ەوە حوکمی خۆماڵی دەستی پێ کرد، بەڵام دەسەڵاتی کوردیش لە باتی ئەوەی کار بکات بۆ تێکشکاندنی پێوەرەکانی کولتووری داگیرکەر، هات برەوی بە هەندێ پێوەر دا کە لەم بەشەی کوردستاندا تەنیا دەستەیەکی دیاریکراو بگرێتەوە و هەموو کۆمەڵگە نەگرێتەوە. پێوەری مەحسوبیەت و مەنسوبیەت وەک نموونەیەکی زەق و بەرچاوی باس دەکەین. ڕاستە یاسایەکی نووسراو نییە کە پلە یەک و پلە دووبوونی بەسەر هاووڵاتییاندا بڕیبێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو پێوەرانەوە کە کاریان پێ دەکرێت ئەو هەستە زاڵ و زەق دەبێتەوە کە هاووڵاتییان خۆیان بە پلە دوو لە بەرامبەر دەستەیەکی دیاریکراوی حوکمڕان ببیننەوە. لە وڵاتێکی وەک سوێد یاسا هەیە، ئەو یاسایە پاشا و گەدا دەگرێتەوە، بۆیە هاووڵاتییەکی سوێدی قەت ڕقی لە پاشای سوێد نابێتەوە و بەپێچەوانەوە خۆشیشی دەوێت. بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاسا تەنیا لە

سەرووی هاووڵاتیی ئاساییەوەیە، ئەوانەی کە هەستی پلە دووبوونیان تێدا بەرجەستە بووە بەهۆی ڕەفتارەکانی دەسەڵات لەگەڵیاندا. یاسا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە خوارەوەی دەسەڵاتدارانەوە پیادە دەکرێت و ئەوەی دەستی بڕوات بەسەر یاساشدا دەستی دەڕوات و هەزاران نموونەمان لەم بارەیەوە هەیە.

* لە دوای لێکدانەوە و کاریگەرییەکانی نامۆبوون لە فەلسەفە و لە ئایندا، لە دوای دروستبوونی کۆمەڵگەی ئاڵۆز و پڕ ئێشدا، کاریگەرییەکانی فراوان دەبن، تەنیا بەوەوە ناوەستێ کرێکار تووشی نامۆیی ببێت، بەڵکە تێکەڵ بە سیستەمی پەروەردە بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا یەک جۆری نەگۆڕی سیستەمی سیاسیی حوکمڕانە، تا چەندە دەتوانین دەست بخەینە سەر خاڵە لاوازەکانی سیستەمی پەروەردەییمان، کە نامۆبوون بۆ تاک و خوێندکار بەرهەم دەهێنێت؟

- بە دڵنیاییەوە هەستی نامۆبوون ڕۆژ بە ڕۆژ و لەگەڵ پەروەردەدا ڕەگ دادەکوتێ لە دەروون و ڕوحی مرۆڤدا. سیستەمی پەروەردە لە عیراقدا سیستەمێکی گومڕاکار بوو، کاری بۆ ئەوە دەکرد مرۆڤ لە خودی خۆی دوور بخاتەوە و کە مرۆڤ خودی نەبێت تەنیا کلێشەیەکی بەتاڵە و دەمامکی مرۆڤێکی پۆشیوە. سیستەمێکی سیاسیی دیکتاتۆر بەمەبەستەوە مرۆڤی ئەو وڵاتە بەو ئاراستەیەی پەروەردەیە گومڕا دەکات. ئێمە بینیمان لە سی و پێنج ساڵی حوکمی بەعس لە عیراق، چۆن مرۆڤی ئەو کۆمەڵگەیە لە خۆیان نامۆ بوون. ترس و تۆقاندن ئامرازی سەرەکیی گومڕابوونی مرۆڤن و بەعس بە ئاگر و ئاسن دۆخی ترس و تۆقینی بەسەر هەموو مرۆڤێکدا کە لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە بوو چەسپاند.

هەموو مرۆڤێک خاوەنی کارمایەکی تایبەتی خۆیەتی، کارما بریتییە لەو چێوەیەی کە وزەی ڕوحی هەر مرۆڤێکی تێدایە و وەک خەرمانەیەک دەوری

مرۆڤەکەی داوە. سیستەمی وزە بە شێوەیەکە کە بەردەوام لە دانوستاندایە و ئاڵوگۆڕی پێ دەکرێت لە نێوان مرۆڤەکان ئیتر لە دوورەوە بێت یان لە نزیکەوە. هیچ مرۆڤێک لە دەرەوەی ئەم یاسا سروشتییە نییە و هەموومان پێکەوە بەهۆی ئەم وزەیەوە پێوەستین. خراپەیەک لە هەر یەکێکمانەوە کاریگەری بۆ سەر هەمووومان هەیە، هەر ئەوەیە کە بە زمانی گەلەری پەندی بۆ دادەتاشریێ و دەوترێ چاکە چاکەی لێ دەبێتەوە و خراپەش خراپە. کاتێ سیستەمی سیاسیی وڵاتێک لەسەر بنچینەی ترس و تۆقاندن و خراپە مرۆڤەکان پەروەردە دەکات ئیدی لەو وڵاتەدا بەردەوام شەڕ و پەلامار و ترس و تۆقاندن بەرهەم دێنەوە و ئەو وڵاتە دەبێت بە جەهەننەم، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە. بڕوانە سوێد لە ئەنجامی ئەوەی پەروەردەیەکی ئاشتیخوازانە لە وڵاتدا پەیڕەوی دەکرێت، دوو سەد ساڵە شەڕی تێدا نەبووە، بەڵام لە عیراق سەدان ساڵە هەر شەڕ و پەلامارە.

لە ناو عێراقدا کورد جگە لەوەی وەک هەموو ئەوانی تر دەچەوسێندرایەوە، بە تایبەتیش لەبەر کوردبوونی بەڕێژەیەکی زیاتر دەچەوسێندرایەوە، ئەمەش لە پەلامارە کۆکوژییەکانی هەڵەبجە و ئەنفالدا گەیشتە لووتکەی ستەم و جگە لەوەی هەزاران مرۆڤیان کوشت و هەزارانی تریان ئاوارە کرد و هەزارانی تریان هەژار و بێ دەرەتان کرد و هەزارانی تریان پەککەوتە و نەخۆش خست، کارمای هەموو نەتەوەی کوردیان پڕ کرد لە ژار و قین و هەستی تۆڵەسەندنەوە و لەخۆ نامۆبوونی کورد لە سەردەمی ئەنالدا گەیشتە چلەپۆپە.

ئێمە لە کوردستاندا پێویستمان بە چارەسەرکردنی کارمای مرۆڤەکانمان هەیە، ئەمەش پێویستی بە بەرنامە و پلانێکی گەش هەیە و سیستەمی پەروەردە لە سەرووی هەموویانەوە دێت کە ئیشی بۆ بکرێت، چونکە کارمای نێگەتیڤ لە ئەنجامی پەروەردەی هەڵەی خێزانەوە لە دایک و باوکانەوە دەگوێزرێتەوە بۆ نەوەکان و ئەگەر ئەم کارمایە چارەسەر نەکەین، نەگبەتی بەرۆکمان بەرنادات.

ئێمە وەک مرۆڤی کورد، ئەوانەی کە ماوین و لە کارەسات و مەرگەساتەکان

ژیاوینەتەوە، ڕاستە لە ڕووی فیزیکییەوە نەمردووین، بەڵام هەستی ڕاستەقینەی خۆشەویستیمان تێدا هێندە لاواز بووە کە بە نرخی نەبوو بژمێردرێت. ئێمە خۆشەویستیمان تێدا کوژراوە، خۆشەویستیش واتە ژیان، بۆیە دەبینین هەموو بە چاویلکەی ڕەشەوە دەڕوانینە ژیان و ژیاندۆستی بووەتە هەستێکی دەگمەن لە ناوماندا. ئێمە بە چاوی خۆمان دەبینین ڕۆژانە ژنان خۆیان دەکوژن و دەکوژرێن، گەنجان سەر هەڵدەگرن و دەڕۆن، سەدان نەخۆشیی سەیر لەخۆوە دروست دەبن و سەدان دڵ و مێشک لە ناکاو دەوەستن. هەموو ئەمانە بەبێ هۆ نابن و کارمای مرۆڤەکانی ئێمە پڕ بووە لە ژەهر و دژی ژیان کارایە لە مێشک و دڵیان.

* هەندێک لێکۆڵینەوەی مەیدانی لەبارەی ئەم دیاردەیە کراوە لە ناو گەنجاندا دەری خستووە نامۆیی بە ڕۆشنبیری سێکسی تا ڕادەیەکی زۆرە، ئایا هۆکارەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە، توێژی لاوان نەتوانن لە غەریزەکانی خۆیان تێ بگەن؟ خود یان بابەت هۆکارە؟ تا چەندە تابۆکان ڕۆڵیان لە نامۆکردنی ئەو حاڵەتە هەیە؟

– دیسانەوە دەبێ باس لە پەروەردە بکەین و ئەو نامۆبوونەوەی کە سیستەمی پەروەردەی خێزان و قوتابخانەکان ڕۆڵی تێدا دەبینن. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێم هەموو ژیانمان بریتییە لە عەیبە، هەرچی دەکەین بە عەیب و شوورەیی دادەنرێت. کولتووری عەیب ژیانی ئێمەی داپۆشیوە و پنتێکی نەهێشتووەتەوە بۆ ئەوەی هەست بە دڵنیایی بکەیت تیایدا. مرۆڤ ئەگەر لە نێو کولتوورێکی عەیبپەروەردا ژیا ناتوانێت هەست بەدڵنیایی بکات. نەمانی دڵنیاییش واتە نەمانی ئاسایشی دەروونی و جۆرێکی تۆخ لە جۆرەکانی نامۆبوون بەخۆ و بەدەوروبەر. تۆ سەرنج بدە چۆن عەیب و غەیب چارەنووسی دەیان نەوەی ئێمەی بەڕێوە بردووە و جەستەمانی بۆ ڕوحمان کردووە بە تاراوگە. بەهۆی ئەو هەموو تابوویەی کە دەوری جەستەمانی داوە هەست ناکەین جەستە نیشتمانی ڕوحمانە، بەڵکە هەست دەکەین تاراوگەیەکە و لە

ناچاری جـێگەی ڕوحـمـانـی کـردووەتەوە. ئەم نامـۆبوونەی ڕوحـمـان لـە نێـو جـەسـتـەمـان بێ ڕیزپەڕ پیـاو و ژن و منداڵ و گـەورە و پیـر و گـەنجـمـانـی گرتووەتەوە. دەشێ ژن ڕێژەی زۆرتری لەو نامۆییە بەرکەوتبێت بەهۆی ئەوەی کە عەیبە و تابۆکان زیاتر گەمارۆی جەستەی ئەویان داوە وەک لە پیاو. تۆ ئەگەر ئەو هەموو چاوی عەیبەیەت لەسەر بێت و ئەو هەموو فەتوای تابووکردنە گەمارۆت بدات لە کوێ دەرفەتت دەبێت جەستەی خۆت بناسیت، کە جەستەی خـۆشـتـت نەناسـی مـانای ئەوەیە نامـۆ دەبیت بەجـەسـتـەت و نازانـی ئەم غـەریزانەی هەسـتـیـان پێ دەکـەیت سـەرچاوەیان لـە کـوێوەیـە. بە تایبـەتی غـەریزەی سـێکس لە نێـو هـەمـوو ئەوانـی تردا جـێگەی سـەرنجـە و گەمـارۆدراوترین بەشـەکانی جەستەی مرۆڤیش ئەندامەکانی سێکسی مـرۆڤە. ئەو کولتوورانەی کە تێڕوانینی خۆیان گۆڕی و پانتاییەکی زۆریان لە مێشک و بیرکردنەوەیاندا بە زانست و فیکر و لۆجیک، توانییان لە غـەریزەکـان و لە هەسـتـەکـان و لە نەسـتـەکـان تێ بگەن و بـەوەش نامـۆبوونیـان بەرامـبـەر بە جـەسـتـەیان کـەم بووەوە. بەڵام لە کـولتـوورەکـانـی ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـتـدا هێـشـتـاش ڕۆژانـە هـەمان پێناسـە نازانسـتـییـە باوەکـان لەسـەر سـێکس و غـەریزەکانی مـرۆڤ برەو پێ دەدرێت و تێـڕوانێکی نالۆجـیکی دەسەپێنرێت. ئێمە بۆ ئەوەی بڕێکی ئەو نامۆبوونە لە مرۆڤی خـۆمان کەم بکەینەوە، پێویستە هـەوڵی ئـەوە بدەین کـە ڕۆشنبـیـرییـەکی سـێکسی لەسـەر بنچـینـەی زانست دروست ببێت.

تەوەری هەشتەم

# لە خۆشەویستییەوە تا عەشق

* چۆن مرۆڤ دەتوانێت ژیانی لە خۆشەویستییەوە دەست پێ بکات و ببێتە بنیاتی ژیانیشی تا هەمووکات؟ تەنیا ئەوەندە بەسە ئێمە ئەو داخوازییە بکەینە دروشمێکی وشک، یا گوێ بگرین لە گۆرانیی خۆشەویستی و سەیری فیلم بکەین و چیرۆک و شیعری پیاهەڵدانی بخوێنینەوە، بەمەش بڵێین تەواو لە مەغزای خۆشەویستی تێ گەیشتووین. مەبەستمە بپرسم تا چەندە ئەم چەمکە دەتوانێ مرۆڤێک، کۆمەڵێک و کۆمەڵگەیەک دروست بکات؟

- خۆشەویستی ڕوحی ژیانە، واتە هەوێنی زیندوویەتییە. بەبێ خۆشەویستی هیچ مانایەک بۆ ژیان نامێنێتەوە و چاکترە ناوی ژیان نەبێت و ناوێکی تری لێ بنرێت. ئەمە پێناسەی منە بۆ خۆشەویستی، دەشێ کەسانی تر پێناسەی تریان بۆی هەبێت، بەڵام لای من هەر ئەمە پێناسەکەیەتی و پێشم وایە زێدەڕۆییم نەکردووە لە پەسنکردنی خۆشەویستی.

خۆشەویستی لە ساتی بوونمانەوە دەست پێ دەکات و، تا کاتی کۆتاییهاتنی ژیانمان لەناوماندایە، بەڵام دەشێ پەروەردە، ژینگە، کارەسات و ڕووداوەکان، سەپاندنەکانی کولتوورەکان و هۆکاری زۆری تر، وا بکەن کە خۆشەویستیمان لێ ون ببێت و ئەگەرچی لە نزیکترین شوێنە و لە ناو خودی خۆماندایە، بەڵام نەتوانین بیدۆزینەوە.

بەرامبەر بە دیاردە و هەستی خۆشەویستی، دیاردە و هەستێکی تر هەیە

پێی دەوترێت ڕق و ئەم هەستە بەردەوام دژایەتیی هەستی خۆشەویستی دەکات. هەر مرۆڤێک بە هەر هۆیەکەوە ڕێژەی هەستی ڕقی زیاتر بوو لە هەستی خۆشەویستی، ژیانی دەبێتە کابووس و لە ناو ئەم کابووسەدا ئازاری خۆی و خەڵکی دەدات.

خۆشەویستی کاتێک دەبێتە بنیاتی ژیانی مرۆڤ کە خۆشەویستییەکەی تەواو خۆڕسک بێت و نە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی بێت و نە هێزێکی دەرەکیی پاڵنەریش بووبێت. خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکانی هەستێکی خۆڕسکە و دەبینین هەرچییەکیش ڕوو بدات خۆشەویستی لە پلەیەکی باڵادا دەمێنێتەوە. هەندێ پێوەندیی هاوڕێیەتی کە تەنیا لە پێناوی هاوهەستییەکی هاوڕێیانەیە دەگاتە ئەو دۆخە لە خۆشەویستی، ناوی دەنێین هاوڕێی گیانی بەگیانی. بەبڕوای من ئەو گوزارەی (گیانی بەگیانی)یە پڕ بە پێستی ئەو دۆخەی خۆشەویستی هاوڕێیانەیە، چونکە پێوەندییەکە لەسەر ئاستی گیاندایە، نەک جەستە و مادە. کە خۆشەویستی نێوان کچ و کوڕێکیش دوور بێت لە غەریزە و بەرژەوەندی، دوور بێت لە جەستە و مادە، دەتوانێت بگاتە پلەیەکی باڵا و ناو بنرێت عەشق. دیارە ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت کە عەشق لە کردەی سێکس دابپڕدرێت، بەڵکە مەبەست تەنیا ئەوەیە کە سێکس بە تەنیا نەبێتە پاڵنەر بۆ خۆشەویستی، دەنا شتێکی سروشتییە کە دوو کەس یەکتریان خۆش دەوێ ئەو خۆشەویستییە ئالوودەی پێوەندیی جەستەییشیان بکات. کردەی سێکس لە نێوان دوو کەس کە یەکتریان خۆش دەوێ بەشێکی زیندووە لە گوزارەی خۆشەویستییەکەیان.

* خۆشەویستی چییە و عەشق چییە؟ کام جۆریانە مرۆڤ حەز دەکات بە دوایدا بگەڕێت و لە ناویدا بەرجەستە بێت؟

– خۆشەویستی دەشێ تایبەتی و دەشێ گشتی بێت، بەڵام عەشق تەنیا پێوەندییەکی تایبەتییە، بەو مانایەی دەتوانی کەسانێکی زۆرت خۆش بووێت، بەڵام دەتوانی تەنیا عاشقی یەک کەس بیت. عەشق پێوەندییەکی گیانی

بەگیانی نێوان دوو مرۆڤە کە هەستی باڵا بڕیاری ئەو پێوەندییەیانی داوە. بە واتایەکی تر دەتوانم بڵێم عەشق ئەگەرچی بە ڕواڵەت وا دەردەکەوێت پێوەندیی بە سۆزەوە هەبێ و تەنیا هەستەکان سەرچاوەی بن، بەڵام وا نییە و عەقڵی ناوەوەی مرۆڤ سەرچاوەی عەشقە و ئەو دەیسپێرێت بە هەستەکان و هەستەکانیش وەری دەگێڕن بۆ سەر ڕەفتار و لە جەستەی مرۆڤدا ڕەنگ دەدەنەوە. بۆ نموونە کە مرۆڤ ئەو کەسە کە خۆشی دەوێت دەبینێت دڵی خێرا لێ دەدات و ڕوومەتی سوور هەڵدەگەڕێت و تای لێ دێ.

خۆشەویستی هەستێکی قووڵە، هەستیش وزەیەکی گەشە، عەشقیش چڕترین جۆری ئەو وزە گەشەیە. خۆشەویستی کاتێک دەبێتە عەشق کە ڕوحی دوو مرۆڤ هەموو سنوور و بەربەستەکان دەرباز دەکەن و بەبێ گوێدانە جوگرافیای جەستەکان، هەموو چرکەیەک پێکەوەن و لەگەڵ یەکدا دەدوێن و ئەم وزەیەش دەبێتە داهێنەری موعجیزەکان. دەشێ ئەمە ئەو جۆرەیان بێت کە بە عەشقی ئەفلاتوونی ناسراوە. ئەفلاتوون پێی وایە هەموو عاشقێک دەبێتە شاعیر. بەپێی ئەمە ئەوانەی کە خۆشەویستی دەکەن و نەبوونەتە شاعیر، مانای ئەوەیە خۆشەویستییەکانیان نەگەیشتووەتە پلەی باڵا و نەبووەتە عەشق، چونکە مەرج نییە هەموو ئەوانەی خۆشەویستی دەکەن عاشق بن.

* ئەو خۆشەویستییە کە لە نێوان توخمی نێر و مێدا دروست دەبن بە قەناعەتی تۆ کامەیە هۆکار و پاڵنەر بۆ دروستبوونی؟ ئایا پێیشت وایە لە شێوێنێکدا کۆتاییی دێت؟

– خۆشەویستیی نێوان ئەم دوو توخمە سروشت دای هێناوە و هێزێکی ڕاکێشەری سروشتی لە نێوان ئەم دووانەدا بە بەردەوامی کارایە و دڵیان بە لای یەکدا دەبات، هۆی ئەوەیە کە دەبینین سەرەڕای ئەوەی کە ژن و پیاو بەردەوام کێشەیان هەیە، هەرگیزیش ناتوانن دەستبەرداری ئەو هەستە بن کە بەرەو یەکتر ڕایان دەکێشێت، چونکە هەستێکی دەستکرد نییە و لە سروشتەوەیە و هەستێکە ڕەگەکەی لە ناویاندا جێگیر بووە. ئەم هەستەیە کە

پەرە دەستێنێ دەبێتە خۆشەوستی و بەردەوامیش ئەو خۆشەویستییە پەرە دەستێنێ، بەڵام زۆر جاریش ئەو هەستە هەرەس دەهێنێ و جاری واش هەیە دەبێتە ڕق. ڕقیش هەر هەستە، هەستێکی پێچەوانەی خۆشەویستی لە کاتێکدا سەر هەڵدەدات کە مرۆڤێک هەست بکات بەرامبەرەکەی بووەتە هەڕەشەیەک بۆ سەر ناسنامەکەی و بەناوی خۆشەویستییەوە دەیەوێ ناسنامەی ئەوی تر بسڕێتەوە. بە داخەوە لە کولتووری ڕۆژهەڵاتیدا ڕێژەیەکی بەرز لە پێوەندیی نێوان ژن و مێرد دەچێتە نێو ئەم بۆتەیەوە و لەسەر بنچینەی خۆسەپاندن و چەوساندنەوە دادەمەزرێت. ئێمە دەبینین چۆن دڵپیسیی نێوان ژن و مێرد، یان دوو دڵدار بەناوی خۆشەویستییەوە وەک هەڕەشەیەکە بۆ سەر ناسنامەی یەکتر و پەیڕەوی دەکرێت. بەمەش تەنگژەی ڕاستەقینە لە بەردەم کەسایەتیی ژن و پیاودا دروست دەبێت. بووە بە باو کە دڵپیسی بەوە ناوزەد دەکەن گوایە بەهۆی ئەوەوەیە کە زۆر ئەوی تر خۆش دەوێت بۆیە غیرەی لێ دەکات یان دڵی لێ پیس دەکات. ئەمانە دوورن لە ڕاستی و دوورن لە سروشتەوە، ئیرەیی و دڵپیسیی نێوان ژن و مێرد یان دڵدار و دڵخواز خۆشەویستی نییە، بەڵکە هەستێکە لە غەریزەی ڕقەوە سەرچاوە دەگرێ و ئەو هەستە مەیلی خۆسەپاندن و دەست بەسەرداگرتن دروست دەکات و چەوساندنەوە دەبێتە بەرهەمی ئەو جۆرە هەستە.

تەنیا لەگەڵ هەستی خۆشەویستیدا کەسایەتیی مرۆڤ پەرە دەستێنێ و لەگەڵ هەستی ڕقدا کەسایەتی دەشێوێ و هەرەس دەهێنێ. کەسایەتیی مرۆڤ تەنیا لەگەڵ هەبوونی خۆشەویستییەکی سروشتیدا گەشە دەکات و دەبێتە بوونەوەرێکی داهێنەر. ئەو مرۆڤانەی کە دەگەنە پلەیەکی باڵا لە خۆشەویستی، دەبنە داهێنەر لە بوارێک لە بوارەکاندا. من باوەڕم وایە هەموو عاشقێکی ڕاستەقینە، کە خۆشەویستییەکی سروشتی وەک ئاوی کانییەکی ڕەوان لە ناخییەوە هەڵقوڵابێت، دەبێتە داهێنەر لە بوارێکدا. لە ناو ئەو داهێنەرانەشدا عاشقترینیان سەرکەوتووترینیانە. هەموو داهێنەرێکی ڕەسەن عاشقە و هەموو عاشقێکی ڕاستەقینە داهێنەرە. ئەگەر لە هەر وڵاتێکدا

داهێنەر کەم بوو، بزانە لەو جێگەیەدا عەشقیش کەمە. شاکارەکان درەوشاوەترین تنۆکی ئەو عەشقانەن.

هەندێ کەس پێیان وایە کە دوو خۆشەویست بەیەکتری نەگەیشتن ڕەنجەڕۆن، بەڵام من وای نابینم و باوەڕم وایە عەشقی باڵا بە مردنیش تەواو نابێت نەک بە بەیەک نەگەیشتن. ڕوحی عاشقەکان لە دۆخی عەشقی باڵادا موتوربەی یەکتر دەبن، بۆیە نە سنوور، نە کولتوور ناتوانێ ببێتە بەربەستی نێوانیان. تەنیا ئەو پێوەندییەی کە هی غەریزەیە و مەبەست لێی کپکردنەوەی غەریزەیە، تەنیا ئەو جۆرەیان بەپێک نەگەیشتن نائارامی دروست دەکات لەلای هەردوو کەس و ڕەنگە گرفتاری دەروونییان بۆ بهێنێتە ئاراوە، بەڵام عاشق چونکە هەردەم هەستی ئاوێتەبوونی هەردوو ڕوحەکەی لەلایە، بۆیە دووری و مەوداکان کاری تێ ناکەن و گەشەی دەروونی و ڕوحییان پێکەوە بەردەوام دەبێت.

* بیریارانی قوتابخانەی دەروونشیکاری بڕوایان وایە هۆکارە غەریزەیی و سێکسییەکانە وا لە کوڕێک دەکات کە کچێکی خۆش بووێت و بە پێچەوانەشەوە. تا چەندە قەناعەتت بەم تیۆرییە هەیە، ئایا پێت وایە لە پشت هەر ڕەفتارێکەوە پێوەست بە خۆشەویستی غەریزەی سێکسی پاڵنەر بێت؟

– کاتێ کولتوورەکان دیواری تابوو و قەدەغەکان بنیات دەنێن، حەز و ئارەزووە سروشتییەکان دەچەپێن و لە نێو نەستی مرۆڤدا جێگە دەگرن. بێگومان مرۆڤێکی چەپێنراویش پێش هەر شتێکی تر غەریزە پاڵی پێوە دەنێت لە بەرامبەرەکەی نزیک ببێتەوە نەک هەستی خۆشەویستی. لەو کولتوورانەدا کە غەریزەی سێکس دەچەپێ و پێوەندیی نێوان کچ و کوڕ لە فەزای ئازاددا قەدەغە دەکرێت، ئەم مرۆڤانە لە پەنا و پەسیوێ دەگەڕێن بۆ خاڵیکردنەوەی ئارەزووە سێکسییە خەفەکراوەکانیان. ئەو خۆشەویستییەی غەریزە بەڕێوەی دەبات ناتوانێ ببێتە هەنگاوێک لە پرۆسەی گەشەسەندنی کەسایەتیدا، بەڵکە

به شێوەیەکی نەخۆشانە ڕەفتار لەگەڵ ئەو غەریزەیەدا دەکرێ و زیانی بۆ سەر گەشەی کەسایەتی هەیە. هۆی ئەوەیە لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا کەسایەتیی مرۆڤ وەک پێویست گەشە ناکات و، مرۆڤی داهێنەر و ئازاد کەمن. هۆی ئەوەیە ئەو هەموو کێشەیە بەناوی خۆشەویستییەوە ڕوو دەدات و هۆکارەکانیش لە سێکسەوە سەرچاوە دەگرن. بڕوانە ئەو هەموو تاوانەی کە بەناوی شەرەفپەرستییەوە دەکرێن، ئەو هەموو ژنانەی کە خۆیان دەسووتێنن و لە دۆسیەی کێشەی کۆمەڵایەتیدا ناوەکانیان تۆمار دەکرێت. ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانە هەموویان پێوەندیدارن بەو چەپاندنە سێکسییانەوە کە گەمارۆی ژنان و پیاوان دەدەن و، لە دەرفەتێکدا ئەو ئارەزووە چەپاوانە قەدەغە و تابووەکان تێ دەپەڕێنێت و کارەساتی لێ دەکەوێتەوە.

* کام جۆری خۆشەویستی پاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت گیانی خۆی بەخت بکات و خۆی بکوژێت؟ ڕەنگە تۆ دەیان نموونەت لەلا بێت دوو خۆشەویست بۆ یەکتری خۆیان کوشتووە، منیش نموونەم لایە کوڕێک دوای مەرگی هاوڕێکەی خۆی کوشتووە، ئەم دوو حاڵەتە چۆن سەیر دەکەیت؟

– ئەگەر بە چاویلکەی دەروونناسی تەماشای خۆکوشتن بکەین، ئەم دیاردەیە لە دۆخێکی دەروونیدا ڕوو دەدات کە خۆکوژەکە گەیشتووەتە پلەیەکی وا لە خەمۆکی کە ئیتر هیچ شتێک بە گەشی نابینێت و هەموو شتێکی لا ڕەشە و هەموو شوێنێکی لا تاریکە. لە ناو ئەو تاریکییەدا خۆی لێ ون دەبێت و ئیرادەی ئەوەی نامێنێت هەوڵی خۆدۆزینەوە بدات، بۆیە خۆی دەکوژێت. ئەو کەسەی کە دەیکوژێت کەسێکە نامۆیە پێی نەک خۆی، چونکە ئەو خۆی لێ ون بووە و لەو دۆخە دەروونییەدا ئەو کەسە بە خۆی نازانێت کە دەیکوژێت، بەڵکە کەسێک دەکوژێت کە بووەتە دوژمنی و ژیانی لێ تاڵ کردووە.

عاشق مەرجە کەسێکی ڕوحانی بێت، باوەڕی بە مەرز و بە فەرز نەبێت و قەت پێی وا نەبێت کە بە خۆشەویستەکەی نەگەیشتووە، با نەبووبێتیشن بە

هاوسەر. عاشقی ڕوحانی هەردەم لەگەڵ خۆشەویستەکەی خۆیدایە و، ئەوی لە نێو گیانی خۆیدا داناوە، بۆیە قەت دڵتەنگ نابێت بەوەی دوورە لێوەی، یان ناهێڵن بە یەکتری بگەن، یان یەکێکیان بە ڕێکەوتێک دەمرێ، یان هۆی تر.

عەشق هەستێکی زۆر زۆر قووڵە، تەنیا مرۆڤی زۆر هۆشیار دەتوانێت دەرک بە مانا ڕاستەقینەکەی بکات و بە زانابییەوە عاشق بێت. عاشقبوون سۆفێتییە، سۆفییانە بیر نەکەیتەوە نابیت بە عاشق. عەشقی سۆفییانە بۆ خوایە، بەڵام دەشێ عەشقی نێوان دوو کەسیش سۆفییانە بێت.

* ئەگەر خۆشەویستی داماڵین لە ژیان، چۆن پێناسە دەکرێت؟ تۆ بڵێی ڕۆژانە ساڵۆنی دادگەکان پڕ دەبن لە جۆرەها خێزان و چاوەڕوانی جیابوونەوەن کە لە غیابی خۆشەویستییەوە ڕوو دەدەن؟

– ژیان بە خۆشەویستییەوە خەونە، بەبێ خۆشەویستی دەبێتە کابووس. ڕوونیشە کە کابووس پڕە لە ڕووداوی ترسناک و لە ناکاو، پڕە لە هەستی خنکێنەر و هێزی وێرانکەر. مرۆڤ ئەگەر ڕووبەری خۆشەویستی لە دڵ و دەروونیدا کەم بوو مانای ئەوەیە ڕووبەری ڕق بەرینترە، ڕق لەوانی تر. لە حاڵەتی واشدا ئەو مرۆڤە پێش هەر کەسێکی تر خۆی وێران دەکات، چونکە ڕق ژەهرە و دەروونی خۆی کردووە بە سەرچاوەیەک بۆ ئەو ژەهرە و لەوێوە ئەو ژەهرە ئاراستەی ئەوانی تر دەکات، بۆیە پێش هەر کەسێکی تر زیان بە خۆی دەگات.

خەرمانەیەکی وزەی سروشتی لە دەوری هەر مرۆڤێکدا هەیە پێی دەگوترێت کارمای ئەو مرۆڤە، ئەم کارمایە هەر لەو ڕۆژەوە ئەو مرۆڤە لە ناو زگی دایکی دروست دەبێت کارایە و ڕەفتارنامەی مرۆڤی تێدا تۆمار دەبێت. کاتێ خۆشەویستی ژیانی مرۆڤی داپۆشیبێت کارمای ئەو مرۆڤە پاک و بێگەردە و، لە کاتێکیشدا بە پێچەوانەوە بێت و ڕق و کینە و کارخراپی ڕووبەرێکی فراوانتری هەبێت لە ڕەفتاری ئەو مرۆڤە کارمای ئەو مرۆڤە دەشێوێت و

دەبێتە کەسێکی خۆوێرانکەر و کەسانی واش بەردەوام دەستیان دەبێت لە وێرانکردنی ئەوانی تر. بێگومان کەمبوونەوە و نەمانی خۆشەویستی دەبێتە هۆی ئەوەی تاوان زۆر بێت و هۆڵی دادگەکان پڕ بێت لە تاوانکار و قوربانی و ئەو مرۆڤانەی کە کارمایان بە وزەیەکی وێرانکەر گەمارۆ دراوە.

* ئایا مەهاباد تەواوکەری خۆشەویستییە یاخۆ خۆشەویستی تەواوکەری مەهابادە؟ تۆ بانگ دەکەی و دەڵێی وەرن با یەکتریمان خۆش بوێ، تا چەند هەست دەکەی ئەوانەی هاواریان بۆ دەکەی بە دەنگ داواکەتەوە هاتوون؟

- من هەمووکات لە ڕامانی خۆمدا بەدوای پێناسەکردنی خۆشەویستییەوە بووم و هەستم کردووە ڕۆژ بەڕۆژ باشتر دەچمە ناخییەوە و دەچێتە ناخمەوە. لەگەڵ زیاتربوونی هۆشیاریم زیاتر لە خۆشەویستی تێگەیشتووم و بە پلەکانی گەیشتووم. من کاتێ کە لە یاسای وزەی گەردوونی و خۆشەویستی گەردوونی تێگەیشتم توانیم لە نێو عەقڵی ناوەوەمدا بە دوای خۆشەویستی بگەڕێم و بە چاوی ناخەوەم خۆشەویستی ببینم و عەشق پێناسە بکەم. مرۆڤ لە هەرزەکاریدا خۆشەویستی دەکات، بەڵام لەو تەمەنەدا هێشتا هۆشیاریی مرۆڤ لە ئاستێکدا نییە لە عەشق تێ بگات و ڕەنگە تەنیا بە چاو خۆشەویستی بکات و بە دڵ هەستی پێ بکات.

دوای تێگەیشتن لە خۆشەویستی، لە ئێستادا هەست دەکەم خۆم خۆشەویستیم و دەتوانم بەردەوام خۆشەویستیش بەرهەم بهێنمەوە، چونکە بەردەوام بیر لە خۆشەویستی گەردوونی دەکەمەوە و بە پەیامی ژیانی خۆمی دەزانم.

بانگەوازی (وەرن با هەموومان یەکتریمان خۆش بوێ)، پڕۆژەیەکی گرینگی ژیانمە. بۆ ئەوەی کولتووری ئاشتیپەروەری و ژیاندۆستیمان هەبێت پێویستمان بە پڕۆژەی پەرەپێدانی خۆشەویستیی گشتی و گەردوونییە. من کەسێکی ئاینی نیم بەڵام بێ سنوور خوام خۆش دەوێ و باوەڕم وایە خوا لە

نێو هەر مرۆڤێکدا بوونی هەیە، بۆیە پێویستە هەموو مرۆڤ یەکتری خۆش بوێ. من کە تەماشای مرۆڤ دەکەم، ڕاستەوخۆ بەشە خواییەکەی ئەو مرۆڤە دەبینم و تەماشای پلە و پایەکەی، ڕوخساری دەرەوەی، پارە و سامانەکەی یان بڕوانامەکەی ناکەم و لەو مرۆڤەدا بۆ بەشە خواکەی دەگەڕێم بۆ ئەوەی خۆشم بوێت. زۆر کەس لەبەر ڕقێک کە لە خۆیاندا پەروەردەی دەکەن، بەشە خواییەکەی خۆیان دەکوژن و ئەو جۆرە کەسەن کە ناتوانین خۆشمان بوێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویست ناکات ڕقمان لێیان بێت. بە بڕوای من مرۆڤێکی ئاسایی کە بەشە خواییەکەی دەرکەوتووە پێویستە یان کەسانی تری خۆش بوێ، یان بێلایەن بێت بەرامبەریان و پێویست ناکات مرۆڤ ڕقی لە هیچ کەس بێت.

دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان لە دنیادا تەنیا بەوە توانیویانە ببن بە دەسەڵاتداری ڕەها کە خۆشەویستییان لە دەروونی خەڵکدا کوشتووە و ڕووبەری ڕق و تۆڵەیان بەرین کردووە لە دڵی خەڵکی وڵاتەکەیان. کاتێک هەستێکی وا بە بەرنامەوە هەموو وڵات بگرێتەوە ئیتر بەردەوام کارمای گەمارۆدراو بە وزەی وێرانکەر ئەو وڵاتە دەگرێتەوە و خەڵکی ئەو وڵاتە هەلا هەلا دەکات و شەڕ و پشێوی هەڵدەگیرسێ و ژیان دەشێوێنێت. شەڕ ئەو کارەساتەیە کە کارمای مرۆڤەکان تەڵخ دەکات و پڕی دەکات لە هەستی هەژاری، نەخۆشی و بێدەرەتانی و لە ئاکامدا ئەم هەستانەش دێنە دی و بە کردەوەش خەڵک و ژینگەی خەڵک وێران دەکەن.

* من پێم وایە هەموو مرۆڤێک لە ئەزموونی خۆشەویستیی پاکی خۆیەوە دەتوانێ نەخشەی جوانترین و پاکترین ئەو دنیایە بکێشێ کە خۆشەویستی دروستی دەکات. مەهاباد چۆن نەخشەی ئەم دنیایەمان بۆ دەکێشێ لە دوورگەیەکی گوناهدا، ئەو دوورگەیەی خۆشەویستی دەخاتە دۆزەخەوە؟

- مرۆڤ خۆی سەرچاوەی گوناهەکانە و زۆربەی جار بەدەستی خۆی

خۆشەویستی دەکوژێت. کە خۆشەویستیش دەکوژێ هەستی گوناھ گەمارۆی دەدات و کە هەستی گوناهیش پەرە دەستێنێ هەستە نێگەتیڤەکانی تریش کارا دەبن و کرداری خۆوێرانکەری پێ ئەنجام دەدەن.

ئەگەر بەدەستی من بێت و نەخشەی ژیانی کەسانی تر من بیکێشم، گومانت لەوە نەبێت کە پڕی دەکەم لە جوانترین وزەی خۆشەویستی و بچووکترین مەودا بۆ ڕق ناهێڵمەوە. بەڵام نەخشەی ژیانی هەر کەسێ بە دەستی خۆیەتی و شتێکە تەنیا لە نێوانی خۆی و خودی خۆی یان خوای خۆیەتی. کە دەوترێت چارەنووس بە دەستی خوایە ڕاستە، بەڵام خوا بە ڕێککەوتن لەگەڵ کەسەکە چارەنووسی دەنووسێت، مەبەستمە بڵێم خوا لە نێو خودی مرۆڤدایە و هەردەم دەتوانێ ڕاوێژی پێ بکات بۆ ئەوەی ڕەفتارەکانی بەو ئاقارە بێت کە ویژدان دەیخوازێت. خوا تەنیا خۆشەویستی داناوە و ڕق مرۆڤ خۆی دروستکەریەتی. باوەڕ بکە ئەگەر ئێمە هەر هەموومان یەکتریمان خۆش بویستایە، ئێستا کۆمەڵگەی ئێمە لە ئاستێکی تر و لە پێگەیەکی تردا بوو، هەروەها تاکی کۆمەڵگەی ئێمە لە پلەیەکی تردا بوو.

تەوەری نۆیەم

# پرسی تاوان

# لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی کوردستان

* بۆ قسەکردن لەسەر تاوان، وەکو دیاردەیەک کە پێوەندیی تەنیا بە مرۆڤەوە هەیە، پێویستە بزانین سەرەتا چۆن سەری هەڵداوە، بۆچی سەری هەڵداوە، تاوان چییە؟ بۆ مرۆڤ تاوان دەکات؟ کێ زیانمەند دەبێت لە تاواندا؟ هەندێ پێوەری ئاینی تاوان دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمی هابیل و قابیل. ئاینی مەسیحیش دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتاکانی پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر زەوی. تیۆرییە مرۆییەکانیش سەبارەت بە تاوان سەرەتا وای بۆ دەچوون مرۆڤ بە تاوانباری لەدایک دەبێت، هەندێکی تریش جەختیان لەسەر (الملامح) نیشانەکانی دەموچاو و لاشەیان دەستنیشان دەکرد بۆ ناسینەوەی تاوانباران. تۆ کام بۆچوون لەوانە بە تەندروست دەزانیت وەکو هۆکاری پەیدابوونی تاوان و مرۆڤی تاوانبار؟

- زۆرێک لە ئاینییەکان باوەڕیان بە نەمریی ڕوح هەیە و پێیان وایە کە ئەوە کلێشەکان (جەستەکان)ن کە دەمرن و ڕوح دەمێنێتەوە و دووبارە لە بەرجەستەبوونێکی تردا لە نێو جەستەی منداڵێکی تازە لەدایکبوو دێتەوە دنیا و دووبارە سووڕێکی تری ژیان دەژێتەوە و ئەم دۆخەش بەردەوام دەبێت و

دەشێ مرۆڤ سەدان جار، واتە هەزاران ساڵ بژی و هەر جارەی لە شوێنێک و لە کاتێکی جیاوازدا بێت. بەم پێیە ئەزموونەکانی ژیانەکانی پێشووی ئەو ڕوحە دەمێنێتەوە و تەنانەت هەندێ لە سیفەتەکانی کەسایەتی لە کارەکتەری نوێیشیدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. هیندۆسەکان و بوداییەکان و زەردەشتی و ئەهلی هەق و ئێزیدییەکانیش لەو ئاینانەن کە بڕوایان بە نەمریی ڕوحەکان هەیە. من خۆم ئەگەرچی پێوەست نیم بە هیچ یەکێک لەو ئاینانەوە، بەڵکە وەک فەلسەفە و لە ئەنجامی خوێندنەوە و ڕامان و ئەزموونی خۆمەوە باوەڕم بە نەمریی ڕوح لا پەیدا بووە، ئەمەش وام لێ دەکات باوەڕ بهێنم بە ئەزموونە دێرینە کۆکراوەکانی ڕوح و کاریگەریی ڕێژەییان لەسەر ئێستا و داهاتوومان.

کە ڕوح ئەو سیفەتە نەمر و زیندووەی هەبێت مانای ئەوەیە قابیل و هابیل کە بوونەتە سیمبۆلی تاوانی کوشتن، هەمووکات وەکو ڕوحی شەڕانگێزی و توندوتیژی لە نێوماندا و لە نێوانماندا ئامادەن و دەشێ لە هەر ساتێکدا ببن بە هەڵگیرسێنەری شەڕێک کە تاوانی جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە. تاوان زۆر جۆری هەیە، دزی و درۆش هەر تاوانن، بەڵام تاوانی کوشتن لە هەموو جۆرێکی تری تاوانەکان گەورەترە، چونکە کۆتا بە پرۆسەی ژیانی کەسەکان دەهێنێت.

با لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین، تاوان چییە و چۆن سەری هەڵداوە و بۆ سەری هەڵداوە؟ ئێمە کە وشەی تاوان و تاوانبار دەبیستین یەکسەر بیرمان بۆ کوشتن دەچێت، چونکە دژوارترینیانە، بەڵام تاوان بریتییە لە ئەنجامدانی هەموو کارێکی ناڕەوا. لە ژیانی مرۆڤایەتیدا قۆناغی جیاواز هەبووە و لە هەریەک لە قۆناغەکانیش پێوەر هەبووە بۆ دیاریکردنی کاری ڕەوا و ناڕەوا، لە ناو باوەڕی ئاینەکان و تیۆرییە فەلسەفییەکاندا ئەو پێوەرانە دەستنیشان کراون و نزیکەی هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی درۆ و دزی و توندوتیژی و کوشتن لە تاوانەکانن و بە تایبەتیش کوشتن لە هەرە گەورە و دژوارەکانە.

بۆ ئەوەی بزانین مرۆڤ بۆ تاوان دەکات، دەبێ بپرسین مرۆڤ بۆ کاری

نارەوا دەكــــــات؟ بەشـی هـەرە زۆری كـــــــارە نارەواكـــــــان لە پێناوی بەرژەوەندییەكاندا دەكرێن، كەواتە لەو دەمەوەی كە بەرژەوەندی دروست بووە كاری نارەواش كراوە و تاوان ئەنجام دراوە. دەتوانین مێژووی سەرهەڵدانی چین و توێژە جیاوازەكان بە مێژووی سەرهەڵدانی كارە نارەواكانیش بزانین، كە توندوتیژییان لێ كەوتووەتەوە، كە بەهۆیەوە دەیان جۆری تاوانیش ئەنجام دراوە. ئێمە لە تەوەرێكی تردا باسی شەرمان كرد و لەوێشدا باسم لە فاكتەری بەرژەوەندییەكان كرد كە دەبنە هۆی هەڵگیرسانی شەرەكان، بێگومان لە شەرەكانیشدا بەردەوام كاری نارەوا دەكرێت و تاوانی فرە رەهەند ئەنجام دەدرێن. قۆناغەكانی مێژووی مرۆڤایەتی و گەشەسەندنەكانی كۆمەڵگە پێشانمان دەدەن لەوەتەی بەرژەوەندییەكان سەریان هەڵداوە و دابەش كراون، نارەوایەتیش دروست بووە و چین و توێژەكانیش كەوتوونەتە ململانێ و خەباتكردن بۆ رەواكردنەوەی نارەواییەكان، كەواتە دەكرێ مێژووی سەرهەڵدانی تاوان و ململانێی چینایەتی یەك مێژوو بن.

* باشە ئەگەر بۆچوونە ئاینییەكە راستیی تێدا بێت، كەواتە ئاین دەتوانێ بەدیلی چی بێت بۆ نەهێشتنی تاوان؟

– ئاینە جیاوازەكان تەرحی جیاوازیان هەبووە بۆ نەهێشتنی تاوان، دەبینین لە هەندێكیاندا دەیەوێت تاوان بە تاوان چارەسەر بكات و بە شیر و تیر رووبەرووی تاوانكاران دەبێتەوە، وەلێ ئەم تەرحەیان قورەكە خەستتر دەكاتەوە و مرۆڤ گیرۆدەی هەستێكی هەمیشەیی بە گوناهەكان دەكات. بۆ نموونە ئەو رێكخراوە سیاسییانەی كە مۆركێكی ئاینییان هەیە و دەیانەوێ بە توندوتیژی و تەقینەوە و كردەوەی خۆكوژی و خەڵككوژی كێشەكان یەكلا بكەنەوە و لە ئاكامدا كێشەكان قووڵتر دەبنەوە و بە هەزاران تاوانی تریش ئەنجام دەدرێن. بەڵام ئاینی واش هەیە كە بە هێمنییەوە چارەسەری ململانێكان دەكات و لە روانگەیەكی پاكی روحییەوە دەروانێتە مرۆڤ و ژینگەكەی و دیاردەكانی دەوروبەری. لە ئاینی بوداییدا بۆ نموونە هەوڵی

تێگەیاندنی مــرۆڤ هـەیە لە ناوکی ڕوحی خــۆی و نـەمــریی ئـەو ڕوحــە و پێوەندییـەکی هەمیشـەیی لەگەڵ خـوایەکی میـهرەبان و جـوان، ئەمـەش وا لە مرۆڤ دەکات لەگەڵ خۆیدا هـەردەم لە ئاشـتیدا بێت و ئاشـتیخـواز بێت. ئەو ئاینانەی نەفرەت دەکەن لە توندوتیژی دەتوانن مرۆڤی واش پەروەردە بکەن کە بۆ سـەقـامگیـرکـردنی ئاشـتی تێ بکۆشـێت، کـەواتە ئاین هەیە لە هـەناوی خـۆیەوە مـرۆڤی ئاشـتیـخـواز بەرهـەم دەهێنێت. مـاهـاتما گـاندی پەروەردەی ئاینێکە کـە ڕای دەهێنێت دوژمنەکـەی خـۆی خـۆش بوێت، بۆیە ئەویش ئەم پەیامــە دەداتەوە بە ملیـۆنان خــەڵک و دەبێت بە ڕابـەری ئاشــتی لـە هەمــوو دنیادا. کاتێ گاندی پێمان دەڵێت: «ئەوە خۆشـەویستی نییە کە کەسێکت خۆش بوێت کە خۆشی دەوێیت، بەڵکە ئەوە خۆشەویستییە کەسێکت خۆش بوێت کـە ڕقـی لێتــە»، سـەیرە بە لای زۆربـەوە، بەڵام ئا ئـەمـەیە کـە ڕێگە لە ئاڵوگـۆڕی وزەی ڕەشی قین و بەدکـاری دەگـرێت. من وەکـو خـۆم گـاندیم بێ ئەندازە خۆش دەوێت و ئەو پەیامـەشی بە مـەزنترین پەیامی دنیا دەزانم و لە هەمـوو ئەو دۆخـانەشدا کە کەسێک ڕقێکی بەرامبـەرم پێشـان دابێت بە وتار یان کـردار، ئەو پەیامــەم بیـر کـەوتووەتەوە و هەوڵـم داوە کـاری پێ بکەم، بۆ ئەوەی وەڵامـی توندوتیــژی بە تـوندوتیــژی نـەدەمــەوە و بـە خــۆشــەویســتی چارەسەری ململانێکان بکەم. بە بێدەنگییەوە قووڵ بـوومەتەوە لە ناخی خۆم و کـەوتوومـەتە دواندنی خـوا خـۆشـەویسـتـەکەی نـاخم. بریا ئاینـەکانی تریش بیـانتوانیبـایە کەسـانی وەک مەهـاتما گاندی و دەلایلاما دروست بکەن کـە بوونەتە ئامرازی پەخشکردنەوەی پەیامـەکانی خـوایەکی جـوان، بە تایبـەتیش پەیامی خۆشەویستی و ئاشتی و ئاسوودەیی دەروون.

* لە دوای پەیدابوونی زانستی تاوانناسی، لێکۆڵینەوەکان دەریان خست زۆر لەو هۆکارانەی کە باس کراون بۆ دەستنیشـانکردنی تاوانبــاران تـا ڕادەیەک ڕاست نین، بە تـایبــەتی ئەو تیــۆرییــە بـایۆلۆجـیـیـە کـە بڕوای وایە مرۆڤ بـە تاوانبـاری لەدایک دەبێت،

واتە هۆکارەکان لە دوای سەرهەڵدانی زانستی تاوانناسی دەگەڕێنرانەوە بۆ نەبوونی پرۆژەی عەقڵانییەتی مرۆڤ کەچی دوای بەرکەماڵبوونی عەقڵ و تەکنۆلۆجیا تاوان بە ڕادەیەکی زۆرتر هەیە؟

– دەروونی مرۆڤ ئاڵۆزترین دەزگای نادیارە و هەتا ئێستا زانستەکان بەشێکی کەمیان لە چۆنیەتیی کار و کاریگەریەتیی ئەو دەزگایە بۆ دەرکەوتووە و ناساندوویانە. هەستەکانی مرۆڤ پێنجیان بەرهەستن و ناسراون، شەشەمیان پێوەستە بە نەستەکانەوە، بەڵام من خۆم پێم وایە مرۆڤ لەو شەش هەستەش زیاتری هەیە و ڕۆژێک ئەوانی تریش دەدۆزرێنەوە. نەستی مرۆڤ تا ئێستا و بەپێی لێکۆڵینەوە دەروونییەکان دابەشی سێ بەش کراوە (من) و (منی باڵا) و (منی بەرگریکەر)، کە من پێم وایە هەر ئەوەندە بەس نییە بۆ ناسینی مرۆڤ و دەشێ ڕۆژێ بەشی ئاڵۆزتری دەروونی مرۆڤ ئاشکرا ببێت بۆ لێکۆڵەر و دەروونناسەکان.

تاوان بە بڕوای من، ئیدی هەر جۆرێکی تاوان بێت، پێوەندیی بە گرێچنە هەرە ئاڵۆزەکانی دەروونەوە هەیە. مرۆڤێک کە لەبەر پارە کەسێک دەکوژێت، تاوانی کوشتن و دزی دەکات، چی وا لەو مرۆڤە دەکات ئەوەندە تەماحکار بێت ئامادە بێت لە پێناوی پارەدا مرۆڤەکان بکوژێت؟ بێگومان خودی تەماحکاری نەخۆشییە و پێوەندیی بە گرێی دەروونەوە هەیە. چی وا لە کەسێک دەکات درۆ بکات، بوختان بکات، گەندەڵی بکات؟ مرۆڤ بە درۆزنی لەدایک نابێت، گرێی دەروونییش بە خۆڕایی دروست نابێت، ژینگە و دەوروبەر و پەروەردە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە گەورە و بچووکی ئەو گرێیانەی کە ڕۆژانە لە ناخی مرۆڤەکاندا دروست دەبن. درۆکردن، دزیکردن، بوختان هەڵبەستن، ئیرەییبردن، دژایەتیکردن و... هتد ئەمانە هەموویان لە دەروونناسیدا دەچنە ناو چوارچێوەیەکەوە کە پێیان دەگوترێت (میکانیزمەکانی بەرگری)، هەموو ئەو کەسانەی کە ئەم ئاکارانە ئەنجام دەدەن بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەن بۆ بەرگریکردن لە دەروونی خۆیان دەیکەن لە هەڕەشەکانی دەوروبەریان، دەشێ

زۆربەی کاتیش ئەو هەڕەشانە وەهم و دڕدۆنگی دەروونی خۆی بن و ڕاستەقینە نەبن. خۆنەناسی و ناشارەزاییی دەروونی وا دەکات مرۆڤ ڕووبەڕووی کێشە و گرفتی سادەی ڕۆژانە ببێتەوە و نەتوانێ چارەسەری بکات و ئاڵۆزتری دەکاتەوە. زۆر لە تاوانەکان هۆکاری زۆر سادە پاڵنەریان بوون، بەڵام بەهۆی نەزانییەوە ئەو کێشانە ئاڵۆز کراونەتەوە و تاوانیان لێ کەوتووەتەوە. جاری وا هەبووە کوشتنی پیاوێک بۆ ژنەکەی لە ئەنجامی کێشەیەکی زۆر سادەی ڕۆژانەوە بووە، لەیەک تێنەگەیشتنێک دەتوانێ تاوانێکی لێ بکەوێتەوە. تەنانەت ئەو ئاینانەشی کە باوەڕیان بە نەمریی ڕوح هەیە، نالێن ئەو ڕوحانەی کە دێنەوە ناو دنیا ئەگەر لە ژیانی پێشوویاندا تاوانباریش بووبن، بۆ ئەوە دێنەوە کە بەردەوامی بە تاوانباری بدەن، زۆر بە پێچەوانەوە، ئەوان باوەڕیان وایە بۆ ئەوە دێنەوە کە هەڵەکانی ژیانی پێشوویان چاک بکەنەوە، واتە هەر جارەی کە دەژێنەوە بۆ ئەوە هاتوونەتەوە کە پەیامێکی نوێ و پاک بگەیەنن و یارمەتیی مرۆڤایەتی بدەن کە چاکتر بێتەوە و تاوان کەمتر بێت و خۆشەویستی زیاتر بێت، بەڵام مخابن ژینگە و پەروەردە و سیستەمی بیرکردنەوەی گشتیی کۆمەڵگە توندوتیژەکان زۆر جار ئەو مرۆڤانە گیرۆدەی توندوتیژی و تاوان دەکەن.

هۆکاری سەرەکی تاوان بەهۆی نەبوون یان کەمی خۆشەویستییەوە ڕوو دەدات. مرۆڤە توندوتیژەکان ئەوانەن هەستی دانوستاندنی خۆشەویستییان بەر زەبری گەورە کەوتووە. خۆشەویستی ڕووناکییەکە وەکو لایت ڕێگەی مرۆڤ بەرەو ناخی خۆی و خۆناسینی پێشان دەدات، کە ئەو ڕووناکییە نەبوو مرۆڤ گومڕا دەبێت و خۆی لێ ون دەبێت، کە خۆیشی لێ ون بوو خوایشی لێ ون دەبێت. خود و خوا پێوەندییەکی توندوتۆڵیان بە یەکەوە هەیە، کە خۆت ناسی خوا دەناسی و کە خۆشت نەناسی خواش ناناسی. کە خواشت نەناسی هەموو کارێکی ناڕەوا دەکەی. خوا لە نێو ڕوحی مرۆڤدایە و خودی ویژدان تۆوی خودایە لە ناو مرۆڤدا، کە ویژدانت لێ ون ببێت، دەشێ هەموو تاوانێک ئەنجام بدەیت، دەشێ وتار و کرداری ناڕەوا ببنە پیشەت. لە ژیانی

مـرۆڤـدا ڕووداوی زۆر گـەورە ڕوو دەدات، ئەو ڕووداوانە وەک پەیام وان کـە ویژدان دەیاننێرێت بۆ ئەو کەسە بۆ ئەوەی لەو دوورییـەی نێوان خـۆی و خوای خـۆی (ویژدانی خـۆی) ئاگەداری بکاتەوە، بەڵام زۆربەی جار مـرۆڤ پەیامـەکە ناخوێنێتەوە و فەرامۆشی دەکات و بەردەوام دەبێت لە کردەوەی ناڕەوا.

مرۆڤ بۆ ئەوە دروست نـەبووە تاوان بکات و ڕق بڵاو بکاتەوە، بەڵکە بۆ ئەوە هـاتووە تا بەخۆشـەویستی گەردوون جـوان بکاتەوە و ڕووناکیی دەروون پەخش بکاتەوە، بەڵام زۆربەی کات چەند کەسێکی گومڕا دەتوانن بە ملیۆنان خـەڵک بکەن بە گوناهبار و تاوانکار. بۆ نموونە دەستـەیەک پیاوی بەدکار پەیدا بوون کە سـەرۆکەکەیان سـەدام حـوسێن بوو، ئەمانە ماوەی سی و پێنج ساڵی ڕەبەق بەدکارییـان کرد و تاوانیان ئەنجـام دا و خەڵکیان لەسـەر تاوان پەروەردە کرد. لە ســایەی حـوکـمـڕانـی ئەو پیـاوانەدا مـرۆڤ دەبوایـە درۆ بکات بـۆ ئەوەی نەیکوژن، کـەواتە درۆکردنیان کرد بە نۆرمـێکی قبووڵکراو لای خـەڵک. ئەمـانە مرۆڤیان دەگرت و دەکوشت و دەئەنجنی، خەڵکیـان تۆقاندبوو، مرۆڤێکی تۆقیو ناتوانێت مـرۆڤـێکی ئـاسـایی بێت. بە ترس و تـۆقـاندن هـەزاران گـرێیـان لە دەروونی مـلیـۆنـان خــەڵک دروست کـرد، ئێـسـتــاش ئەو تـرس و تـۆقـاندنە بەردەوامە، ئەگەرچی ئەوان ڕووخان و لەسەر حـوکم نەماون، بەڵام سیستـەمی بیرکردنەوەیان ماوە و کاری پێ دەکرێت.

زانستی تاوانناسی پێویستە بایەخی تەواو بە هـەلومەرج و ژینگەی تاوانبار بدات کـاتێ دەیـەوێت لە تـاوانێک بکـۆڵێـتــەوە. زانست و تەکنولۆجـیـا کـاتێ بەردەسـتی مـرۆڤی عاقڵ و ئـاشتیـخواز دەکـەوێت دەیخـاتە خـزمەتـی مرۆڤـەوە، بەڵام کاتێ دەستی سـەدام حوسێن دەکەوێت مرۆڤی پێ تەفروتوونا دەکات. کە مادەی کیمیایی بەردەستی خەڵکی خێرخواز بکەوێت کۆمپانیای دەرمانـی پێ دروست دەکات، بەڵام پیـاوانی بەدکار چەکی کـیـمـیـاییـی پێ دروست دەکەن. ئاشتیخوازان تی ئێن تی بۆ دروسـتکردنی پرد و تونێل بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکار دەبەن، بەدکـارانیش لـە کـردەوەی خـۆکـوژیدا بەکـاری دەبەن. تاوان وەک پەتـا وایە تەشــەنە دەکـات، مـیکرۆبـە و بڵاو دەبێـتــەوە. تەنـیـا دووسێ کــەس

شەڕێکی ناوەخۆیی هەڵدەگیرسێن، بەڵام لە ماوەیەکی کورتدا دەیان هەزار بەگژ یەکدا دەچنەوە و سەدان هەزار کەس گیرۆدە دەکەن.

* پێت وایە لە وڵاتی ئێمەدا سەرچاوەی یەکەمی تاوانەکانی مرۆڤ بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ ئێمە کاتێ کە دیراسەی مەیدانیمان دەکرد لە سەربازگەی سەلام، زۆربەی کەسە بەتەمەنەکانمان دەبینی، هۆی چییە کابرایەکی پەنجا ساڵی بەهۆی خواردنی مادەی تلیاکەوە دەستگیر دەکرێت، یاخۆ کوڕێک کە کچێکیان پێ نەداوە، چەند کەسێکی کوشتووە و بووەتە تاوانبار و بەندیخانە بووەتە چارەنووسی؟

– لەم ماوەیەدا کتێبێک بە ناوی (ئۆقیانووسێک لە تاوان) بڵاو کراوەتەوە کە لەبارەی دیاردەی لەشفرۆشی و بازرگانی بەجەستەی ئافرەتەوەیە لە کۆمەڵگەی کوردستان. ئەم کتێبە پرۆژەی ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی خانزادە لە شاری سلێمانی و لە نووسین و شیکردنەوەی خەندان حەمەجەزایە کە بەڕێوەبەری ئەو ڕێکخراوەیە. لەو کتێبەدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەدان لەشفرۆش و لەشکڕ و سەرۆکی باندەکانی لەشفرۆشی لە شاری سلێمانی کردووە. لەو چاوپێکەوتنانەوە کە لەشفرۆشەکان بەسەرهاتی بەقوربانیبوونی خۆیان دەگێڕنەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی ئێمە خاوەنی چ سیستەمێکی بیرکردنەوەی ستەمکارانەیە. کولتووری پیاوسالاری هێندە ڕیشە ئەستوورە لە نێو پەروەردەی خێزان و لەسەر شەقام و لە نێو کۆمەڵگەدا، کە ڕۆژانە مرۆڤی سادیستت بۆ بەرهەم دەهێنن و ئەمانەش بێگومان دەبن بە تاوانبار. تاوانبار وەک وتمان تەنیا بریتی نییە لە پیاوکوشتن یان ژنکوشتن، مرۆڤی ئێمە ڕۆژانە زەبر لە کەرامەتی دەکەوێت و سووکایەتیی پێ دەکرێت. من گوتم کە ڕژێمی سەدام ڕووخا، سیستەمی بیرکردنەوەکەی بەجێ هێشتووە و لە سیستەمی پەروەردەی ئێمەدا و لە نێو قوتابخانە و زانکۆ و داوودەزگاکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا ئێستاش کاری پێ

دەکرێت. لە قسەی ئەو لەشفرۆشانەوە دەردەکەوێت کە هەندێ لە بەرپرسەکان چۆن کەڵکئاوەژوویان لە پارە و کورسییەکانیان وەرگرتووە و لەباتی ئەوەی عەقڵیان بەکار بهێنن و بیر لە ئاوەدانیی وڵات بکەنەوە، ئەندامی سێکسییان خستووەتە کار و بیریان لە غەریزەکانیان کردووەتەوە. تێکڕای لەشفرۆشەکان لەو کتێبەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە کڕیارەکانیان لە مەسئوولەکان و ڕۆشنبیرەکان و مامۆستا و قوتابییانی زانکۆن. کاتێ کە چیرۆکی ئەو ژنانە و دەردەسەرییەکانیان دەخوێنیتەوە، بۆت دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی ئێمە لە چ خەتەرێکدایە و چی چاوەڕێمان دەکات، چونکە عەقڵ لە وڵاتی ئێمەدا کەمترین کاری پێ دەکرێت و غەریزەکانی بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگە بەڕێوەمان دەبەن. بەپێی ئەو کتێبە زانستییە، تەنیا لە شاری سلێمانیدا زیاتر لە هەزار ماڵ بۆ لەشفرۆشی بەکار دەهێنرێت و لە هەریەکێکیانیشدا زیاتر لە پێنج لەشفرۆش سێکس دەفرۆشن و بەپێی قسەی خۆیان هەریەکێکیشیان ڕۆژی سەد کڕیار بەڕێ دەخەن!!! تۆ تەماشای مەهزەلەی ئەم کۆمەڵگەیە بکە. لە شارێکدا کە دانیشتوانەکەی کەمتر لە یەک ملیۆن کەسە، هەزار خانەی لەشفرۆشتن هەبێت و ئەو هەموو لەشفرۆشە هەبێ و هەریەکەشیان ڕۆژی سەد موشتەرییان هەبێت، مانای چی دەدات؟! ئەمە وێرانبوونی هەموو بەهایەکی مرۆڤە! ئەمە داڕمانە، ڕووخانی سترکتووری کۆمەڵگەیە و هیچ ئەلتەرناتیڤێکی تریش بۆ بنیاتنانەوەی لە ئارادا نییە. ئەو پیاو و ژنانەی بازرگانی بەجەستە و ویژدان و کەرامەتی مرۆڤەوە بکەن، چۆن بازرگانی بە تلیاکەوە ناکەن؟ بێگومان ئەم جۆرە مرۆڤە دزی دەکەن، تلیاک دەکڕن و دەفرۆشن و سیخوڕی بۆ دوژمن دەکەن و چی خراپتریشە دەیکەن. ئەم دۆخە هەر بەردەوامە و ئەوەتا ئێستاش ڕۆژانە لە شار و شارۆکەکانی عێراقەوە لەشفرۆش ئاودیوی کوردستان دەکرێتەوە و هەندێکیان دەگیرێن و دەخرێنە زیندانەوە، ئەوانی تریان لەلایەن باندەکانی لەشفرۆشییەوە دەخرێنە بازاڕەکانی لەشکڕین و لەشفرۆشتنەوە. ئایا ئەمە گەورەترین کەموکوڕی نییە بۆ دەزگای یاسادانان (پەرلەمانی کوردستان) لە وڵاتی ئێمەدا کە پازدە ساڵە دامەزراوە و

یاسایەکمان بۆ قەدەغەکردنی لەشکڕین و لەشفرۆشتن نییە! پێویستە لە کوردستاندا یاسایەک هەبێت لەشکڕین ئینجا لەشفرۆشتن قەدەغە بکات. ئەو دیاردەیەی کە لە کوردستاندا هەیە زۆر خەتەرە و هیچ پێوەندیی بەئازادی و ئازادیی تاکەکەسەوە نییە. مرۆڤی ئازاد لەش ناکڕێ و نافرۆشێ کە دەبێتە هۆی کەمبایەخکردنی مرۆڤ، مرۆڤی ئازاد لەشیشی و هۆش و بیریشی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەکار دەهێنێت. لە وڵاتێکی وەکو سوێددا کە کولتوورێکی ئازاد بەرقەرارە، بەڵام یاسایەک هەیە لەشکڕینی قەدەغە کردووە. ئەگەر لەش کڕیاری نەبێت فرۆشیاریشی نابێت، چونکە لەش لەم پێوەندییەدا کاڵایە و یاسای ئابووری (داواکردن و نواندن)ی بەسەردا دەچەسپێت. خۆزگە هەرسێ سەرۆکایەتییەکەی کوردستان بیریان لە پرۆژەی یاسایەکی وا بکردایەتەوە بۆ ئەوەی ئەم کۆمەڵگەیە لە تێوەگلانێکی حەتمی بپارێزن.

* زۆر جار ڕوو دەدات ژنانیش تاوان دەکەن و حوکمیش دەدرێن، بەبۆچوونی تۆ هۆکارە گشتییەکان چین وا لە ژنان دەکەن تاوان بکەن؟

– ژنانی تاوانبار بە تایبەت لە کۆمەڵگە نەریتییە پیاوسالارەکاندا لە زۆربەی کاتدا قوربانین و ئەگەر لە چیرۆکی هەر یەکێک لەو تاوانبارانە بکۆڵیتەوە و شی بکەیتەوە دەبینیت هەر یەکێک لەوان لە سەرەتاوە لەلایەن پیاوێکی ستەمکارەوە گیرۆدە کراوە.

ئەو لەشفرۆشانەی کە لە کتێبی (ئۆقیانووسێک لە تاوان) چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە، بە ڕوونی بۆت دەردەکەوێت کە چۆن هەر لە منداڵییەوە وەک کۆیلە ڕەفتاریان لەگەڵدا کراوە. پەروەردەی هەڵەی خێزان و ستەم و توندوتیژیی ناوماڵ و لێدانی برا و باوک و نێرینەکانی بنەماڵە زۆرجار هۆکارن لەوەی کچێک لە ماڵ ڕابکات و لەسەر شەقامیش تووشی پیاوانی لەوان ستەمکارتر دەبێتەوە و ئیدی وەک گورگی برسی تێی بەردەبن. ئەو کتێبە کە هەر لەم ماوەیەدا چاپ بووە، پەردە لە ڕووی ستەمکاری پیاوانی خێزان هەڵدەداتەوە

کە ئافرەتەکانیان پاڵ پێوەناوە بەرەو بەدڕەفتاری و پیاوانی تریش بەرەو تاوان ڕایان کێشاون. بەدەر لە هەموو ئەمانەش کاریگەری کولتووری نێرسالاری و ئەو توندوتیژییەی کە بەرهەمی دەهێنێت هەموو ئەو مرۆڤانە دەگرێتەوە کە پەروەردەی ئەو کولتوورەن بە پیاو و ژنەوە، بەڵام مرۆڤی هۆشیار بە پیاو و بە ژنەوە سوود لە توانای عەقڵیی خۆی وەردەگرێت و خۆی لە کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەو کولتوورە دەپارێزێت، مرۆڤە ناهۆشیارەکانیش بە پیاوان و ژنانیشەوە غەریزەکان بەڕێوەیان دەبەن و دەیانخەنە سێبەری کاریگەرییەکانی ئەو کولتوورە ستەمکارە.

بیرمان نەچێت کە کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا کۆمەڵگەیەکە نیوەی زیاتری نەخوێندەوارە و نیوەکەی تریشی کە خوێندەوارە کەمیان تێدایە کە لە سەرچاوەی هۆشیارییەوە بە ڕەگ و ڕیشەی کێشەکاندا بچنەوە، ڕووناکبیرانیش وەک پێویست نەیانتوانیوە قۆناغێکی ڕۆشنگەری لە کوردستاندا دروست بکەن. ئێمە پێویستمان بە ڕێنیسانسێکی کوردییە، پێویستمان بە پرۆسترویکایەکی کوردییە.

* تاوان خەسڵەتێکی ناشیرینی مرۆڤە، ئەگەرچی دیاردەیەکە خاڵی نییە لە هەر کۆمەڵگەیەک، پێت وایە لە کاتی ڕوودانیدا، تەنیا ئیجرائاتی پۆلیسی چارەسەر بێت؟

- بەڕاستی لە کاتێکدا تۆ ئەم پرسیارانەت لێ کردووم کە تازە لە خوێندنەوەی کتێبی (ئۆقیانووسێک لە تاوان) بوومەتەوە و هێشتا لە شۆکی ئەوەدام و سەرسامم کە چۆن ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە گیرۆدەی ئەو هەموو داوە بووەتەوە و ئەو هەمـوو تاوانە ڕوو دەدات. جگە لەوەش ڕەشەکوژی ژنان بەردەوامە و بە پاساوی شەرەف و ناموس و ئابڕوو ڕۆژانە چەندان ئافرەت دەکوژرێن.

دەبێت هەر هەموومان بیر بکەینەوە بۆ ئەوەی بزانین چی بکەین و چۆن ئەم کۆمەڵگەیە سەرلەنوێ بنیات بنێینەوە و لەسەر بنچینەی بەهاکانی مرۆڤایەتیی

یاسا و ڕێسا و ڕێنوێنیی بۆ کۆمەڵگەی خۆمان دابنێین. تەنیا ئەوەندە بەس نییە کە تاوانبار بگیرێت و سزای یاسایی بۆ دابنرێت، دەبێت هەڵمەتێکی نیشتمانی بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگەش دەست پێ بکات و داوودەزگای تایبەتمەندیش بۆ بنبڕکردنی هەریەک لە تاوانەکان دابنرێت. دەبێ دڵسۆزان خەمی ڕاستەقینە لە کێشەکان بخۆن و چارەسەری جۆراوجۆر پێشنیاز بکرێت و ئەزموون بکرێت.

ئێمە دەبینین هەرکە تاوانێکی زەق ڕوو دەدات، بۆ نموونە وەک ئەوەی (کوشتنی دوعا) کە کیژێکی حەڤدە ساڵی بە بەرچاوی هەزاران کەسەوە بە بەرد و بلۆک هەلاهەلا کرا، لەو کاتانەدا سەدان کەس دەست دەکەن بە نووسین و لە نووسینەکانیشدا زۆرتر تووڕەیی دەردەبڕن و توندوتیژی دەنوێنن بەرامبەر بەو توندوتیژییەی کە کراوە. هەر لە دوای ئەو ماوەیە ئیدی هەموو شتێک بێدەنگ دەبێت و تاوانی تری شاراوە، بە جۆر و شێوازی تر ڕوو دەدات و کەس لێی نایەتە دەنگ. ئەمە دیاردەیەکی زۆر خراپە کە ئێمە نەتوانین بەردەوام بیر لە چاکسازی بکەینەوە. ئێمە وەک ڕووناکبیری کورد دەبووایە بیرکردنەوە لە ڕیفۆرم بووبووایەتە نۆرمی ژیانمان، کەچی لە جیاتی ئەوە خەریکە بەگژیەکداچوون و دژایەتیی یەکتر دەبێتە نۆرمی ژیانمان.

لە وڵاتی ئێمەدا توندوتیژی لە زماندا، لە کولتووردا، لە پەروەردەدا و لە هەموو دیاردەکانی ژیاندا هەیە و مخابن بووەتە نۆرم، بۆیە پێویستە داوو دەزگامان هەبێت بۆ وردکردنەوەی تاوان و لێکۆڵینەوە لە هەر وردەکارییەکی ئەو تاوانانە. تاوان لە وڵاتی ئێمەدا تەنیا تاوانی کۆمەڵایەتی و چەقبەستوویی داوونەریتە کۆنەکانمان نییە، تاوانی سیاسی و تاوانی ئابووری و تاوانی کولتووریش ڕوو دەدات. نموونەم هەیە کە برایەک هەڕەشەی کوشتنی لە خوشکەکەی کردووە و تۆمەتی ئەخلاقی داوەتە پاڵی تەنیا لەبەرئەوەی تەنازولی بۆ بکات لە مافی خۆی لە خانوویەک کە لە باوکیانەوە بۆیان ماوەتەوە. ئەمە تەنیا نموونەیەکە لە سەدانی لەم جۆرە کە بە ناوی تاوانی کۆمەڵایەتییەوە دەناسرێت بەڵام لە بناغەوە تاوانی ئابوورییە.

تەوەری دەیەم

# پەروەردە و ئەخلاق

* قسـەکردن لـەسـەر ئەم دوو چەمکە زۆر هەڵدەگرێ، پێویسـتی بە بەکارهێنانی میتـودی شیتـەڵکاری هەیە، تایبـەت بەو بیـردۆزانەی کـە لەو سـۆنگەیەوە پەیدا بوونە. زۆرێک لـە بیـردۆزەکـان باوەڕیان بەوە هەیە کە ئەم دوو چەمکە تەواوکەر بن و بۆ یەکـتـری دەست بدەن، لەوانە بوونگەرەکان، تایفەیەکی تری بیـردۆزەکان هەیە لەو کاتـەوە کە ئەفلاتـوون نەخـشـەی کـۆمـارە یۆتـۆپییـەکـەی دادەنا و سیستـەمێکی تایبـەتی دانابوو بۆ جڤات، ئەویش بـە سیسـتـەمی تاقـیکردنەوەکـان بۆ پەروەردەبوون بـەناوبانگە، ئەخـلاق تێکەڵی پەروەردە بوو، نیتشەی فەیلەسووفی بوونگەرەکان دەڵێت ئەگەر بۆ تاوانبـار بگەڕێین ئـەوا زەردەشت تاوانبـاری یەکـەمـە، چونکە ئەو نەبووایە و ئەخـلاقی نەکردایەتە پێوەر، ئێسـتـا مـرۆڤ نەیدەزانی چاکـە و خـراپە چییـە و دڕندەییش پـەرەی نەدەسـەند. ئەم دیدە جیاوازانە تا وەکو سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆجیاکان درێژە دەکێشێ و تا ئێستاش لە مشتومڕدایە. بەبیروباوەڕی تۆ ئەم دوو چەمکە تا چ ئاست و ڕادەیەک پێوەندییان بەیەکەوە هەیە؟

– پەروەردەکردن بە مانای ڕاهێنانی مرۆڤە بۆ پەیڕەویکردنی یاسا و ڕێسا لە چوارچێوەیەکـدا کـە لـە هەر کـۆمـەڵگەیەکـدا دروست دەکـرێت و ئەو چوارچێوەیەش پێوەری تایبـەت بەو کـۆمـەڵگەیە دەسـتنیشـانی دەکـات.

پێوەرەکـانیش هـەر مـرۆڤ دەسـتنیشـانی دەکـەن، بەڵام نەک هەمـوو کـەسێک بەڵکە هەمـوودەم پێـوەرەکان ئەو گرووپانە دەسـتنیشـانی دەکەن کە دەسـەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی ئابووری، دەسەڵاتی ئایینییان بەدەستەوە بووە.

لە مـێژووی دێریندا کـە هێشـتا دەوڵەت و دامـەزراوە نەبووە، سـیسـتـەمی خـێـڵایەتی دەسـەڵاتی سـیـاسـی بووە و کـۆمـەڵگەکـانی بەڕێوە بردووە، بۆیە سـەرۆکەکـانی ئەو تایفـە و خـێـڵانە خـۆیان و بەپێی بەرژەوەندەکـانی خـۆیان پێـوەریان بۆ چاک و خـراپ و ڕاسـت و هەڵە داناوە. ئـەمـانـە هـەر خـۆشـیـان دەسـەڵاتی ئابووریی کـۆمـەڵگەکـانیـان بەدەسـتـەوە بـووە، بۆیە توانیـویانە پێـوەرەکـانی خـۆیان بچـەسـپـێنن. دەسـەڵاتی ئاینیش کـە بـرێتی بوونـە لەو پیـاوانەی کـە نـوێنەرایەتیی بـاوەڕیان کـردووە، توانیـویانە بـڕێکی تـری ئەو پێوەرانە دەسـتنیشـان بکەن کـە چاک و خـراپی پێ لەیەک جـودا کـراوەتەوە و چوارچێوەی ئـەخـلاقی پێ دروست کـراوە، چونـکە ئەمـانە دەسـەڵاتیـان بەسـەر دەروون و ڕوحی مـرۆڤـەکاندا هـەبووە و توانیـویانە کـاریگەری لەسـەر ناوەوەی مرۆڤەکان دابنێن.

لەگەڵ گەشـەسـەندنی کۆمەڵگەکـاندا، دانەرانی پێوەری ئەخلاقیش گۆڕانیان بەسـەردا هـاتووە. داهاتنـی ئاینەکـان و بە تایبـەتیش بیـری یەکـتـاپەرسـتی پێوەرەکانی ئەخـلاقی دایە دەسـتی خـوا و چوارچێوەکانیـشـی لە نێو کتـێبـە پیـــرۆزەکـــانی ئەو ئاینـانـەدا دیاری کـــرد. بودایزم، هیـندویزم، تاویزم، زەردەشـتـیزم و زۆری تر لەو باوەڕانەی کە هـەبوون چوارچێوەی تایبـەتیـان بۆ ئەخـلاق هـەبووە و لە ڕێگەی پەیامـبـەران و پیـاوانی ئاینیـیـەوە بە خـەڵک گەیەندراون و بەهـۆی ئەوەشـەوە ئەو پێوەرانە وەک ویستی خـوا ڕاگەیاندراوە و بەوپـەڕی گـوێڕایەڵیـیـەوە پـەیڕەوی کـراوە. لەگـەڵ گـەشـەسـەندنی زیـاتری کـۆمـەڵگەکـان و سـەرهـەڵدانـی ئاینـە ئاسـمـانیـیـەکـان، شـێوازی بـەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکانیش گۆڕانیان بەسەردا هات و پێـوەری تر هـاتنە گـۆڕێ کە لە کتێبە ئاسـمـانیـیـەکـاندا دەردەبڕدران کـە ئـەو پێـوەرانە بەبێ چەندوچوون پەیڕەوی دەکران، چونکە وەک پێوەری ڕەها و قسـەی خـوا دەستنیشـان کران و قسـەی

خواش قسەی هەڵنەدەگرت. لەسەر ئەم پێوەرانە و لە نێو ئەو چوارچێوەیەدا مرۆڤ پەروەردە دەکرا. ئیدی ئەودەم پەروەردە بریتی بوو لە پەیڕەویکردنی ئەو پێوەرانەی کە ئاینەکان دایان نابوو، پیاوانی ئاینیش دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە بوون. تەنانەت لە خۆرئاواش تا سەدەکانی ناوەڕاست دەسەڵاتی ئاینی دەسەڵاتی سیاسیی کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا بوو، لە وڵاتانی ئیسلامیدا تا ئێستاش دەسەڵاتی ئاینی و سیاسی جیا نەکراونەتەوە و پێوەرەکانی ئەخلاق، هەمان پێوەرە ئاینییەکانن.

یاسا دەتوانێ ببێتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ شێوەگرتنی ئەخلاق و پێوەرێک بێت بۆ دەسنیشانکردنی چاک و خراپ، بۆیە لەگەڵ دروستبوونی چەمکە سەرەتاییەکانی دەوڵەتدا چەمکی یاساش دروست بوو، کاری پێ کرا. ئەگەرچی لە سەرەتادا سەرچاوەکانی یاساش لەسەر بناغەی پێڕەوەکانی ئاینەکان بوون، بەڵام هێدی هێدی پێویستییەکانی کۆمەڵگەکان گەشەیان بە چوارچێوەکانی یاساش دەدا. بەپێی مێژوو، یاساکانی حەموڕابی یەکەمین یاسای مێژووی مرۆڤایەتین. ئەو یاسایە سەرەتاییانە بوون بە پێوەری هەڵسەنگاندنی ئەخلاقیش. بێگومان یاساکانیش بەپێی سروشتی فەرمانڕەوایانی ئەو کۆمەڵگانە دادەنرێن و فەرمانڕەوا دڕندەکان لە نێو یاساکانیشدا توندوتیژی دەنوێنن و بەپێی یاسا شەرعیەت دەدەن بە سیفەتی دڕندەیی. هەر بۆ نموونە لە یاساکانی حەموڕابیدا چاوهەڵکۆڵین و دەستبڕینەوە بۆ سزادان بەکار دەبرا و ئیدی وەک نۆرمێک ئەو توندوتیژییە چەسپا و هەتا ئەم ساڵانەی دواییش دیکتاتۆرەکانی ئەم دەڤەرە ئیلهامیان لەو یاسایانەوە وەرگرتووە، نموونەی ڕژێمی سەدام حوسێن لە عێراق کە هەموودەم شانازییان بەوەوە کردووە کە یەکەمین دەقەکانی یاسا لەو سەرزەمینەوە سەری هەڵداوە کە ئەوسا حەموڕابی و ئێستا ئەوان حوکمڕانیی دەکەن، بۆیە بە کردەوەش ئەو یاسایانەیان بەسەر خەڵکدا پیادە دەکرد و توندوتیژییان کردبوو بە نۆرم. کاتێ ئەو یاسایانە دەبن بە نۆرم، مانای ئەوەیە خەڵکانێکی زۆر لەسەر ئەو ئەخلاقە پەروەردە دەکرێن کە بە یاساش

ڕەوایەتیی پێ دراوە. مەبەست لە هەموو ئەم قسانە ئەوەیە بتوانین پێوەندیی نێوان ئەخلاق و پەروەردە بدۆزینەوە و بزانین لە بنەڕەتەوە کێ و چی کاریگەری لەسەر شێوەگرتنی ئەخلاقی کۆمەڵگەکان و پەروەردەکردنیان هەیە.

جگە لە دەسەڵاتدارانی سیاسی و ئابووری، دەسەڵاتدارانی فیکر هەوڵی خۆیان داوە بۆ دروستکردنی پێوەرەکانی ئەخلاق. فەیلەسووفەکان و بیرمەندەکان لە هەموو قۆناغەکاندا هاوتەریبی دەسەڵاتەکانی تر، بەڵام ئەمان لەسەر بنچینەی عەقڵ و لۆجیک لە دروستکردنی پێوەری نوێ و پەروەردەکردنی خەڵک لەسەر ئەو پێوەرانە ڕۆڵیان بینیوە. ئێمە دەتوانین زەردەشت وەک فەیلەسووفێکیش تەماشا بکەین، بەڵام ئەم فەیلەسووفە بۆ پراکتیزەکردنی تیۆرییەکان خۆی ڕۆڵی پێغەمبەرایەتیشی وەئەستۆ ناوە، بۆیە ئەو ڕۆڵەیان بەرجەستەتر بووە و وەک پێغەمبەرێک ناوی هێنراوە و فەلسەفەکەشی وەک ئاین پەیڕەوی کراوە. زەردەشت پێوەرێکی سادە و قووڵی بۆ مرۆڤ هەبووە و لە سێ دەستەواژەدا بەرجەستەن: (بیری باش، وتەی باش، کرداری باش). سەرەتا بیر، ئینجا زمان و ئینجا بەکردارکردنی ئەو بیرە باشانەی کە دەربڕدراون دەتوانێ مرۆڤێکی باش بهێنێتە بەرهەم. ئەو سێ دەستەواژەیەی کە زەردەشت بەرهەمی هێناوە کرۆکی ئەخلاقی مرۆڤێکی باش بووە، پێچەوانەی ئەمەش ڕاست بووە، چونکە ئەگەر مرۆڤ خراپ بیر بکاتەوە، خراپ دێتە گۆ و خراپ ڕەفتار دەکات، کەواتە زەردەشت بیرکردنەوەی کردووەتە سەرچاوە بۆ ڕەوشتی مرۆڤ، ئەمەش مانای وایە دەسەڵاتی داوە بە عەقڵی مرۆڤ خۆی و پەیڕەویکردنی بەرەنجامی بیرکردنەوەی مرۆڤ یەکسان بووە بە ڕەوشتی مرۆڤەکە. لەم دەستەواژانەوە دەتوانین زەردەشت وەک فەیلەسووفێکی عەقڵانی پێناسە بکەین، فەلسەفەکەشی بە فەلسەفەیەکی عەقڵانی بزانین، چونکە لەلای ئەو عەقڵ خوایە و لەلای هەر مرۆڤێک هەیە. فەلسەفەی عەقڵانیش دەتوانێ بۆ هەموو سەردەمێک برەوی هەبێت و لە ژیانی ڕۆژانەی ئەمڕۆشدا دەتوانرێت لە سیستەمی ژیان و پەروەردەدا سوود لەو فەلسەفەیە وەربگیرێت، بەڵام مخابن وەرنەگیراوە.

* پێت وایە ئەخلاق لە کۆمەڵگەی ئاڵۆزدا چ ڕۆڵێک دەبینێت، ئەو کۆمەڵگەیەی کە دورکهایمی کۆمەڵناس باسی دەکات، واتە کۆمەڵگەیەک پسپۆڕیەتیی ئەرکەکان بەڕێوە دەبات، لە کوێی ئەم کۆمەڵگەیەدا پەروەردە و ئەخلاق دەبن بە یەک؟!

– کۆمەڵگەی مۆدێرن لە ئەنجامی گەشەسەندنە خێراکانی ئابووری دروست بوو، کە لەگەڵ خۆیدا پێویستی جۆراوجۆریشی هێنایە ئاراوە، کە بۆ ئەو پێویستییانەش پسپۆڕیەتی بوو بە مەرجی سەرەکی بەردەوامیی ئەو گەشەسەندن و پێشکەوتنانە. ئەخلاقی پیشەیی داهات و جگە لەو پێوەرە گشتییانەی ئەخلاق، پێوەری نوێ و تایبەتی دروست کرا بۆ هەر پیشە و پسپۆڕیەتییەک. پزیشکێک جگە لەوەی ئەندامێکە لەو کۆمەڵگەیە و پەیڕەوی پێوەرەکانی ئەخلاقی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات، وەک پزیشکێکیش پێوەری تری تایبەت بە پیشەکەی دەیگرێتەوە و پەیڕەوی دەکات، بەهەمان شێوە بۆ ئەندازیار و مامۆستا و ڕۆژنامەنووس و زانا و... هتد. سوێندخواردن لە هەندێ پیشەدا کە ڕاستەوخۆ پێوەستە بە چارەنووسی مرۆڤەکانەوە، بۆ ئەوەیە پێوەرەکانی ئەخلاقی ئەو پیشەیە پەیڕەوی بکات.

* لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا دەبینرێت ئەخلاق پێوەرێکی ڕەهایە بۆ زۆر لە شتەکان، دەکرێ بزانین تا چەند ئاین هاوکاری مانەوەیەتی تا دەیگەیەنێتە کۆمەڵگەی ئاڵۆز بەو شێوە ستاتیکییە؟

– لە کۆمەڵگە نەریتییەکان داوونەریت و ڕێسای ئاینی جێگەی یاسا و جێگەی پێوەرە عەقڵانییەکانیان گرتووەتەوە. لە هەموو هەڵسوکەوتێکی ڕۆژانەدا ڕەچاوی داوونەریت و ڕێسای ئاینی دەکرێت و ئەگەر یاسا هەشبێت دەبێتە سەرچاوەیەکی لاوەکی بۆ پشت پێ بەستن. لە کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا کە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ڕوو دەدات، پەنا بۆ سوڵحی عەشایەری دەبرێت بۆ بنبڕکردنی ئەو کێشەیە، چونکە داوونەریتی عەشایری لەو کۆمەڵگانەدا حوکمی یاسا دەکەن. دادگە و یاساش لەو وڵاتە ئەگەر هەشبن، مادەم

کۆعەقڵی کۆمەڵگە تەرکیزیان لەسەر داوونەریتە، لە دادگەش کێشەکە یەکلا بکرێتەوە، هەر یەکلا نابێتەوە.

* لە سیستەمی پەروەردەی وڵاتی ئێمەدا هەر لە قوتابخانەکانەوە تاوەکو دەگاتە زانکۆکان پێوەرەکانی ئەخلاق کار دەکەن، واتە ئەو پێوەرانەی تاکی بێدەنگ و مولتەزیم، تاکی پرسیارنەکەر و شەرمۆک، بەئەخلاقن و پێچەوانەکەشی بێ ئەخلاقن. لەم حاڵەتەدا کامەیە ڕۆڵی پەروەردە، مەبەستم لە پەروەردە ئەو کاتەیە تاکەکە تەنیا ئەخلاقەکە فێر ببێ ئیدی مەعریفەی پێویست نابێت؟

– لە سیستەمی پەروەردەی وڵاتی ئێمەدا هەر ئەو پێوەری ئەخلاقیی باو و سەپاوە فێر دەکرێن کە داوونەریت و ڕێساکانی ئاین دایان ناوە و تەمەنی هەریەک لەو پێوەرانەش چەندان سەدەیە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، ئەگەرچی کۆمەڵگە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە.

قوتابخانەکانی ئێمە لە ڕووی فیکر و فەلسەفەی پەروەردەییەوە تا ئێستاکە کەلاوەن. تۆ ناتوانی لەسەر بناغەی ئەم وێرانەیە هیچ شتێکی باش دروست بکەیت. باس لە گۆڕانکاری لە سیستەمی پەروەردە دەکرێت، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەوانەی کە باسی گۆڕان دەکەن دەیانەوێ لەسەر داروپەردووی ئەو کەلاوەیە نهۆمی تر دروست بکەن، کە نابێت و ئەگەر دروستیش بێت، دەڕووخێت. وەک تۆ دەڵێی ئەو سیستەمی پەروەردەیە لە ماڵ و لە قوتابخانە و لە زانکۆکانەوە ئەو بەهایانەت لا دەچەسپێنن کە ڕێ لە گەشەی کەسایەتیی مرۆڤ دەگرێ. ترس و شەرم و ڕق و تووڕەیی و قبووڵنەکردنی یەکتر و هەموو سیفەتە ناپەسندەکانی تر، دەچەسپێنن. پێوەندیی نێوان دایک و باوک لەگەڵ منداڵدا لە ماڵەوە پێوەندییەکی سەربازییە و لەسەر بناغەی ترس و شەرم دروست دەکرێت. ئەم پێوەندییە لە قوتابخانەکاندا بەردەوام دەبێت و مامۆستا و قوتابی پێوەندییەکی عەسکەری لە نێوانیاندایە. نە لە ماڵ و نە لە قوتابخانە ئەو منداڵانە هەست ناکەن وەک

مرۆڤێکی داهێنەر تەماشا دەکرێن و وەک بچووک و نەزان مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و ئەمەش وا دەکات هەستی شەرم و ترس بەسەریاندا زاڵ بێت و لە قۆناغەکانی تری خوێندنیشدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

پێش قوتابخانە و سیستەمی پەروەردە و فێرکردن، ماڵ گرینگە و سیستەمی پەروەردەی خێزانی بناغەیە. لە وڵاتی ئێمەدا ئەگەر بمانەوێ سیستەمی پەروەردە بگۆڕین و خوازیاری سیستەمێک بین مرۆڤی بەهرەدار و داهێنەر و ئازادمان بۆ بەرهەم بهێنێت، پێویستە حکوومەتی وڵاتی ئێمە سیاسەتی گەشەپێدانی خێزانیی هەبێت و خێزانی هۆشیار بکاتە بناغەی دروستکردنی مرۆڤی هۆشیار. سیستەمی پەروەردەی قوتابخانەش دەبێ لەسەر بناغەیەکی تازە دروستکراو دەست پێ بکرێت، نەک لەسەر هەمان کەلاوەی کە هەیە. ئەگەر وا نەبێ لە ڕەنج بە خەساری زیاتر هیچی ترمان دەست ناکەوێت.

* لە ئاین و زۆربەی ئایدیۆلۆجیاکاندا بەرنامەی دروستکردنی تاک هەیە لەسەر بنەمای ئەخلاقی، دەکرێ بزانین هۆی چییە بە هەمان شێوە زۆربەی ئایدیۆلۆجییەکانیش ئەخلاق لە پشتییەوە خۆی حەشار داوە؟

– کێشەی ئایدیۆلۆجیاکانیش ئەوەیە کە قاڵبێکی دیاریکراوت بۆ دادەنێن و لە نێو ئەو سنوورەدا بیرکردنەوەت دەبەستنەوە بە پێوەرەکانی خۆیانەوە. سروشتی مرۆڤیش ئەوەیە کە بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە و توانای بێ سنووری هەیە لە گەشەسەندندا ئەگەر سنووردار نەکرێتەوە. حزبێکی دیاریکراو، ئایدیۆلۆجیایەکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و کە تۆ دەبیت بە ئەندام تێیدا، زۆر زەحمەتە بتوانی لە سنووری ئەو قاڵبە زیاتر پێش بکەویت کە ئەو بۆ تۆ دەیخوازێت. ئایدیۆلۆجیا و ئاین، بۆیە ئەو پێوەرە ئەخلاقییانە دادەنێن تا پەیڕەوکارانیان پابەند بکەن بەو قاڵبانەی خۆیانەوە و کۆنترۆڵی تەواوی بیرکردنەوەیان بکەن.

تەوەری یازدەم

# سیاسەت و ئاین

* پێم خۆشە لەم بەشەیاندا کەمتر لە بیردۆزەکانەوە سەیری واقیع بکەین، بگرە بە پێچەوانەوە لە واقیعەوە سەیری بیردۆزەکان بکەین. دوو ئاراستەی جیاواز هەیە لە هەریەک لە زانستی دەروونناسی و کۆمەڵناسیدا، یەکەمیان پێی وایە ئاین پێوەندیی بە تاکەوە هەیە، دووەمیشیان پێی وایە ئاین پێوەندیی بە کۆمەڵەوە هەیە. پێت وایە کامیان تەندروستە، لە کاتێکدا بۆچوونە دەروونناسییەکە بەردەوام پووچەڵ دەکرێتەوە؟

– ئەگەر ئاین بۆ مەبەستی زەمینە سازکردن بۆ پێوەندیی ڕوحیی نێوان مرۆڤ و خوا دروست بووە، ئەوە پێوەندیی بە تاکەکەسەوە هەیە و دەتوانین بڵێین ئاینی تاکەکەس بریتییە لە عەقڵی باڵا. چۆنیەتی و چەندیەتیی ئاشنابوونی هەر مرۆڤێ بەو عەقڵەوە بڕیار دەدات پێوەندیی نێوان مرۆڤ و خواکەی خۆی و ویژدانی باڵای، لە چ ئاستێکدایە. واتە ئەگەر ئاین مەبەستی بێت خۆشەویستی لە نێوان مرۆڤ و خوا بچێنێ، ڕێگە خۆش دەکات خوی مرۆڤ خوای خۆی، لە نێو هۆشیاریی خۆیدا بدۆزێتەوە.

بەڵام ئەگەر ئاین بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی مرۆڤ بێت و بیەوێت مرۆڤ بکات بە کۆیلەی خوا، ئەو کاتە ئاین تاکی لا گرینگ نابێت و دەکرێت بە ئامرازێک بۆ سنووردارکردنی کۆمەڵگە و بەستنەوەی بە پێوەرەکانی خۆیەوە، پێوەرەکانیش لە بەرژەوەندیی ژمارەیەکی کەمی خەڵکن، نەک هەموو خەڵکی.

به بڕوای من، ئەگەر مرۆڤ خۆی بە خۆشەویستی خوا و خوا بە خۆشەویستی خۆی بزانێت، پێوەندییەکی جوان و نموونەیی لە نێوانیاندا دروست دەبێت. ئەم خۆشەویستییەش تەنیا لەو کاتەدا دروست دەبێت کە مرۆڤەکە لە نێو هۆشیاریی باڵای خۆیدا، لە نێو ویژدانیدا خوای دۆزیبێتەوە. پێوەندیی نێوان مرۆڤ و خوا تەنیا لە دۆخی خۆشەویستیی باڵادا دەتوانێت پێوەندییەکی جوان و ڕێک و هاوسەنگ بێت، بەڵام ئەگەر مرۆڤ خۆی بە کۆیلەی خوا بزانێت و لەباتی خۆشەویستی لێی بترسێت، پێوەندییەکی ناهاوسەنگ لە نێوانیاندا دروست دەبێت و ئەو پێوەندییەش مرۆڤ لە بیرکردنەوە و گەشەسەندن دەخات.

هەندێ لە ئاینەکان وێنایەکی هێندە ترسناکیان لە خوا بە مرۆڤ داوە، کە مرۆڤیان گیرۆدەی جۆرێک لە ترس و تۆقین کردووە لێی، ئەو جۆرە کەسە لە ترسا خوا دەپەرستن نەک لەبەر خۆشەویستییان بۆ خوا. ئەم جۆرە خواپەرستییە دوورکەوتنەوەیە لە سروشتی مرۆڤانە و چوونە نێو دۆخێکە کە دەروون تیایدا گیرۆدەی گرێی ترس و تۆقین و خەمۆکی دەکات.

مرۆڤێک کە خوا دەپەرستێ و مومارەسەی باوەڕی خۆی دەکات، پێویستە هەردەم شادمان بێت بەوەی کە لەگەڵ خوادا هاودەمە و دەیدوێنێ، پێویستە هەست بە ئاسوودەیی و ئارامی بکات، کەچی لە هەندێ ئاین و لە هەندێ گرووپی توندڕۆی سەر بەم ئاین و ئەو مەزهەبدا وا لە مرۆڤ دەکەن تا ئەوپەڕی ڕادەی خەمۆکی بڕۆن و وا بزانن ئەمە لە پێناوی خوایە خۆیان گۆشەگیر و شەرمن بکەن و تەنانەت خۆیانی بۆ بەکوشت بدەن.

یەک خوا هەیە و هەر هەمان خوایە کە هەرچی ئاینە لە پێناویدا سەری هەڵداوە، کەچی هەر ئەم خوایە پێناسەی زۆر جیاوازی دەدرێتێ لە لای پیاوانی ئەم ئاین و ئەوی تر. ئەو خوایەی کە "ماهاتما گاندی" و "دەلای لاما" پێمان دەناسێنن، خوایەکە مرۆڤ ناتوانێ عاشقی نەبێت، خوایەکە وات لێ دەکات خۆت و مرۆڤەکانی ترت خۆش بوێت، وات لێ دەکات هەردەم لە فیکریدا بیت و لە فیکرتدا بێت، وات لێ دەکات بەیانییان هەڵدەستی هەست

بە شادمانی بکەیت و بەیانیی باشی لێ بکەیت، شەوان کە دەنوویت هەست بە ئارامی بکەیت و شەوباشی لێ بکەیت. بە کورتی ئەو خوایەی کە ئاشتیخوازێک و مرۆڤدۆستێک پێت دەناسێنێ وات لێ دەکات یەک چرکە لێی غافڵ نەبیت و هەردەم لە گفتوگۆدا بیت لەگەڵی و ڕێنوێنیت دەکات بۆ چاکە و دەتپارێزێت لە خراپە. بەڵام ئەو خوایەی کە شەڕخوازێک پێت دەناسێنێت، نموونەی ئوسامە بن لادن و هاوشێوەکانی، خوایەکە زندۆقت دەبات و لەبەر ترس خۆتی لێ دەشاریتەوە و لەبەر تۆقینت لێی لە خۆتی ون دەکەیت و دەیخەیتە نێو چینە هەرە هەرە سەخت و چڕەکانی نەستتەوە و دەشێ تا دەمری نەیدۆزیتەوە.

ئەو خوایەی شەڕخوازە مەزهەبییەکان بە مرۆڤی دەناسێنن مرۆڤ گومڕا دەکات، خۆی لێ ون دەبێت و هەندێک لەوان دەکەوێتە نێو دۆخێکی ئەوەندە ئاڵۆزی دەروونییەوە و ڕقی بەرامبەر بە خۆی هێندە ئەستوور دەبێتەوە، کە خۆی هەپروون بە هەپروون دەکات و خۆی دەتەقێنێتەوە و ژینگە و مرۆڤ و دروستکراوەکانی خواش وێران و تەفروتوونا دەکات.

ئەوانەی مەبەستیانە ئاین بە پاکی و جوانی بمێنێتەوە، دەبێ ئازادی بە مرۆڤ بدەن لە نێو ڕامانی خۆیدا و لە دۆخی هۆشیاریی باڵادا بڕیار بۆ پێوەندیی نێوان خۆی و خوا بدات. ئەگەر مرۆڤ خۆی و بە تێکۆشانی بێ پەروای خۆی و لە ئەنجامی پەرەسەندنی هۆشیاریی خۆیدا پێوەندییە ڕوحییەکانی خۆی ڕێک خست، ئەوسا ویژدانێکی تەندروست و ئاسوودەی دەبێت و مرۆڤایەتیش بەم دەردەی کە ئێستا تێیدایە نانالێنێ.

بە بڕوای من بۆچوونە دەروونناسییەکە دروستە و پێوەندیی نێوان "خود" و "خوا" پێوەندییەکی تاکەکەسییە و کۆمەڵگە لێی بەرپرسیار نییە. مرۆڤ لە دۆخی ئازادیی دەروونی خۆیدا دەتوانێ پێوەندیی نێوان جەستە و ڕوحی خۆی، دەرەوە و ناوەوەی خۆی بدۆزێتەوە و ئاسوودەی بکات. مرۆڤیش لە سروشتی خۆیدا وایە ئەگەر لێی گەڕێی و ئازادی هەبێت، دەتوانێ بە وردترین و قووڵترین خاڵی دەروونی خۆی بگات. مرۆڤ لەو قووڵبوونەوە و ڕامانانەدا

بێ شک خوای خۆیشی دەدۆزێتەوە و دەتوانێ خۆشی بوێ. پاولۆ کۆیلۆ دەڵێ: خوا لە هەموو شوێنێکە کە ڕێگەی چوونە ژوورەوەت پێی دابێ. ئەمرسۆن دەڵێ: خوا لە دەروازەیەکی تایبەتەوە دێتە نێو هەر تاکەکەسێکەوە.

* باشە ئەگەر ئاین لە کۆمەڵگە نەریتی و عورفییەکاندا ڕۆڵی دیسپیلینکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی ببینێت، لە کۆمەڵگە ئاڵۆزەکاندا ڕۆڵی چی دەبینێت؟

– لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا، یاسا بۆ هەموو شتێک هەیە و یاسا جێگەی داوونەریتەکان و عورف و عادەتەکان و ڕێسا ئاینییەکانیشی گرتووەتەوە. هەر کاتێ پێویست بکات و بۆ دۆخێکی دیاریکراوی شڵەژاو پێویستیان بێت، بە یاسایەک ئەو دۆخە ڕێک دەخەنەوە و ڕێنوێنی و زانیاری لەبارەی ئەو دۆخەوە دەدەن و شتە شێواوەکان بە شێوەیەکی تەندروست جێبەجێ دەبنەوە. دیسپیلین شتێکی ڕەها نییە کە بۆ هەموو کاتێک و هەموو شتێک بگونجێت، شتێکی ڕێژەییە و دەبێ لە کاتی گۆڕانی بارودۆخی ژیاندا ئەویش گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت. یاسا بۆیە باشە، چونکە مرۆڤ وەک شتێکی ڕەها نایبینێت و دەتوانێ گۆڕانی بەسەردا بهێنێت و لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بیگونجێنێت. بەڵام ئەگەر تێکستە ڕەهاکانی ئاینەکان ببن بە سەرچاوە بۆ دیسپیلین، ئەوسا لەگەڵ گۆڕانکارییە تازەکاندا ئەوان لە کەڵک دەکەون و ناشێ گۆڕانیان بەسەردا بهێنرێت چونکە ڕەهان و ڕێژەیی دانەنراون.

ئاین لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا بۆ تاکەکەس بەجێ هێڵدراوە تا وەک چۆن خۆی دەیەوێت سوودی لێ وەربگرێت و بیکات بە ئامرازی پێوەندیی نێوان خۆی و خوا و ڕوحەکان و فریشتەکان. بۆیە تاکەکەسیش لە کاتێکدا کە پێویستی بەگەشەدانە بە ڕوحی خۆی، بێ هیچ سڵکردنەوەیەک ڕوو لە ئاین دەکات و لەو ئامرازە سوود وەردەگرێت بۆ ئەوەی ئاڵۆزی ژیانی مۆدێرنی پڕ لە تەکنۆلۆجیای بۆ ئاسان بکاتەوە. ئاین ئامرازە و مرۆڤیش ئامانج، ئەو ئامرازە پێویستە لە پێناوی بەختەوەریی مرۆڤدا بەکار بهێنرێت، هەر کاتێ پێویستی

بەو ئامرازە بوو بەکاری ببات و خۆی بڕیار بدات کەی و چۆن بەکاری دەبات، چونکە تاکەکەس هەر خۆی دەزانێ کەی پێویستی بەو ئامرازەیە. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە ئاین کرا بە ئامانج و مرۆڤ بە ئامراز، ئەوە وەک ئەو دۆخە کارەساتبارانەی لێ دێت کە لە وڵاتانی دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوو دەدات و بە تایبەت ئێستاکە و لە عێراقدا، کە ئاین بووەتە مایەی دەردەسەری و نابەختەوەریی مرۆڤ. ئێمە دەبینین چۆن مرۆڤ لەم وڵاتەدا و لە سایەی هێزە مەزهەبییەکان وەک ئامراز دەبینرێن و هەموو شتێکی ناشایستەیان بەسەر دەهێنرێت لە پێناوی ئامانجەکە کە نەک تەنیا ئاینەکەیە، بەڵکە ئەم مەزهەب و ئەو مەزهەبی ناو ئاینێک کراوە بە ئامانج. بەڕاستی ئەم ڕەفتارانە یەک پنتی هۆشیاری نایانگرێتەوە و تەواو ناعەقڵانین.

* هەندێک لە ئاینەکان، ئیسلام وەک نموونە، خۆی بەهەڵگری فەلسەفەی ژیان دەزانێت، واتە هەموو مرۆڤێک بۆی نییە لە دەرەوەی ئەو بیر بکاتەوە، خۆ ئەگەر بیریشی کردەوە ئەوە بە یاخی دەژمێردرێ. هەندێ لە عەلمانییەکانیش باوەڕیان وایە ئەم ئاینە ئاینێکە پێویستییەکی کۆمەڵگەی عەرەبیی ئەو کاتە بووە و مرۆڤی ئەو سەردەمەی لەو تەنگەبەری ژیانە ڕزگار کردووە، بەڵام ئێستا ئەگەر نەتوانرێ دووبارە بخوێندرێتەوە و هاوسەنگ بکرێ لەگەڵ بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکاندا، ئەوا ئاڵۆزی و پشێویی کۆمەڵایەتی دروست دەکات. بە شێوەیەکی گشتی پێت وایە ئاین هەڵگری هەمان ناواخنی فەلسەفە بێت بۆ ژیان؟ ئاین فەلسەفەیە؟ ئەو ڕەهابوونەی ئیسلام لەسەر حەقیقەتەکان، واتە باوەڕبوون بە تەنیا حەقیقەتێک، لە دنیای ئەمڕۆدا چۆن سەیر دەکرێت؟

– ئاینی ئیسلام، وەک تەمەن لە نێو هەموو ئاینەکاندا گەنجترینیانە، بۆیە ئەزموونی هەموو ئاینەکانی تریشی وەرگرتووە و لە نێو خۆیدا موتوربەی

کردووه. بەڵام گومانی تێدا نییە کە سەرهەڵدانی بیری ئاینی ئیسلام پێویستییەکانی ئەوسای کۆمەڵگەی نیمچە دوورگەی عەرەب، هێنایە کایەوە، بۆیە دەبوایە ئاینەکە چاویلکەیەک بێت بارودۆخ و پێویستییە فیزیکی و دەروونی و ڕوحی و مادییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی پێ ببینێ و بخوێنێتەوە. بەڵام ئیسلام هەر لە سەرەتاشەوە تەنیا وەک فەلسەفەیەکی ڕوحیی ڕووت بەرهەم نەهات، بەڵکە وەک بەرنامەیەکی تەواو بۆ حوکمڕانی کۆمەڵگەش تیۆری خۆی هەبوو، بۆیە دەبینین لە کتێبی پیرۆزی ئەم ئاینەدا وردەکاریی تەواو هەیە سەبارەت بە باری ئابووریی کۆمەڵگەیەک، باری کۆمەڵایەتی و کولتووری، شێوازی ژیان و حوکمڕانی، باری کەسیەتی و یاسا و.... هتد. کەواتە ئەم دینە ئەوسا بۆ ئەوە داهێنراوە کە دەوڵەت بەڕێوە ببات، هەر ئەم خاڵەشە کە ئەم ئاینە لە هەموو ئەوانی تر جیا دەکاتەوە. ئەوانی تر ئامانج لە سەرهەڵدانیان پڕکردنەوەی پێویستییە ڕوحی و دەروونییەکانی مرۆڤ بووە، ئەگەرچی هەندێک لەو ئاینانەش سەردەمانێک کۆمەڵگەی پێ بەڕێوە براوە، نموونەی ئاینی کرستیان کە تا سەدەکانی ناوەڕاست کۆمەڵگەکانی پێ بەڕێوە براوە.

بەپێی تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی دەوڵەت پێویستی بە ئامرازی سەرکوتکردنیش هەیە بۆ ئەوەی پایەکانی فەرمانڕەواییی لەسەر بچەسپێنێت. دورکهایم دەڵێ: زەبروزەنگ یەکێکە لە ئامرازە کاریگەرەکانی دەوڵەت. کە ئاینی ئیسلام بۆ سیاسەت و بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە بەکار هێنرا و خەلافەتەکانی دەوڵەتەکانی عەباسی و ئومەوی و ڕاشیدی و..... هتد، نموونەی ئەوسان و لە ئێستاشدا هەندێ دەوڵەتی وەک ئێران و سعوودی کاری پێ دەکەن و حزبە مەزهەبییەکانیش لە عێراق و شوێنی تریش دەیانەوێت ئاینی ئیسلام بۆ دەوڵەتڕانی بەکار ببەن، ئیدی تیۆرییە کۆمەڵناسییەکەش بەسەریدا دەچەسپێت و ئاینەکە خۆی دەبێت بە ئامرازی زەبروزەنگ و سەرکوتکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگە.

بەڵام ئەگەر ئاینی ئیسلام بەرنامەی بۆ دەوڵەتداریش هەبووبێت، بۆ جۆرە

دەوڵەتێکی ساکاری کۆمەڵگەیەکی کلاسیکی هەیبووە، کە هەزار و چوارسەد ساڵێک پێش ئێستا بووە و دەشێ حوکمی ئەو تیۆرییانەش کە بۆ دەوڵەتدارین چەند سەد ساڵێک بەدەردی کۆمەڵگەی خواردبێت. بەڵام بۆ ئێستا و کۆمەڵگە مۆدێرنەکانی ئەم چەرخە ناشێ هیچ یەکێک لەو بەرنامە ئامادە و ڕەهایانە سوودیان لێ وەربگیرێت. بۆیە کە لە ئەمڕۆدا حزبە ئیسلامییەکان بۆ مەبەستی دەوڵەتڕانی ئاین بەکار دەبەن و دەیانەوێ هەر بەو ڕەهاییەش کاری پێ بکەن، جگە لە ڕەفتارێکی ناعەقڵانی مانایەکی تری نییە، چونکە بەوە زیانێکی یەکجار زۆر لەو بەشەی ئاینەکەش دەدەن کە پێوەندیی نێوان مرۆڤ و خوا ڕێک دەخات.

* پێم خۆشە کاتێ باس لە پێوەندیی ئاین بە سیاسەتەوە دەکەین، زۆرتر تایبەتی بکەین بە وڵاتی خۆمانەوە، وەکو سەرەتا وتمان لە واقیعەوە خوێندنەوە بۆ شتەکان بکەین، بەڵام لێرەدا حەز دەکەم قسەیەکی بەختیار عەلی بهێنمەوە کە دەڵێت: "ئاین و سیاسەت بێ یەک ناژین، هەردوو پرۆسەکەش بە ئەندازەی یەک مەترسییان لەسەر ئازادی هەیە". هەریەک لە ئاین و سیاسەت لە واقیعی ئێمەدا هەڵگری کۆمەڵێک یۆتۆپیان بۆ هێنانە دی ئازادی، کەچی ئازادییش تەنیا وشەیە و نەبووەتە هۆشیاری و پراکتیک نەکراوە. بە بڕوای تۆ کامەیانە زیاتر لەمپەرن لە بەردەم ئازادیدا ئاین یان سیاسەت؟

– ئەگەر ئەو قسەیەی بەختیار مەبەستی لە ئاینی ئیسلام بێت و ئەگەر مەبەستی لە سیاسەتێکی تۆتالیتاری بێت، جیایە، بەڵام ئەم قسەیە بۆ هەموو ئاینێک و بۆ هەموو سیاسەتێک نابێت، چونکە هەندێ ئاین بەبێ سیاسەتیش ژیاون، وەک ئاینی بودایی کە تێکەڵاو بە دەوڵەتڕانی و سیاسەت نەکراوە و لە ئاستە ڕوحییەکەدا هێڵدراوەتەوە. هەندێ سیاسەتیش هیچ مەترسییان بۆ سەر ئازادی نییە، وەک تیۆرییە سیاسییەکانی دیموکراتی و لیبراڵدیموکراتی

کە لە پراکتیکیشدا و لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتیشدا نموونەی باشی سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵاتن. بەڵام خودی ئازادیش شتێکی ڕەها نییە تا قاڵبێکی پڕاوپڕی خۆی بۆ دروست بکرێت. ئازادی بەهایەکە و هیچ یەک لە بەهاکانیش ناکرێ بەپێوەرە ڕەهاکان بپێورێن. هەریەک لە سیستەمەکانیش سنوورێکی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ ئازادی و ئازادیی گشتی بە یاسا ڕێک دەخەن و ئازادیی تاکەکەسیش پابەند دەبێت بە یاسا و ڕێنوێنییەکانی ئەو سیستەمەی کە وڵات بەڕێوە دەبات، بۆیە ئەوەی کە گرینگ بێت بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی تاکەکەس و ئازادیی گرووپ و ڕێکخراوەکان، ئەوەیە کە سیستەمێکی دیموکراتی یان لیبراڵ دیموکراتی وڵات بەڕێوە ببات، کە دەتوانێت بەڕێژەیەکی باش ئازادییەکان دەستەبەر بکات و توانا مرۆییەکان تیایدا گەشە بکەن.

ئاینی ئیسلام هاوتەریب لەگەڵ سیاسەتدا ژیاوە. وەک وتم لە نێو خودی ئاینەکەدا بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەیە، کە ئەمانە ڕایەڵەکانی هەر دەوڵەتێکن و ئەوانەشی کە ئاینی ئیسلامیان کردووەتە بنەمای حزبەکانیان، مەبەستیانە دەوڵەت بەدەستەوە بگرن و دەوڵەتێکی ئیسلامی دروست بکەن. بێگومان ئەمانە کە دەوڵەت بە دەستەوە بگرن، بەرنامەکانی دەوڵەتێک بەکار دەبەن کە بۆ چواردە سەدە پێش ئێستا دانراوە و حوکمەکانی ئەو بەرنامەیەش ڕەهان نەک ڕێژەیی و قابیل بە گفتوگۆ و گۆڕان نییە. لەبەر ئەم ڕەهابوونەشە کە دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئازادیی مرۆڤەکان، چونکە مرۆڤی هاوچەرخ پێویستییە مادی و مەعنەوییەکانی یەکجار زۆر جودان لە مرۆڤی چواردە سەدە پێش ئێستا و تەنانەت لە یەک سەدەدا ئەوەندە گۆڕانکاری ڕوو دەدەن کە پێویستییە ڕوحی و فیزیکییەکانی مرۆڤیشی لەگەڵدا دەگۆڕێن و پێویست بە دروستبوونی دیدی نوێ دەکات بۆ بینینی ئەو ڕیالیتە تازەیەی کە هاوچەرخە و پیادەیە. هەر حکوومەتێک بەرنامەیەکی ڕەها پیادە بکات، بێگومان حکوومەتێکی تۆتالیتاری دەبێت و مەترسی نەک تەنیا بۆ سەر ئازادی بەڵکە بۆ سەر ژیانی هەر کەسێک دەبێت کە بیر لە ئازادی بکاتەوە. بۆیە کاتێ ئاین دەکرێت بە ئامانجی سیاسەت و

بەرنامەی سیاسەت و دەوڵەتداری، ئەوسا دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئازادیی مرۆڤ. بەڵام ئەگەر ئاین دوور بێت لە سیاسەت و ئەگەر دین و دەوڵەت لەیەک جودا بن، دینەکە پارێزراوتر و پاکتر دەمێنێتەوە و دەوڵەتەکەش ناشێوێت و تووشی تەنگژەی بەڕێوەبردنی نامۆدێرن و تەنگژەی ئازادی نابێت.

* کە سەیری گۆڕەپانی سیاسیی وڵاتەکەمان بکەین، دەبینین لەم دە ساڵەی دواییدا ئیسلام وەکو سیاسەت کار دەکات و بە فراوانیش لە ڕووی نفوزەوە دەبینرێن و خاوەنی دەیان دەزگای گەورەی جیاواز جیاوازن. میانڕەوەکانیان زۆرێک لە دیاردەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەشەرعێنن و سەرچاوەکانیان دەگەڕێننەوە بۆ ئاینی ئیسلام. تۆ پێت وایە ئەمەیان لە بێ پڕۆژەیی سیاسیی کوردییەوە سەری هەڵداوە یاخۆ ئەو ئاینە خاوەنی هەموو چەمک و سەرچاوەکانی ژیانە؟

- لە کوردستاندا ئیسلامی سیاسی بە چەند شێوازێک و لە چەند ڕێکخراو و حزبی جیاواز کار دەکەن و ئامانجی سەرەکیی هەریەک لەو حزبانەش بێگومان گرتنەدەستی دەسەڵاتە. وەک دەبینین ئێستاش لە نێو دەسەڵاتدا بەشی خۆیان بردووە و بەردەوامیشن لە داواکردنی بەشی زیاتر. ئەوەش ڕاستە کە میانڕەوەکانیان بەردەوام هەوڵ دەدەن و ڕێگە دەدۆزنەوە بۆ ڕەوایەتیدان بە دیاردە مۆدێرنەکان و خۆگونجاندنیان لەگەڵیاندا. حزبی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ نموونە دەیەوێ سوود لە ئەزموونی حزبی داد و گەشەپێدانی تورکیا ببینێت و خۆ لەگەڵ جیهانی نوێ و پێشکەوتنەکانیدا بگونجێنێت. لە ئێستادا بۆ نموونە بەپێی پێشنیازەکانی هەندێ لە تیۆریسێن و ئەندامانی کارای سەرکردایەتییان، بیر لەوە دەکەنەوە ناوی حزبەکەشیان بگۆڕن و وشەی "ئیسلام"ی پێوە نەهێڵن، بۆ ئەوەی بتوانن دەست ئاوەڵاتر بن لە خۆگونجاندن لەگەڵ دنیای مۆدێرن. وەک چۆن حزبی داد و گەشەپێدان بە ناوەرۆک ئیسلامییە و هیچ پێشوپاشگرێکی ئیسلامیی پێوە نییە، بۆیە

توانیـویەتی لە دەوڵەتێکی عـەلمانیی وەکـو تورکـیـادا گـەشـە بکات و ببـێـتـە حوکمڕان، هەر بەو شێوەیەش ئەمان بیر لە گەشەسەندنێکی ئاوا دەکەنەوە بۆ حزبەکـەی خـۆیان لە کوردستـاندا و بە ئومـێدی ئـەوەشن دوارۆژی نزیک هـی ئەوان بێت لە حوکمڕانی کوردستاندا . ئەم جۆرە حزبە هەر بۆ ئەو مەبەستی بردنەوەی دوارۆژە، هەوڵ دەدەن نزیکتر بکەونەوە لە عەقڵانییەت و عەلمانییەت، هەوڵ دەدەن ڕێژەییتـر بڕواننە دیاردەکان، بۆ ئەم مـەبەستـەش پێویستـیـیـان بەوەیە خـۆیان لەو ناوە ڕزگـار بکەن کـە بە ئاینیـان دەبەسـتـێـتـەوە و ئاینیش بواری ڕێژەییبوون و نزیکبوونە لە عەلمانییەت نادات.

بێگومـان هەمـوو ئەمانە دەچنە خـانەی ڕیفـۆرمـەوە و هەنـدێ لەو حزبانە بۆ خۆگونجـاندن لەگەڵ واقیعدا ڕیفـۆرم دەکەن و ڕیئۆرگانیـزەی خۆیان دەکەنەوە. لە بەرامـبەر ئەمانیـشـدا حزبەکانی تر هەن و بەتایبـەت دوو حزبە گـەورەکەی کوردستـان کـە ئێستـا بە هاوبەشی حوکمڕانی کوردسـتـان دەکەن. ئەمـانە دەبووایە زووتر لە هەر حزبێکی تر بەرنامـەی بەرفراوانیان بۆ ڕیفـۆرمی جیدی و کـاریگـەر هەبووایە و لەبارەی سـتـرکـتـووری ڕێکخـراوەییـشـەوە، دەمـێکە پێـویسـتـیـیـان بە ڕیئـۆرگـانیـزەی خـۆیانە، بەڵام بە بڕوای من وەک پێـویست کاریان بۆ ڕیفۆرمی کۆمەڵگە و ڕیئۆرگانیزەی حزبەکانی خۆیان نەکردووە. من پێم وایە ئێسـتـاش درەنـگ نییـە کە پارتی و یەکێـتی دەست بـە چاکسـازیی هەمـەلایەنە بکەن و بەرنـامـەکـانی خـۆیان لـەگەڵ عـەلمانییـەت و عـەقـڵانییـەت بگونجێن و خۆیان ڕێک خەنەوە بەو شێوازەی دنیای نوێ دەیخوازێ.

* پرسـیـارێکی بـاو، بەڵام ڕەنگە دیوێکی زۆریشـی پەنهـان بێت، بۆچی لە کـوردسـتـانیـشـدا وەکو دنیا بـە گشـتی هەر کـردەوەیەکی توندوتیژی سـەرهەڵبدات سـەرچاوەکەی دەگەڕێندرێتەوە بۆ ئاین؟

- چونکە هێـشـتـا خـەڵکێکی زۆر لە وڵاتانی دنیـا و دەوروبەرمـان و لە کوردستـانیشـدا هـەر بە چاویلکەی ئاین دنیا دەبینن و ئەو چاویلکەیەش تەنیا وێنـەی ڕەش و سـپی دەبینێت نـەک وێنـەی ڕەنگاوڕەنگ. هـەمـەڕەنگ بینین

هەمووكات باشە و مرۆڤ ناخاتە نێو تەنگژە و تێوەگلان لە نێو ستەمكاری. هیچ فەلسەفە و بیر و سیاسەتێكی ڕەهابین نابێت بكرێتە چاویلكە بۆ خوێندنەوەی كۆمەڵگەكانی مرۆڤایەتی. ئەگەریش ئاین بوو بە دنیابینی و تێڕوانینی سەرەكیی كۆمەڵگەی لەسەر بنیات نرا، بێگومان ئەوسا توندوتیژییەكانیش وەئەستۆی ئەو دەنرێن. جگە لەوەش، خۆ ئەوە سەلمێندراوە و بەخۆڕایی نەكراوەتە ملیان كە ئەو توندوتیژی و تەقینەوانەی كە هەتا ئێستا لە شارەكانی كوردستان و لە عێراق و هەندێ وڵاتی تری جیهان كراون حزبە مەزهەبییەكان بەرپرسیارن لێی، ئەنسار ئیسلام و قاعیدە و ئەنسار سوننە و چی و چی، خۆشیان بەشانازییەوە بەرپرسیاریەتیی ئەو توندوتیژی و تەقینەوانەیان وەئەستۆی خۆیان ناوە.

تەوەری دوازدەم

## ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لە ژیانی سیاسی و لە هەڵبژاردنەکاندا

* پێم خۆشە سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێ بکەین بۆچی لە هەموو ئەزموونەکانی حوکمڕانی کوردیدا، پرسی ئۆپۆزیسیۆن ئاڵۆز و تەماویی بووە، بەو مانایەی هەرگیز وەک پرسێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاسایی سەیر نەکراوە، وەک چۆن لە وڵاتانی پێشکەوتوو، یاسا و دەستووری تایبەت بەخۆی هەیە؟

– کورد خۆی مێژوویەکی درێژی هەیە لە ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆندا بەرامبەر بە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی داگیرکەری کوردستان. لە باشووری کوردستاندا دوای ڕاپەڕین پەرلەمان و حکوومەت دامەزرا، بەڵام خودی ئەم حکوومەت و پەرلەمانەش ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بوون تا نۆی نیسانی ساڵی ۲۰۰۳ کە ڕژێمی بەعس بە تەواوەتی ڕووخا و یەک دوو ساڵی تریشی برد کە دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ عێراق دەنگی بۆ درا و پرەنسیپی فیدراڵی لە دەستووردا چەسپا و کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵیددانی پێدا نرا. ئێمە تەنیا لەوە بەدواوە دەتوانین بڵێین حکوومەت و پەرلەمانی کوردستان ئیدی ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن نابینن و دەسەڵاتی کوردی پێویستی بە ئۆپۆزیسیۆنیشە بۆ ئەوەی لە ئەنجامی کێبەرکێ و ململانێی سیاسی و شەپۆلە فیکرییەکانەوە کۆمەڵگەش گەشە بکات. ئەم دۆخە ئاڵۆزە سیاسییەی ڕابردوو و ئەو ڕۆڵە دوو جەمسەرییەی کە لە کوردستاندا حکوومەت و پەرلەمان هەیانبوو، کە لەلایەکەوە دەسەڵات بوون و لەلایەکەوە ئۆپۆزیسیۆنی

دەسـەڵاتێکی تر، وای کرد کـە حزبێکی تری ئۆپۆزیسـیۆن نەتوانێت دروست ببێت. ڕاسـتە دەسەڵاتی کوردی لە دوای ڕاپـەڕینەوە دروست بووە و پەرلەمانی کوردسـتان لە ١٩-٥- ١٩٩٢ هەڵبژێردرا و حکوومـەتێکی بەدوادا هات، بەڵام ئەگـەر بە پێـوەری هـۆشـیـاریی سـیـاسـی نـەک سـۆز و هەسـتی سـیـاسـیی بارودۆخـەکان هەڵسەنگێنین، چونکە خـودی ئەو حـزبانەی کە ئەو پەرلەمان و حکوومـەتەیان بەڕێوە دەبرد هێشتا ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمـێکی دیکتاتۆری بوون کە لە بەغداوە هەڕەشەی مەرگ و کیمیابارانی دەکرد، بۆیە تا ساتی ڕووخانی ئەو ڕژێمە حزبە حاکمەکانی کوردستـان خـۆیان بـە ئۆپۆزیسـیـۆن دادەنران. ئێـمـە نابێ لە شـرۆڤـەی بارودۆخی سـیـاسـیـدا شـەڕی ناوەخـۆ و هـۆکـار و دەرهاویشـتەکانیـشی لە یاد بکەین، چونکە بەشێکی سـەرەکی لە پێکهاتەی ئاڵۆزی گرفتـە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی ئێستا و داهاتوویش، ئەو شـەڕە و ئاکامـەکانی لێی بەرپرسیـارە. گەندەڵیی ئیداری، هەڵاوسـانی ئابـووری، چەقـبەسـتنی کولتـووری و تـوندوتیـژیی کـۆمـەڵایەتی، سیاسـەتێک لێی بەرپرسـیارە کە ناتوانێ لە سێبەری سەردەمی شـەڕ دەرباز بێت و دنیابینییەکی سەردەمییانە و ژیانبینییەکی ئاشتیخوازانەی هەبێت. سـاڵانێکی یەکـجـار زۆرە بـاس لە گـەندەڵی دەکـرێت و بـە سـەدان لاپـەڕە لە پرۆژەی جۆراوجـۆر خـراونەتە ڕوو، چ لەلایەن ڕووناکـبیـرانی خـەمـخـۆری ئەو بارودۆخە، یان لەلایەن چاودێرانی سیاسی و هەندێ جاریش لەلایەن گرووپ و سەرکردەگەلی ناڕازی ناو خودی حزبەکانەوە، کە لـە چاکسازی و بنبڕکردنی گەندەڵی و گەشـەپێدانـی دیموکراسی و چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ، دەدوێن، بـەڵام وەک ئەوەی هـەمـــوو ئەو پرۆژانـە زەربـی ســـفـــر کـــرابـن، ئەنجامەکانیان بە هیچ کۆتاییی هاتووە.

ڕەنگە کـەسـانی تـر لێکدانـەوەی تریان بۆ ئـەو پرۆژانە و ئەنجـامـەکـانیـان هەبێت، منیش بۆچوونی تایبـەتی خۆمم هەیە بۆیان. بە لێکدانەوەی من هەموو ئەو گرووپانەی کـە بە شـێوەیەک لـە شێوەکان خـۆیان بە نیمچە ئۆپۆزیسیۆن داناوە و پرۆژەی چاکـســازییـان خـســتـووەتە ڕوو، چونکە خـــۆیان ســـاغ

نەکردووتەوە لەوەی چییان دەوێ و بەرچاوی خۆیان ڕوون نەکردووەتەوە لەوەی کە چلۆن دەتوانن چاکسازی بکەن و بەرنامەیەکی تۆکمەتر، ڕاستگۆتر، جێی متمانەتر و قابیل بە پراکتیکییان نەبووە، بۆیە پرۆژەکانیش لە دارشتنی وتارێک بترازێ، نەبووە و هیچ کاریگەری ئەرێن لەسەر بارودۆخە سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتوورییەکەی کوردستان، نەبووە.

بۆ نموونە ماوەیەکە باس باسی ڕاپۆرتی چوار حزبەکە، پرۆژەی چوار حزبەکە، وەلامی چوار حزبەکە و هەرجاری بە ناوێک و بە ناونیشانێکەوە گۆرەپانی سیاسی کوردستانی پێ سەرقاڵ دەکرێت، بەلام هەریەک لەو حزبانە جگە لە بەرژەوەندیی حزبایەتی، خەمێکی ڕاستەقینەی میللەتیان نەکردووەتە خاڵی دەستپێک، بۆیە نەبوونە و نابنە جێگەی متمانە و ئەلتەرناتیڤی سیاسیی جێگەی بروا. هەریەک لەو حزبانە، لە گەڵ ڕێزمدا بۆیان لەبەر خاتری تاقە یەک وەزارەت، یان وەزارەتێکی هەرێم، کە ئەمەی دووەمیان جگە لە مووچەی وەزیرێک هیچ مانایەکی تری نییە و وەهمە، دەبینی لەبەر ئەو بەرژەوەندییە تەنگ و بێ مانایە نەبوونەتە ئۆپۆزیسیۆن و لە نێو حکوومەتدا ماونەتەوە. بۆیە بەشدارن لە هەموو کەموکورییەکی ئەو حکوومەت و پەرلەمانە و پرۆژەکانیان بە لای خەڵکی هۆشیارەوە نابێتە جێگەی بچووکترین متمانە. خۆیان دەڵێن بە گوێرەی بەشداریمان لە حکوومەتدا بەرپرسیارین لە گەندەڵی، بەلام ئەوە ڕاست نییە و دەبێ ئەوە بزانن ئەگەر ئەوان ئەندامی جەستەیەکن، هەر نەخۆشییەک لەو جەستەیە بدات، ئازاری ئەوانیش دەدات. لە ناو حکوومەتیشدا چ کەموکورییەک هەبێت، ئەوانیش لە هەموویدا بەشدارن.

* بوونی ئۆپۆزیسیۆن وەکو هێزێکی دیار و ڕێکخراو، تا ئێستا لە کوردستاندا بوونی نەبووە، بەلام زۆرجار ڕووناکبیران لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانیانەوە ویستوویانە حەقیقەتی دەسەلات پیشان بدەن، هەر لە خاوەنی چیرۆکی "لە خەوما"وە تا کۆمەڵێ نووسەر و ڕووناکبیری بەهەڵوێستی ئێستا. ئایا عەقڵی

حوکمڕانەکان لەلایەکەوە و کۆمەڵگەی کوردی لەلایەکی ترەوە، چۆن لە ئۆپۆزیسیۆن و ڕۆڵی ئەوان تێگەیشتوون؟

– هەبوونی ئۆپۆزیسیۆن دیاردەیەکی زۆر تەندروستە بۆ گەشەی دیموکراسی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا . ململانێی فیکریی دەیان کەناڵی نوێت بۆ دەکاتەوە بۆ دنیابینی، ژیانبینی، ئینسانبینی و مرۆڤەکانی ئەو کۆمەڵگەیە فێری هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤی هەرە باش دەبێت، بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانی باشتر بێت. ئۆپۆزیسیۆنێکی تەندروست هەوڵی ناتەندروست نادات بۆ گەیشتنە دەسەڵات، بەڵکە هەوڵی فەراهەمکردنی ئینسانیترین پرۆگرامی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە دەدات. تۆ بڕوانە هەندێ گرووپ کە خۆیان بە ئۆپۆزیسیۆن ناوزەد دەکەن، لە باتی ئەوەی فیکری خۆیان بناسێنن و بەرنامەی ئەلتەرناتیڤ لە خزمەتگوزاری و لە گەشەدان بە پرەنسیپ و بەها مرۆییەکان بخەنە بەرچاوی خەڵک، کەچی بە زمانێکی ناشایستە و ناسیاسی و نادیپلۆماسی و ناڕەوا، سووکایەتی بە کەسانی تر دەکەن و جگە لەوە بەرهەمێکی تریان لێ نابینی. ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و ڕاستەقینە پێویستی بەوە نییە سووکایەتی بەم و بەو بکات و تۆمەتی ناڕاست و نادروست بۆ ئەم و ئەو هەڵبەستێ، بەڵکە پێویستی بەوە هەیە بە زمانێکی قەناعەت پێهێن باس لە فیکرێکی ئەلتەرناتیڤ بکات و بە زمانی بەڵگە و سەلماندن ئەو باوەڕە لەلای کۆمەڵانی خەڵک دروست بکات کە دەتوانێت ئەو فیکر و بەرنامەیە پراکتیزە بکات. ئۆپۆزیسیۆن لە ئەمڕۆدا جیاوازە وەک لە دەیەکانی تری سەدەی ڕابردوو. سیاسەتکردن بە ئامرازەکانی هەزارەی پێشوو و سەدەی پێشوو لە ئێستادا ئەنجامی یەکسان دەبێت بە سفر. لە ئەمڕۆدا کە لە سەرەتای سەدە و هەزارەیەکی نوێداین و بەشێکین لە گەردوونێک کە بەهۆی جیهانگیری سیاسەت و ئابووری و ڕاگەیاندنەوە، مانایەک بۆ کات و شوێن و دوور و نزیک نەماوەتەوە، کەواتە ئامرازەکانی سیاسەت و دیپلۆماسییەتیش گۆڕاون و ڕوحیەتی ئۆپۆزیسیۆنیش لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە. حزب، حوکمڕان بێت یان ئۆپۆزیسیۆن پێویستی بە

ڕێکخستن هەیە نەک دروشم، کە فیکر و هۆشیاری پشتیوانی بێت نەک سۆز و هەستی پەتی، پێویستی بە داوودەزگای بەڕێوەبردن و ڕاگەیاندن هەیە، پێویستی بە توانای مرۆی جۆراوجۆر هەیە بۆ هەموو بوارەکانی ژیان.

ڕووناکبیران دەکرێ تەرحەکانیان سوودی لێ وەربگیرێت، بەڵام ڕووناکبیران قەت خۆیان وەک ئەلتەرناتیڤ و پارتێکی ئۆپۆزیسیۆن تەرح نەکردووە. ئەگەر حزبەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان بیانویستایە سوود لە پرۆژەکانی ڕووناکبیران وەربگرن و هەنگاوی پراکتیکی ڕاستگۆیانەی بۆ بنێن، ئێستا کۆمەڵگەی ئێمە لەو تەنگژە و ئاڵۆزییەدا نەدەبوو. ڕووناکبیران تیۆریسێنن، بەڵام ئەرکی پراکتیزەکردن وەئەستۆی ئەوان نییە، بۆیە لە ئەنجامدا ئۆباڵی تەنگژەی سیاسی ، ئابووری، کۆمەلایەتی و کولتووری لە ئەستۆی ڕووناکبیراندا نییە و لە ئەستۆی سیاسییەکان و بڕیاردەرەکانە. ئەگەر ڕووناکبیران هیچ پرۆژەیەکیان نەخستایەتە ڕوو و هەستی بەرپرسیاریەتییان بەرامبەر ئەو ڕەوشەی دوای ڕاپەڕین تا ئێستا نەبووایە، ئەوسا هەق بوو یەخەی ڕووناکبیرانیش بگیرێت. بە بڕوای من حزبەکان هێشتا نەیانتوانیوە سوود لە توانا مرۆییەکانی ڕووناکبیران و ئەکادیمی و هێزی تێکنۆکراتی کوردستان لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان وەربگرن.

* پێ دەچێت بێ زاری و بێئومێدییەک سیما و دەروونی خەڵکی کوردستانی داپۆشیبێت لە ئەنجامی ئەو نادادپەروەرییە سیاسی و کۆمەلایەتییەی کە حکوومەت و حزبەکانی حوکمڕان هۆکارین. هەندێ لە شارەزایانی بواری سیاسەتیش پێیان وایە ئەمەریکا و بەریتانیا، کە هەموو هاوکێشەکانی عێراقیان بەدەستەوەیە، گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە بۆ هێنانە دی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و مومارەسەکردنی دیموکراسی و گەڕانەوە بۆ سندووقەکانی دەنگدان و دەسەلاتداریەتییەکی تەندروست، بەدیلێک بۆ پارتی و

یەکێتی بدۆزنەوە. ئەو بۆچوونانە ئەوەمان پێ دەڵێن، کە تەندروستترین ئۆپۆزیسیۆن هەبوونی گرووپێکی خاوەن فیکر و هۆشیارییە کە پرەنسیپ و بەهاکانی لە قووڵاییی پێویستییەکانی خەڵکەوە سەرچاوەیان گرتبێت. ئاخۆ ئەم بۆچوونە چەند جێگەی ئۆمێدە و پێت وایە ئەمەریکا و بەریتانیا بیرکردنەوەی وایان سەبارەت بە کوردستان هەبێت؟

– ئەمە کێشەی بیرکردنەوەی مرۆڤی کوردە، کە هەردەم چاوەڕێی چرای سەوزە لە ئەمەریکا و بەریتانیا و وڵاتانی ترەوە و پشت بە هێزی گەل نابەستێ. هەرچی کاتێک و هەر گەلێک ئیرادەی خۆی لە دەستی خۆیدا نەبینی و بەخشی بە وڵاتانی تر، بزانە کە گۆڕانی بنەڕەتی لەو کۆمەڵگەیەدا نزیک دەبێتەوە لە مەحاڵ. کۆمەڵگەیەک ئەگەر باوەڕی بە هێز و توانا و ڕەنگ و دەنگی خۆی نەبێت، پێش ناکەوێت. حزبەکانی کوردستان، بە تایبەتی ئەوانەی حوکمڕانن پێویستییان بە ڕیفۆرم و ڕیئۆرگانیزە هەیە و ئەو پێویستییەش هی ئێستا نییە و لە دوای ڕاپەڕینەوە سەری هەڵداوە، بەڵام هێشتاش ئەو گۆڕانەیان وەک پێویستە ئەنجام نەداوە و هەنگاوی زۆر کز و هێواش نەبێ، هی جیدییان نەناوە. تا ئەو ڕیفۆرم و ڕیئۆرگانیزەکردنە دوا بخەن، بۆ خۆیان خراپترە و لە بەرامبەریاندا هێزی تر بە دروشمی دیکەوە دروست دەبێ و ململانێیان لەگەڵدا دەکات. خراپترین ئەڵتەرناتیڤ ئەوەیە کە هێزێکی مەزهەبی کەڵک ئاوەژوو لەو نەگۆڕانە و هەنگاوە هێواشەی ئەوان وەربگرێت و لە بەرامبەر ناڕازیبوونی خەڵک خۆی وەک پاڵەوانی گۆڕەپان نمایش بکات و خەڵکیش لەبەر بێئس و هەژاری و بێ دەرفەتی، باوەڕ بەوان بکەن و ئەنجامەکەشی بۆ کۆمەڵگە بەرەودواوە چوون بێت، چونکە بۆ خەڵکی هۆشیار ئاشکرایە وڵاتانێکی مەزهەبی لە پشت بەرنامەی ئەو هێزانەوەن کە لە بەرچاوماندایە بۆ وڵاتەکانی خۆیان جگە لە تاریکی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و بێدەرفەتکردنی ژنان و زەوتکردنی ئیرادەی لاوان و ئاراستەکردنیان بۆ توندوتیژی، هیچی تریان نەبووە. لە کوردستاندا مرۆڤ بۆنی ئەوە دەکات،

ئەو بۆشاییيە سیاسییەی کە دروست بووە، بەم هێزانە پڕ ببێتەوە، کە ئەگەر بێنە سەر حوکم، دەبێ ڕووناکبیران و ژنان و لاوان سەری خۆ هەڵبگرن، وەک چۆن لە ئێراندا ڕووی داوە و ملیۆنانیان لە تاراوگەدا ژیان بەسەر دەبەن.

پارتێک کە بتوانێت کێشمەکێشی سیاسی بەرەو ئاقاری پێشکەوتن ببات، پێویستە هەڵگری فیکری دیموکراتی نوێ و لیبراڵ بێت یان هەڵگری بەهاکانی سۆسیال دیموکراتییەکی ڕاستەقینە بێت. لە ئێستادا هۆشیاریی سیاسیی خەڵکی کوردستان لە گەشەسەندندایە و دەتوانێت بە ئاشکرا کۆپی و ئۆرگیناڵ لە یەکتر جیا بکاتەوە و ئیدی هیچ حزبێکی سیاسی ناتوانێت بە ئاسانی کۆپی بە نرخی ئۆرگیناڵ بخاتە بازاڕەوە و بە خەڵکی بفرۆشێتەوە. بۆ نموونە کە دەگوترێت فلانە حزب سۆسیال دیموکراتە دەبێت بە هەموو پێوەرەکان سۆسیال دیموکرات بێت و ئاسانیشە بزانرێت پێوەر و بنەماکانی حزبێکی سۆسیال دیموکراتی چییە، چونکە ئێستا تەکنیکی زانیاری هێندە پێشکەوتووە، کە بە یەک چرکە لە بنی دنیاوە زانیاری دەگاتە کوردستان و لێرەشەوە بۆ هەموو جیهان.

* پێت وایە ئەو مۆدێلی حوکمڕانییەی دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا جۆرێک لە بڕواهێنان بە دیموکراسی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و تا ڕادەیەک مومارەسەکردنی دیموکراسی بێت. لە عێراق هەڵبژاردنی تا ڕادەیەک ئازاد ئەنجام درا و لیستی جیاواز و ئاشکرایان هەبوو. ئەم دۆخە گومانی لای خەڵکی کوردستان دروست کردووە لەوەی کە لە کوردستاندا مومارەسەی دیموکراسی زۆر دواکەوتووە و عێراق لەم بارەیەوە زۆر لە پێشترە، چونکە لێرە پارتی و یەکێتی سندووقەکانی دەنگدانیان بۆ خۆیان قۆرخ کردووە. ئایا حزبەکانی عێراق لە بەغدا لەوانەی ئێمە دیموکراسیترن؟

– نەک لە بەغدا، لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دیموکراسی کە

بەمانای ددان نان بە یەکتری و دیالۆگ لە پێناوی چارەسەری کێشەکان و دەستاودەستکردنی دەسەڵات و بەشداریکردنی خەڵک لە دەسەڵاتدا، دیاردەیەکی نامۆیە. لە ڕووی کۆمەڵناسییەوە، کەسایەتیی هەر تاکێکی عێراقی وەک ئەو نموونەیەیە کە د. عەلی وەردی بە دووفاق وەسفی دەکات. ئەگەر بە پێوەری دەروونناسیی کۆمەڵایەتی لەم وەسفە ورد بینەوە، دەتوانین بڵێین کەسی دووفاق مونافیقیشە. دووفاق و مونافیق وەک دوو دیوی یەک دراو وان لە پێکهاتەی دەروونی ئەو تاکانەدا. نمایشی سیاسی لە عێراقدا بە تەندروست نابینم و ئەو ڕواڵەتەی کە بە ناوی دیموکراسییەوە دەبینرێت جێگەی بڕوا نییە. فەرموو بڕوانە ئەگەرچی لە دەستووردا مافی کورد و پرەنسیپی فیدراڵی و بنەماکانی دیموکراسی چەسپاون، بەڵام لە پراکتیکدا پێوەندیی نێوان کورد و بەغدا پڕە لە هەڵە و هەڵچوون و ناکۆکیی جەوهەری. ئێستا لە بەغدا سەرکۆمار کوردە، جێگری سەرۆک وەزیران و هەندێ لە وەزیرەکان کوردن، کورسیی زۆرمان هەیە لە پەرلەمان، بەڵام هەموو ئەمانە نەیانتوانیوە وا بکەن مادەی سەد و چلی دەستوور لە کاتی خۆیدا جێبەجێ ببێت و چارەنووسی جوگرافیای کوردستان لە مەترسی دوور بکەوێتەوە. جگە لەوەش تۆ تەماشای پەرلەمانی عێراق بکە، لە کاتێکدا کە سەرۆکێکی توندوتیژ و ناشارستانی هەبوو، لە ئێستاشدا کە بێ سەرۆکە و ماوەیەکی زۆرە ناتوانن پێک بێن لەسەر هەڵبژاردنی سەرۆکێک بۆ پەرلەمان، لە دوای دەست لەکارکێشانەوەی سەرۆکی پێشووی. هەموو ئەم ئاماژانە، مانای ئەوەیە ئەو هەنگاوانەی کە نراون لەسەر بنەمای هۆشیارییەکی سیاسیی پشتبەستوو بە پرنسیپەکانی دیموکراسی نین و هەڕەمەکین.

ئەمە بە نیسبەت عێراقەوە، بەڵام بە نیسبەت کوردستانەوە وەک وتم تەنیا چەند ساڵێکە و لە دوای ڕووخانی سەدامەوە مەیدانی سیاسیی کوردستانیش دەتوانێ تەحەمولی ئۆپۆزیسیۆن بکات، بەڵام کە دروست نەبووە فاکتەری زۆری هەیە. بە بڕوای من لەم پێنج ساڵەی دواییدا کاتێکی زۆر بەو پرۆژەی چاکسازییانە بە فیڕۆ درا کە بە تاک و بە کۆمەڵ دەخرانە ڕوو و ماوەیەکی

باش گۆڕەپانەکەیان بە خۆیانەوە سەرقاڵ دەکرد و دواجار ئەنجامەکەی هیچ بەدەستەوە دەهات. ئەگەر زاکیرەی سیاسیمان ئەکتیڤ بکەینەوە، یەکەمین جار دەستەواژەی گەندەڵی و چاکسازی و پاکسازی بەڕێز مام جەلال خستییە بازاڕی سیاسییەوە و سەرەتا دوو ساڵێک هەموو لایەکی بەوەوە سەرقاڵ کرد و ئەنجامیشی نەبوو. دوا پرۆژەش کە بەناوی جیاکردنەوەی حزب لە حکوومەت خرایە ڕوو هەر لەلایەن سەرکۆمارەوە بوو. لە نێوان ئەم پرۆژانەشدا چەندین پرۆژەی تر بە ناوی گرووپی ڕیفۆرم و ناوی ترەوە درانە دەرەوە و هیچ ئەنجامیان نەبوو. ئەوەی ئەلفوبێی سیاسەتی دەزانی بۆی ڕوون بوو ئەمە بۆ سەرقاڵکردنی خەڵک و لەبیربردنەوەی ئەو تەنگژەیە قووڵەیە کە لە ئەنجامی سیاسەتێکی هەڵەوە سەرتاپای ژیانی هاوولاتییانی کوردستانی داپۆشیوە. خستنە بازاڕی ئەو هەموو پرۆژە چاکسازییەی کە لە وتارێک کاریگەرتر نین و نەبوون، هۆکارێکی سەرەکی بووە لە دواخستنی دروستبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا کە بە پێوەرەکانی زانستی سیاسەت بتوانین ناوی بنێین بەرهەڵستکارێکی گۆڕانکار. با ڕاشکاوانە بدوێین و گۆڕەپانەکە لە بەرچاومانداپە، سەرکردەی وا هەیە تەنیا لەو کاتانەدا هەڵوێست وەردەگرێ و هەستی دەجووڵێت کە کورسییەکەی خۆی لە خەتەردایە، هەرکە سووکە وەعدێک وەردەگرێ و دڵنیا دەبێتەوە لەوەی پێگەی هێشتا سەلامەتە، دەست لە داواکان هەڵدەگرێت. ئەم دۆخەیە کە وا دەکات ئەو جۆرە سەرکردانەی کە بە ناوی ڕیفۆرم و چاکسازییەوە دێنە مەیدان متمانەیەکی ڕاستەقینە پەیدا نەکەن. ئەم کەس و گرووپانە لە باتی ئەوەی داواکانیان لە کانگای پێویستی و خواستەکانی خەڵکەوە هەڵبقووڵێت، بە پێچەوانەوە خەڵک تەنیا وەک درعی بەشەری بۆ پاراستنی خۆیان بەکار دەبەن. خۆزگە ئەمەی من دەیڵێم وا نەبێت، بەڵام بە داخەوە هەڵوێستەکانیان تا ئێستا جیا لەم لێکدانەوەیەی نەسەلماندووە.

* وا بڕیارە بەڕێز نەوشیروان مستەفا لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی کوردستان و عێراقدا بە لیستی جیاواز دابەزێت.

چاودێرانی سیاسی لە کوردستان و ڕووناکبیران و خەڵکێکی زۆر، لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵەدا بەخاڵی وەرچەرخانی دەزانن، بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە ڕێگەی مەدەنی و سندووقەکانی دەنگدان. پێت وانییە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن لە ڕابردوودا خاڵێکی سەرەکی بووە لەوەی کە دیموکراسی گەشەی نەکردووە و دەسەڵات قۆرخ کراوە لەلایەن پارتی و یەکێتییەوە؟

– دیموکراتی یانی دەسەڵاتی خەڵک، بۆیە لە سیستەمێکی دیموکراتیدا خەڵک مافی ئەوەی هەیە ئەگەر لە حزبێکیشدا ئەندام نەبێت نوێنەری خۆی دەستنیشان بکات و نوێنەرەکەشی دەتوانێ ئەندامی حزبێک بێت یان سەربەخۆ بێت. حەقیقەتێک هەیە، لە کوردستاندا خەڵکانێکی دەرەوەی حزبەکان نەیانتوانیوە سوود لەو دیموکراتییە وەربگرن کە بانگەشەی بۆ دەکرێت. ڕاستییەکی لەوەش تاڵتر ئەوەیە لە ناو حزبەکانیشدا هەتا ئەم ساتە پێوەری توانا و شایستەیی سەنگی مەحەک نەبووە بۆ بوون بە نوێنەری گەل، بەڵکە هەتا ئەمڕۆ بە پێوەری خزم خزمێنە و ڕێککەوتنی حزبی، پەرلەمان پڕ کراوەتەوە و لەم دوو خولەی ڕابردوو و ئێستای پەرلەماندا لە نیوە زیاتری ئەندامانی پەرلەمان شایان بەو پۆستە نەبوون کە وەک دیاری پێیان بەخشراوە. ئەم پێوەرە هەڵەیە، پەڵەیەکی گەورەیە بە نێوچاوی ئەو دیموکراتییەوە کە بانگەشەی بۆ کراوە و لەوە زیاتر نابێت بەردەوام بێت. لەم هەلومەرجەدا، ئەگەر جگە لە حزبەکان لیستی سەربەخۆش دروست بکرێت و پێوەری مرۆیی و سیاسییانەی هاوچەرخ بۆ کاندیدکردنی نوێنەرانی خەڵک دابنێت، بە بڕوای من هەم پێویستە و هەمیش هاوسەنگییەک دەداتە ئەو لیستانەشی کە حزبەکان دروستی دەکەن.

کۆمپانیای وشە ڕای گەیاندووە کە بۆ پەرلەمان لیستی دەبێت، بەڵام چونکە کاک نەوشیروان مستەفا هێشتاش ئەندامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، لیستەکەی نابێتە لیستێکی سەربەخۆ. بە باوەڕی من و بە خوێندنەوەم بۆ بارودۆخی هەنووکەی کوردستان و کێشەکانی نێو یەکێتیی نیشتمانیی

کوردستان، ئەگەر کۆمپانیای وشە لیستی خۆی هەبێت و لە کەسانی ڕابردووپاک، دەستپاک و دڵسۆزی خەڵک پێکی بهێنێت، لە نیوە زیاتری دەنگدەران بۆ یەکێتی دەنگ بەو لیستە دەدەن. ڕووداوی دەست لەکارکێشانەوەی پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی و جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتیی نیشتمانی، چی تر نەبوو جگە لە سەلماندنی ئەو مەترسییەی کە لیستی نەوشیروان مستەفا لەسەر دەسەلاتی یەکێتیی نیشتمانی دروستی دەکات و بێگومان ئەوەش هاوکێشەی سیاسی و ڕێککەوتن و هاوپەیمانیەتیی یەکێتی لەگەڵ پارتی و حزبەکانی تریش، دەگۆڕێت.

* پێت وایە زەروورەتێک هاتبێتە ئاراوە بۆ ئەوەی هێزی مەدەنیی جیاواز و هێزی سیاسیی تر دروست ببێت و بەشداری هەڵبژاردن بکات و قورسایی خۆی هەبێت تا شەڕەکانی بباتە پەرلەمانەوە و پەرلەمانیش بکاتە دەزگایەکی کاریگەر و زیندوو، نەک ئەم ئۆرگانە مردووەی ئێستا، کە دەبینین بێ دەسەلات و بێ کاریگەرییە؟

– پێشکەوتن لە ئەنجامی کێبەرکێی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی پێشەوایەتی، بە ئەنجام دەگات. پارتە سیاسییەکان پێویستە ڕکابەری یەکتری بن، بۆ ئەوەی هەریەکەیان گرەو لەسەر بەدەستهێنانی زۆرترین پێویستییەکان و داواکارییەکانی کۆمەلانی خەڵک بکەن و کامیان زۆرتری بەدەست هێنا ئەو ببێت بە جێگەی متمانەی خەڵک و دەنگی بۆ بدات و بەو پێوەرە مەدەنییە حزبی براوە ببێتە پێشرەوی کۆمەڵگە و حوکمڕانی بکات. لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا ساڵانێکە تەوافوقی حزبی، ڕەوڕەوەی پێشکەوتن و دیموکراسییەتی پەک خستووە و ڕێککەوتنی ستراتیجی گەشەی دیموکراسیی وەستاندووە. ئەگەر بەپێی پێوەری عەقلانی و تیۆرییەکانی سیاسەت بدوێین دەبێت بڵێین کە نەک تەنیا پێویستمان بە هێزی جیاوازی تر

هەیە، بەڵکە پێویستە پارتی و یەکێتیش بە جیا بێنە نێو هەڵبژاردنەوە و بەرنامەی خۆیان ڕابگەیەنن. لە ڕابردوودا بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ئاڵۆزی و سەختی بارودۆخی سیاسیی کوردستان پاڵنەر بوون بۆ ئەو ڕێککەوتنە، بەڵام ئێستا بارودۆخێکی تری لەبار هەیە بۆ ئەوەی هەر حزبە و پشت بە جەماوەری خۆی ببەستێت و بەپێی گەشەسەندووترین بەرنامەی سەردەمیانە، گرەوی بردنەوە بکات. دەرکەوتنێکی وا لەسەر شانۆی سیاسی، گوڕ و تینێکی ناوازەش دەداتە جەماوەر و خودی ئەو شەپۆلانەن کە کۆمەڵگە بەرەو پێشەوە دەبەن. فرە حزبی کۆڵەکەی سیستەمی دیموکراسییە و ئیئتیلافی هەندێ حزب و ڕێکخراویش پێکەوە ڕەوایە، بەڵام ئەو ئیئتیلافە دوای دەرکەوتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بێت و هەر حزبە و بەپێی سەنگی خۆی لە هەڵبژاردنەکاندا بەشدار بێت لە حوکمڕانی و لە ئۆپۆزیسیۆندا، لە ناو پەرلەمانی کوردستان. بێگومان پەرلەمانێکی وا زیندوو دەبێت و شەپۆل دەدات و ئەو شەپۆلانەش هەنگاو بەهەنگاو کۆمەڵگە پێش دەخەن.

* وەک باس دەکرێت، کاک نەوشیروان مستەفا بە لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنەکان دەکات. شارەزایانی سیاسەت پێیان وایە دەیباتەوە و قورساییی دەبێت لەسەر هەردوو ئاستەکەدا، کوردستان و عێراق و دواجار هاوکێشە سیاسییەکانیش دەگۆڕێت و چانسێکی زیاتر دێتە ئاراوە بۆ ئەوەی پەرلەمانێک دروست ببێت کە نوێنەری ڕاستەقینەی خەڵکی تێدا بێت. پێت وایە لەم ئان و ساتەدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەو ئەنجامە ڕازی ببێت کە نەوشیروان مستەفا لە گۆڕەپانی سیاسی و لە هەڵبژاردنەکاندا بەدەستی بهێنێت؟ ئەوەی کە پێوەندیی بە یەکێتیشەوە هەبێت، یەکێتی ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە بەبێ نەوشیروان مستەفا ناتوانێت ئەو ئەنجامە دڵخوازە بەدەست بهێنێت کە چاوەڕوانیەتی و ناتوانێ حزبێکی دامەزراوەیی و جەماوەری بێت؟

– کۆمەڵگەی ئێمە پێویستی بە بەرچاوڕوونی هەیە بۆ ئەوەی بزانێت کام هێزی سیاسی بەرژەوەندیی نەتەوەیی وەک ستراتیجی دوورمەوداو بەرژەوەندیی هاوولاتیی کوردستان لە هەموو کاتێکدا، لە بەرچاو دەگرێت. سایکۆلۆجیای جەماوەری کوردستان لەمەوبەر لە ئاستێکدا بووە کە توانراوە بە ئاسانی هەست و سۆزی ببزوێندرێت و ڕابردووی پڕ لە چەوسانەوە و جینۆساید و خوێنی شەهیدان و زیندانییە سیاسییەکانی وەبیر بهێندرێتەوە لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی دەنگ بدات، بەلام لە ئێستادا بەهۆی گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەلایەتی و کولتوورییەکان و کاریگەری دنیا بەسەر کوردستانەوە، بڕێک سایکۆلۆجیای خەڵکی کوردستان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و پێویستە هۆش و گۆشی ببزوێندرێت و داهاتووی بهێندرێتە بەرچاو. ئەوەی من هەستی پێ دەکەم سەرکردەکان زۆر کەم بایەخ بەم گۆڕانە دەدەن و سایکۆلۆجیای سەرکردەکان کەمتر گۆڕاون و بە هەمان چاویلکەی سەدەی ڕابردوو لە جەماوەر دەڕوانن. بەپێی ئەو سایکۆلۆجیا نوێیەی جەماوەری کوردستان، پێویستە سایکۆلۆجیای سەرکردەکانیش بەئاراستەیەکی پۆزەتیف بگۆڕێن و پێوەرەکانیش سەردەمییانە بن.

وەکو ڕای تایبەتی خۆم، پێم وایە کۆمەڵێک خاڵی جەوهەری ناڕوون هەیە لە پێوەندییە سیاسییەکاندا کە هەتا ئێستا نە کاک نەوشیروان و نە ڕکابەرەکانی لە ناو یەکێتیی نیشتمانی و حزبەکانی تریش، تیشکیان نەخستووەتە سەر. ئەوەی ولاتێکی پێشکەوتووی دنیای دیبێت، یان موتابەعەی سیستەمی سیاسیی ولاتانی گەشەسەندووی کردبێت، دەزانێت کە لە کوردستاندا ڕەوشێکی ناتەندروست هەیە و ئاڵۆزی و تەمومژێکی مەبەستدار لە فەزای سیاسیی کوردستاندا هێنراوەتە ئاراوە. ئەو مانۆڕە سیاسییەی کە لە دەست لەکارکێشانەوەی گرووپێکی پێنج کەسیدا خۆی نواند و دوای بیست و چوار سەعات یەکێک لەوان خۆی جودا کردەوە و ئەوانی تریش بە چارەنووسێکی ناڕوون مانەوە و چارەنووسی داخوازییەکانیشیان وەکو خۆیان بێ ئەنجام مایەوە، یەکێکە لەو نموونانەی تەمومژی مەبەستدار کە

حزبێکی سیاسی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا گەمەی پێ دەکات. بەڵام ئەم گەمەیە لەگەڵ هەستی جەماوەردا بۆ ئەمڕۆ نەگونجاوە، چونکە وەک وتم سایکۆلۆجیای جەماوەری کورد گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام سایکۆلۆجیای ئەو سەرکردانە بە نەگۆڕی ماوەتەوە و بەچاویلکەی سەدەی ڕابردوو دەڕواننە جەماوەر.

کاک نەوشیروان مستەفا سەرکردەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە و لە ئێستاشدا هەر بە بەشێک لەو ڕێکخراوە دەژمێردرێت. ئەگەرچی سایکۆلۆجیای ئەم سەرکردەیە گۆڕانێکی بەسەردا هات بە بەراورد لەگەڵ هاوەڵەکانی، بەڵام گۆڕانەکە سنووردارە و تەنیا لایەنی سیاسی دەگرێتەوە. ئێمە هەستمان بەوە نەکرد کە لە ئەنجامی خوێندنەوەی قووڵی بۆ بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوور و ئاینی، چارەسەری ئەو دیاردە و ئاریشانە بخاتە بەرچاو، کە ساڵانێکی درێژە کۆمەڵگەی ئێمەیان ماندوو کردووە. ئێمە چونکە لە خۆیەوە هیچمان نەبیستووە، نازانین نەوشیروان مستەفا چ پەیامێکی جیاوازی هەیە بۆ چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، بۆ نموونە بۆ ژنان کە ڕێژەی نیوە زیاتری کۆمەڵگەی کوردستان پێک دەهێنن و لە ڕەوشێکی نالەباردا ژیان بە کۆیلەیەتی دەگوزەرێنن، یان بۆ لاوان کە ڕێژەی شەست لە سەدی کۆمەڵگەی ئێمە لەم تەمەنەن، یان بۆ منداڵان کە دواڕۆژی ئەم نەتەوەیەن و بیر لە ماف و پێویستییەکانیان نەکراوەتەوە!

بێگومان حزبەکانی تریش لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا بەرنامەی خۆیان ڕادەگەیەنن، بە بڕوای من ئەو حزبەی، یان ئەو گرووپانەی کە دەیبەنەوە ئەوانەن کە لەسەر بنەمایەکی زانستی و بە پشتبەستن بە خوێندنەوەیەکی سایکۆلۆجیانە و سۆسیۆلۆجیانەی کۆمەڵگەی کوردستان و مرۆڤی کورد، بەرنامەکانیان لەسەر پێویستییە هەنووکەیی و دواڕۆژییەکانی تاکی کورد و بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی کورد داڕشتبێت.

پێویستە لە ئێستاوە هەریەک لە گرووپ و لایەن و حزبەکان لە ڕووی دەروونییەوە خۆیان ڕابێنن بە ڕازیبوون بەو ئەنجامەی کە خەڵک هەڵی

دەبژێرێت. ئێمە نموونەی هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکامان لە بەرچاوە، کە ماوەیەکی کەم پێش ئێستا ڕووی دا و، دۆڕاو چەند بە موراڵێکی بەرزەوە پیرۆزباییی لە براوە کرد و، براوەش چەند بە ساکارییەوە پەسنی ڕکەبەری سیاسیی خۆی دەدا و بە لەخۆبوردووییەوە بەڵێنەکانی خۆی بۆ خزمەتکردنی خەڵک و چارەسەری ئاریشە کەڵەکبووەکان، خستە ڕوو.

بەشی دووەم

# دیدارەکان و دیمانەکان

# مەهاباد قەرەداغی لەبارەی فێمینیزم

بۆ هەفتەنامەی جەماوەر

سازدانی: ڕێبوار ڕەزا

* با سەرەتا بە گەڕانەوە بۆ پێناسە و ناساندنی چەمک و مانا و دەلالەتەکانی فێمینیزم و شێوەی خەباتی ئەم بزاڤە و چۆنیەتیی تێگەیشتن لە بەرامبەر بزاڤی فێمینیستی دەست پێ بکەین، چونکە گەلێ بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر چەمکی فێمینیزم.

– فێمینیزم ڕوانگەیەکە بۆ جیهانبینی بە چاویلکەیەکی مرۆڤسالاری و ڕەچاوکردنی نرخ و بایەخی سروشتی مرۆڤ بەبێ هەڵاواردن و جیاکاری لەسەر بناغەی توخمی نێر و مێ. فێمینیزم فەلسەفەی هاوسەنگییە و لە ئەنجامی ئەو ناهەوسەنگییەدا هاتووەتە کایەوە کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و توخمی نێر و مێی لە یەکتری دابڕیوە و نرخی جیاوازی مرۆڤانەی لەسەر هەریەکەیان داناوە و بەهۆیەوە کێشەیەکی قووڵ و گشتگرەوە دروست بووە و هەموو ئاست و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتیی گرتووەتەوە و کولتوور و سیستەمێکی داهێناوە کە بە کولتوور و سیستەمی باوکسالاری ناوزەدمان کردووە و تیایدا مرۆڤەکان یەکتری دەچەوسێننەوە. سیستەمەکە دێرینە و بەرژەوەندیی توخمێکی لەسەر حیسابی توخمێکی تر پاراستووە و لە ئەنجامیدا برەوی بە کۆیلایەتی داوە. دیارە بۆ هەموومان ڕوونە ژن لەو هاوکێشەیەدا کۆیلە و چەوساوەکە بووە. بێگومان فێمینیزم بەرهەمی فیکری ڕۆژئاوا بووە، چونکە گەشەسەندنی کۆمەڵگە لەوێ خێراترە لە هەموو بەشەکانی تری زەوی. ئیدی ئەم فیکر و فەلسەفەیە جۆگەلە و ڕێڕەو و ڕێبازی

لێ دروست کـراوە و ئاراسـتـەی جـۆراوجـۆری لێ پێک هێنراوە بـۆ ئەوەی لە ئەنجامدا ئەو ئامانجە بهێنێتە دی کە هاوسەنگی لە نێو کۆمەڵگەدا دروست ببێت.

* ئەگـەر بزاڤی فـێـمـینـیـزم وەک بزاڤـێکی کـۆمـەڵایەتی لە پێناو دەسـتـەبەرکـردنـی مـافـەکـانی ژنان و گـێـڕانـەوەی باوەڕ و توانستەکانی ژنان و دروستکردنی تێڕوانینی یەکسانخوازانە لە نێوان ژن و پیاودا خۆی مانیفێست کردبێ، بەڵام چەمک و ئامانج تا ئێستا لە نێو کۆمەڵگەی ئێمە و بە تایبەت لە نێو خودی ژناندا ناتێگەیشتنێک هەیە بۆ ئەم بزاڤە. هۆکارەکانی ئەم ناتێگەیشتنە چین؟ بۆچی هەوڵ نەدراوە تێگەیشـتنێک دروست ببـێت بۆ ئەم بزاڤە و خەباتەکانی؟

– فیکر و فەلسەفەکان بەرهەمی عەقڵە تایبەتییەکانی نێو کۆمەڵگەن، بەڵام ئەم عەقڵانەش بە عەقڵی گشتییەوە پێوەست و پێوەندیدارن. ئاست و ڕادەی گەشەسەندنی کۆمەڵگەکان بڕیاردەرن لەوەی هەر فیکر و فەلسەفەیەک لە کۆمەڵگەدا چەند گەشە دەکات و چۆن پیادە دەکرێت و چلۆن دەکرێت بە ڕێبازی خەبات و بەرنامەی قابیل بە پراکتیزەکردن.

ئێـمـە ئەگـەر بە چاویلکەیەکی کـۆمـەڵناسـیـیـەوە ئاوڕێک لە کـۆمـەڵگەی کوردستان بدەینەوە و مێژووی کورد وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و کوردستان وەک وڵاتێکی داگیرکراو هەڵسەنگێنین، پێمان سەیر نابێت بۆچی ئێمە هێندە لە دواوەین. ئێـمـە تەنیا چەند ساڵێکە و تەنیا لە یەک لە چوار بەشی کوردستاندا نیمچە سەربەخۆییەکمان هەیە و تا ڕادەیەک لەسەر پێی خۆمان ڕاوەستاوین، بەڵام خۆشبەختانە نەوەستاوین و کار دەکەین بۆ ڕاستکردنەوەی هەموو ئەو بارە خوارانەی کە مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە. ئێـمـە بیرمان نەچێت کە کـۆمـەڵگەی ئێـمـە لە ڕووی قـۆناغی گەشەسەندنەوە هێشتا وەک فیکر بیری تایفەگەری بەسەریدا زاڵە و ئەمەش

کاریگەری یەکجار زۆری هەیە لەسەر پرسەکانی کۆمەڵگە بە گشتی و هی ئافرەت بە تایبەتی. ژنان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەک گشتی نەک وەک تاک و تەرایەک، هێشتا خاوەنی ناسنامەی خۆیان نین. نەخوێندەواری بە گشتی و لە ناو ژناندا بە تایبەتی هێشتا لە ڕێژەیەکی بەرزدایە. فێمینیزم دنیابینی و فیکرە و فیکر و فەلسەفەش هۆشیارییان پێویستە، هۆشیاریش تەنیا بە خوێندەواری نایەتە بەرهەم بەڵکە بە دەرککردن و کرانەوەی مێشک و بە هەبوونی ئازادییەکی تاکەکەسی. کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا کۆمەڵگەیەکی کۆلێکتیڤە و تاک لە نێو کۆمەڵدا تواوەیە، ئەمە نەک تەنیا بۆ ژن بۆ پیاویش وایە، بەڵام بۆ ژن بارەکە خوارترە و ڕاستکردنەوەیشی قورسترە. هەندێ کەس چونکە لە چاویلکەیەکی کۆمەڵناسییەوە ناڕوانننە کێشەکان و دیاردەکان، بۆیە زوو ڕەشبین دەبن و دەستیان لە خەبات و تێکۆشان سارد دەبێتەوە، بەڵام ئەمانەی کە ڕوو دەدەن پێویستییان بە لێکدانەوەی کۆمەڵناسانە هەیە و کات و وزە و ئیرادەیان پێویستە بۆ ئەوەی بارە خوارەکان ڕاست بکرێنەوە. خۆشبەختانە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا کەسانێک هەن لە نێو ڕووناکبیران و سیاسەتوانان (ئەگەرچی هێشتا ژمارەیان کەمە) بەڵام خوازیاری ئەو هاوسەنگییەن و کاری بۆ دەکەن. پێویستمان بە پشووی شۆڕشگێڕانە، وزەی کارکردن و ماندوونەناسی و ئیرادەی خەبات هەیە بۆ ئەو مەبەستە.

* مێژووی فێمینیزم لە وڵاتی ئێمە بۆ کەی دەگەڕێتەوە، یاخۆ ئایا دەتوانین بڵێین بزاڤی فێمینیزم لە کوردستاندا هەیە، ئەگەر بوونی هەیە بۆچی نەیتوانیوە ڕۆڵی ژنان زیاتر بکات لەوەی کە هەیە لە کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا، یاخۆ بۆچی تا ئێستا زۆرینەی ژنانی کورد لە مافە سەرەتاییەکانیان بێ بەشن و لە پاشکۆی دەسەڵاتەکانی پیاواندا ئیدامە بە ژیان دەدەن؟

– لە کوردستاندا چالاکیی کۆمەڵایەتی هەیە و، هەوڵی تاک و کۆ هەیە بۆ

ئەوەی لەسەر هەندێ لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بوەستین و قسە بکەین، وەلێ فێمینیزمی کوردی وەک ئەوەی فیکر و فەلسەفەیەکی مرۆڤساڵارانەی لە پشتەوە بێت و بووبێت بە ڕێبازگەلی فێمینیستی هێشتا نییە. پاشکۆبوونی ژن لە نێو کۆمەڵگەدا شتێک نییە تایبەت بێت بە کۆمەڵگەی کوردستانەوە، بەڵام بەهۆی ئەو تایبەتمەندییەی کە باسمان کرد کۆمەڵگەی کوردستان ئاستەنگی زیاتری هەبووە بۆ پێشکەوتن. ئەو چالاکییانەشی کە ژنی کوردستان و پێشکەوتنخوازانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان کردوویانە بەفیڕۆ ناچن و بەرهەمیان دەبێت. بێگومان گەشەسەندن لەم ڕووەوە خاو بووە و مرۆڤ ئاواتەخوازە خێراتر ئەو خەباتە بۆ پێشەوە بچێت، بەڵام وەک وتم کۆمەڵگەیەکی ئاڵۆزی وەک هی ئێمە ڕەنگە کاتی زیاتریشی بوێ لەوەی کە ئێمە حەز دەکەین بۆ پێشەوە بچێت.

* لەو کۆمەڵگەیانەی کە هەردەم عەقڵیەتی پیاوساڵاری تێیدا باڵادەستە و دەسەڵاتی یەکەمی ئینسانەکان بۆ پیاوانە و ژنیش لە پاشکۆی خۆیدا دادەنێت، خەباتەکانی ژنان قورستر دەبێت و بارگرانی زیاتر دێتە سەر ڕێیان بۆ زامنکردنی مافەکانیان، ئێستا لە کوردستان زەمینەسازییەک بۆ بایەخدان و گرینگیدانی زیاتر بە خەباتی ژنان هەیە، بەڵام سستییەک دەبینرێت لە شێوەی خەبات و هەنگاوهەڵهێنانی ڕێکخراوەکانی ژنان، هۆکارەکانی ئەم سستییە بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– هۆی ئەوەیە ئەو ڕێکخراوانە ڕێبازیان نییە، دنیابینییەکی ژنانەیان نییە تا دنیا و دیاردەکانی پێ بخوێننەوە. ڕاستە چەندان دەسەڵاتدار و کەسانی کلیلی لە نێو حزبەکاندا و لە نێو حکوومەتی کوردستاندا هەن کە هاوکاری و پشتیوانی بۆ پرسی ئافرەت ڕادەگەیەنن، بەڵام ئەم هاوکاری و پشتیوانییانە لە شێوەی تیۆریدا دەمێننەوە ئەگەر ژنانێکی هۆشیار و خاوەن فیکر خۆیان نەیەن هاوکارییەکانیان لێ وەربگرن و وەری بگێڕنە سەر کردەوە. ڕاستە

ڕێکخـراو زۆرە و هـەریەکــە و کـەســێکی بۆ دانراوە و کــراوە بە ســـەرۆک و سکرتێـری، بەڵام ئەوەی واقیـعی ژنانی کـوردستـانە و زۆر بـە ڕاستگۆییـیـەوە پێویستە دەرببڕدرێت ئەوەیە کە سـەرانی ئەو ڕێکخراوانە خاوەنی جیهانبینی نین، ڕاستە خـوێندەوارن بـەڵام ڕۆشنبیرییان لە ئاستێکی نزمدا بووە و خەباتی فێـمینیستیش ژنی ڕۆشنبیر و خـاوەن نەزەری پێویستە تا ڕەوت و ڕێبـازی بۆ دیاری بکـات. بە بۆچوونـی من زۆربەی ئەو ڕێکخـراوە تەقلیـدییـانـەی کـە هەن زیادەن و پێـویست دەکـات مـیـتـۆدی نوێ بۆ خـەباتی ژن دابنێین و شـێـواز و ئامرازەکـانی خـەباتی ژنـان لە کوردسـتـاندا نوێ بکەینەوە، دەنا بـەم ئامـراز و شـێـوازانەی کـە ڕێکخـراوەکـانی ئێـسـتـا کـاری پێ دەکـەن ناشێ مـافـەکـان دەسـتـەبەر بکرێن. ئێـمـە پێـویسـتـمـان بەوەیە پرسی ژن بە دەزگـایی بکەین. حـزبەکان ئەگـەر بیـانەوێ لەو بوارەدا پێشـڕەو بن پێـویستـییان بەوەیە دەزگـای بڕەوداریان هـەبێت کار بۆ مەسـەلەی ژن بکات نەک ڕێکخراوی بێ بڕەو. پێـشم وایە کـاتی ئەوە هـاتووە حزبەکـان بیر لەوە بکەنەوە کـە میتودی بەدەزگـاییکردن لە مەسـەلەی ئافرەتان، لاوان، قوتابییان و پیشـەکارانی تریشدا پەیڕەوی بکەن.

* ئەگـەر بکرێت تێڕوانینەکـانی خـۆتمان پێ بڵـێیت بـۆ چۆنیـەتیی خەباتی ژنان بۆ داهاتوو و خۆئامادەکردن بۆ ئەو پێشهاتانەی کە دێنە ڕێی ژنان. هـەر لە پـەرەسـەندنـەکانی کۆمـەڵگە و گـۆڕانـەکـانی شـێوازی ژیانکردن، کـە ئەمەش پێـویسـتە ئافـرەت خۆی بۆ ئامـادە بکـات، تا بتـوانن زیاتر خـۆیان بسـەلمێـنن و زیاتر هـەوڵ بـدەن بۆ چەسپاندنی یەکسانی لە نێوان خۆیان و پیاواندا؟

- ژن پێـویسـتــە خـۆی پـەروەردە بکات و هـاوکـێـشــەکـانـی سـیـاســەت و کاریگـەرییەکانی فێر بێت بۆ ئەوەی بێتە نێو کایەی سیاسـەتەوە. ئەوەندە بـەس نییـە ژن بێتـە نێـو حزبەکانـەوە و لەبەر ژنبوون خـاتری بگرن و بیخـەنـە نێو جـامـخـانەی سـیـاسـەتەوە، بەڵکە پێویسـتـە بەکـردەوە سـیـاسی بێت و هـونەر و زانستی سیاسـەت فێر بێت و ئەگـەر حزبایەتی دەکات بە هێز و هۆشـیارییەوە

کار لە نێو حزبەکاندا بکات. ئەوەندە بەس نییە ژن وەزیفەیەکی باڵای هەبێت لە نێو حکوومەتدا، یان پلەیەکی سەرکردایەتیی هەبێت لە نێو حزبەکەیدا، بەڵکە ئەوەی گرینگە بۆ ژن پێویستە کار و کاریگەری هەبێت لە نێو کۆمەڵگەدا و، قسە و بۆچوونی هەبێت و بیخاتە گەڕ بۆ پێشخستنی حزبەکەی، کۆمەڵگەکەی و وڵاتەکەی بە گشتی. ڕۆڵی ژن لە نێو حزبەکانی کوردستاندا بە داخەوە تا ئێستا تەنیا ڕواڵەت بووە و، لەمەشدا هەم ژن و هەمیش حزبەکان زیانی زۆریان کردووە. ژن ئەو زیانەی پێ کەوتووە کە بواری پێنەدراوە خۆی خۆی بێت و فیکر و بۆچوونی خۆی هەبێت و گەشەی پێ بدات، حزبەکانیش ئەو زیانەیان پێ کەوتووە کە هەتا ئەمڕۆ ژنێکی هەڵکەوتوویان تێدا نەبووە کە بتوانێت لە پێشخستنی حزبەکەدا ڕۆڵی کلیلی ببینێت. بەبڕوای من لەمەودوا پێویستە بیرکردنەوەکان بە ئاراستەیەکی جیاواز لەوەی پێشوو بن. حزبەکانی کوردستان چەند پێش بکەون و بگەنە هەر ئاستێک لە ئاکامدا ئەگەر لە مەسەلەی ژندا ڕۆڵیان سست بێت، بە حزبێکی دواکەتوو ناوزەد دەبن. ژنانیش پێویستە ئەوەیان لە بەرچاو بێت، ئیشکردن لە ناو پرسی ژن، ئیشکردنە لە ناو کایەی سیاسەت، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستە سیاسی بن بەمانای وشەکە. سیاسی پێویستە ئاگەدار و هۆشیار بێت، سیاسەت هونەر و زانستە و دەبێت کارامە بێت تیایدا، ئەمەش پێویستە کاتی بۆ دابنێیت بۆ دانوستاندنی زانیاری و هەواڵ لەسەر ئاستی جیهان و ناوچەکە و کوردستان. پیاوان کە خۆ تەرخان دەکەن بۆ سیاسەت هیچی تر ناکەن، بەڵام ئەو ژنانەی لە کوردستاندا لە نێو حزبەکان کاریان کردووە ئەرکی ماڵەوە و منداڵ و کۆمەڵێک ئەرکی لابەلاییی تریان هەیە و هەر بە ناو لە نێو سیاسەتن و تەنیا لەبەر ڕواڵەت و جلوبەرگە ژنانەکەیان بۆ چاوفریودان دادەنرێن. وا نابێت، دەبێ ژنانێکیش هەبن خۆ تەرخان بکەن بۆ سیاسەت، هونەر و زانستی سیاسەت فێر بن، خۆیان بن نەک سێبەری کەسانی تر. ژن بن بەبیرکردنەوە و ناوەڕۆک نەک بە ڕواڵەت و جلوبەرگ، کار و کاریگەرییان هەبێت و دیار بێت.

* پرسیارێکی ترمان لەبارەی پرۆژەی ئەو کتێبە تازەیەی خۆتە کە کاری لەسەر دەکەیت. وەک زانیومانە ئێستا سەرقاڵی کارێکی تازەی لەسەر چەمکی فێمینیزم و ڕەنگە وەک ناوەرۆکیش هەر نوێ بێت و ئەوە دەهێڵینەوە بۆ کاتی بڵاوبوونەوەی. بەڵام ئایا دەکرێ بە شێوەیەکی گشتی تیشک بخەیتە سەر ئەو کتێبە؟

– دوای کتێبی (ئازادکردنی مێژوو)، (شەرەفنامە) کە هەردووکیان لێکۆڵینەوەن لە پرسی کۆمەڵگە بەگشتی و پرسی ژن بەتایبەتی، ئێستا کار لە کتێبێکی تردا دەکەم کە تیایدا ئەو تیۆرییانەی تێدایە کە بەگونجاوی دەزانم بۆ خەباتی فێمینیستی لە کوردستان بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندییە مێژوویی و کولتوورییەکانی و ئاستی گەشەسەندنی کۆمەڵگەی خۆمان. فێمینیزم پێویستە بکوردێندرێ و ڕێبازی کوردی لێ پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی بکرێت بە بەرنامەی کار. هەوڵم داوە لەو کتێبەدا تیۆری فێمینیزمی کوردی دابڕێژم کە بۆ قۆناغی ئێستا و داهاتوو بگونجێ.

* ماوەیەکە دەبیستین سەرقاڵی نووسینی ڕۆمانێکیش بووی، وەک زانیومانە تەواویشت کردووە. دەکرێ تیشکێک بخەیتە سەر بابەت و ناوەرۆکی ئەم ڕۆمانەش؟

– بەڵێ ڕۆمانی (زەنگدانەوە)م تەواو کردووە و هیوادارم بەم زووانە بەدەستی خوێنەر بگات. نامەوێ پێش ئەوەی خوێنەر بیبینێت خۆم باسی ناوەرۆکەکەی بکەم، تەنیا ئەوەندەی لەبارەوە دەڵێم کە لەو ڕۆمانەدا ئەندێشەی ڕاستەقینە و سەرنجڕاکێشی ژنێکی نووسەر دەبینرێت کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە. ئەم ئافرەتە تەنیا نووسەرێکی ئاسایی نییە، بەڵکە خاوەنی توانایەکی سەرووی سروشتیشە و هەستی شەشەمی لە شێوەی ڕادارێکی زۆر هەستیار کارایە و بەهۆیەوە دەتوانێ نەبینراو ببینێ و ڕابردوویەکی دوور و داهاتوویەکی دووریش بخوێنێتەوە، دەتوانێ بیر و هەستی مرۆڤەکانی

دەوروبەری بخوێنێتەوە. لەم ڕۆمانەدا بە شێوەیەکی چڕوپڕ و سەرنجڕاکێش کارم لەسەر وردەکارییەکانی دەروونی باڵا و ڕوحی بێ سنووری ژنێکی نووسەر کردووە نەک لە یەک ژیان و یەک سەدەدا، بەڵکە لە چەندان سەدەی ڕابردوو و داهاتووشدا کۆژانی هەموو ژنانی کۆ کردووەتەوە و دەریان دەبڕێت. بۆ ئەوەی تاڵە تیشکێک بخەمە سەر ڕۆمانەکە چەند دێرێکی کۆتاییی ڕۆمانەکەت پێ دەڵێم کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە باسی دەکات و دەڵێت:

«ئەم کۆژانە، سەرەتای کۆتایی نییە. ئەم داستانە دڵۆپێکە لە دەریایە. گەر دەپرسی زەنگدانەوە چی بوو ئەی هاوڕێی میهرەبان، دەڵێم: پیاسەی هێمنی زمانم بوو، لە ساتێکی بێدەنگی. ڕاهێنانێکی دەروون بوو لە وەختی تەنگژە و سەختی. دەربازبوون بوو لە پەلاماری گەلەگورگی سەرەڕێ، گەیشتن بوو بە ڕوحی تۆ، لە ڕوحی خۆم، سەختترین جێ. هەر دڵۆپێکی دەریا بوو، ئەی دلۆڤان. دڵۆپێک لە ئۆقیانووسی تەلیسمی ساتێکی ژووان. دڵۆپێک بوو لەو نوورەی کە ڕژاوەتە ڕوح و چاوم. تاڵێک بوو لە تیشکی هزر، کە بووەتە هەوێنی ناوبانگ و ناوم. ساتێک بوو لە سەودایی من لە ژێر ساباتی ڕووناکی. چرکەیەکی نوقمبوون بوو لە ناخی خواوەند و، هەستی پاکی. سروەی سۆزێک بوو هەڵقوولاو لە شەشەم هەستی باڵاوە، تیشکێک بوو پێوەست بوو بە گیان و جەستەوە، بە ڕێبازێکی ڕەواوە، بە هۆش و هەستی باڵاوە.»

## گفتوگۆیەکی تایبەت لەسەر
## پرسی ژن و سیاسەتی یەکسانی لەگەڵ مەهاباد قەرەداغی

سازدانی: هەفتەنامەی کەرکووکی ئەمڕۆ

* چەند کتێبێکی لێکۆڵینەوەت لەبارەی پرسی ژن نووسیوە، ناونیشانی کتێبی یەکەمت لەم بارەیەوە (لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا)یە. بۆچی دەستەواژەی (ژیانەوە)ت هەڵبژاردووە، ئەی لە پێناوی ئەو ژیانەوەیەدا چیت بەباش زانیوە بکرێت؟

– بەهۆی ستەمێکی مێژوویی تەمەن درێژەوە، ئافرەت بەشێوەیەکی سیستەماتیک ئیرادەی لێ زەوت کراوە و لە هەموو بوارە زیندووەکانی ژیاندا لە پەراوێزدا دانراوە. دوورەپەرێز کراوە لە ژیانی سیاسی، ژیانی ئابووری، ژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئاینیش، تەنیا بوارێکی بۆ هێڵدراوەتەوە نمایشی تواناکانی خۆی تێدا بکات ئەویش کەشی تایبەتی ماڵەوە و منداڵدارییە. لە ڕۆژئاوادا بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی و گەشەسەندنی ئابووری، ئافرەت سنووری تایبەتی بەزاند و چووە نێو کەشی گشتی، ئەمەش بوو بە مایەی بووژاندنەوە و ژیاندنەوەی و هاتنە دەرەوەی لە گۆشەیەکی مردووەوە بۆ ناوەندەکانی کار و بوونی بەخاوەنی داهاتی ئابووریی خۆی، کە لەوێشەوە دەستی بەچێکردنی ناسنامەی خۆی کرد.

ئافرەتی ڕۆژهەڵاتی ئێستاش لە گۆشەی مردوودان، ئەو دەرفەتەیان بۆ هەڵنەکەوتووە کە ببنە کەسانی کارا لە شوێنە کاریگەرەکان و لە ناوەندە بڕیاردەرەکاندا. ئێستاش بە شێوەیەکی سیستەماتیک و لە هەموو بوارەکاندا

ستەمی گەورەیان لێ دەکرێت و لە پەراوێزدا ماونەتەوە. کەواتە پێویستییان بەوە هەیە ئەو گۆشە مردووە دەرباز بکەن و دەست بکەن بە قۆناغی ژیانەوە و لەو قۆناغەدا پلان بۆ چێکردنی ناسنامەی شایستە بە خۆیان دابنێن.

لە کوردستانیشدا، هەروەک ولاتانی تری رۆژهەلاتی ناوەراست، بەلام بەهۆی بارودۆخێکی دژوارترەوە کە ولاتێکی داگیرکراو بووە و نەتەوەیەک بووە ستەمی نەتەوایەتیشی لێ کراوە، بارودۆخی ژنان ئالۆزتر بووە و ستەمی زیاتری لێ کراوە. ئەم بەشەی کۆمەڵگەی کوردستان بەهۆی ئەوەی کە لە ژێر دەسەلاتی داگیرکەردا بووە تا سالانێکی کەمی لەمەوبەر، بۆیە دەرفەتی گەشەسەندن و پێشخستنی بۆ نەرەخسێندراوە، بۆیە زۆر بە دواکەوتوویی ماوەتەوە و سیستەمی خێلگەریەتی کە هەڵگری کولتووری باوکسالارییە لە سەرووی هەر سیستەمێکی ترەوەیە و ئەمەش مەینەتی زۆری بۆ ژنی کورد خولقاندووە.

قۆناغی (ژیانەوە)ی ژنی کورد لەوەوە دەست پێ دەکات کە سیستەمی خێلایەتی بەرەو لاوازی ببرێت و لە ئاکامدا نەمێنێت، لە جێگەی ئەوەش سیستەمی عەقلانی دابنێت و پێوەری عەقلانی ببێتە هەڵسەنگێنەری دیاردەکانی کۆمەڵگە. لە پێناوی ژیاندنەوەی ئافرەتدا پێویستە هەموو ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە تێ بکۆشێت و پسپۆرەکانیش بە ژنان و پیاوانیشەوە پلان بۆ ئەوە دابنێن چۆن بتوانن ئافرەت لە گۆشە مردووەکانەوە بهێننە نێو چەقی بازنەی ژیان.

* کتێبێکی ترت ناوی (ئازادکردنی مێژوو)ە، ئەم دەستەواژەیەش سەیر و سەرنجراکێشە. مێژوو رۆیشتووە و رابردووە، مێژوو چۆن ئازاد دەکرێت، یان بەشێوەیەکی تر پرسیارەکە بکەم، تۆ مەبەستت لە کام مێژووە کە دەبێ ئازاد بکرێت؟

– ئێمە وا راهاتووین بە هەندێ لە ساتەکانمان کە خۆمان بە گرینگی دەزانین بڵێین (ساتی مێژوویی)، چونکە لەو ساتانەدا پێمان وایە دەرفەتمان

بۆ هەڵدەکەوێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکمان، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو ساتێکی ئێمە دەتوانێت ساتی مێژوویی بێت، بە مەرجێک خۆمان باوەڕمان وابێت. هەموو ڕۆژێک لە ڕۆژەکانی ژیانمان پڕن لە دەرفەت، بەڵام دەرفەتەکانمان ناقۆزینەوە، لە ڕاستیشدا هۆی ئەوەیە کە ئامانجمان نەبووە بۆیە هەلەکانمان لە دەستی خۆمان داوە. ئێستا و داهاتووش هەر ڕادەبوورن و دەبن بە مێژوو، بۆیە دەبێت بۆ ئازادکردنی ئەو مێژووە ئەمڕۆ پلانمان هەبێت کە هەموو ساتێک بە ساتی پڕ لە دەرفەت بزانین و بۆ بەدیهێنانی ئامانجی ئازادکردنی مێژوومان بیقۆزینەوە. لە کتێبی ئازادکردنی مێژوودا مەبەستم لەو مێژووەیە کە ئەمڕۆ ئێمە بە هەنگاوەکانمان و داهێنان و فیکر و پرۆژەکانمان دەتوانین ئازادی بکەین.

* پێت وایە ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و ئەوانی تر لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئەم ساتە بەو ئاراستەیە ئیشیان کردبێت کە مێژووی ژن ئازاد بکەن، یان با بڵێم ئایا سوود لەم تیۆرییانەی تۆ وەردەگرن؟

– لە دوای ڕاپەڕینەوە هەموو چرکەیەک چرکەی مێژوویی بووە بۆ کورد بە گشتی و بۆ ژنی کوردیش بێگومان، بەڵام وەک کورد ئێمە زۆربەی دەرفەتەکانمان لە دەستی خۆمان داوە بەهۆی ململانێی حزبایەتی و شەڕی پاوەنکردنی دەسەڵات، بێگومان ئەمە کاریگەری لەسەر بزاڤی ئافرەتانیش هەبووە و نەک زۆربەی بگرە هەموو دەرفەتەکانیان لە کیس چووە و لە کیسی خۆیان داوە.

ئەو ڕێکخراوانەش ماوەیەکی زۆر بەو ململانێیانەوە خەریک بوون کە حزبەکان پێوەی خەریک بوون، بەڵام حزبەکان ئامانجێکیان هەبوو لەو ململانێیە ئەویش بەدەستهێنانی دەسەڵات بوو، بەڵام بۆ ژنان هیچی تێدا نەبوو، ململانێ بووە لە پێناوی ململانێدا. لە نێو ژیانی سیاسی و ڕێکخراوەییدا (کێبەرکێ) لە پێناوی گەشەسەندندا ڕەوایە و لە هەموو

ئاستێکدا پێویستە بکرێت، بەڵام (ململانێی) لەو جۆرەی کە لە کوردستاندا هەبووە نارەوا و ناتەندروست بووە، بۆیە بەربەستی لە بەردەم پێشکەوتن و گەشەسەندندا داناوە.

سەبارەت بە تیۆرییەکان، نەخێر سەرانی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و هەموو ئەوانی تریش سوود لە تیۆرییەکانی ئێمەش و هی نووسەرانی دنیاش وەرناگرن، چونکە نەیانخوێندووەتەوە و بە شێوەیەکی گشتیش ئەوانەی کە لە نێو ئەو ڕێکخراوانەدا کار دەکەن بە دەگمەن تێیاندا هەڵدەکەوێت کتێب بخوێنێتەوە یان تەنانەت ڕۆژنامەش بخوێنێتەوە. کولتووری خوێندنەوە لە ناو کۆمەڵگەی کورددا بە گشتی لاوازە، لە ناو ژناندا بە تایبەت لاوازتریشە. ئەمە نەهامەتییەکی گەورەیە، چونکە تۆ نەخوێنیتەوە ئاگەداری دنیا نابیت و هۆشیاریت سنووردار دەبێت، کاری سیاسی و ڕێکخراوەییش پێویستی بە زانیاری و هۆشیارییە. لە ناو حزبەکانی کوردستانیشدا ئافرەتی هۆشیار و خوێندەواری باش هەیە، بەڵام سوود لە توانایان وەرنەگیراوە و دەبینین سەرکردایەتیی حزبەکان ژنیان تێدا نییە.

* تۆ لە کوردستاندا خاوەنی تێکۆشانێکی سیاسی بووی و دوای ڕاپەڕینیش بۆ ماوەیەک لە هەندەران بووی، بە هیوا و ئاواتێکی زۆرەوە هاتیتەوە کوردستان و بووی بەڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی کوردستان کە ئەندامێکی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستانە، واتە دیسانەوە هاتیتەوە ناو کایەی سیاسەت، بۆچی؟

- ژنان لە کوردستاندا پێویستە لە هەموو جێگەیەکدا هەبن، لە ناو ژیانی ئابووری و کاردا، لە ناو کایە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە ناو کایەی کولتوور و لە سەرووی هەمووشیانەوە بۆ ئەوەی دەنگ و سەنگی دیاریان هەبێت دەبێ لە ناو کایەی سیاسەتیشدا کارا بن.

من لەوەتەی خۆم ناسیوە لە مەیداندا بووم، نەک لە گەنجەتییەوە بەڵکە

دەتوانم بڵێم لە منداڵییەوە لە ناو هەردوو کایەی سیاسەت و کولتووردا بووم و کـارم کـردووە. مـن پێم وایە مـرۆڤ بۆ ئەوە دروست دەبێت کـە بۆ ژیان تێ بکۆشێت، بۆ ئەم تێکۆشـانەش کـەناڵ و میکانیزمی جۆراوجۆر هەن، هەریەک لە ئێمە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەکاریان دەبەین بۆ ئەوەی بارودۆخی ژیانی مرۆڤ باشتر بێت.

سیاسەت یەکێکە لە کەناڵە گرینگەکان و مەیدانێکە دەرفەتی ئەوەت دەداتێ ئامانجی خەباتی چینەکەت، توێژەکەت، حزبەکەت و گرووپەکەتی تێدا بهێنیتە دی. ئافـرەتی کـورد وەک گـرووپ لە ناو کـایەی سـیاسـەتی کـوردیدا دەنگ و سـەنگی ئەوەنـدە لاواز بووە کـە بە نرخی نەبوو دەژمـێـردرێت. من هـانی ئافرەتانی کوردستـان دەدەم بێنە ناو مەیدانی سیاسەتەوە، بەڵام بە مەرجەوە نەک بەبێ قەید و شەرت. ژنی کورد پێویستە خۆی بێتە ناو سیاسەتەوە نەک بەزۆر و لەبەر خـاتری ئەم و ئەو بهێنرێت، واتە لـەو مـەیدانەدا بگوترێت ئەوە فلانە کەسە، نەک بوترێت ژنی یان کچی یان خوشکی فلانە کەسە. هەروەها پێویستە کە دێتە ناو سیاسەتەوە خۆی تەیار کردبێت و بڕێک لە فەلسەفەی سیاسەت و تاکتیک و ستراتیجی سیاسەت بزانێت و وەک کەڕولاڵ نەیەتە ناو ئەم کایەیەوە و چەند وتەیەکی پێ تەڵقین بدرێت و هەر ئەوانە بڵێ و بجوێتەوە. خـاڵێکی تری گـرینگیش ئەوەیە کـە توانا و جـورئەتی بڕیاردانی هەبێت و لە کات و شوێنی پێویستدا ڕاوبۆچوونی خۆی دەربڕێت و هەڵوێستی ئاشکرا و ڕوون بێت.

من وەک خۆم کەناڵی خۆدەربڕین و خۆسەلماندنم لە دەرەوەی سیاسەتیش هەبووە، چونکە من شـاعـیـر و نووسـەرم و جگە لەوەش وەک لێکۆڵەرێکی ئەکادیمیش بەرهەمم هەبووە و لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا دەتوانم ڕۆڵ ببینم، بەڵام کە بینیومە لە مەیدانی سیاسەتی کوردیدا ئافرەت کەمە، هانی ئافرەتم داوە بێنە نێـو ئەم مـەیدانەوە و خـۆشـم باکگراوندێکی سـیـاسـیم هەیە و مێژوویەکم هەیە لەم بوارەدا بۆیە هاتمەوە نێو سیاسەت و بووم بەڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەت.

* بۆچی کە هاتیتەوە لەگەڵ پارتی کارت کرد نەک حزبێکی تر، بە تایبەت کە پێشتر لەگەڵ ڕێکخراوی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)دا کارت کردووە و مێژوویەکت هەیە لە ناو ئەو حزبەدا؟

– من هاتمەوە ناو حکوومەت کار بکەم و بووم بە ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کە سەرکردەیەکی دیاری پارتی دیموکراتی کوردستانە. ڕاستە ئەو دەمەی من هاتمەوە هێشتا دوو ئیدارە هەبوو، بەڵام قسە لەسەر یەکگرتنەوەی ئیدارە کرابوو. مخابن ئەو ماوەیە درێژەی کێشا و حکوومەتی هاوبەش درەنگ پێک هات. باوەڕم وا بووە و وایە کە مرۆڤ پێویستە بە هەناسەی کوردایەتی و بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە کار بکات نەک هەناسەی بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی. لەگەڵ زۆر لە سەرکردەکاندا دانیشتنم هەبووە و گفتوگۆمان کردووە. پێش ئەوەی دەستبەکار بم لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی کوردستان دانیشتم و گفتوگۆمان کردبوو، لەو ڕووەوە دڵنیا بوومەوە. چەندان جاریش لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکوومەت گفتوگۆمان کردبوو، لە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی ئەو گفتوگۆیانە بۆم دەرکەوت نێچیرڤان بارزانی بە هەناسەی کوردایەتی و بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە کار دەکات و ئەو ئامانجەشی کە من لە پێناویدا هاتمەوە و کارم بۆی کرد، کە پرسی یەکسانی بوو لە بیروبۆچوونماندا زۆر نزیک بووین لە یەکترەوە و لە خاڵە جەوهەرییەکاندا هاوبیریمان هەبوو، بۆیە لەگەڵ بەڕێزی دەستم بەکار کرد.

* (سیاسەتی یەکسانی)ت بۆ حکوومەت داڕێژا و ڕاتان گەیاند، دەزگای یەکسانیت دامەزراند لە سەرۆکایەتیی حکوومەتی کوردستان، ئایا ئەم سیاسەتە پیادە کرا؟

– وەک گوتم کاتێ من هاتمەوە هێشتا سەردەمی دوو ئیدارەیی بوو،

بەربەستی زۆر هەبوو بۆ پیادەکردنی ئەم سیاسەتە لە سەرانسەری کوردستاندا بەهۆی ململانێی حزبایەتییەوە، بەڵام سیاسەتی یەکسانی بەو هەناسەیەوە دارێژرا و ڕاگەیاندرا کە ببێتە سیاسەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە کابینەی پێنجەمدا پیادە بکرێت. بێگومان لەو ماوەیەدا دەزگای یەکسانی کار و چالاکیی زۆری کرد لەسەر ئامانجەکانی سیاسەتی یەکسانی و بە بەرنامە و پلانەوە کارمان بۆ دەکرد.

* بەڵام تۆ خۆت لەو کارە نەمایتەوە و دەزگای یەکسانیش لە دوای تۆ ناوی نەما، ئایا سیاسەتی یەکسانی لە ناو حکوومەتی کوردستاندا ئێستا کاری پێ دەکرێت؟

– ئەگەر گوێ لە وتارەکانی سەرۆکی حکوومەت بگرن بۆتان ڕوون دەبێتەوە کە بەڕێزی ئێستاش وەک خۆی ئەو سیاسەتە پیادە دەکات و ئەو ڕێنوێنییانەی کە دەیدات بە وەزارەتەکان و داوودەزگاکانی حکوومەت لە باوەڕی پتەوی بە سیاسەتی یەکسانییەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام ئەم سیاسەتە سەرۆکی حکوومەت خۆی بە تەنیا پیادەی دەکات و هێشتا بە گشتی نەکراوە و وەزارەتەکان و داوودەزگاکانی تری حکوومەت پیادەیان نەکردووە. ئەوەی من سەرنجم دابێت تەنیا وەزارەتی وەرزش و لاوان سیاسەتی یەکسانی تێکەڵ بە پرەنسیپ و سیاسەتی وەزارەتەکەی کردووە و هۆکەشی ئەوەیە وەزیری وەرزش و لاوان کاک تەها بەرواری باوەڕی بەپرەنسیپەکە هەیە و ئەوساش ئەندامێکی تیمی یەکسانی بوو لەگەڵ ئێمەدا.

* لە کابینەی پێنجدا وەزیرێک بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئافرەتان دانراوە؟ پێت وایە بتوانرێت لە ڕێگەی وەزارەتێکی تایبەت بە ئافرەتانەوە، کێشەی ژنانی کوردستان جێبەجێ بکرێت؟

– لەبارەی هەبوونی وەزارەتی تایبەت بە ژنان من چەند ساڵێک پێش

ئێستاش لە چاوپێکەوتندا گوتوومە و ئێستاش هەمان بڕوام هەیە کە سوودی نابێت بۆ ئافرەتان. پرسی ژن بە هیچ شێوەیەک نابێت تایبەت بکرێت بە وەزارەتێکەوە، بگرە لە گەورەترین دەزگای حکوومەتەوە تا بچووکترینی پێویستە سیاسەتی یەکسانییان تێدا پەیڕەوی بکرێت، بۆیە پێویست ناکات ئەم مەسەلەیە لە ناو تەنیا وەزارەتێکدا قفڵ بدرێت.

* ئایا ئەم وەزارەتە کە ئەوە ساڵێک زیاترە دامەزراوە، خۆی پەیڕەوی سیاسەتی یەکسانی دەکات، کە وەک تۆ دەڵێیت سەرۆکی حکوومەت خۆی پابەندە پێوەی و لە وتارەکانیدا دەری دەبڕێت؟

– من ئێستا لە دوورەوە تەماشای بارودۆخەکە دەکەم و دەبینم کە بە شێوەیەکی گشتی کەموکوڕیی هەیە لە پێوەندیی نێوان وەزیرەکان و سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنی وەزیران. تۆ ئەگەر تەماشای ڕاگەیاندنەکان بکەیت بە جوانی بۆت دەردەکەوێت کە هێشتا زمانی هاوبەش لە نێوان وەزیرەکانی لیستە جیاوازەکان و سەرۆکی حکوومەت و جێگرەکەی، نەدۆزراوەتەوە. وەزیرەکان سەر بە هەر حزبێک بن لەسەریانە کارنامە و سیاسەتی سەرۆکی حکوومەت جێبەجێ بکەن بۆ ئەوەی ئەو کابینەیە سەر بکەوێت، بەڵام ئایا لە کوردستاندا ئەوە کراوە! لە ڕۆژی سوێندخواردنی کابینەی پێنجەم نێچیرڤان بارزانی کارنامەی حکوومەتی نوێی پێشکێش کرد و باسی لە هەموو بوارەکان کرد، بە بڕوای من باشترین کارنامە بوو، دەبووایە لەسەر بنچینەی ئەو کارنامەیە وەزارەتەکان سیاسەتی خۆیان دابڕێژن و لەسەری بڕۆن. لە دوای ئەوەشەوە ئەگەر ئەو ڕێنوێنییانەی کە سەرۆکی حکوومەت لە وتارەکانیدا بە وەزیرەکانی کابینەکەی دەدات جێبەجێ بکرابایە، زۆر گۆڕانی باش لە ماوەی ئەو ساڵەدا ڕووی دەدا. بە داخەوە سیاسەتی یەکسانیش ئەگەرچی لە زۆربەی وتارەکانی سەرۆکی حکوومەتدا هاتووە، بەڵام وەک وتم جگە لە وەزارەتی وەرزش و لاوان هیچ وەزارەت و دەزگایەکی تر پەیڕەوییان

نەکـردووە. وەزیری کـاروباری ئافـرەتان چەند جـارێک لە لێـدوانەکـانیـدا گوتوویەتی ئێـمە لە سـفرەوە دەسـتـمـان پێ کردووە، ئەمـەش وا دەگـەیەنێت ئاگەداری کارەکانی پێش خۆی نەبووە کە لە دەزگای یەکسانی کراوە و ئاگای لە سیـاسـەتی یەکسـانی نییـە و گوێی لە وتارەکـانی سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیرانیش نـەبووە کە چۆن باس لەم پرس و پرەنسـیـپـە گـرینگە دەکـات. من کەموکوڕییـەکە لـە کولـتووری حـزبایەتـیی کـوردسـتـاندا دەبینـم، ئاشکرا دیارە ئەگەر مەسەلەیەک چەند گرینگ و باش و پێشکەوتووش بێت و لە بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵگەشدا بێت، ئەگەر کەسێکی سەر بە حزبەکەی بەرامبەر ڕایان گـەیاندبێ، ئەوانی تـر پەیڕەوی ناکـەن. هیچ کـەس ناتوانێت پێـچـەوانەی ئەوە بسـەلـێنێت کە (سـیـاسـەتی یەکسـانی) لە بەرژەوەندیی گـشـتـیی کۆمـەڵگەی کوردستـانە و دەسـتپێشـخـەرییەکی گرینگە و کـوردسـتـان پێش هـەر وڵاتێکی تری ناوچەکە کردوویەتی، ئیدی بۆچی لەبەر ململانێی حزبایەتی بەربەست لە بەردەم پیادەکردنی دابنرێت، وەک هەریەک لە کارەکانی تریش؟

* پێت وایە وەزیری کـاروباری ئافـرەتان و وەزیرە ژنـەکـانـی تر سەرکەوتوو دەبن لە کارەکانی خۆیان لەم کابینەیەدا؟

– من باوەڕم بە توانای ئافرەت هـەیە و پێم وایە ئەگەر دەرفـەتیان بدەن لەو بوارانەدا کە پسپۆڕ و کارامـەن تێیدا کار بکەن، باشترین ئەنجامیان دەبێت، بەڵام ئـەگـەر لەو کـارانەدا دایان بنێن کـە شـارەزا نین تێـیـدا بێگومـان سەرناکەون. حزبەکانی کوردسـتان و حکوومـەتی کوردسـتانیش دەرفـەتی زۆر کەمیان بە ژنان داوە کە بەشداریی کاری سیاسی و حوکمەتداری بکەن، بەڵام کە ئەو دەرفەتـە کەمەشیان داوە بە شـێوەیەکیان داوە کە هەر لە سەرەتاوە داو بۆ ئەو ژنانـە بنێنەوە تا سـەرنەکەون لە کـارەکانیـان و دواییش بە ژنان بڵـێن ئەوە خـۆتان بێ توانا بـوون و سـەرنـەکـەوتن. بۆ نموونـە وەزیری کـاروباری ئافـرەتان پزیشکـی ددانە، پێـشـتـر بریکاری وەزیری تەندروسـتـی بووە و شارەزاییی لەو بوارەدا هەیە، ئەگەر یەکێتیی نیشتمانی مەبەستی بوو ئەم ژنە

سـەر بکەوێت لە کـارەکـەیدا دەبوو بیکات بە وەزیری تەندروسـتی کـە سـەرکـەوتنی مـسـۆگـەر بوو، لـە جـیـاتی ئـەویش دەیان ژنی لێـهـاتـوو لە ناو یەکـێـتـیـدا هـەیە کـار بۆ مـەسـەلەی ژنان دەکـەن و دەیتـوانی دایان بنێت، چی دەبوو ئەگـەر لە جیاتی یەک ژن دووان یان سیـانی دانابایە. بەڵام نەک تـەنیا وەزیرە ئافرەتەکان وەزیرە پیاوەکانیش لـەم کابینەیەدا بە شـێـوەیەک دانراون هیچ بـیرکـردنەوەیەکی لۆجـیکی لە پشـتـەوە نەبووە و ئەگـەری سـەرکـەوتن و سـەرنـەکـەوتن بۆ زۆربەیـان بەهـەمـان شـێـوەیە. دووبارەی دەکـەمـەوە ئافـرەتان ئەگەر دەرفەتی ڕاستەقینە بدرێن و لە شـوێنی شـیاوی خـۆیاندا بن، دەشێ لە پیاوانیش سەرکەوتووتر بن.

* لەم مـاوەیەدا کـوشـتـنی ژن بە پاسـاوی نامـووسـپـەرسـتی زۆر زیادی کـردووە. کوشـتـنی دوعـا و بەردبارانکردنی لەسـەر ئاسـتی جیـهـاندا دەنگی دایەوە و دنیـای لە بارودۆخی ژنی کورد وەخـەبەر هێنا. پێت وایە لە دوای ئەو کـارەسـاتەوە حکوومەت و پەرلەمـان و ڕێکخراوەکان و ڕووناکبیران چی بکەن؟

- ئەگـەرچی گـەورەترین سـتـەم لەو کـچـە ١٧ سـاڵیـیـە کـرا و شـێـوەی کوشـتـنەکەی وەک بوومـەلەرزەیەک دەنگـی دایەوە و دنیـای هـەژاند، بەڵام دوعـا بوو بە سیـمـبـولێک بۆ سـتـەم لە ژنـانی کـوردسـتـان بە گشـتـی و بوو بەمـایەی نیگەرانیی دنیـا لەو خەتەرەی کە لەسـەر ژنانی کوردسـتـان هـەیە. دەنگدانەوەی تەقینەوەی مەرگی دوعا ویژدانی مرۆڤایەتیی جووڵاند و لە زۆر ئاستدا گفتوگۆ و ناڕەزایی و هـەڵوێسـتـگیـری خـولـقـاند. مـەرگی ئەم کـچـە کـوردە وەک مـوعـجـیـزەیەک وابوو کـە بوو بە ئاوێنەیـەک و هـەڵە و پەڵە و کـەمـوکـوڕییـەکـانی پەرلەمان و حکوومـەت و حزبەکان و ڕێکخـراوەکانی ژنان و کۆمـەڵگەی مـەدەنی و پەروەردەی خێزان و ڕەوشتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستـانی بە جارێ دەرخست بۆ خۆمان و بۆ هەموو دنیاش.

پەرلەمـانی کـوردسـتـان بۆی دەرکـەوت کـە یاسـاکـانی وەک مـەرەکـەبی سـەر

کاغەز وان و جێبەجێ ناکرێن. بۆی دەرکەوت کە خۆی ڕێز لە یاسای خۆی ناگرێت و چاودێریی جێبەجێکردنی ناکات. بۆی دەرکەوت کە بەرپرسیارەیتی مێژووییی خۆی بەجێ نەگەیاندووە لەم قۆناغەدا و مێژووش ئەمەی بۆ تۆمار دەکات.

حکوومەتی کوردستان بۆی دەرکەوت کە وەزارەتە پێوەندیدارەکانی ئەوپەڕی کەمتەرخەم بوونە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکان و یاساکاندا، بە تایبەت لە بڕیار و یاسای شۆڕینەوەی شەرەف کە لە ساڵی ٢٠٠٢ لە پەرلەمانی کوردستان گۆڕانی بەسەردا هێنرا. بۆی دەرکەوت کە یاسا سەروەر نییە.

حزبەکانی کوردستان بۆیان دەرکەوت چەند بیرکردنەوەیەکی تەقلیدی و دواکەوتووانەیان هەبووە لەمەڕ پرسی ژن و چۆن ئەوان یارمەتیدەر بوونە لەوەی یاسا سەروەر نەبێت، چونکە هانی سوڵحی عەشایەری دەدەن و بەمەش ئاو دەکەن بە ئاشی بیرکردنەوەی خێڵگەرایەتیدا کە شێرپەنجەی کۆمەڵگەی ئێمەیە.

ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و خوشکان و... هتد، بۆیان دەرکەوت کە لەبەر ململانێ بێ ماناکانیان لەگەڵ یەکتری نەیانتوانیوە فیکرێکی هاوبەش پێک بهێنن و لە بن چەترێکی هاوبەشدا کار بۆ مەسەلەی ئافرەت بکەن. نەیانتوانیوە بچووکترین گۆڕان لە سیستەمی فیکریی حزبەکانیان پێک بهێنن و تێڕوانینێکی نوێیان پێ بناسێنن کە جودا و سەردەمی بێت، کە دەبوو ئەمە ئەرکی سەرەکیی ئەوان بێت.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بۆیان دەرکەوت کە چالاکییەکانیان بۆ نوخبە بووە و هەر بۆ ناو بووە و نەیانتوانیوە بگەنە ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بە هۆشیارکردنەوە هەیە. نەیانتوانیوە میتۆدی کاریگەر بەکار ببەن بۆ گەیشتن بە خەڵک. بۆیان دەرکەوت کە نەیانتوانیوە کاریگەری لەسەر سیستەمی بیرکردنەوەی باوی کۆمەڵگە و خێزانی کوردەواری بکەن.

ڕووناکبیرانیش دەبێ بۆیان دەرکەوتبێت کە ئەو ڕووناکییەی لە بیریان هەیە

نەیانبەخشیوە بە کەسی تر و زۆر دوورن لە کۆڕ و کۆمەڵگەوە و دیوار و بەربەست لە نێوان ئەوان و کۆمەڵگەدا هەیە.

بەبڕوای من لە دوای ئەو کارەساتە، ئەو تەقینەوە ویژدانییەی کە بەردبارانکردنی دوعا دروستی کرد پێویستە پرسی ژن ببێتە پرسێکی ستراتیجی حکوومەت و پەرلەمان و حزبەکان بە گشتی و پلانی نیشتمانی و نەتەوەییی بۆ دابنرێت. بەڕێوەچوونی پلانێکی وا بەرزترین ئۆرگانی وڵات کە سەرۆکایەتیی کوردستانە بڕیاری بۆ بدات. لە نێو سیاسەتی یەکسانیدا بە ڕوونی باس لە بەرنامەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان دانراوە و زۆربەی ڕێکخراوەکانی کوردستانیش لەسەر ئەم بابەتە قسەیان هەبووە و پێویستە هەڵمەتێکی نیشتمانی لە سەرانسەری کوردستاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دابنرێت.

* زۆر سوپاس بۆ ئەوەی بەم ڕاشکاوییەوە بۆ هەفتەنامەکەمان دوایت، دوا پەیامت چییە لەم دیدارە تایبەتییەدا؟

– سوپاس بۆ ئێوەش، سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم و هیواداریشم ئێوەش وەک هەفتەنامەی کەرکووکی ئەمڕۆ هاوکار بن و پرسی ژن و یەکسانی فەرامۆش نەکەن. هەموومان پێویستین بۆ ئەوەی کوردستانێکی مۆدێرن بنیات بنێین.

ئەپریلی٢٠٠٧

## مەهاباد قەرەداغی لەسەر پرسی ژن

لە هەفتەنامەی ڕاسان

سازدانی دیمانە: سەباح شێخانی

* ئەو ژنانەی بە جورئەتەوە دەنووسن کەمن، سەرەڕای ئەوەش چەوساندنەوەی ژن بەردەوامە، ئەم هاوکێشەیە چۆن و کەی پێچەوانە دەبێتەوە؟

– نووسینی بوێرانە بەرهەمی ئازادیی ناخی مرۆڤە و، ژنانیش مێژوویەکی دوور و درێژی ستەمیان تێ پەڕاندووە و هێشتاش ئەو ستەمە بە شێوەیەکی سیستەماتیک و لە هەموو ئاست و بوارەکاندا بەردەوامیی هەیە، بۆیە نووسین و نووسەری لەو جۆرە کەمن. نەک هەر ژن بەڵکە پیاوانی نووسەریش هەموویان بوێر نین لە دەربڕیندا و بەبڕوای من لە ناو پیاوانیشدا بوێر کەمە، چونکە پیاوانیشمان ئەوەندە ئازاد نین، بەڵکە تەنیا لە چاو ئافرەتدا ئەوان ئازادترن، بەڵام ئازادی بەمانای چەمکە فراوانەکەی، پیاوانی کوردیش لێی بێ بەشن.

نووسین بەرهەمی بیرکردنەوەیە و بە زمان پۆشتە دەکرێت و، بە قەڵەم پێشکێش دەکرێت. کاتێ مرۆڤ بە تەواوی هەستەکانی ئاشنای ئازادیی ڕاستەقینە نەبێت، ناتوانێت بە ئازادیش بیر بکاتەوە، وێڕای ئەوەش ئەو زمانەی کە بیرکردنەوەکانی پێ دەردەبڕدرێن زمانێکی قۆرخکراو بووە لەلایەن سیستەمی نێرانەی کۆمەڵگەوە وەک هەر ئامرازەکانی تر بۆ خزمەتی نێرینە و سالاریەتی و دەسەڵاتی ڕەهای ئەو بەکار براوە. ئەگەرچی ئەم ستەمەش هەبووە و هەیە، وەلێ چونکە لە سروشتی مرۆڤ خۆیدا ئازادی بوونی هەیە و، هۆشیاری بەشێکە لە بنیاتی پێکهاتە و بوونی ئەو، بۆیە ئەگەر ژمارەشیان

کەم بێت کەسانێک هەر پەیدا دەبن لە نێو ژاوەژاوی ستەم و زەوتکردن و خۆسەپاندنەکانی کولتووردا، پێدراوە سروشتییەکانی خۆیان بدۆزنەوە و لەگەڵ ئازادیی ناخی خۆیاندا ببنەوە بە ئاشنا و لە سایەی ئەو هۆشیارییە سروشتییەدا بیر بکەنەوە و، بیر لە زمانێکی تری بێلایەن بکەنەوە بۆ دەربڕینی بیرەکانیان و بە ئازادییەوە بنووسن. ئەم ئازادییە سروشتییەی کە پێدراوێکی مرۆڤە بە گشتی بەڵام ژمارەیەکی کەم لە ناخی خۆیاندا دەیدۆزنەوە و پیادەی دەکەن، پێویستە فراوان بکرێتەوە و هەوڵ بدرێ ژمارەیەکی زیاتر و زیاتر لە مرۆڤ بەهرەی لێ ببینێت، بۆ ئەمەش خەباتی کولتووری و پەروەردەیی پێویستە.

هەوڵی ئێمە پێویستە بۆ ئەوە بێت مرۆڤە ڕاستەقینە سروشتییەکەی ناخی ژن و پیاو بدۆزینەوە و ئازادی بکەین لە دەستی مرۆڤە دەمامکدارە کولتوورییەکەی، تا بتوانن بە بێ ترس بیر بکەنەوە و بدوێن و بنووسن. لە خودی سروشتدا ترس بوونی نییە، کولتوور مرۆڤ گیرۆدەی ئەو ترسە وەهمییانە دەکات کە داهێنەری مرۆڤەکان خۆیانن و هەر خۆشیان دەتوانن ترسەکە بڕەوێننەوە. ئەگەر مرۆڤ توانی بەسەر ترسدا زاڵ ببێت و ترس وەک وەهم ببینێ و پێناسەی بکات، ئەودەم دەتوانێ لەگەڵ ئازادیی خۆیدا ببێتەوە ئاشنا و لەگەڵ ژیاندا ببێتەوە دۆست و چی تر لە پەراوێزی ژیان نەمێنێتەوە. ژنی کورد (لە نێوەندی ژیان)دا نەبووە، هەمیشە (لە کەناری ژیان)دا ژیاوە، چونکە بێدەنگ بووە و سەنگی خۆی نەچەسپاندووە. مرۆڤ تەنیا دەتوانێت بە هەبوونی دەنگ و سەنگێکی کارا (لە نێوەندی ژیان)دا بژی، ڕاستە ئەگەر دەنگ و سەنگیشت نەبێت هەر دەژیت، بەڵام ئەوە ژیانێکی بێ تامە کە لە پەراوێز و لە کەناردا بیت. بەکاربردنی زمان و کردنی بە ئامرازێکی ئەکتیڤی خۆسەلماندن و خەباتی ژنان، ئیدی چ لە ڕێگەی نووسین بیت، یان قسەکردن و وتووێژ و داخوازی و دەربڕینی تر، دەتوانێ ببێتە ئەو ئامرازەی ژن بگەیەنێتە (نێوەندی ژیان)، بۆیە زمان زۆر گرینگە بە بوێرییەوە لە نووسیندا بەکار ببرێت. نووسین دەسەڵاتە.

* ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان بانگەشە بۆ بەدیهێنانی مافی ژنان دەکەن، لە هەمان کاتدا خۆیان پاشکۆی حزب و هزری پیاوسالارین، ئەمە چۆن دەبینی؟

– نە حزبەکان دەتوانن سوود لەو جۆرە ئافرەتانە ببینن کە وەکو پیاو بیر دەکەنەوە، نە ئەو ژنانەش دەتوانن ماف و ئازادی بۆ ژنان دەستەبەر بکەن کە ئاشنای فەلسەفە و دنیابینییەکی ژنانە نین، کە دنیابینییەکە هاوسەنگی دەدات بە مرۆڤ و مرۆڤسالاری دەکات بە ئامانج.

ئێستا زۆر جیاوازە لە جاران. حزبەکانی کوردستان ئەمڕۆ لە نێو جیهاندان بەڵام جاران لە پەراوێزی جیهان بوون، بۆیە پێویستیشە ئەو سیاسەتە پیادە بکەن کە لە نێو جیهاندا باوە نەک لە پەراوێزی جیهاندا، واتە پێویستە چاو لە وڵاتە گەشەسەندووەکان بکەن، نەک وڵاتە سست و پەستەکان. پارتی و یەکێتی ئیدی ئەو دوو حزبە نین کە ئۆپۆزیسیۆن بوون، ئەمڕۆ سەرۆکی پارتی سەرۆکی کوردستانە و سکرتێری گشتیی یەکێتیش سەرکۆماری عێراقە، ئەمڕۆ کوردستان پێوەندییەکی فەرمیی بە دنیاوە هەیە و دانوستاندنی کولتووری و سیاسی و بازرگانی لەگەڵ دنیادا دەکات. کەواتە بەپێی ئەم گۆڕانە جەوهەرییانە، گۆڕانی جەوهەری لە سیاسەت و ستراتیجیی حزبەکانیش پێویستن. مەسەلەی یەکسانی و مافی مرۆڤ و پرسی ژینگە لە مەسەلە گرینگ و ستراتیجییەکانی جیهانن و پێویستە بۆ پارتی و یەکێتیش جێگەی بایەخ بن. مەبەستمە بڵێم ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتانی سەر بە حزبەکان ئەگەر خودانی ئەو فەلسەفە و دنیابینییە نەبن کە ڕێبازی ئازادکردنی توخمی مێینەی لێوە ئاراستە دەکرێت، ناتوانن حزبەکانیان بکەن بە خاوەنی ئەو شایستەییەی کە لە نێو جیهاندا ستاتوویەکی جێگەی شانازی دەستەبەر بکات. بۆیە حزبەکانیش پێویستییان بە گۆڕینی تێڕوانینیان هەیە لەمەڕ پرسی ژن و ئازادی و مافەکانی و لە ڕوانگەیەکی جیهانییەوە بڕواننە پرسی ژنی کوردستان. دەبێت ئێمەی نووسەر،

ڕووناکبیر، چالاکیی مافی مرۆڤ و یەکسانی هەموومان ڕۆڵمان هەبێت لە هاندانیان و هاوکاریکردنیشیان بۆ ئەو گۆڕانە.

ڕەوایە حیزبەکان ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتانیان هەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم ڕێکخراوانە لەسەر سکەیەکی سروشتی خەباتی ژنانەی خۆیان نەبن، تەنیا زیان بە حزبەکان دەگەیەنن نەک سوود. ڕەوایە ژنان و ئافرەتان ئەندامی حزبەکان بن و حزبایەتی بکەن، بەڵام لە ناو ئەو حزبانەدا پێویستە کارا بن نەک بەکاربراو، سیاسی بن نەک بەسیاسیکراو. زۆر جیاوازە کەسێک بەزۆر یان بەخۆڕایی بکرێت بە سیاسی و خۆی ئەزموونی سیاسیی نەبێت، لەوەی کە ئارەزووی لە سیاسەت هەیە و شارەزاییی لێی هەیە. سیاسەت زانست و هونەریشە، ئەگەر تەنیا زانست بووایە بە چەند کۆرسێ فێری دەبووی، بەڵام سیاسەت هونەرێکی تایبەتیشە، کە بەهرەداری و سەلیقە و کارامەییی دەوێت. هەموو ئەمانەش ژن دەتوانێت بە کۆششی خۆی بیکات، ئەگەر بواری بدەن و زەمینەی بۆ ساز بکرێت.

هەموو ئەمانەش ئەرکی هەیە و پێویستە ئامادەی ئەو ئەرککێشانە بێت. ژیان بەبێ ئامانج بەڕێوە ناچێ، ڕێکخراوەکانیش ئەگەر ئامانجیان ڕوون و بەرجەستە نەبێت و بەرنامەی ستراتیجی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان دانەنێن، تەنگژەی زۆریان بۆ دروست دەبێت و لە ئاکامدا دەستکورت دەبن لە بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکییان، کە یەکسانی جێندەرە. پرسی ژن، تەنیا پرسێکی کۆمەڵایەتی نییە وەک پرسێکی ناوەخۆ تەماشای بکەین، بەڵکە پرسێکی سیاسییە و پرسێکی ناوەخۆیی و دەرەوەییشە، واتە ئێمە لە ڕێگەی پرسی ژنەوە بە جیهانیشەوە دەبەسترێینەوە. ئیشکردن لە ناو پرسی ژن، واتە ئیشکردن لە ناو سیاسەت، ئیشکردنیش لە ناو سیاسەت بە مانای بەکارهێنانی تاکتیکی جیاواز بۆ مەبەستە ستراتیجییەکان. بۆیە گرینگە ئەوەی لە نێو مەسەلەی ژندا کار دەکات بزانێت ئەو تەنیا کارێکی کولتووری یان کۆمەڵایەتی ناکات، بەڵکە سیاسەتیش دەکات، سیاسەتیش فەلسەفەی خۆی هەیە و پێویستە شارەزاییەکی هەبێت لە فەلسەفەی سیاسەت. ئەو

کەسەی کە پێی وابێت مەسەلەی ژن تەنیا مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە، دۆزی ژن وەک ژن خۆی لە نێو چوار دیواری ماڵدا یان ئەوپەڕی لە نێو سنووری کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا دیل دەکات و بەشەرم و ترسەوە باس لە پرسەکە دەکات و، وتارێکی سیاسییانەی فێمینیستانەی نابێت. پرسی ژن، پرسی ژیانە، پرسی دادپەروەری گەردوونییە، تەنیا پێوەست نییە بە ئێمەی کوردەوە، بەڵکە هەموو جیهان لەم پرسەدا هاوبەشە، بۆیە مەسەلەی ژن مەسەلەیەکی نێونەتەوەیییە و پێویستە بەو ئاراستەیەش کاری بۆ بکرێت.

* قەڵەمی ئەو پیاوانە چۆن دەبینی کە لەسەر دۆزی ژن دەنووسن؟

– با پێش هەر شتێک ئەوە بڵێم کە دۆزی ژن دۆزی کۆمەڵگەیە بە پیاو و ژنەوە، وەک دۆزی ژینگە و، دۆزی کورد و، دۆزی کەرکووک و مەسەلەی شەڕ و ئاشتی، پێویستە هەموو کۆمەڵگە بیری لێ بکاتەوە و چارەی بۆ بدۆزێتەوە نەک تەنیا ژنان خۆیان. لەم ڕووەوە پیاوانی ڕووناکبیر و نووسەری ئێمە زۆر کەمتەرخەم بوون و خۆیان بە خاوەنی ئەم پرسە نەزانیوە. من چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد نووسەرە بەرز و ناودارەکان ئەم پرسەیان وەک پرسێکی زۆر بایەخدار و زیندوو تاوتوێ بکردایە و بۆ لێکۆڵینەوە لێی شەونخوونییان بکردایە. من لێتان ناشارمەوە کە چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد ڕووناکبیر و نووسەرانێکی دیار و جیدی وەک مەریوان وریا قانیع و بەختیار عەلی و فاروق ڕەفیق و ڕێبوار سیوەلی و چەندانی تر لەسەر ئەم پرسە قسەی جیدییان بکردایە و هێشتا نەیانکردووە. ئێمە لە ڕێگەی شیعرەکانییەوە هەڵوێستی کاک شێرکۆ بێکەس لەمەڕ پرسی ژن دەتوانین هەڵسەنگێنین، بە هەمان شێوە لە ڕێگەی نووسین و وتووێژ و دێباتەکانەوە هەڵوێستی نووسەری هێژامان شێرزاد حەسەن لەسەر دۆزی ژن وەک دۆزێکی گرینگی کۆمەڵگە، هەروەها کاک ئەحمەدی ئەسکەندەری کە جگە لە کوردی بەزمانی سوێدی و ئینگلیزیش دەنووسێت، ئەمانە دەتوانین هەڵوێست و نووسینەکانیان بەرز بنرخێنین چونکە لەم بارەیەوە قسەیان هەیە و قسەکانیشیان کاریگەرن.

بێگومان جگە لەمانیش کەسانی تر لەسەر ئەم پرسە نووسیویانە و قسەیان کردووە، مرۆڤ ئەگەر بە هۆشیارییەوە لە نووسینەکان ورد بێتەوە و گوێ لە قسەکان بگرێت زۆر جوان بۆی ڕوون دەبێتەوە کە بەشێک لەمانە زۆر بەپرەنسیپ و باوەڕێکی جێگیرەوە خەمی ئەم مەسەلەیە دەخۆن، بڕێکی تریان تەنیا وەک مۆدێل دەنووسن و لە پرسەکەش تێ نەگەیشتوون، بەڵام بەشێکی تریش هەن و مخابن ژمارەشیان کەم نییە کە تەنیا مەبەستیان شێواندنی ئەو پرسە و بەلاڕێبردن و چەواشەکردنی ڕای گشتییە لەسەر ئەم دۆزە، کە لە میدیاکانی کوردستاندا وەک شەپۆلێکی دژەژن کار دەکەن و دەنووسن.

* مەهاباد چۆن لە فێمینیزم دەڕوانێت؟ بزاڤی ئافرەتی کورد لە کوێی ئەم بزووتنەوەدایە؟

– فێمینیزم ئەو فەلسەفەیەیە کە ئەلتەرناتیڤی مرۆڤسالاری بۆ سیستەمی باوکسالاری دەخوازێ و پێشنیاز دەکات. کە ئەم فەلسەفەیە دەبێتە بناغەی ڕێبازێکی فێمینیستی، ئەو ڕێبازە یەکسانی دەکاتە ئامانجی خۆی و بۆ بەدەستهێنانی تێ دەکۆشێت. مەرج نییە لە هەر کوێ ڕێکخراوی ژنان و ئافرەتان هەبێت ئیدی بزاڤی فێمینیستیش هەبێت، مەرجی سەرەکیی بزاڤێکی ژنانە ئەوەیە کە بۆ تێکدانی ستركتووری سیستەمی باوکسالاری کۆشش بکات و، هەڵگری بیری مرۆڤسالاری بێت. مەرج نییە تەنیا ژن لە بزووتنەوەیەکی وادا بەشدار بێت، بەڵکە ژن و پیاوی کۆمەڵگە دەتوانن بۆ مەبەستێکی ئاوەها بزووتنەوەیەک سەرپێ بخەن. هێشتا بزووتنەوەیەک کە فەلسەفە و ڕێباز، ستراتیجی و پلانی فێمینیستانەی تەواوی هەبێت، لە کوردستاندا نییە، بەڵام کاتی هاتووە و داهاتوو لەبارترە لە ڕابردوومان بۆ سەرپێ خستنی بزووتنەوەیەکی وا.

* ئەو قەڵەمە ژنانەی کە ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی دەنووسن چەند متمانەت پێیان هەیە ببنە دەنگی ژن؟

– هەر ژنێ بتوانێ ناخی خۆی دەرببڕێ و ئەو دەمامکەی بەزاندبێت کە

کولتوور و داوونەریتە کۆن و کات بەسەرچووەکان بەسەریان سەپاندووە، دەتوانێت ببێتە جێگەی متمانەی خۆی و کەسانی تریش. ئەوەی نەتوانێ بە ئازادی و بێ سڵەمینەوە لە خودی خۆی بدوێت، ناتوانێ لە کەسانی تریش بدوێت. شیعر جیا لە هەر ژانرێکی تری ئەدەبی چڕکراوەی خەستترین هەستی چەپێندراوی نێو نەستی مرۆڤە و دەشێ ئازادی لە دەربڕینی نێو شیعرێک بکرێتە پێوەری ڕاستەقینەی هەستی ئەو کەسەی کە دەینووسێت. شاعیرانی ژن، بە تایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا توانیویانە دەربڕی ناخی ژن بن، بۆیە دەتوانن دەنگ و ڕەنگی ژن بن و جێگەی متمانە بن.

* زۆر جار باسی ئەدەبی ژنانە دەکرێت، بە بڕوای ئێوە ئەدەبێک هەیە بەو ناوەوە؟ ئەگەر هەیە سیما و خەسڵەتەکانی چین؟

– ئەدەب ئەزموونەکانی نووسەر ئاستی پێ دەبەخشێت، نەک ژنبوون و پیاوبوون. بەهۆی ئەوەی کە ئەزموونەکانی پیاو هەمان ئەزموونەکانی ژن نییە، وەک چۆن ئەزموونەکانی پیاوێک و پیاوێکی تر، یان ژنێک و ژنێکی تر هەمان ئەزموون نین، بۆیە لە دەربڕیندا دەتوانرێت هەست بە جیاوازییان بکرێت، وەلێ ئەم جیاوازییە نەک لە پێناوی پۆلێنکردنیان بۆ ئەدەبی ژنانە و پیاوانە، بەڵکە تەنیا بۆ ناسینەوەی ئەزموونەکانی دوو توخمی مرۆڤ کە کولتوورەکان بەردەوام لە هەوڵی دابڕینیان بووە لە یەکتر. من لەگەڵ پۆلێنکردنی ئەدەبدا نیم بۆ ژنانە و پیاوانە، بەڵکە پێم وایە هەڵسەنگاندنی ئەدەبی تەنیا پێویستە مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەدەبیدا بکات و، پێوەری ڕەخنە و نرخاندنی ئەدەبی بۆ نووسینی ژن و پیاو، پێویستە هەمان پێوەر بێت.

* دەڵێن شیعر و ژن وەک یەک ناسکن، بۆیە ژنان زیاتر شیعر دەنووسن و بە ژانرەکانی تر ناوێرن، ئێوە چۆن لەم قسەیە دەڕوانن؟

– شیعر لەدایک دەبێت، مرۆڤ ئەگەر پیاو بێت یان ژن کاتێک بارگاوییە بە

هەستێکی چڕوپڕ و ئاوسە بە بابەتێک، ئەو کاتەی کە کاتی دێ بەرهەمی دەهێنێ. ئەمە بۆچوونی منە و مەرج نییە کەس لەگەڵمدا کۆک بێت، بەڵام من پێم وایە پیاوی شاعیریش کە شیعر دەنووسێت دەچێتە نێو دۆخی ژنبوونەوە و ژان دەیگرێ و شیعرێکی لەدایک دەبێت، کەواتە ئەو پیاوە دەبێتە دایکی شیعرەکە.

سەبارەت بە ناسکییش تەنیا ژنان ناسک نین، زۆر پیاویش هەن ناسکن. ناسکی مرۆڤ لە هەستیدایە نەک لە بازووی. دەشێ پیاوی وا هەبێت پاڵەوانی لەشجوانی بێت بەڵام هەستی ناسک و دڵی نەرم بێت. پیاوی واش هەیە دەستی زۆر لە دەستی ژن نەرمترە بەڵام دڵی ڕەقە و هەستی وەک بەردی پێ زبرە. بەهەمان شێوە ژنیش هەیە نەرم و ناسک و جوانە، وەلێ دڵڕەق و بێ هەستە، هەشە بە پێوەری چاوی پیاو ناشیرینە بەڵام بە پێوەری هەستی مرۆڤایەتی ژنێکی هەست ناسک و جوانە.

کێشەی ئێمە ئەوەیە بیر ناکەینەوە پێناسە و پێوەرەکان بگۆڕین و ئەوەی چەند سەد ساڵە بەکار براوە هەر ئەوە بەکار دەبەین. هەر هەمان پێوەری باوک و باپیرە گەورەکانمان بۆ جوان، ناشیرین، پیاو، ژن، ناسک و زبر بەکاریان بردووە، ئێمەش هەر ئەوانە بەکار دەبەینەوە. من هیوادارم هەوڵی ئێمە بۆ ئەوە بێت پێناسە و پێوەرەکانمان نوێ بکەینەوە، تێڕوانینمان نوێ بکەینەوە و عەقڵمان لە تەپوتۆزی پێوەرە باو و سەپاوەکان پاک بکەینەوە و بشۆینەوە. کۆمەڵگەی کوردستان پێویستی بە پیاوی بیرکەرەوە و ناسکە نەک پیاوی توندوتیژ و تاریک بیر، بە هەمان شێوەش ژنی بیرکەرەوە و ناسک و بوێر پێویستن بۆ ئەوەی کۆمەڵگەیەکی نوێ و پێشکەوتوو بنیات بنێین. هەنگاونان بە ئاراستەی مرۆڤبوونی سروشتی، هەنگاونانە بەرەو ناسکبوونەوە و هاوهەستی و خۆشەویستی. ئێمە پێویستمان بەوە هەیە بە ژن و پیاوەوە بەرەو ئەو ئاراستەیە هەنگاو بنێین، چونکە ژنیش و پیاویشمان بە پێچەوانەی ئاراستەی مرۆڤی سروشتی ڕۆیشتووین و براوین.

ژنان تەنیا شیعر نانووسن و دەستیان بۆ زۆر ژانری تر بردووە، بەڵام

کۆمەڵگە نەیویستووە ددان بەبوونی ئەوان لە کایەکانی تردا بنێت. دەیان ژن هەن لە سیاسەتیش دەنووسن، بەڵام کام بەرنامەی سیاسی لە تەلەڤزیۆنەکانی کوردستانەوە ژنێکی بانگ کردووە ئەنەلیزێکی سیاسی بکات؟ نایکەن، چونکە ئەوان پێیان وا نییە ژن هەبێت ئاگای لە سیاسەت بێت. زۆر جار پیاوی وایان هێناوەتە سەر تیڤییەکان ئەنالیزەی سیاسییان بۆ بکات، کە یەک ڕستەی نوێی نەوتووە مانایەک بدات و ئەنالیزێکی ماقووڵ بێت، بەڵام چەندان جاری تر بانگی دەکەنەوە و هەمان قەوانیان بۆ لێدەداتەوە. ئەمە بەبێ ڕیزپەڕ هەموو تیڤییەکانی حزبەکانی ئەم بەشەی کوردستان دەگرێتەوە. لەم ڕووەوە تیڤی حزبەکانی باکور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان برێ باشترن، چەندان جار دیومە ژنانیش بۆ دێباتی سیاسی بانگ دەکەن.

* ژن چۆن دەگاتە مافی خۆی؟ ئەو هەوڵانەی کە تا ئێستا نراون چەند خزمەتیان بە ژن گەیاندووە؟

– پێش هەر شتێک پێویستە لە دەستووری کوردستاندا زۆر بە ڕوون و ڕاشکاوی ژن و پیاو وەک دوو بوونەوەری یەکسان بە یەکتر لە ماف و ئەرکدا بناسێنرێت. کە ئەم بنەمایەت هەبوو، سبەینێ لە هەناوی ئەم بەهای یەکسانییەوە یاساکان دادەڕێژرێت. کاتێ دەستوور و یاساکان لە پشتتەوە بوون و، بە هۆشیارییەوە بۆ بەدەستهێنانی مافە دەستووری و یاساییەکان تێ کۆشایت، بێگومان دەستەبەری دەکەیت.

ئەو هەوڵانەی هەتا ئێستا دراون بێگومان خزمەتیان بە ژن کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە کوردستان لەمەوپێش خاوەنی دەستووری خۆی نەبووە و لە ڕووی یاساییشەوە هەمان یاساکانی دەوڵەتی عێراقی پیادە کردووە و ئەو دەوڵەتەش لەمەوپێش دەوڵەتێکی تۆتالیتاری، خێڵەکی و داگیرکەر بووە، بۆیە هەوڵەکان ڕەنگدانەوەی زۆریان نەبووە. بەڵام لەمەودوا دەستی ژنی کورد کراوەترە و کە دەستووری خۆمان هەبێت و یاسای خۆمان هەبێت، دەتوانین دەست ئاوەڵاتر کار بکەین.

## مەهاباد قەرەداغی بۆ گۆواری دیدگا

سازدانی ئاسۆ ساڵح

"دیدگا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەردەچێ"

* سەرەتا نەوەک پرسیار، بەڵام بۆ خوێنەران خۆتان بناسێنن و لە چالاکییەکانتان بڵێن.

– خەڵکی باشووری کوردستانم، تەمەنم چل ساڵە. شاعیر، نووسەر، ڕۆژنامەنووس و خەباتکارێکی مافی مرۆڤم و بە تایبەت بۆ یەکسانی تێ دەکۆشم. تا ئەم ساتە بیست و شەش کتێبم هەیە، کە برێتین لە شیعر، کورتەچیرۆک، ڕۆمان، لێکۆڵینەوەی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی و کتێبی پەروەردەیی. لە کاری ڕۆژنامەنووسیشدا سەدان وتارم لە ڕۆژنامە جیاجیاکاندا بڵاو کردووەتەوە، وێڕای ئەوەی ماوەیەک لە دەستەی نووسەرانی گۆواری (شین) بووم و، خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەی (گەنجلاند) بووم و لە ڕۆژنامەگەری تەلەڤزیۆنیشدا چەند ساڵێک لە میدیا تیڤی بەرنامەم ئامادە و پێشکێش کردووە. لە چالاکییەکانیشم بۆ مافی مرۆڤ بە گشتی و لە بواری یەکسانیدا بە تایبەتی دامەزرێنەر و ئەندامی چەندان ڕێکخراو بووم کە لە ئەوروپا و لە کوردستان چالاکییان کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی ژن، بۆ نموونە ڕێکخراوی (پرۆژەی ژنی کورد) کە کاری سەرەکیی ئامادەکردنی بەڵگەنامەی (داخوازینامەی ژنی کورد) بوو. وەک کاریش ماوەی ساڵ و نیوێک ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی کوردستان بووم بۆ کاروباری یەکسانی و پرۆژەی (سیاسەتی یەکسانی) بەرنامەی کارم بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ڕۆژی جیهانیی ئافرەتاندا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی

کوردستـان ڕای گەیاند و لە نێو بەرنامـەی حکوومـەتی کوردستـاندا جێگەی گرت، کە جێگەی شـانـازیمە، چونکە بەوە کوردسـتـان بوو بـە یەکەمین و تاقـە وڵات لە ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست کـە سـیـاسـەتی یەکـسـانی لەسـەر ئاسـتی سەرۆکایەتیی حکوومەت ڕاگەیاندبێت و کاری پێ بکات.

* ئەوە چیـیـە کـە ناومـان ناوە کـێـشـەی ژن؟ ئەگـەر ڕوانینێکی مـێـژووییمـان هەبێت تا ئەمـڕۆ، هۆکارەکانـی ئەم کێشـەیە چۆن دەبینـی؟ ئایا دەگـەڕێتـەوە بـۆ دەسـەڵات و حکوومـەتەکـان یان بۆ کۆمـەڵگە؟

– هیچ کێشـەیەکی گەورە نییە هۆکاری ئابووریی لە پشتەوە نەبێت، کێشـەی ژنیش لـەو هـۆکـارەوە سـەرچاوەی گـرت. دابەشـکردنی کـار بە نـادادپەروەرانە هـاوسـەنگیی کـۆمـەڵگەی تێک دا و داهـات و بەرهـەمـی پیـاوی بەرز کـردەوە و داهـات و بەرهـەمی ژنی سنووردار کـردەوە، بەمـەش ژن تا دەهـات وابەسـتـەی پیـاو دەبـوو، بەو وابەسـتـەبـوونەش تا دەهـات بـایەخی خـۆی لـەدەست دەدا و بایەخی خـاوەن داهـات و بەرهـەمـەکـانیش زۆرتر دەبووەوە. ئـابووری هـۆکـارە سـەرەکییـەکە بوو لە دروسـتکردنی ئەو ناهـاوسـەنگییـە و تا دەهـات دەسـەڵاتی پیـاوی بەرەو پلەی ڕەهـایەتی دەبرد و بێگومـان ئەوانەشـی کـە لە کـۆمـەڵگەدا دەسـەڵاتـی ڕەهـایان هـەبێت دەتوانـن کـاریگەرییـان هـەبێت لـە چەسـپـاندنی ئەو یاسـا و ڕێسـایانەی کـە لە بـەرژەوەندیی خـۆیانە، ئەو داوونەریتـانەی کـە لە بەرژەوەندیی خۆیانە، بۆیە هـاتـن ئاینەکانیان داهێنا و بۆچوونەکانی خۆیان لە ڕێگەی ئاینەوە کـرد بـە ڕێسـا، لـە ڕێگەی داوونەریتـەوە کـردیان بـە نۆرم. بێگومـان دەسـەڵاتدارەکان لە کۆمـەڵگەدا لەمـێژەوە هـەتا ئەمـڕۆش ئەوانەن کـە توانـای کـۆنتـرۆڵکردنی گیـرفـان و هـەست و نـەست و ئاوەزی خـەڵکانی تریان هـەیە. مەبەستمـە بڵێم، دەسـەڵاتدارانی کۆمەڵگە بەرپرسیارن لەو کێشـەیەی کە سـەری هـەڵداوە و چارەسـەرکـردنیشـی دەکـەوێتـە ئەسـتـۆیانەوە، بـەڵام چونکە چارەسـەرکردنی مانـای ئـەوەیە هـاوسـەنگی دروست بکرێت، دروسـتکردنی ئەو

هاوسەنگییەش بەرژەوەندیی ئەوان دەخاتە مەترسییەوە، بۆیە هێزێکی گەورەی پێویستە خەبات بۆ یەکسانی و هاوسەنگیی کۆمەڵگە بکات و پاڵەپەستۆ بێت بۆ سەر دەسەڵاتەکانی نێو کۆمەڵگە بۆ ئەوەی ددان بە مافەکاندا بنێن. بۆیە لە جیهاندا بە گشتی ئەو هەموو ڕێکخراوانە دروست بوون خەبات بۆ ئەو مەبەستە دەکەن.

* دیارە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەکو سوێد کە تێیدا دەژیت، کێشەی ژن تا ڕادەیەک چارەسەر بووە، ئەم کێشەیە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا چۆن دەبینی؟ ئایا ئەم پرۆسەیە، یان بابڵێین بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ژن لە کوردستان دەستی پێ کردووە؟

– من ئێستا لە کوردستاندا دەژیم، بەڵام چواردە ساڵ لە سوێد ژیام و هاووڵاتیی سوێدیشم، خۆشبەختانە دوو وڵاتم هەیە. ئەوە دوو ساڵیشە گەڕاومەتەوە و خەریکی پرۆژەی یەکسانیم. من زۆر سوودم لەم وڵاتە دی و بە تایبەتی لە پرسی یەکسانیدا زۆر فێر بووم. سوێد لە پرسی یەکسانیدا یەکەمین وڵاتی دنیایە کە لەسەر ئاستی حکوومەتدا سیاسەتی یەکسانیی ڕاگەیاندبێت. کە مێژووی خەباتی ژنانی سوێدم دەخوێندەوە و لە کار و چالاکییەکانیان ڕادەمام، هیوای ئەوەم هەبوو ئێمەش لە کوردستاندا بتوانین لە میتۆدی خەباتی ئەوان سوود وەربگرین، چونکە بە ئامرازی سەردەمییانە بۆ پرسەکان تێ دەکۆشن. کە سەبارەت بە مێژووی سیاسەتی یەکسانیی سوێد زانیاریم پەیدا کرد و زانیم ئۆڵۆف پاڵمێ سەرۆکی حزبی سۆسیال دیموکراتەکان و سەرۆک وەزیران بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٢ سیاسەتی یەکسانیی ڕاگەیاند و وڵاتەکەی بووە پێشڕەوی دنیا لە پرسی یەکسانیدا، هیوای ئەوەم دەخواست لە کوردستانیش سەرۆک وەزیرانێک پەیدا ببێت باوەڕی بەو پرەنسیپە هەبێت و کاری بۆ بکات و وڵاتەکەی منیش ببێتە یەکەمین وڵاتی ناوچەکە لە چەسپاندنی ئەم پرەنسیپەدا. ئەوە تەنیا وەک

هیــوایەک نەمــایەوە لە لام، بەڵکە بـوو بە پـەیامم و کــارم بـۆ دەکــرد. زۆر لە ســەرکـردەکـانی کـوردی هەمــوو بـەشــەکـانی کـوردســتــانم دی لە پێناوی بەدەستهێنانی پشتیوانییان بۆ پرسی ژن، خۆشبەختانە سەرۆک وەزیران ئەو پیاوە بوو پێشـوازیی گەرمی لە پرۆژەی سیاسـەتی یەکسـانی کرد و پێکەوە ڕامان گەیاند و کارمان بۆ کرد.

لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا چالاکی دەکرێ و ڕێکخراو بۆ مەبەستی هاوســەنگیی کـۆمــەڵگە دامــەزراوە و دادەمــەزرێ، بەڵام لـەم بەشــە ئازادەی کوردستاندا کە پەرلەمان و حکوومەت و داوودەزگای تری خۆماڵیمان هەیە، بواری خـەباتی ژن فراوانترە . ئەمـڕۆ ئێمـە وەک کـورد خـۆمـان دەســتـوور بۆ خـۆمـان دادەنێین و یاسـا دادەڕێژین، لە دەســتــووری کـوردســتـاندا باس لە پرەنسیپی یەکسـانیی نێوان ژن و پیاو دەکەین و بێگومان یاساکانیش بەپێی ئەوە دادەڕێژین، بەڵام کـۆمـەڵگەی ئێـمــە پێـویسـتی بەهەڵمـەتێکی گـەورەی هۆشیارکردنەوەشە، لەمەدا ڕێکخراوەکان دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت، بە مەرجێک ئامانجیان دیار و ڕوانگەیان ڕوون بێت.

* لە سـەرەتای کتێبی شـەرەفنامـە" ئاماژە بە پڕۆژەی "ناسنامـەی ژن" دەکــەیت. پاشــان ئـامـاژە بـە "جـەســتـەی قــەدەغــەکــراو" و "جەستەی ئازاد" دەکەیت. مەبەست لەم وتانە چییە؟ تایبەتمەندیی جەستەی قەدەغەکراو و جەستەی ئازاد چییە و چ پێوەندییەکی لەگەڵ ناسنامەی ژندا هەیە؟

– مرۆڤ لە ڕوح و جەستە پێک هاتووە. ڕوح برێتییە لە هۆشیاری و هەست و نەستەکان و دەروونی مرۆڤ، هەموو ئەمانەش بەشێکی کەسایەتیی مرۆڤە کە بەشە نادیارەکەیە و تەنیا بە بەرجەستەبوونی لە نێو کلێشەیەکدا دەتوانێت کاریگەری هەبێت. جەسـتـەی مرۆڤیش ئەو کلێشـەیەیە کە بەشـەکەی تری مـرۆڤ تەواو دەکـات. مـەبەسـتـمـە بڵێم دەروونی مـرۆڤ بوونی ڕوحی مـرۆڤ دەسەلمێنێت و جەستەی مرۆڤ بوونی فیزیکیی مرۆڤەکە دەسەلمێنێت، کەواتە

جەستە نیوەی ناسنامەکە و گیانیش نیوەکەی تری ناسنامەی مرۆڤ پێک دەهێنێت. ئەمە پێوەندیی نێوان جەستە و ناسنامەیە، بۆیە گرینگە لەم پێناسە ڕاستەقینەوە لە جەستە بگەین و هیچ وەزیفەیەکی تری نەدەینێ. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا جەستەی ژن وەزیفەیەکی خەتەرناکی دراوەتێ و کراوە بەیەخچاڵی شەرەفی پیاو و پابەند کراوە بە پاراستنی ئەو شەرەفە. سزایەکی قورسیشی بۆ دانراوە ئەگەر ئەو ئەرکە ئەنجام نەدا و ئەو شەرەفە نەپارێزێت. هەر لە بنچینەوە پێناسەکان هەڵەن و دووبارە پێناسەدانەوە بە چەمکەکانی (جەستە) و (شەرەف) گرینگن و من لەو کتێبەدا هەوڵی ئەو پێناسەکردنەوانەم داوە. (جەستەی ئازاد) ئەو جەستەیەیە کە وەزیفەی سروشتی خۆی هەیە و بوونی فیزیکیی ژن دەسەلمێنێت، ئەم جەستەیە پێویستە هیچ وەزیفەیەکی تری داتاشراوی بەسەردا نەسەپێنرابێت و نەکرابێت بە هی کەسی تر و دۆلاب یان یەخچاڵی شەرەفی کەسی تر، چونکە ئەگەر وەزیفەی غەیری وەزیفە سروشتییەکەی پێ درا دەبێت بە شتومەک و بایەخی زیندوویەتی لەدەست دەدات، ئینجا دەبێت بە جەستەیەکی بێ بەرهەم، جەستەیەک کە توانای گەشەسەندنی نابێت. جەستە پێویستە مرۆڤ خۆی خاوەنی بێت، کە خۆیشی خاوەنی بوو پێویستە بۆ ئامانجی چاکەخوازی و مرۆڤایەتی ئاراستەی بکات.

* یەکێ لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی دنیای مۆدێرنبوونی "بەشی تایبەت بە خۆ" یا "حەوزەی خسوسی" یە. ئایا پێت وا نییە ئەگەر ئێمە لە سەردەمی داوونەریت تێپەڕین و بگەینە مۆدێرنە، کێشەی ژنان چارەسەر دەکرێت؟ ئایا پێت وا نییە کە بەشێکی هەرە زۆری کێشەی ژن دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی "بەشی تایبەت بەخۆ"؟

– خۆرئاوا لە پێش مۆدیرنیتە چەندان قۆناغی تێ پەڕاندووە و ئینجا گەیشتووەتە مۆدیرنیتە و ئەویشی تێ پەڕاندووە و گەیشتووەتە پۆست مۆدیرنیتە. ئێمە ناتوانین لاسایی قۆناغی ئێستای ئەوان بکەینەوە و لە بنمیچەوە دەست پێ بکەین ئەگەر دیوارەکانی ئەو ساختومانەمان بنیات

نەنابێت. کەواتە دەبێت ئێمەش قۆناغەکان تێپەڕێنین و کۆمەڵگەی خۆمان نوێ بکەینەوە. ڕەنگە ئێمە بە سوودوەرگرتنمان لە ئەزموونەکانی ئەوان، ڕێگەی بڕینی ئەو قۆناغانەمان بۆ کورتتر ببێتەوە، بەڵام قەت ناکرێ بەسەر ئەو قۆناغانەدا باز بدەین پێش بینینیان و تێگەیشتن لێیان. ئێمەش ئەگەر بەو قۆناغانەدا تێپەڕین، گرینگی دەدەین بە تایبەتمەندیەتی و پسپۆڕیەتی. لەم قۆناغەی ئێستادا ئامراز و شێوازی جۆراوجۆرمان پێویستە بۆ ئازادکردنی ژنی کوردستان لە کۆتەکانی، بۆیە ئەگەر تایبەتمەندیش کاری تێدا نەکات، چالاکییەکان بە گشتی بایەخی خۆیان دەبێت.

* دیارە هەندێ داوونەریتن کە کولتوور دروست دەکەن. هەروەها ئاین کە هەندێ نەریتی نوێی لە کۆمەڵگەدا پێک هێناوە کە ڕەخنەیان لە نێو کولتوورەکەش کردووە، وەکو بنیاتنانی کولتووری توندوتیژی. بەڕای تۆ کاریگەری کولتوورەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەت کوردستان بۆ سەر کەسایەتیی ژن لە کۆمەڵگەدا چۆنە؟

– لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بە داخەوە توندوتیژی بووە بە نۆرم و قبووڵ کراوە و بەشێوەیەکی ئاسایی کاری پێ دەکرێت، کەواتە بووەتە ڕەوشت و خوو. یەکەمین یاسای دنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە وڵاتەکەی ئێمەدا دابوە، بەڵام ئەم دەستپێشخەرییە جێگەی شانازی نییە بۆ ئێمە، چونکە یاساکانی (حامورابی) لەسەر بناغەی کۆیلەکردن و خۆسەپاندن و توندوتیژی بنیات نراوە. کولتووری توندوتیژی پیادەکراو هۆکار بووە لەوەی یەکەم یاسای مرۆڤایەتی بەو شێوەیە بێت و خودی یاساکانیش دووبارە بوونەتەوە بە بەرهەمهێنەری توندوتیژی. بێگومان توندوتیژی کاریگەری زۆر خراپی بۆ سەر ژن هەبووە و هەیە، چونکە ژن بەهۆی کولتووری باوکسالارییەوە لاواز کراوە و لاوازیش لە کۆمەڵگەدا زۆرترین پشکی توندوتیژی بەردەکەوێت.

* بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تۆ و ئەو ژنانەی کە بۆ مافی

ڕەوای خۆیان تێ دەکۆشن، بە ژنی بێ شەرم دەناسرێت و هەندێ وشەی ناشیرینیان پێوە دەچەسپێنن، بە ڕای تۆ ئەمە هۆی چییە؟

– بە بڕوای خۆم باشترین سیفەتی من ئەوەیە کە شەرم ناکەم و وتارەکانم شەرمنانە نین. ئەگەر ژنێکی خەباتگێڕ خاوەنی گوتاری شەرمنانە بێت مانای ئەوەیە خۆی ساخ نەکردووەتەوە و نازانێت چی دەوێ. بۆ من گرینگ نییە کەسانێک چی بە من دەڵێن، بەڵکە ئەوە گرینگە چەند توانیومە کاریگەری پۆزەتیڤم هەبێت بەسەر کۆمەڵگەکەمەوە بەرەو ئاراستەی پێشکەوتن. بە ڕاستی من کاتی خۆم بەفیڕۆ نادەم گوێ لەوانە بگرم کە ناو و ناتۆرەمان بە شوێنەوە دەنێن، کاتی خۆمم لا گرینگە و بۆ پڕۆژەکانم تەرخانم کردووە. من یەک چرکەی خۆم بەفیڕۆ نادەم، بۆیە لە چلۆنایەتی و چەندایەتی بەرهەمی فیکر و چالاکییەکانم ئەو ڕاستییە دیارە و جێگەی شانازیمە.

* ئایا لەگەڵ ئەو باسە هەیت کە لە کۆمەڵگەی سیکولار کێشەی ژن تا ڕادەیەک چارەسەر دەکرێت؟

– بێگومان، چونکە لە کۆمەڵگەی سیکۆلار و مەدەنی یاسا سەروەرە، سیستەمی بەڕێوەبردنی وڵات دیموکراسییە، کار بۆ چەسپاندنی مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ کراوە، یەکسانی و دادپەروەری کاری بۆ کراوە و دەکرێت، کەواتە کێشەی ژنیش تا ڕادەیەکی باش چارەسەر دەکرێت.

* کاریگەری بەجیهانیبوون لەمەڕ چارەسەری کێشەی مافی مرۆڤ بە گشتی و هی ژنان بە تایبەتی، چۆن دەبینن؟

– کاتێ جیهان دەبێتە ماڵێکی بچووک، دەتوانی هەموو ئەندامەکانی ئەو ماڵە ببینیت و بزانی هەریەکەیان کێشەکەی چ ڕەنگە. ئەندامانی ماڵێک دەتوانن کاریگەرییان بەسەر یەکەوە هەبێت، بۆیە جیهانگیری دەتوانێت وا لە کۆمەڵگەکان بکات کاریگەری لەسەر یەکتری دابنێن. کێشەی ژن لەو کێشانەیە کە خەڵکی جیهان بە هاوبەشی هەیانە، بەڵام لە هەندێکیاندا لە دوو

سەد ساڵی ڕابردووەوە خەباتی بۆ دەکرێت و لە هەندێکیاندا سەد ساڵێکە کاری بۆ دەکرێت و لە هەندێکیشیاندا تەنیا چەند ساڵێکە. گەردوونگەرایی دەتوانێت ئەو سوودەی هەبێت کە وڵاتانی خاوەن دوو سەد ساڵ ئەزموون کاریگەری لەسەر وڵاتانی بێ ئەزموون بکەن و وڵاتانی کەم ئەزموون لەوانی ترەوە فێر ببن، بەڵام گەردوونگەرایی تەنیا سوودی نییە، دەشێ زیانیشی هەبێت ئەگەر هۆشیاری لە ئارادا نەبێت لە پێوەندی و دانوستاندنەکان.

* ئایا بزووتنەوەی ژنان بۆ بەدیهێنانی مافی ژنان تێ دەکۆشێ بۆ دروستکردنی کولتوورێکی نوێ لەمەڕ ژنان لە کۆمەڵگەدا؟

– بزوتنەوەیەکی فێمینیستی ژنان پێویستە بۆ کولتوورێکی هاوسەنگ تێ بکۆشێت، کە تیایدا مرۆڤەکان یەکسانن و یاسای مۆدێرن و دادپەروەرانە سەروەری کۆمەڵگە بێت.

* لە بڕێ شوێندا دەبینین کە ڕۆڵی ژن جیا دەکرێتەوە. بۆ وێنە ڕۆڵی ژن لە بزووتنەوەی خوێندکاری وڵاتێکدا، ڕۆڵی ژن لە بزووتنەوەی کرێکاراندا، یان لە کوردستان زۆر جار باسی ژنانی ئەنفال دەکرێت. ئایا تۆ لەگەڵ ئەم جیاکردنەوەی ژن و پیاو هەیت؟ بیروڕای تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

– جیاکردنەوە نییە، بەڵکە تایبەتمەندیدانە بە هەندێ چین و توێژی نێو کۆمەڵگە کە بارودۆخێکی جیاوازیان هەیە و بەهۆیەک لە هۆیەکانەوە پێویستییان بە چاودێریی زیاترە. بۆ نموونە ژنانی ئەنفال لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بەهۆی کارەساتێکی مێژووییەوە مەینەتییەکی زیاتر لە هەموو ژنانی تری کۆمەڵگە بووەتە بەشیان، کەواتە ئەم ژنانە پێویستییان بەوەیە بە تایبەتی لە بارودۆخیان بکۆڵینەوە و مافەکانیان بۆ دەستەبەر بکرێن.

* لە درێژەی پرسیارەکەی پێشوودا، دەبینین کە لە ئەدەبیات و هونەریشدا جیاکردنەوەمان هەیە بۆ وێنە، شیعر و ئەدەبیاتی ژن

یاخۆ هونەری ژن، بیرورای تۆ سەبارەت بەم جیاکردنەوەیە چییە؟

– لێرەشدا جیاوازی لە ئەزموونداهەیە، نەک لە هونەرەکە یان ئەدەبەکە خۆی. بەهۆی دووکەرتبوونی کۆمەڵگە نەریتییەکان بەسەر کۆمەڵگەی پیاو و کۆمەڵگەی ژنەوە، وای کردووە پیاو و ژن هەمان ژینگە و ئەزموونیان نەبێت و کە ئەمانەش جیاواز بوون لە بیرکردنەوە و زمانیشیاندا ڕەنگ دەداتەوە. ئەدەب چڕکراوەی هۆشیاریی مرۆڤە و لە چوارچێوەی زماندا دەری دەبڕێت و پێوەستە بە ژیان و ژینگە و ئەزموونەکانییەوە، بۆیە وەک هەر جوداکردنەوەیەکی تر ئەم جیاکردنەوەیەش نارەوایە و شتێک نییە بە ناوی ئەدەبی ژن و ئەدەبی پیاو. بە تایبەتیش ئەم جیاکردنەوەیە بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی فیکر و زمانی پیاو داتاشراوە و بەمەبەستی بەرزکردنەوەی بەرهەمی پیاو و نزمکردنەوەی بەرهەمی ژن دانراوە، چونکە ئەدەبی پیاو وەک ئەدەبی سەردەست و ئەدەبی ژن وەک ئەدەبی ژێردەست تەماشا دەکرێت.

* بەڕای تۆ ئیرادە چییە؟

– ئیرادە یاخیبوونە لە چوارچێوەکانی کولتوور و داوونەریت و ڕێسا کات بەسەرچووەکان. مرۆڤ تەنیا بە یاخیبوون دەتوانێت ئەو کولتوورە تێ بپەڕێنێت و تەنیا دوای تێپەڕاندنی ئەوانەش دەتوانێ دەستپێشخەری نۆرمی نوێ بکات.

* بۆ ئاخرین پرسیار، کە تایبەت بە مەهاباد قەرەداغییە، ئەو شتە چییە کە بووەتە هاندەری تۆ بۆ خەباتکردن بۆ ژنان؟ ئەو مەبەستانەی کە سالانی ساڵە مەهاباد قەرەداغی بە شیعر و نووسراوەکانی خەباتی بۆ دەکا چین و چەندی هاتوونەتە دی؟ بۆ مەهاباد قەرەداغی سەرەڕای ئەوەش کە لەلایەن زۆر کەسەوە بە "بێ شەرم" و زۆر قسەی تر تۆمەتبار دەکرێت، بەڵام دووبارە وەکو خەباتکارێک ڕادەوەستێ و بۆ ئامانجەکانی قەت نەوەستاوە؟ ئەو

ویست و داخوازییانە چین و چەندی بەدی هاتوون؟

– باوەڕم وایە هەر مرۆڤێک بۆ مەبەستێک دروست دەبێت و سروشت پەیامێکی پێ دەسپێرێت بیگەیەنێت. منیش کە سروشت ئەو بەهرانەی پێ بەخشیوم و ئەو بەهرانە وایان کردووە زمانێکی پاراو و وزەیەکی دەروونی و ئیرادەیەکی پتەوم هەبێت، مانای ئەوەیە سروشت ڕای سپاردووم پەیامێک بەو ئامرازانە بگەیەنم کە منی پێی تەیار کردووە. زۆر بە منداڵی بەهرەکانم دەرکەوتن و زۆر بە منداڵیش کەوتمە نێو چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەوە. لە چواردە ساڵی لە ئەشکەنجەی نێو زینداندا زۆر کەمی مابوو زمانم ببڕن، ئەو کارەساتە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ژیانی من و خاڵی وەرچەرخان بوو لە ژیانمدا، لەوساوە ئیتر زمان بۆ من بریتییە لە هەڵگر و بەخشکەرەوەی پەیامێک کە سروشت وەک ئەمانەتێک بە منی سپاردووە پرەنسیپی مرۆیانەی پێ بگەیەنم. لە ژیانمدا چەندان جار ڕووبەڕووی مردن بوومەتەوە و، لە بیرەوەرییەکانی زیندانمدا کە کتێبێکە بە ناوی (ساڵێک لە دۆزەخ) باسی ئەوەشم کردووە کە بە تەواوی هەستم بە مردنی خۆم کرد لە ژێر دەستی جەللادەکان لە ژووری ئەشکەنجەدا، بەڵام دووبارە ژیامەوە. هەموو ئەو ڕووداوانەی وایان کرد باوەڕێکم لا دروست ببێت کە من بە خۆڕایی دروست نەبووم و بۆ پەیامێک دروست بووم. ئەو پەیامەی کە هەڵمبژارد پەیامی یەکسانی بوو، چونکە دەرکی ئەوەم کرد سەرچاوەی ژیان کە ژنە، بەهۆی ئەو ناهاوسەنگییەی کۆمەڵگەوە گەورەترین ستەمی لێ دەکرێت و پێویستە کاری بۆ بکەم.

## مەهاباد قەرەداغی

## لە نێوان فێمینیزم و هیومانیزمدا

هەفتەنامەی نوێ

سازدانی دیمانە: محەمەد جەودەت

* ئایا تۆ فێمینیستی؟

* بەڵێ من فێمینیستم بەو پێیەی کە من خەبات بۆ یەکسانیی نێوان توخمەکانی مرۆڤ دەکەم و تێ دەکۆشم بۆ ئەوەی دادپەروەری بێتە دی، ئەم خەبات و تێکۆشانەشم بە تیۆری لە نووسینەکانمدا و بەکرداریش لە ڕەفتار و کاروباری ڕۆژانەمدا پیادە دەکەم.

* چۆن بووی بە فێمینیست؟

– مرۆڤ ئەگەر هەستیار و هۆشیار بێت زوو دەرک بە ناهاوسەنگییەکانی نێو کۆمەڵگەی خۆی دەکات. هەستیاری و هۆشیاریش برێک پێوەندیی بە دەرک و هەستەکانی مرۆڤەوە هەیە و، برێکی تریش پێوەندیی بە زانیاری وەرگرتن و باری ڕۆشنبیری هەر تاکێکمانەوە هەیە. سەبارەت بە خۆم، من لەوەتەی خۆمم ناسیوە لە نێو دنیای کتێبم بەهەموو ژانرەکانیەوە، فەلسەفە و مێژوو و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و کولتوورناسی و ئەدەبیات، ئەمانەش زانیارییان پێ بەخشیوم و ڕەنگدانەوەیان لە بیر و بۆچوون و تەرزی ژیانمدا هەبووە، جگە لە خوێندنەوەش بەهرەیەکی خۆڕسکم هەبووە بۆ نووسین و لە دوازدە ساڵییەوە دەستم بە نووسین کردووە، بۆیە یەکگرتنەوەی بەهرە

خۆڕسکەکە و هەوڵەکانم لە بواری ڕۆشنبیری و خوێندنەوەکانم فەلسەفەی فێمینیزمیشیان پێ ناساندووم و منیش کردوومەتە چاویلکەی دنیابینی خۆم.

* پێناسەت بۆ فێمینیزم چییە؟

– فەلسەفەیەکی مرۆیانەی پاراوە و هەڵاواردن و ناهاوسەنگی و لاسەنگییەکان ڕەت دەکاتەوە. دیدێکی نوێیە، ئەلتەرناتیڤێکی لەبار و گونجاوە بۆ سیستەمی باوکسالاری کە لەسەر پایەی هەڵاواردن و جیاکاری توخم و ڕەگەز پێکهاتووە.

* مێژووی فێمینیزم بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟

– کات و شوێنی سەرهەڵدانی فێمینیزم سەدەی هەژدەمە و لە خۆرئاواوە سەری هەڵداوە، بەڵام پێشتریش خەباتی ژنان لە فۆرمی جیاوازدا هەبووە. گۆڕانکارییە ئابوورییەکان مەیدانیان بۆ زۆرێک لەو بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجی و فەلسەفانە ساز کرد کە دواتر لە پراکتیکدا ئەنجامی گەورەیان بەدەست هێنا. شۆڕشی پیشەسازی، شۆڕشی کۆمەڵایەتی و کولتووریشی بەدوای خۆیدا هێنا و زەمینەی بۆ ئەو بزاڤانە تەخت کرد کە گۆڕانکاری جیدییان لە ئەقڵیەتی خەڵکدا پێک هێنا.

* هیچ جیاوازییەک هەیە لە نێوان فێمینیست و فێمینیزم؟

– فێمینیست ئەو مرۆڤەیە فەلسەفەی فێمینیزم پیادە دەکات. فێمینیزم چونکە دید و فەلسەفە و دنیابینییە، بۆیە لەگەڵ ئایدۆلۆجیاکاندا تێکهەڵکێش کراوە و لەگەڵ بیروڕاکانی تردا موتوربەکراوە و لەوانەوە قوتابخانەی جیاواز پێکهاتووە و خەڵکانێک پەیڕەوییان کردووە، بۆ نموونە فێمینیستی سۆسیالیستی، فێمینیستی مارکسستی، فێمینیستی ڕادیکاڵ، فێمینیستی سۆسیالیستی، فێمینیستی سۆسیال دیموکراتی، تەنانەت فێمینیستی ئیسلامیش هەیە.

* ئایا فێمینیزم تا چەند دەتوانێت کێشەی ئافرەت چارەسەر بکات؟

– کێشەکە بەکێشەی ئافرەت ناسراوە، بەڵام لە ڕاستیدا کێشەی تەواوی مرۆڤایەتییە، چونکە کێشەیەکە هەردوو توخمی مرۆڤی گیرۆدە کردووە بە نائاساییبوون. مرۆڤ لە هەردوو حاڵەتی چەوساوەش و چەوسێنەریشدا لە دۆخی نائاساییدا دەژی و بۆ ئەوەی هاوسەنگی بێتە دی پێویستە هەردوو توخمەکەی مرۆڤ بگەڕێنەوە بۆ دۆخی ئاسایی مرۆیانە. فەلسەفەی فێمینیزم هەوڵی داوە ئەم کێشەیە بخوێنێتەوە، لە هۆکارەکانی دۆخە نائاساییەکان بکۆڵێتەوە، بارودۆخەکانی هەڵسەنگێنێ و بەپێی هەلومەرجی گونجاویش چارەسەری بۆ دابنێت. هێڵە بنچینەییەکانی ئەم فەلسەفەیە دەشێ بەکار بهێنرێت و پێوەست بە هەر کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و بەپێی تایبەتمەندیی کۆمەڵگەکان خوێندنەوەی جیاوازی بۆ بکرێت و هەڵسەنگاندنی جیاوازی هەبێت و ڕێچارەی جیاواز پێشنیاز بکات. تیۆرییەکان گرینگن، بەڵام هەموو ئەوانە تەنیا لە پراکتیکدا و بە هەبوونی میکانیزمی گونجاو بۆ کاراکردنی تیۆرییەکانی داڕێژراو لەسەر بناغەی ئەم فەلسەفەیە دەتوانێت لەسەر زەمینی واقیعدا گۆڕان دروست بکات. مەسەلەی چارەسەریش پێوەستە بە پرۆسەیەکی دوور و درێژەوە و گۆڕانکارییەکانی بوارەکانی تریش دەتوانن کاریگەرییان لەسەری هەبێت، بە تایبەت گۆڕانەکانی بواری ئابووری و سیستەمی سیاسی و سیستەمی ئیداری بەڕێوەبردنی وڵات.

* ئایا ڕێکخراوی ئافرەتان لەگەڵ فێمینیزم چ جیاوازییەکیان هەیە؟

– ڕێکخراوی ئافرەتان ئەگەر بۆ مەبەستی چەسپاندنی پرەنسیپەکانی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دابمەزرێت، پێویستە و مەرجە فەلسەفەی فێمینیزم بۆ خۆی بکاتە بناغە و پایەکانی خۆی لەسەر بچەسپێنێت. ڕێکخراو

ئامرازێکە بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو، بۆیە پرەنسیپەکە ئامانجە و ڕێکخراوی ئافرەتان مەرجە ئەو ئامرازە بێت پرەنسیپی یەکسانی پەخش بکاتەوە و بیچەسپێنێت.

* ئایا ئافرەتی کورد تا چەند فێمینیستە؟

– فێمینیزم تا ڕادەیەکی زۆر لە کوردستاندا نوێیە و بەهۆی بارودۆخ و تایبەتمەندیی کۆمەڵگەی کوردستانەوە لە ڕابردوودا ڕێگە نەدرابوو ئەو بیر و فەلسەفە و دنیابینییانە بگەنە لامان. لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی ڕۆشنبیر لە کوردستاندا تا ڕادەیەک هەوڵیان داوە خۆ لەگەڵ ئەم چەمکەدا ڕابهێنن و لە دەرفەتەکانیشدا بڕێک کاری پێ بکەن.

* ئایا فێمینیزم لەگەڵ هیومانیزمە؟

– لە هەردووکیاندا مرۆڤ سەنتەرە و هەموو شتێکی دی لە پێناوی بەختەوەرکردنی ئەو مرۆڤە دەکرێت. دەکرێ بڵێین فێمینیزم و هیومانیزم دووانەی یەک منداڵدانن و لە پێناوی یەک ئامانجدا لەدایک بوون، مرۆڤسالاری بەبێ هەڵاواردنی نێوان توخم و ڕەگەز و چین و پێکهاتەکانی دی. هیومانیزم لە هەر کولتوورێکدا پەیڕەوی بکرێت، لەوێدا فێمینیزمیش بە جوانی دەتوانێ پیادە بکرێت و گەشە بکات.

* گەورەترین فێمینیست لای تۆ کێیە؟

– سەرسامم بە مارلین فرەنچ نووسەری فێمینیستی گەورەی ئەمەریکایی، هەروەها بە سیمۆن دی بۆڤوار و ئەلێکساندرا کۆلۆنتای و ڕۆزا لۆکسومبورگ و لە سوێدیش بە نینا بیۆرک و لە عەرەبیش بە د. نەوال سەعداوی.

* لەبارەی پۆست فێمینیزم چ دەڵێی؟

– خۆرئاوا بە خێرایی قۆناغەکان دەبڕێ و لە دوو سەد ساڵی ڕابردوودا بزووتنەوەی فێمینیزم لە خۆرئاوا لە تیۆری و پراکتیکدا دەستکەوتی گەورەیان

بەدەست هێنا. وەک چۆن لە قۆناغی مۆدێرنیزمدا فێمینیزم پێویستی قۆناغەکەی پڕ دەکردەوە، لە قۆناغی پۆست مۆدێرنیزمیشدا خوێندنەوەیەکی تر پێویستە و پۆست فێمینیزم ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرێت.

* ئەقڵیەتی ئافرەتی کورد چۆن دەخوێنیتەوە؟

– ئافرەتی کورد یەک گرووپی دیاریکراو نییە تا بەهەموویەوە عەقڵیەتێکی هەبێت، بەڵکو لە چین و توێژی جیاجیا پێکهاتوون و بارودۆخی هەریەک لەو توێژ و چینانەش جیاوازییان هەیە. مخابن ڕێژەیەکی لە نیوە زیاتری ئافرەتی کورد هێشتا نەخوێندەوارە و هۆشیارییەکی سەرەتاییی هەیە، ڕێژەیەکی تریشی کە خوێندەوارە بەهۆی هەژموونی کولتووری باوکسالارییەوە نەیتوانیوە ببێت بە خۆی و بیر و فەلسەفەی تایبەت بەخۆی هەبێت و ئەقڵیەتی تایبەت بەخۆی هەبێت. ئەقڵیەتەکە هەمان ئەقڵیەتە کە کۆمەڵگەی بەگشتی پێ بەڕێوە دەچێ و لەسەری دەڕوا.

* ئافرەتی کورد تا چەند ڕۆشنبیر و هۆشیارە؟

– ئەگەر مەبەستت ئەوەیە هۆشیار بێت بە مافەکانی خۆی، هێشتا ڕێژەیەکی زۆری ئافرەت هۆشیار نییە بە مافەکانی خۆی و وەک وتم لەبەرئەوەی هێشتا نەخوێندەواری لە پلەیەکی بەرزدایە. ئەرکی ڕێکخراو و داوودەزگاکانە هاوکاریی بکەن لە ناساندنی مافەکانی پێی. وەک ڕۆشنبیریش هێشتا نوخبەی ڕۆشنبیر هەیە و ڕۆشنبیری نەچووەتە نێو هەموو چین و توێژەکانی ئافرەتانەوە. ئەمە نەک تەنیا بۆ ژنی کورد، بەڵکە نەتەوە و وڵاتانی هاوسێ و ناوچەکەش بە هەمان شێوەن و هێشتا خەبات بۆ فێمینیستی خەباتی نوخبەی ڕۆشنبیرانە.

نووسەر و ڕووناکبیر خاتوو مەهاباد قەرەداغی

## لەبارەی کوشتنی ئافرەتان بە پاساوی شەرەفپارێزی بۆ خەباتی قوتابی دەدوێت

سازدانی: یوسف قەرەداغی

* ئایا ڕێژەی کوشتنی ئافرەتان ئەوەندە زۆرە تا ناوی دیاردەی لێ بنێین؟ ئامارەکان چیمان پێ دەڵێن و ئێوە چۆن ئەو ئامارانە شی دەکەنەوە؟

– ئێمە دەزگایەکی تایبەت بە ئامارمان نییە، بەڵام ئەو ژمارانەی لە سەرچاوەکانی وەکو وەزارەتی ناوەخۆ، وەزارەتی تەندروستی، مافی مرۆڤ و هەندێ لە ڕێکخراوەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بڵاو دەبنەوە ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ڕۆژ نییە لە کوردستاندا تاوان و توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت ڕوو نەدات، کەواتە ئەمە دیاردەیە و دیاردەیەکی ترسناکیشە. تاوانەکانی شەرەف تەنیا لە کوشتندا چڕ ناکرێنەوە، بەڵکو زۆر جۆری تری توندوتیژی هەیە کە بەرامبەر بە ئافرەت دەکرێت و سووکایەتی و پاڵەپەستۆی وای بۆ دێن کە خۆی پەنا بۆ خۆکوشتن و خۆسووتاندن ببات، واتە خۆسووتاندنی ئافرەتیش دەچێتە ناو هەمان چوارچێوەوە و پێویستە ئامارەکان ئەمانەش بگرێتە خۆی. بەداخەوە ساڵی هەزاران ژن ڕووبەڕووی توندوتیژی و تاوان دەبنەوە و ئەم دۆخانەش وایان کردووە نائارامییەکی دەروونی لەلای زۆربەی ژنانی کوردستان دروست ببێت چونکە وەک گرووپ ڕووبەڕووی سووکایەتی و لێدان و دژایەتیکردن بوونەتەوە.

* هۆیەکانی کوشتنی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

– کولتووری دواکەوتوو هەڵگری نۆرم و نرخاندنی دواکەوتووە، کۆمەڵگەی کوردستانیش لەبەر بارودۆخە دژوارەکەی کە چەندان سەدە لە ژێردەستی داگیرکەردا بووە و دوژمن ڕێوڕەسمی ژیانی بۆی داناوە، بۆیە بە دواکەوتوویی ماوەتەوە و سیستەمی خێڵگەریەتی و باوکسالاری بالادەست کردووە تێیدا. ژن لە بیرکردنەوەی باوکسالاریدا وەک شتومەک و کالا چاوی لێ کراوە و نرخی ئینسانی بۆ دانەنراوە، بۆیە ژیان و مەرگی لەلای کۆمەڵگە بایەخێکی ئەوتۆی نەبووە. ئەگەرچی ئەم بەشەی کوردستان ئێستا لە ژێردەستی داگیرکەر نەماوە، بەلام هێشتا شۆڕشێکمان بەسەر سیستەمی بیرکردنەوەی کۆن نەکردووە و هەمان داوونەریت و نۆرمی باوکسالاری ژیانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێمە بەڕێوە دەبات. ئێمە دەبووایە زۆر بە وریاییەوە کار بۆ ئەوە بکەین کە یاسای مۆدێرن دابنێین و سەروەری بکەین، بەلام کێشەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێمە دەیسەلمێنن ئێمە هێشتا ئەوەمان نەکردووە، کەچی زۆر باس لە کۆمەڵگەی مەدەنی و سیستەمی دیموکراسی دەکەین. گرینگ ئەوەیە ئێمە بە پراکتیک هەنگاو بۆ جێگیرکردنی ئەو بەهایانە بکەین کە کۆمەڵگەی مەدەنی دەیخوازێت.

* تا چەند ئافرەت پێوەندیی بە شەرەفی بنەماڵەوە هەیە؟

– سیستەمی بنەماڵە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا برەوی ماوە، دەنا لە کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا باس لە تاک دەکرێت. هەر تاکێک خۆی بەرپرسیارە لە ڕەوشتی خۆی و شەرەفی کەس لای کەسی تر نییە و تەنیا لای تاکەکە خۆیەتی. شەرەفیش مانا و دەلالەتەکانی جیاوازە و وەک کۆمەڵگە دواکەوتووەکان نییە. شەرەف بریتییە لە ڕاستگۆیی، دەستپاکی، دڵپاکی، میهرەبانی و بەخشندەیی و هەموو سیفەت و بە هاجوانەکانی تر و هیچ پێوەندیی نییە بەجەستەوە. جەستەی ژن و پیاو ئۆرگانی زیندوون و

سەلمێنەری بوونی مادیی مرۆڤن لەسەر زەوی و هیچی تر نین جگە لەوە.

* ئایا کوشتنی ئافرەت کە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا بۆ پاراستنی شەرەفی بنەماڵە ئەنجام دەدرێت، چارەسەری شەرەفی بنەماڵە دەکات؟

– کوشتن تاوانە و هیچی تر. ئەو پێوەرەی کوشتنی ئافرەتی کردووە بە پارێزەری شەرەفی بنەماڵە دوورە لە عەقڵەوە. ئەو پێوەرە پێوەری غەریزە ئاژەڵییەکانە کە مرۆڤیش هەندێ جار بەکاری دەبات. پێوەری عەقڵانی پێمان دەڵێت کێشەکان بە لۆجیک و بە عەقڵ چارەسەر بکرێت. هیچ کاتێک توندوتیژی چارەسەری کێشەیەکی نەکردووە، بگرە بە پێچەوانەوە توندوتیژی کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە.

* چۆن دەکرێت ئەم دیاردەیە چارەسەر بکرێت؟

– پێویستە بە یاسا ژیانی کۆمەڵگە ڕێک بخرێت و نۆرمی نوێ و ڕێنوێنی نوێ و گونجاو لەگەڵ سەردەمی ئەمڕۆ بۆ کۆمەڵگەی خۆمان دابنێین، بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ پلانی ستراتیجیمان هەبێت و لە هەموو ئاستێکدا کاری بۆ بکەین. هەموو کەسێکی پێگەیشتوو بەرپرسیارە لە دروستبوونی ئەم کێشەیە، بۆیە بەرپرسیارە لە چارەسەرکردنیشی. نابێ هیچ کەسێک شانی خۆی لە بەرپرسیاریەتی خاڵی بکاتەوە و بە کەسانی تری بسپێرێت. هەندێ جار دەگوترێ ژنان خۆیان چارەسەری بکەن، یان ڕێکخراوەکانی ئافرەتان چارەسەری بکەن، یان با مەلاکان و مزگەوتەکان لەسەری بدوێن، بەڵام ئەمە مەسەلەیەکە هەموو کەسێکی پێگەیشتوو لە کۆمەڵگەدا بەرپرسیارە لێی و دەبێ بە پلانی ستراتیجی و عەقڵانی، بە هاوئاهەنگی و هەرەوەزی بکرێت. حکوومەت بەرپرسیاریەتی فەرمی و مێژوویی هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی لەم جۆرە.

* حکوومەت چی بکات باشە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە؟

– هەنگاو زۆرە بنرێت و پێشنیازی زۆرمان لەمەوپێشیش بۆ حکوومەت کردووە. پێویستە بە پلان و بەرنامەوە کار بکرێت و پێویستە پێشتریەتی بدرێت بەهەندێ هەنگاوی وەکو:

یەکەم: دانانی یاسای نوێ کە بە شێوەیەکی ڕوون و بەبێ پێچ و پەنا کوشتنی ئافرەتان بە پاساوی شەرەفپارێزی سزای توند بدات، بەڵام هەر ئەوەندە نا، بگرە هاوکات هەوڵ بۆ سەروەرکردنی یاسا بدرێت و چاودێریی جێبەجێکردنی یاساکان بکرێت. یاسا سەروەر بێت بەسەر هەموو کەسێک بەبێ هیچ ئیستیسنایەکی تاکەکەسی لە هەر پلەو پایەیەکدا بێت.

دووەم: هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەیەکی گشتی لە سەرانسەری کوردستاندا دەست پێ بکات و بۆ ئەم مەبەستەش دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبەکان و حکوومەت لە ڕێگەی کەسانی پسپۆڕەوە (نەک هەر کەسێک) هۆشیاریی کۆمەڵایەتی بکەن بەئامانجی زۆربەی پرۆگرامەکانیان.

سێیەم: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ڕاستی بە ئامانجی بەمەدەنیکردنی کۆمەڵگەی کوردستان تێ بکۆشن و ئامانجەکانیان ڕوون و ڕەوان باس لە بەها و پرەنسیپە مرۆییەکان بکات.

چوارەم: داوودەزگای تایبەت و پسپۆڕانە دابنرێت بۆ ئەوەی یەکسانی و دادپەروەری و ئاشتی و ژیاندۆستی لە کوردستاندا بکات بە نۆرم و بەرەنگاری توندوتیژی و بەها دژوارەکان ببێتەوە.

حکوومەت پێویستە سەرمایەگوزاری بکات لەسەر ئەم پرسە گرینگە، نەک تەنیا کۆڕ و کۆنفرانس بکرێت بگرە داوودەزگای جیدی و بە هەیبەت دابمەزرێندرێت تا پلان و بەرنامەکانی حکوومەت لەم بارەیەوە بەڕێوە ببات. ئەمانەش هەموویان کات و کاریان دەوێ و کەسانی پسپۆڕ و بە پرەنسیپیان دەوێ تا سالآنێکی تری داهاتوو ببینین کێشەکان کەمترن و چارەسەری بڕێکیان کراوە.

* زۆر سوپاس دوا پەیامت بۆ خەباتی قوتابییان چییە؟

– قوتابییان دەتوانن ماتۆڕی ئەو گۆڕانە بن کە پێویستە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا بکرێت. بەڕاستی قوتابییان پێویستە پێشڕەوی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بن، چونکە قوتابییان جگە لەوەی لە نێو سەرچاوەی مەعریفەن، هاوکات بەهۆی تەمەنیانەوە لاویشن، قوتابیی لاو بنیاتنەری دواڕۆژی کوردستانە و ئەمڕۆ دەتوانێ مێژوویەکی شایستە و ئازاد بۆ گەلەکەی دروست بکات ئەگەر ببێتە ئاڵاهەڵگری ئەو گۆڕانە.

# مەهاباد قەرەداغی بۆ کوردستان ڕاپۆرت

دیمانە: سۆران عەزیز

* لەو پرسیارەوە دەست پێ دەکەم کۆمەڵێ چەمکی وەک (داهێنان، خوێندنەوەی دەق، هەڵوەشانەوەگەرایی) خزاوەتە نێو ئەدەبی کوردییەوە، هەروەک چۆن پێشتر (وجوودیەت، چەپگەرایی، ئەدەبی بەرگری) هەبوو، ئەمە لانی کەم کاری پێ کراوە و وەکو میتۆدێکی فیکری، لە کاتێکدا ڕایەکی تر هەیە دەڵێت وەک خۆی کاری پێ نەکراوە، لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

– ئێمە بەشێکین لە جیهان، بەڵام بەشێکی پاسیڤین و هەموو ئەو چەمک و میتۆد و فیکر و تیۆرییانەی کە لە بەشەکانی تری جیهان دادەهێنرێن، دەیانهێنین و مخابن هەندێ جار بە شێواوی بەکاریان دەهێنین. بێگومان دانوستاندنی میتۆد و تیۆرییەکانی ئەدەب و فیکر و سیاسەت لە نێوان هەموو مرۆڤی گەردووندا زۆر ڕەوایە و ئاڵوگۆڕی کولتووری بەهێزترین پردە کە لە وزەی پۆزەتیڤ پێکهاتبێت و مرۆڤی هەموو جیهان بکاتە ئاشنا و خۆشەویستی یەکتر، بەڵام گرینگیشە ئەو پردە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست بەکار ببرێت.

داهێنان شتێک نییە خزابێتە نێو ئەدەبی کوردییەوە، چونکە داهێنان لە ئەدەبی کوردیدا خۆی هەیە و نووسەری کورد سەرەڕای هەموو ئاستەنگییەکان و بارودۆخە ناهەموارەکان، داهێنانیان هەیە. (داهێنان) تەواو پێچەوانەی (سەنعەتسازی)یە، لە داهێناندا عەقڵی ناوەکیی نووسەر کارایە و لە فەنتازیایەکی باڵاوە بەرهەمەکەی هەڵدەقووڵێ و وەکو کانی دەپژێ، بەڵام لە

سەنعەتسازیدا کەرەستەکان لە شوێنی ترەوە دەهێنرێن و کاری نووسەر تەنیا پێکەوەنانیانە، بۆیە مەرج نییە هەموو ئەوەی دەنووسرێن داهێنان بن. خوێندنەوەی دەق بە میتۆدی ڕەخنەییی جۆراوجۆر دەتوانێت ئەوە بسەلمێنێت چ نووسراوێک داهێنانە. کاری ڕەخنەگر بەرهەمهێنانی دەقێکی زیندووی ترە لەسەر دەقێکی ئەدەبی. ڕەخنەگر بەو ئامرازانەی کە لە بەردەستیەتی وەک میتۆدەکانی ڕەخنە و سەلیقەی هزری خۆی، دەقە ئەدەبییەکە هەڵدەوەشێنێتەوە و لەو توێکاری و نەشتەرکارییەکە کە لە جەستەی دەقەکەدا دەیکات، دەقێکی تر دادەهێنێت و هاوکات ناسنامەی دەقە ئەدەبییەکەش ئاشکرا دەکات.

* دەوێرین بڵێین دەقی ئیبداعیمان هەیە کە سیحری ئەوەی تێدا بێت لەگەڵ ئەدەبی دەرەوەی خۆمان بیخەینە تەرازووەوە، ئایا ئەدەبی بەراوردکاریی خۆی شتێکی مومکینە؟

– هەر گەل و نەتەوەیەک تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، سەرنجڕاکێشترین ئەدەب و سیحراویترینیان ئەوانەن کە ڕوحی ئەو تایبەتمەندییانە لە نێو دەقەکانیاندا ڕەنگ و دەنگ دەدەنەوە. ئەدەبی ئێمە بۆ دەرەوەی خۆمان ئەو کاتە سەرنجڕاکێشە کە ئەوی تر هەست بکات شتێکی جیاواز لەوەی خۆی دەخوێنێتەوە و چێژێکی جیاواز لەو تایبەتمەندییە وەردەگرێت کە ڕوحی هاومرۆڤی خۆی لە بەشێکی تری جیهانەوە پێی دەگات. نووسەری کورد تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی چێژی تایبەتمەندی و ڕوحی گشتیی کورد لە نێو دەقەکانیدا جێگیر بکات، بەڵام هێشتا ئەدەبی کوردی لە دەرەوەی ئەدەبی جیهاندایە لەبەرئەوەی ئێمە داوودەزگامان نەبووە دەقی ڕەسەنی کوردی و نووسەرە داهێنەرەکانی کورد بە دنیا بناسێنێت. نووسەرێکی کورد دەتوانێت باشترین دەق بە زمانی زگماکی خۆی بنووسێت، بەڵام چۆن ئەم دەقە بە زمانێکی لۆکاڵ بە جیهان دەگات ئەگەر دەزگای وەرگێڕان ئەو ئەرکە لە ئەستۆی خۆی نەگرێت و بەرهەمە شایستەکان نەکات بە زمانە زیندووەکانی

جیهان. له ڕابردوودا ئاستەنگ زۆرتر بوو، بەڵام له ئێستادا ئەم بەشەی کوردستان هەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆیە و دەکرێت بیر لە دەزگای وا بکرێتەوە. هیوادارم بیری لێ بکرێتەوە.

* ڕەئییەک هەیە دەڵێ بەراوردکردنی هەر ئەدەبێک بە ئەدەبێکی تر بەرهەمی نییە، هەروەک چۆن ئەدەبی ئەوروپی بە بەراورد لەگەڵ ئەدەبەکانی تر، جگە لە کاریگەری شتێکی تر ئاشکرا ناکات؟

– ئەوروپا بەهۆی ئەو گەشەسەندنانەی کە لە بوارەکانی تری وەک ئابووری، سیاسی، فیکری و کۆمەڵایەتی لە چەند سەدەی ڕابردوودا بەدەستیان هێنا، کاریگەری لەسەر کولتوور و ئەدەبیشیان هەبوو، ئاستی ئەو ئەدەبەی لە کولتوورێکی پێشکەوتوودا بەرهەم دێ بەرزترە لەو ئەدەبەی کە لە کولتوورێکی دواکەوتوودا بەرهەم دێت. ئەمە بەڵگە نەویستە، چونکە ئەدەب ڕەنگدانەوەی دیاردە کولتووری و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانە و بەرهەمهێنانەوەیەکی گەشەسەندووتری ئەو کولتوورەیە، بۆیە بەردەوام هاوکاری دەکات بۆ پێشکەوتنی تر. بەراوردکردنی ئەدەبی لە نێوان دوو کولتووردا کە ئاستیان نزیکە لە یەکترەوە ڕەوایە، بەڵام بەراوردکردنی ئەدەبی دوو کولتووری دوور لەیەک ناڕەوایە. مرۆڤ دەتوانێ ئەدەبی ئەوروپا و ئەمەریکا بەراورد بکات و بە ڕەوایی هەڵی سەنگێنێ، بەڵام ئایا مرۆڤ دەتوانێ ئەدەبی تورکی بە هی ئەوروپی بەراورد بکات؟ بێگومان نا. بۆیە نموونەی ئەدەبی تورکیم هێنایەوە، چونکە تورک گرێی ئەوەیان هەیە خۆیان بە ئەوروپی دادەنێن، بەڵام ئەوە ڕاستییەکە کە گەشەی کولتووری لە تورکیا لە چاو هی ئەوروپا لای کەم سەد ساڵی نێوانە و ئەم نێوانەش وا بەئاسانی و بە زوویی نزیک نابنەوە، بەتایبەت هەوڵی بۆ نەدراوە. ئەگەر باسی کوردیش بکەم، بارودۆخی کوردستان زۆر جیاواز بووە و وڵاتێکی داگیرکراو ناکرێ لەگەڵ وڵاتێکی ئازاد بەراورد بکرێت.

* چۆن دەتوانین بەراوردێک لە نێوان هەردوو چەمکی نوێخوازی و داهێناندا بکەین لە نێو ئەدەبی کوردیدا، لە کاتێکدا ئەمە بووەتە گرێیەکی دەروونی زۆربەی ئەو کەسانەی لە نێو ئەدەبی کوردیدا بەردەوامییان هەیە؟

– بڕوا ناکەم ئەمە بووبێت بە گرێی دەروونی، بە حوکمی ئەوەی شارەزاییم لە دەروونناسی هەیە دەتوانم بە دڵنیاییەوە ئەوە ڕەت بکەمەوە کە نووسەری کورد گرێی وای هەبێت. ئینجا سەبارەت بە پرسیارەکەی تۆ لە نێوان نوێخوازی و داهێناندا بەراورد ناکرێت، چونکە ئەم دوو چەمکە هەردووکیان بەرهەمهێنەری یەکترین. داهێنان لە هەناوی نوێوە بەرهەم دێت و، نوێخوازی ئەو وزەیەیە کە وات لێ دەکات لە سەرچاوەی باڵاوە بۆ واژە و فیکر و فەلسەفە بگەڕێیت.

* لەگەڵ هاتنی چەمکی جیهانگەرایی دەرگەی بە ڕووی هەموو شتەکاندا والا کرد و سیحری نەهێشتووەتەوە بۆ دەق، بەپێچەوانەوە ڕایەک هەیە کە جیهانگەرایی هەرچی زیاتر شتەکانی کاڵتر و بێ بەهاتری کردووە، ئەمە چۆن دەبینی؟

– من بەپێچەوانەی ئەو ڕایەوە گەردوونگەرایی وەکو ئەو تواناکارییە مەزنە دەبینم کە کەرەستەی هەموو جیهانت لە بەردەستدا دادەنێت و پێت دەڵێت فەرموو ئەوە عەرز و ئەوە گەز. ئەگەر جاران مرۆڤ تەنیا کەرەستەی خاوی خۆماڵی و ئەوپەڕی دراوسێماڵی لە بەردەستدا بوو بۆ ئەوەی لە داهێناندا بەکاریان ببات، ئێستا هەموو گەردوون کەرەستەی خاوی بەردەستمانن و دەمێنێتەوە ئەوەی ئایا خۆمان وەک نووسەر چەند داهێنەرین و تا چ ئەندازەیەک دەتوانین سوود لەو کەرەستە و سامانە گەردوونییە وەربگرین.

* هیلیس میلەر لە کتێبێکدا بەناوی ئەخلاقیاتی خوێندنەوە باس لە ئیلتیزام دەکات بۆ خوێندنەوەی دەق، ئایا ئێمە خوێنەرێکمان

هـەیە ئـەوەندە یـەخــەی دەق بـگرێت، ئـەوەندە نـەپەرژێتــە ســـەر کـەسـایـەتیی دەق؟ ئـایـا دەتوانـین چی بـکـەین ئـەم فـەرهـەنگە بـکـەینـە باو؟

– خـوێنـەری داهـێنـەر دەتوانـێت ڕوحی دەق بـدۆزێتـەوە، خـوێنـەری مـولـتـەزیم خوێنـەرێکی داهـێنـەرە و بـەخـوێندنـەوەی دەق مێشکی ئـەکتیڤ دەبێتـەوە و ڕوحی ئـەو داهـێنـانـە وەردەگـــێـــڕێت بـۆ ڕەفـــتـــاری ژیـانی ڕۆژانـەی خـــۆی و لـەوێوە کاریگەری لەسـەر کەسـانی تر دروست دەکات. خوێنەری داهـێنەر پردی نێوان نووسـەر و کۆمەڵگەیە و پرەنسیپ و بەهـاکـانی نێو دەق ئەو دەیـانگوێزێتـەوە و دەیانکات بە نۆرم لە نێو کۆمـەڵگەدا. مـخـابن لە ئێسـتادا ژمـارەی خـوێنەرانی داهـێنـەر بۆ دەقی ئـەدەبی لـە کـوردســـتـانـدا هـێنـدە زۆر نـیـیــە کـە ئـەو پردە وزەییـیـەی دروست کـردبێت لە نێوان نـووسـەر و کـۆمـەڵگە، بەڵام دەکـرێت لە داهـاتـوودا کـــار بۆ دروسـت کـــردنی تـوێژێـک لە خـــوێـنـەری داهـێـنـەر بـکـەین. بێگومـان ئـەمـە پێویسـتـە وەک پڕۆژە بکرێت و دامـوودەزگـا هـەبێت کاری ئەوە بێت کـولـتـووری خـوێندنەوە بە گشـتی لە نێـو کورددا دروست بکات و لە نـێـو ئەوانەشدا توێژێک خوێنەری داهێنەر هەبن و بەهاکان وەربگێڕن بۆ کردەوە.

* پرسـیـارێک لە دەرەوەی بابەتەکە هەیە، دەمانەوێت پرسی تـیـرۆر مـونـاقـەشـە بکەین لـە ڕووی ئەدەبیـیـەوە، لە کـاتێکدا ئەم چەمکە تەنیا لە نێو کایەی سیاسەتدا کاری پێ دەکرێت، گومانیش هەیە کـە هـەمـوومـان ڕێککەوتنێکمـان مـۆر کـردبێت لەسـەر پێناسـەی تیرۆر، ئـایا چۆن دەتوانین لە ڕووی ئەدەبیـیەوە لەم چەمکە حاڵی بین؟

– ئـەم پـرسـیــارەت ئـەوەم بـیـر دەهـێنـێـتــەوە لە ســاڵی ٢٠٠٣ لە گــەرمــەی بۆردمـانی ئـەمـەریکا بۆ سـەر عێراق، کە هـەمـوو کـەناڵەکانی ڕاگەیاندنی دنیـا شــیکردنـەوەی عــەسـکەری و ســیــاســیی بۆ دۆخــەکــانی شـــەڕ و هـۆکــار و ئـەنجـامــەکـانی دەکـرد، لـە ڕادیـۆی پی٣ سـوێدیەوە نووسـەرێک پێوەندیی پێوە

کردم کە خۆی ئامادەکار و پێشکێشکاری بەرنامەیەکی ئەدەبی بوو، داوای کرد دوور لە سیاسەت و بە زمان و ڕوحێکی ئەدەبییەوە من باسی شەڕی عێراقی بۆ بکەم. بەهۆنراوەی (نیشتمانی نێوان دوو زێ) کە بە زمانی سویدی نووسیم، نمایشێکی ئەدەبییانەی دۆخە هەستی و دەروونییەکانی مرۆڤی کوردم کرد کە ساڵانێکی زۆر شەڕیان بەسەردا سەپێنراوە. لە ڕێگەی ئەزموونی زیندانی خۆمەوە باسی ئێسک و پرووسکی منداڵانی ئەنفالکراو و هەنیسکی دایکان و هەموو دۆخە دەروونییە دژوارەکانی ئەو مرۆڤانەم کرد کە ساڵانێکە شەڕیان بەسەردا سەپێنراوە و تینووی ئازادی و ئالوودەی ئاشتین. هەموو شتێک دەتوانێت ببێت بە کەرەستەی ئەدەب، شەڕ و تیرۆریش بە هەمان شێوە. لە نێو ئەدەبدا مرۆڤ پێویستی بەوە نییە بە لۆجیک هۆ و ئەنجامی تیرۆر لێک بداتەوە، هێندەی ئەوەی لە قووڵاییی نەستتدا بۆ ئەو بەرەنجامانە دەگەڕێت کە تیرۆر دروستی دەکات. داهێنان لەو ڕەهەندانە دەگەڕێت کە بەچاوی ئاسایی نابینرێن، تیرۆریش بریتی نییە لەو پێناسەیەی کە ئەمەریکا کردوویەتی و بەگشتی کراوە بۆ سەر هەموو جیهان. ئەمەریکا دەشێ بە ڕێکخراوێکی ئازادیخوازیش بڵێ تیرۆریست، بۆیە پێناسەکەی ئەو ئەگەر بە گشتی بکرێت، ناڕەوایی ڕوو دەدات.

تیرۆریستێک خۆی دەتەقێنێتەوە و لە شوێنێکدا سەد کەس بە جارێک دەکوژێت. ئەم دیاردەیە سیاسەت بە جۆرێک باسی دەکات و ئەدەب بە جۆرێکی تر، سیاسەت لە ڕەهەندی بەرژەوەندییەکانەوە شی دەکاتەوە و ئەدەب لە ڕەهەندی هەست و نەستی مرۆییانەوە. من هاوسەرەکەم لە تەقینەوەیەکدا گیانی لەدەست دا و شەهید بوو، ئەگەر ڕۆژێ ئەم کارەساتی تیرۆرە بکەم بە بەرهەمێکی ئەدەبی، دەبێت بۆ کەرەستەی ئەو بەرهەمە بچمە نێو قووڵاییی نەستی خۆمەوە و لەوێوە پێوەندی لەگەڵ نەستی هەموو ئەو کەسانەدا بکەم کە کەسی ئازیزی خۆیان لەدەست داوە و دەبێ پێوەندییەکی ڕوحیش لەگەڵ خودی ئەو شەهیدانەدا دروست بکەم کە لەو کارە تیرۆریستییەدا گیانیان لەدەست داوە، تا خۆیان هەستەکانی خۆیانم بۆ بگێڕنەوە و لەو چرکە ساتە

بدوێن کــە دوا هـەناســەیان داوە، لەو ئارەزووانە بـدوێن کــە لـەو چرکــانەی کـۆتاییـدا هـەیانبـووە. ڕەنگە بپـرسـیت ئایا مـومکینە لەگـەڵ ڕوحـی ئەوانەدا بدوێی و خـۆیان بێنیتـە گـۆ؟ بێگومان ئـا ئەم دۆخـانەیە سـیحـر و نهێنیی هـەر داهێنەرێکی ئەدەبی. ئەم دۆخـانەیە کە داهێنەرێک و یەکێکی تر لە یەکتر جیا دەکاتەوە و داهێنانێک و یەکێکی تر لە یەکتر جیا دەکاتەوە.

* کێشـەی فەرهـەنگ و ڕۆشنبیری کوردی هـەڵئاوسـاوە وەک باس دەکـرێت وای لێ هاتووە دیار نـییـە کە تەئسـیـری هـەبێت لەسـەر کایەکـانی تر لە کاتێکدا ڕۆشنبیـران لەسـەر زۆر کایە قـسـەیان کـردووە. پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا پـرۆژەی ڕۆشنبیری ئێـمـە بۆچی نەیتوانیوە گۆڕان دروست بکات لـە هـەموو بوارەکاندا، ئایا گۆڕان پرۆسـەیەکە خۆی بە خاوی دەڕوات و ئێمە پەلەمانە؟

– قسـەکـردن شـتێکە و بە پرۆژەکـردن و بەدەزگـاییکردن شـتـێکی ترە. ئەو قسانەی لە پێنـاوی قسـەدا دەکرێن هیـچیان لێ شـین نابێت، بەڵام ئەو قسـانە ئەگـەر بکرێن بە پرۆژە بەرهـەمیان دەبێ و خـۆ ئەگـەر پرۆژەکانـی ڕۆشـنبیـریش بە شێوەی دەزگایی کـاری بۆ بکرێت، ئەنجامەکـەی دەبینرێت و زۆر بە ڕوون و ڕەوانیش کـاریگـەرییـەکـەی دەردەکـەوێت و بێگومـان گـۆڕانیش دروست دەکـات. ئەوە ڕاسـتیـیـەکە کـە پرۆسـەی گـۆڕان لە نێو کـولتووری ئێمـەدا هێندە خـاوە کە ئەگـەر زۆر لێـی ورد نەبیتـەوە وادەزانی لـە جێی خـۆی ڕاوەسـتـاوە و نابزوێت، هۆکـەشـی ئەوەیە کـە هـەوڵـە ڕۆشنبـیـرییـەکـانی ئێـمـە کـەمـتـر بە پرۆژە کـراوە و زیاتر لـە قسـەکـردندا مـاوەتەوە. بە ڕواڵەت هـەندێ داوودەزگـا دامـەزراون بۆ کـارکـردن لەســەر کـایە ڕۆشنبـیـرییـەکـان، بەڵام سـیسـتـەمی بـەڕێوەبردنی ئەو دەزگـایانـە بە عـەقـڵـێکی دەزگـاییـیـانە بەڕێوە نـاچێت و لەو دەزگـایـانەشـدا هـەژموونی گرووپگەرایی زاڵە و هـەر دەزگایەک کۆمەڵێ کەس کاری تێدا دەکەن کە خـزمی یـەکـترین و پێـوەندیـی خـوێن بەهـێـزترین پێـوەندییـە و لە بـاشـترین حاڵـەتیشـدا ئەو هاوڕێیانەش دەگـرێتە خـۆ کە وەک یەک بیـر دەکەنەوە و ئـەگـەر

کەسێک زەرەیەک بیروباوەڕی جیاوازی هەبوو، وەلاوە دەنرێ و لەو دەزگایانە جێگەی نابێتەوە. خۆی ئەمە ئەو میکرۆبەیە کە ناهێڵێ لە کوردستاندا دەزگا دروست ببێت. دەزگاکان تەنیا تەلار و داروپەردوون، عەقڵی دەزگایی مخابن وجوودی نییە، بەڕێوەبەری دەزگا سەرۆک خێڵە و ئەوانەشی کاری تێدا دەکەن ڕەعیەتن و دەبێ تەماشای دەمی بەڕێوەبەری دەزگا بکەن. جا وەرە لە دەزگای وادا داهێنان بکە!

* تا چەند پێت وایە گرووپبەندیەتی بتی ڕۆشنبیری دروست دەکات. ئایا ئێمە ئەم گرووپبەندییەمان هەیە، ئەگەر هەیە ئەی زیانەکانی کامانەن؟

– داهێنەر و قاڵبیان نەگوتووە. گرووپ قاڵبە و سنوور بۆ داهێنەر دادەنێت. داهێنەر تەنیا لەگەڵ کولتووری تاکگەریدا دەگونجێ، چونکە لەوێدا تاک سەنتەرە و تاک خۆی بە بەهێز و بەتوانا و ئافرێنەر دەزانێ، بەڵام لە کولتووری کۆلێکتیڤدا تاک لە نێو گرووپدا گیرۆدەی ئەو سنوورانە دەبێت کە گشت بۆی داناوە. دیارە من مەبەستم لەو دەستە و گرووپانەیە کە لێرە هەیە و زیاتر شێوەی تایفەی هەیە و هەر گرووپێک سەرۆکی تایفەکەی بە باشترین دەزانێ و دەبێتە تووتی ئەو، ئەویش هەمووانی نێو گرووپەکە بە تابعی خۆی دەزانێت و لەوێوە هەست بە بەهێزی خۆی دەکات و ئەوانی تریش خۆیان لە نێو هێزی ئەودا دەتوێننەوە و خۆیان هیچی نوێ بەرهەم ناهێنن. ئەگەر گوێ لە وتەی ئەو کەسانە بگری کە خۆیان بە هەواداری نووسەرێکی دیاریکراو دەزانن، بە تەواوی هەست بەوە دەکەی ئەو مرۆڤە تواوەتەوە و هیچی خۆی ناڵێت و تەنیا فیکری ئەو نووسەرە دەڵێتەوە کە کردوویەتی بە بت بۆ خۆی، ئا ئەم دەردەیە کە خوێنەری داهێنەری قاتی کردووە. خوێنەر دەبێ بە ڕوحێکی ڕەخنەگرانەی داهێنەرانەوە لە هەموو دەقێک بڕوانێت و هیچ نووسەرێکیش نەکات بە نموونەی ڕەها، تەنانەت نموونەی باڵاش نابێت بە چاوی ڕەهاوە تەماشا بکرێت. گەورەترین زیانی گرووپبەندی ئەوەیە کە ڕەخنەی ساختە

دروست دەکات و ئەندامێکی گرووپێک بە ناوی ڕەخنەوە بە ئەندامێکی تری گرووپەکەی خۆی هەڵدەڵێ و ئەم جۆرە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنە ساختانەش بتی ئەدەبیمان بۆ دروست دەکەن. ئەمانە ناهێڵن خوێنەری خۆڕسک دروست ببێت، خوێنەری بیرکەرەوە و هەڵسەنگێنەر، خوێنەری مولتەزیم و داهێنەر. ئەو جۆرە ڕەخنەگرە ساختانەی بە برادەری خۆدا هەڵدەڵێن پێش هەر شتێک ئیتیکی ڕۆشنبیری پێشێل دەکەن.

ئۆکتۆبەری ٢٠٠٧

## بۆ هەفتەنامەی ژیانەوە

سازدانی: چرۆ جەلال

* هەمـــوو لایەک باسـی مـافی ژن دەکــەن و هـەمــوو لایەکـــیش بانگەشـەی ئەوە دەکـەن کـە بۆ بەدەسـتــهـێنانی ئەو مـافـانە تێ دەکۆشن. هۆی چییە ئەم بابەتە ئێستا ئەو بایەخەی پێ دەدرێت؟

– لە ڕاسـتـیـدا سـتـانداردێک هەیە بۆ مـافـەکـانی مـرۆڤ و ڕێککەوتنـێکی گـەردوونی هـەیە لەسـەر ئەو مـافـانە، کـە لە جـاڕی گـەردوونـی مـافـی مرۆڤـدا پێناسـە کراوە. لە نێو ئەو پێـوەرەدا توخـمـی نێـر و مـێ یەکـسـانن. مـافی ژن جودا نـیـیە و لە نێو ئەوانەدایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی توخـمـی مـێ دامـاڵراوە لە زۆربەی مافەکانی و لە هیچ کۆمـەڵگەیەکی جیهاندا ئەو یەکسانییە لە ئەرک و لە مـــافــدا بەدی نەهاتووە، بۆیە خــەباتێکی تایبــەتیش ســەرپێ خــراوە بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو مافانە. کەناڵیزەکردنی خەباتی ژنان بۆ بەدەستـهێنانی مافی یەکسان، لە نێو شـەپۆلە جۆراوجۆرەکانی فێمینیزمـدا بەرجەستە کرا و، بارودۆخـی هـەریەک لە کۆمـەڵگەکان تایبەتمـەندیەتییـەکی داوەتە ئەو خـەباتە و تێکۆشانێکی گەردوونی بۆ ئەم مەبەستە کراوە و دەکرێت.

هـەمـوو لایەک باسـی مـافی ژن دەکــەن، ڕاست و چەپ، نـاسـیـونالیـست و کـۆمـۆنیـست، نوێخـواز و کـۆنەپارێزان، هـۆی ئەمـەش دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەوەی پرسی ژن بووەتە پرسی سات، پرسی یەکسـانی بووەتە ئەو حـەقیـقـەتەی کـە کەس ناتوانێ نکووڵیی لێ بکات. ئاسـاییـیە کە هـەموو لایەک باسـی مـافەکـانی ژن بکەن، بەڵام ئـەوانەی کـە هـەنگاوی پراکـتیک دەهاوێژن لـەم بوارەدا، ئەوانە ڕاسـتگۆن و دەیانەوێ ڕیالیتـەی نادادپەروەرانەی کـۆمـەڵگە بگـۆڕن و تەکان بە

پرسـه کۆمـەڵایەتی و کولتوورییـەکان بدەن. پرسـی ژن، پێویسـتە لە نێو ڕەوتی سـیـاسـەت، ئابووری و کـولتـووردا گـەشـە بکات و بە یاسـا و دەسـتـوور پشتئەستوور بکرێت.

* خـۆی مـافـی ژن چیـیـە؟ چ کـاتێک دەتوانین دەسـتکەوتـی ئەو مافانە درک پێ بکەین، چ کاتێکیش پێ دەزانین کە پێشێل کراوە؟

– وەک وتم سـتـانـدادرێک هەیە بۆ مـافـی مـرۆڤ، لەوێدا گـرینگی بە هاوسـەنگیی نێـوان ئەرک و مـافـی توخـمـی نێـر و مێ دراوە. لە هەر سـات و شـوێنێکدا مرۆڤ هـەسـتی بە لاسـەنگیی ئەو هاوکێشـەیە کرد، مـانـای ئەوەیە ڕەوشێکی نائاسایی لە ئارادایە و بارەکە پێویستی بە هاوسەنگکردنەوە هەیە. لەوەتەی کـار بۆ ئاسـاییکـردنەوەی ئەو دۆخـە نائاسـاییـیـە کـراوە لە بەشـەکانی جیـهـاندا، دەرک بە پێشـێلکاری مافـەکان کراوە. لە کـوردسـتانیـشـدا لەوەتەی بیـرۆکـەی دروسـتکردنـی ڕێکخـراوەکـانی مـافی ژنـان کـراوە، دەرک بەو پێشـێلکارییـە کراوە، بەڵام لە سـەرەتـادا هـەسـتێکی سـەرەتایی بـۆ ئەم بابەتە هەبوو، هێواش هێـواش ئەو هـەسـتە بوو بـە هۆشیارییـەکی سەرەتایی، لە دوای ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ەوە ئـەو هۆشـیـارییـە هێـدی هێـدی گـەشـە دەکـات. لە سـاڵی ٢٠٠٠ بەدواوە، خـەباتی ژنان خـەریکە کەناڵیزە دەبێت و ئاراسـتـەکانی بەدیار دەکەوێت. ئەمە نیشانەیەکی پۆزەتیڤە.

* دروسـتبـوونی بزاوتی فێمـینیـستی جۆراوجۆر مۆدێلی خـەباتی سـەردەمـە بۆ وەدەسـتـهێنانی مـافـەکـانی ژن. ئایا ئـەو بزاوتە لە کوردستـاندا بە چ ئاراسـتـەیەکدا دەڕوات؟ ئایا پێـویسـتمـان بە چ شێوازێکی فێمینیستی هەیە؟

– بەهۆی بارودۆخی زێدە دژواری کـوردسـتـان، لە پێش ڕاپەڕیندا شـەپۆل و ڕەوت و قوتابخـانەکانی فێمینیزم لە کوردستاندا ناسراو نەبوون، لە سەرەتای ڕاپەڕیندا جموجوولێکی پراکتیکی دەستی پێ کرد وەلێ هێشـتا تیۆرییـەکان

نەناسرابوون. شەڕی ناوەخۆ گورزێکی کوشندەی لە هەموو بزووتنەوەیەکی تر و هی ژنانیش دا و ماوەی پێنج شەش ساڵێک خەباتی ژن نەک وەستا بەرەو دواوە گەڕایەوە و وەک یاریی زار و مار لە پەیژەکەوە سەرکەوتن، بەڵام مارەکە قووتی داین و گەڕاینەوە دواوە. بۆیە دەڵێم لە دوای ساڵی ۲۰۰۰ەوە، ئێمە دیسان چاومان کردەوە و لە سەرەتایەکی ترەوە دەستمان پێ کردەوە. هیچ گومانی تێدا نییە کە خەباتی ژن تەنیا لە کەشی ئاشتیدا گەشە دەکات و خەبات بۆ یەکسانی دەبێتە بەشێکی دانەبڕاو و بایەخداری خەباتی دیموکراسی.

ئێمە لە کوردستاندا، پێویستمان بە ڕەوتێکی فێمینیستی هەیە کە ئیمکانیەت و خەتەرەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی خوێندبێتەوە و دەستنیشانی کردبێت، بۆ ئەوەی داخوازییەکانی بزووتنەوەی ژنان لە پێویستییەکانی کۆمەڵگەوە سەریان هەڵدابێت. ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بە ژنانی خەباتکاری هێمن و بەهێز هەیە، هێزی فیزیکی نا، بگرە هێزی ژیری تا توانای هاوسەنگکردنەوەی هاوکێشەکانیان هەبێت. ئێمە ژنی سیاسەتوانمان پێویستە، کە هونەر و زانستی سیاسەت فێر بێ و سیاسەت وەک پیشە پیادە بکات. "ژنی سەرکردەکان" و "سەرکردە ژنەکان" دوو زاراوەی جیان و لە کوردستاندا پێویستە سەرکردەی ژن دروست بێت و فەلسەفەی فێمینیستییەکی ژنانەی کوردانە پیادە بکات.

* ئەوەی هەستمان پێ کردبێت، هەوڵی چەسپاندنی مافی ژن لای ئەوانە بەهێزترە کە لە دەرەوە گەڕاونەتەوە. بۆچی ئەمە وایە و ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێت ئامادەگی ناوەخۆیی بۆ تێگەیشتن لە مافەکانی ژن لە کوردستاندا لاوازە؟

– کوردستان کۆمەڵگەیەکی داخراو بووە و تەنیا چەند ساڵێکە جۆرێک لە کرانەوە هەست پێ دەکرێت. کاتێ کۆمەڵگە داخراو بێت مرۆڤ جگە لە دۆخەکانی ژیانی خۆی ژیانی کەسی تر نابینێ. ئەو ژنانەی کە بارودۆخێک

وای کــرد لە هەنـدەران بگێــرســێنەوە و لـەو کـۆمــەڵگە کــراوانەدا چـاویان، مـێشکیـان، دڵیـان، دەروونیـان، هـەسـتـیـان و دەسـتـیـان و پێیـان بکرێتـەوە، توانییـان کۆمـەڵگەی تر ببینن و بەراوردی ژیان و دۆخـە جۆراوجـۆرەکانی ژیان و خـۆیان و ئـەوان بکەن، بۆیە ڕەنگی چەوسـاندنەوەی ژنانی وڵاتەکـەی خـۆیان بە تۆخ دەبینن.

ئێـسـتـا ڕێکخـراوە نێـونەتـەوەییـیـەکان و، وەفـدەکـانی وڵاتـانی دنیـاش بە بەردەوامی دێنە کـوردسـتـان و چالاکـیی هـاوبەش لە نێـوان ڕێکخـراوەکـانی ناوەخۆ و دەرەوەدا هـەیە، ئەمەش جۆرە پردێکـی ترە، کە بوار بۆ بیـرکردنەوەی ڕوونتـر لەبارەی پرسی یەکـسـانی دەخـوڵقـێنێ، وێڕای ئـەوەش حکوومــەتی کوردستـانیش چەند ساڵێکە سـیاسـەتی یەکسانیی ڕاگەیاندووە و، هەنگاوە پراکتیکەکانی ئەو سیاسـەتەش دەستی پێ کردووە. دەبێ ئـەوە ڕوون بێت، کە ژنانی لە هەندەرانەوە هـاتوو، پڕۆژەیەکی نامـۆ بە کۆمـەڵگەی کورد ناهێننەوە، بەڵکو تەنیا خـەباتی ژنانی کورد لە ناوەوەی کوردستان بە ئەزمـوونەکانی تری دنیا بەهرەدار دەکەن و هارمـۆنیایەکی کولتـووریی لێ پێک دەهێنن. بۆ نموونە سیاسـەتی یەکسـانی کە ئێمـە دامـانڕێژا و کـردمـان بە بەرنـامـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتـان، بەرنامەیەکی ئاشنا بە کولتوور و کۆمەڵگەی کوردستانە. بە سـیاسـەتکردنی خـەبات، بە یاسـاییکردنی پڕۆژەکـان، بە دەسـتـووریکردنی مافـەکان و پرسی یەکسـانی، هێڵـی گشـتـیی سـتراتیجیی ئێمە هـەمـوومانە. لە ناوەخـۆی کـوردسـتـاندا، لە دوای ڕاپەڕینەوە بەردەوام پڕۆژەی هـەمـوارکـردنی یاسـای باری کەسـایەتی لەلایەن ڕێکخـراوەکان و کـەسایەتییـەکانەوە لە ئارادا بووە و ئەو هـەوڵانەش قـۆنـاغ بە قـۆنـاغ گەشـەیان کـرد و ئێـسـتـا لە پرۆسـەی گفتوگۆکردندایە لە پەرلەمان. کەواتە خـەباتی ژن کـەوتووەتە سـەر سکەی خـۆی و هـەمووشـمان لە نێو شـەمـەندەفـەری خـەباتین و ئامانجەکانمان لێوە دیارە.

* ئێمە بەهۆی داوونەریتـەوە، کە باسی مـاف و ئازادی دەکرێت، ڕاسـتـەوخـۆ تەفسـیـرێکی لابـەلاییی بۆ دەکرێت و لە بـەرامـبـەریدا

بەرەڵایی و هاوشێوەکانی قووت دەبێتەوە، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین؟

– ئازادی و بەرەڵایی دوو چەمکی جیان. لە ئازادیدا یاسا چوارچێوەی بۆ ماف و ئەرکەکان داناوە. بەرەڵایی لەو کاتانەدایە کە فەوزا سەروەرە و هەرکەس بۆ خۆی ماف و ئەرک دیاری دەکات و سنووری ئازادیی فەردی و ئازادیی گشتی دیار نییە. زۆر گرینگە لە کوردستاندا ئازادی لە دەستووردا بەرجەستە بێت و لە یاسادا پێناسە بکرێت و یاساش سەروەر بێت.

پیاو و ژنانی ئازاد، ژنانێکن نرخی خۆیان دەزانن و توانا و بیر و هۆشی خۆیان لە پرۆژەی گەشەدان بە کەسایەتیی خۆیان و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەیان سەرف دەکەن. بەڵام پیاو و ژنانی بەرەڵا پەیام و پرۆژەیان نییە لە فەوزایەکی دەروونی و ڕوحیدا دەژین و دەشێ بە هەڵە توانا و بیر و جەستەی خۆیان بەکار بهێنن.

# دیمانەی ئەدەبی

ڕابەر فاریق

* کەسانێک هەن زۆر بە داخراوی و سانایی پێکهاتە و لایەنەکانی مەجازیی دەق هەڵدەسەنگێنن، بەواتەیەکی تر: تەنیا دەڵێن «ئەم دەقە جوانە»، «ئەم دەقە ناشیرینە»، بەبێ ئەوەی جارێک بپرسن: بۆچی جوانە؟ بۆچی ناشیرینە؟ هۆکاری ئەم جۆرە هەڵسەنگانانە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟

– هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرێک بۆ دەق لە خوێنەرێک جیاوازە. خوێنەرێک مافی ئەوەی هەیە بە قەدەر ئەوەی کە دەخوازێ و دەروونی پێویستی پێیەتی، چێژ لە دەقێک وەربگرێت و گوزارەش لەو چێژە بە یەک وشە بکات و بڵێت دەقێکی چەند جوانە! بەڵام ڕەخنەگر پێویستی بەوەیە پێوەری هەبێت بۆ هەر هەڵسەنگاندنێک و لەخۆڕا نەڵێت جوانە یان نا، بەڵکە ڕوونی بکاتەوە کە بەپێی چ پێوەرێک جوانە و پلەی داهێنان لەو دەقەدا لە چ ئاستێکدایە و چی وای کردووە نووسەرەکەی بەم چەشنە دای ڕێژێت نەک بە شێوەیەکی تر.

* کەنگێ دەتوانین بڵێین ئەم ئەدەبە "زارەکییە" و ئەوی تر بە "نووسراوکراو"ە؟ هاوکات ئەو ڕەخنەیە "بنیاتنەر"ە و ئەوی تر "ڕووخێنەر"ە؟ ئەم دابەشکردن و هەڵسەنگاندنانە لە چییەوە سەرچاوەیان گرتووە و کەنگێ و بۆچی دەتوانین ئەم پرسیار و پێودانگانە دەرببڕین؟ ئەگەر پێویستیش نییە باسیان لێوە بکەین هۆکارەکان کامانەن؟

– ئەوە بۆ هەمووومان ڕوونە لەوەتەی مرۆڤ هەیە، داهێنانیش هەیە، چونکە مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا بوونەوەرێکی ئافرێنەرە. پێش داهێنانی سیمبولەکانی نووسین و پیت و هێماکانیش ئەدەب هەر هەبووە، بەڵام دەماودەم گوازراوەتەوە و نەوە بەنەوە ئەو میراتەیان وەرگرتووە و پاراستووە. کە زمانی نووسین داهات، ئەدەبی سەرزارەکیش تۆمار کران و بوون بە ئەدەبی نووسراو.

سەبارەت بە ڕەخنەی بنیاتنەر و ڕەخنەی ڕووخێنەر، بە بڕوای من ئەو ڕەخنەیەی هەست بکرێت ڕووخێنەرە، مانای ئەوەیە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی تێدا بەکار نەهێنراوە و غەریزە و غوباری دەروونی نووسەرەکەی پاڵنەری سەرەکیبوونە تێیدا. مەبەست لە ڕەخنە تیشک خستنە سەر هەموو لایەنەکانی دەقێکە، بەبێ لایەنی. کەواتە ڕەخنەگر لە نێو ئەم ژانرە ئەدەبییەدا نە ئەرکی ئەوەیە پەسن بکات، نە شاڵاوش بەرێ، بەڵکە بەپێی میتۆد و پێوەرە ئەدەبییەکان، کێشانە و پێوانەیەکی لە هۆشیاریی خۆیدا دانابێت و کە ئەنالیزی ئەو دەقەش دەکات، نە زیاد بڵێت و نە کەم.

* ڕەخنەگرانمان بەدەر لە کاری خۆیان "ڕەخنەگر"ی، هاوکات "بەدیل دۆزەرەوە"یشن، پێت وایە ئەم دووانە گەرەکیان بە کەسی تایبەتمەند و ئەکادیمیستی تایبەت بە خۆیان دەبێت؟ کەنگێ دەقی ئەدەبیی "ئەلتەرناتیڤ" دەخوازێ؟

– ڕەخنەگر پێویستە پسپۆڕ بێت، پسپۆڕیەتیش یان لە ڕێگەی خوێندنی ئەکادیمییەوە بە دەست دێت یان بە ئەزموونی درێژ و بەدواداچوون و بەکارهێنانی میتۆدەکانی بواری ڕەخنەی ئەدەبی. ڕەخنە خۆیشی دەقێکی داهێنراوە، بەڵام لە ناو ژینگەی دەقێکی تر. ڕەخنەگری پسپۆڕ، چاوساخێکی هەستیارە و خوێنەر دەباتە سەر چەمی مەبەست.

* ئەو ڕێگەیانە کامانەن کە دەبن بە پردی پێوەندیی قووڵی نێوان:

نووسەر – وەرگر؟ بۆ ئەوەی سیحرێکی ئاگاییانە بچەسپێنین لە فیکری خوێنەردا تا تێکەڵبوون و هاومەستییەکی ڕەگئاژۆیی بخولقێ، ئەو خاڵە سەرەکییانە چین کە لە وەها کاتێکدا کۆمەکمان دەکەن؟

– بەکارهێنانێکی داهێنەرانەی زمان ڕێگەی گەیشتنی پەیامی نووسەر بە خوێنەر نزیک دەکاتەوە. چڕیی فەنتازیا و خۆڕسکی دەق و بوێری لە دەربڕین و بیرنەکردنەوە لە تابۆکانی کولتوورەکان، نێوانی نووسەر و خوێنەر نزیک دەخاتەوە.

* لە ئەمڕۆدا شیعر و قسەی ئاسایی تێکچڕژانێکی ڕیشەییبیان بەخۆوە گرتووە، ئەگەرچی ئەم جۆرەی دەقنووسین لە ئەوروپادا ئەزموون کراوە، بەڵام شاعیرانی ئێمەیش سوودیان لێی وەرگرتووە، ئەم تێکەڵاوبوون و سوود وەرگرتنە تا چ ئاستێک لە خزمەتی ئەدەبی کورددا بووە؟

– تا ژیان ئاڵۆزتر بێت، مرۆڤ زیاتر بە دوای سادەییدا دەگەڕێت. ئەدەب، بەهایەکی زەینییە و مەبەستییەتی باری مرۆڤ سووکتر بکات و دەروونی ئاسوودەتر و ڕوحی ئازادتر بکات، بۆیە هەتا ژیار زیاتر ڕێ لە مرۆڤ وێڵ بکات، داهێنان ڕێپێشاندەرێکی ساکارترە بە کەرەستەی خاوی هەست و نەستەکانی.

* شیعری ئێستە، بەشێوەیەکی بەرفراوان ڕووی لە خەمە بچووکە خودییەکان، یاخۆ شاعیر کردووە، بە پێچەوانەی شیعری پێشوو کە گرینگی دەدا بە خەمە کۆ-کان، ئەم گۆڕانکارییەی کە ئێستە لە بنیاتی دەقە (هاوچەرخ)ەکانەوە هەستی پێ دەکرێ، تا چەند خزمەت بە دەقی ئیبداعی دەکا؟

– خۆی دەبێ شیعر وا بێت و پشکنەری ناخ و دەروون و زاتی شاعیر بێت،

بەڵام ئەم زاتە دابڕاو نییە لە کۆلێکتیڤ، چونکە یەکێتییەک لە نێوان هاومرۆڤەکانی گەردووندا هەیە و شاعیریش بەشێکە لەو پێکهاتەیە، بۆیە خەمی ئەویش هی هەمووانە و هی هەمووانیش ئەو دەهەژێنێ. جاران لە نێو ئەدەبی کوردیدا بە تایبەت پسپۆڕیەتی نەبوو، بۆیە سیاسەت و دەردە کۆمەڵایەتی و گشتییەکان و ئازارە کولتوورییەکان و تەنانەت تەنگژە ئابوورییەکانیش بە شیعر دەردەبڕدران، شاعیریش وەک ڕەهبەرێک دەبینرا. ئێستا هەر ژانرە و ڕێچکەی خۆی گرتووە و نووسەری خۆی هەیە و خوێنەری خۆی هەیە و واش باشترە. دەگوترێ جاران شیعری کوردی خوێنەری زیاتر بوو ئێستا کەمترە، ئەمە ڕاستە چونکە جاران جووتیار و پاڵە و ڕەنجبەریش گوێی دەدایە شیعر، چونکە دەیبیست بۆ نموونە دەگوترێ ( با هەموو جووتیار و پاڵە و ڕەنجبەران یەک گرن تا دەبنە هێز و پشتیوان.) یان (کرێکارێکی هەژاری کوردم هیچ پەشیمان نیم لەو کارەی کردم.) بۆیە کرێکارێکیش خۆی لە ناو ئاوێنەی شیعرا دەبینییەوە و بەدوایدا دەچوو. جاران کۆڵی سیاسەت لە ئەستۆی شاعیر بوو، سەرکردەکان ئەم بارەیان دابوو بەسەر شاعیردا و خۆیان پاڵیان لێ دابووەوە. ئێستا وتار و ئەنالیزی سیاسی دەنووسرێ و وتار و ئەنالیزی ئابووری دەنووسرێ. جاران مەسەلەی چەوسانەوەی ژنان و نایەکسانیی کۆمەڵایەتی بە شیعر دەردەبڕا، «نەسرین دەمێکە داخت لە دڵمە، گیرۆدەی بەندی ژیانت زوڵمە و... هتد» ئێستا نووسەرانی فێمینیست وتار و لێکۆڵینەوە دەنووسن و ئەو زوڵم و زۆرە و هۆکار و دەرهاویشتەکانی بەیان دەکەن و ئەنالیزەی دەکەن، بۆیە پێویست بەوە نەماوە بە شیعر ئەو ئەرکانە ڕایی بکرێن. شیعر پێویستە باسی بەهاکانی ناوەوەی مرۆڤ بکات، گرێکانی ناوەوە بدۆزێتەوە و بیانکاتەوە، بەڵام ئەمەشیان نەک وەک دەروونناسێک ئەنجامی بدات، بەڵکە تەواو خۆڕسک ئەم کارە ئەنجام بدات.

* ئەگەر خوێنەر هاوشانی دەقنووس بێ لە خولقاندنی مانادا، ئەدی دەقنووس چۆن هاوشانی لەگەڵ "پێکهاتەی دەق"دا فەراهەم دەکا، بەدەر لە سەروەختی لەدایکبوونی دەقێکی شیعری؟

– مـانا لـه نێـوان نووســەر و خـوێنەردا وەک بـازنەیەکی ســووڕاوە وایە و هەریەک لـە گـۆشـەنیگای خـۆیـەوە شـێـوەی کـۆدەکـانی زمـانی دەق دەبـینێ و دەخـوێـنێـتـەوە. تەنانەت نووســەر خـۆیشـی، کە دوای مـاوەیەک دەقێکی خـۆی دەخــوێـنێــتــەوە، ڕوانـینێکی تـری لەلا دروست دەبێت، کــە جــیــایە لـە هـی سـەروەختی نووسـینەکە. ئەمـەش هۆکاری ئەوەیە مـرۆڤ بەردەوام لە پرۆسـەی داهێنـانی زەینـیـدایە، خـوێنەر داهێنەرە بـۆیە تێگەیشـتنێکی جـیـاواز لە هـی نووسەرەکەی لا دروست دەبێت، نووسەریش داهێنەرە، بۆیە لە خوێندنەوەکانی تری هەمـان دەقی خـۆیدا تـێگەیشـتنی نوێی لەلا دەخـوڵقێ و دەشـێ دووبارە لە سووڕێکی تری ژیاندا بیانکات بەداهێنانێکی تر، لە دەقێکی تازەتردا.

* پێت وایە هۆی داتەپینی بناغـەی هـەر دەقـێک، بەشـێکی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە بنیاتی دەق لە مانا داخراوەکانەوە سەرچاوە بگرێ؟ بە واتـەیەکی تـر: بۆ ئەوەی پێکهاتەی دەق بپـارێزین لە کـاڵگـەرایی و بوونی کاتی، چی بکەین باشە؟

– دووربیـنی و ڕوانگەڕوونـی دەبێـتــە هـۆی ئەوەی زمــانێک لە دەقــدا کــارا بکەیت، کـە جگە لە ئێسـتـا، توانای تێپەڕانـدنی زەمەنێکی دوورتریان هەبێت. وشـە وزەی تێدایـە و زیندووە، بەڵام هـەریەک لەوانیش تەمـەنی خـۆیان هـەیە. بە هەڵبـژاردنی سـیـمـبـولە تـەمـەندرێژەکـانی زمـان، چارەنووسـی دەقـیش لە زوو کاڵبوونەوە و هەڵپڕووکان، دەپارێزێت.

* بۆچی ڕەخنەی بەراوردکاری کاری لەسەر نەکراوە بە شێوەیەک کـە سـەرچاوەمـان لەم بارەیەوە هـەبێ، لە کـاتێکدا دەبوو ئێـسـتـە زیـاتـر لە جــــاران بـایەخـی پـێ درابـا، چـونکە نـائـامــــادەیی لـە ڕۆژگـارێکی وەکو ئـەمـڕۆدا هـەم "بۆشـایی" و هـەم "تـەنگژە" و هـەم دەرگەی «داخستنی سەردەمێک»یشمان بە ڕوودا دەکاتەوە؟

– ئەوە کـاری دەزگا ئەکـادیمییەکانە و دەبوایە بەشی ئەدەبیاتی زانکۆکـانی

کوردستـان بەو ئەرکە هەڵسـابـان. دەبوایە بەپێی ژمـارەی قـوتابیی دەرچووی ئەو بەشـانە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیش بەرهەم هـاتبا و لە نێو ئەوانەشدا بایەخ بە ئەدەبی بەراوردکـاری درابا. بێ گـومـان نەبوونی ئەو جـۆرە هەڵسـەنگاندنە بەراوردکارییـە، بۆشـاییـیەکی بـەرینە لە ئەدەبی کوردیدا و دەبوایە یان زانکۆ پڕی کـردباوە، یان دەزگـای پرۆفـیـشـینالْ و ئەکـادیمی لە دەرەوەی زانکۆکـان دروست بووبا بۆ ئەو مەبەستە.

* لە ئێـسـتـەدا، داهێنان و ڕێکلام هاوئاسـتن لە خـسـتنە ڕووی ئاسـتـی دەق لـە کـوردسـتـانـدا، بـەڵام ئەو ڕێکلامـەی لێـرەدا مـەبەستـمـە دابەش بووە بەسـەر خوێنەر و ڕاگەیاندن و دەسـەڵاتی سـیـاسـیـی حـزبەکـان. نووسـەری ئـیـبـداعکار بۆ ئەوەی پردێک دروست بکا بۆ بە یەکتر گەیشتنی داهـێنان – ڕێکلام، چی دەبێ بە کۆمەککارێکی تەندروست؟

– دەقی بـاش و داهێنـانی سـەرکـەوتوو خـۆی دەبێـتـە ڕیکلامـی خـۆی و پێویستی بە ڕێکلامی حزب و کەناڵی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی تر نییە. ڕاستە هەندێ جار حزبەکان دەزگاکانی خۆیان دەخەنە کار بۆ ڕەواجدان بە کەسێک، بەڵام ئەگەر ئەو کەسە خـۆی بە کـردار داهێنەر نەبێت، ئەو ڕیکلامـانەش زۆر کاتی کاریگەر دەبن و ناتوانن تا سـەر لەسەر با کۆشکی داهێنان بۆ کەسێک دروست بکەن. دەقی زیندوو، دەقی ئینسانی کە ناوەوەی مـرۆڤەکـان بدوێنێ و بایەخ بـە بەختـەوەریی مـرۆڤـەکـان بدات، خـۆی لە مـێشـک و لە دڵی خـەڵکدا جێگەی تایبەتی بۆ خۆی دەکاتەوە.

* کـەنگێ زمـان – گـوتن ڕووبەڕووی بەریەککەوتنێکی قـووڵ و ئێستێتیک و بابەتییانە دەبنەوە؟

– زمـانی سـادەی ڕۆژانەش، ئەگەر بە هـەسـتـیـاری و هـۆشـیـارییـەوە بەکـار ببرێت، هارمۆنیایەکی جوانی لێ پێک دێت. پیتەکـان وەک چۆن دەنگیان هەیە

ئاواش ڕەنگیان هەیە، پێویستە ئەم دەنگ و ڕەنگانە پێکەوە بگونجێن و ڕیتمیان هەبێت و هارمۆنی بن، تا بتوانن جوان و میهرەبانانە و کاریگەر بن.

* ئەگەر نووسەر خۆی بەردەستترین و سەرەکیترین کەرەستەی خاو بێ بۆ بنیاتنانی تەلارێکی بەرز بە وشە، خەیاڵی نووسەر لە کوێوەی تەلارە بەرزەکەدا بەرجەستە دەبێ؟

– فەنتازیا هەموو دنیای داهێنانی بۆ خۆی بردووە. فەنتازیا لە ئەدەبدا هەموو شتێکە، تا برەودارتر و فراوانتر و قووڵتر بێت، داهێنەرانەتر بیرکردنەوە و زمان گیرۆدەی خۆی دەکات و ئەفسووناویتر کار لە خوێنەر دەکات.

* نووسەران هەردەم لە سەفەرێکدان لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ دنیادا، ئاخۆ تۆ لەو سەفەرەتدا بە کوێ گەیشتووی؟

– جاران پێم وابوو گەشتی ژیانی من لە ڕۆژی لەدایکبوونمەوە دەستی پێ کردووە و لە ڕۆژی مردنم تەواو دەبێت، بەڵام لەوەتەی زانیاریم لەبارەی ئێنێرجییەوە پەیدا کرد و لە نێو دنیای وزەناسیدا وردکۆڵانە و بە هۆشیارییەکی نوێوە بەدوای زانین و ناسینی ئەو دیاردانەوە بووم کە لە دەرەوەی پێنج هەستەکەی ئێمەن، هەروەها دەستم بە یۆگا و میدیتەیشن کرد بە مەبەستی خودناسی و گەیشتن بە کرۆکی خود، ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەو گەشتەی من زۆر لەمێژە دەستی پێ کردووە و بە مردنیشم کۆتایی نایەت. مرۆڤ زۆر سەتحی لە خۆی دەڕوانێ، بۆیە ناگات بە ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی و خوێندنەوەیەکی دروستی نابێت بۆ دەروونی خۆی. بەڵام ئەگەر خۆی فێری ڕوانینی قووڵ لە ناخی خۆی بکات، ئەودەم جگە لە خۆی گەردوونیش دەناسێت و پێگەی خۆی لەم گەردوونەدا دیاری دەکات.

من جگە لەوەی وەک مرۆڤێک لە گەشتدام، وەک شاعیر و نووسەرێکیش ساڵانێکی زۆرە گەشتێکی ڕوحی تایبەتم دەست پێ کردووە و دنیایەکی

تایبەتم هەیە کە تیایدا هەست بە بوون و بەختەوەری دەکەم، چونکە هەموو دیاردەکانی نێو ئەو دنیایەم بە شێوەیەک دارِشتووە کە نموونەییە، پرِە لە یەکسانی و دادپەروەری. دنیابینییەکم بۆ خۆم پێک هێناوە کە گەردوون وەک ماڵێکی مەزنی خۆم دەزانم و خۆم بە بەشێکی ئەکتیڤی ئەو ماڵە دەزانم. هەست بە عەشقێکی گەورە دەکەم و خۆشەویستییەکی گەردوونی تەواوی هۆشیاریمی داپۆشیوە. ئەم دنیابینییەم لە گەشتە رِوحییەکانم و لە خوێندنەوەکانمەوە بەدەست هێناوە. جگە لەوانەش گەشتە جوگرافییەکانم بۆ من سوودمەند بوون و گەشتە زانستییەکانم بەخشندە بوونە لەگەڵمدا.

بە باوەرِی من، لەبەرئەوەی گەشتی مرۆڤ پێش لەدایکبوون دەستی پێ کردووە و دوای مردنیش هەر بەردەوامە، بۆیە ناتوانین بزانین گەیشتووینەتە کوێ، ئەوەندە بەسە کە بزانین ئێمە نەوەستاوین و بەرِێوەین. خۆم بە گەرِیدەیەک دەزانم، کە عەوداڵی دۆزینەوە و داهێنانم و لەم گەشتەدا بەردەوام رِێکەوتیان دەکەم و بەختەوەرم دەکەن. هەر رِۆژێ شتێکی نوێ فێر بم، هەست بە خۆشییەک دەکەم لە شێوەی فرِین، هەر رِۆژێ داهێنانێک بکەم، یان بیرێکی نوێم بۆ بێت، یان شتێک کەشف بکەم، بەختەوەری تا گازەرا دەروازەی خۆیم لێ دەکاتەوە. من بەرِێوەم و برِوا ناکەم بوەستم.

* دیکارت رِوانینێکی وەهایە: "من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم"، بەڵام ئەوەی شاراوە ماوەتەوە، ئەمەیە: کام "بیرکردنەوە" دەتوانێ "بوون"ێکی پرِ جووڵە و ئیبداعکاریی بەردەوام بەرهەم بهێنێ، هاوکات بیرکردنەوە لە کن تاکی هۆشیار تا چەند پێوەستە بە "ئاگایی" و "ئەوانی تر"ەوە؟

– گومانی تێدا نییە کە بیرکردنەوەی پۆزەتیڤ، داهێنانی جوان و ئینسانیی لێ دەکەوێتەوە. بەپێی کۆجیتۆکەی دیکارت بیرکردنەوە بوون دەسەلمێنێ، ئەمە رِاستە و منیش پێم وایە. بەڵام ئەوەش گرینگە کە چۆنیەتیی بیرکردنەوەش، چۆنیەتیی بوون دەسەلمێنێت. بیرکردنەوە وزەیە، واتە هێزی

هەیە، بەڵام هێزیش دەتوانێ بنیاتنەر یان وێرانکەر بێت. ئێمە دەتوانین لە باتی کۆجیتۆکەی دیکارت، پەیامە جوانەکەی زەردەشت لە نمایشیبوونێکی پڕ لە خۆشەویستی و جوانی و میهرەبانی نمایش بکەین. بنچینەی فەلسەفەی زەردەشت "بیری باش، وتەی باش، کرداری باش" بوو، ئا ئەم بوونەیە کە گەردوون لە وێرانکردن دەپارێزێت.

* چی لەو واقیعە تاڵە بکەین کە خەیاڵ و فەنتازیا ناتوانن بیگۆڕن؟

– مرۆڤ گەر نەشتوانێ واقیعی دەرەوەی خۆی بگۆڕێت، خۆ دەتوانێت کار لە خۆی بکات و خۆی بگۆڕێت. مرۆڤ هەردەم دەسەڵاتی بەسەر خۆیدا هەیە، بەڵام زۆربەی جار و زۆربەی مرۆڤ ئەو دەسەڵاتە بەکار ناهێنن بۆ خۆگۆڕین. مرۆڤ فێرە لۆمەی یەکتری بکات لەسەر ئەو هەڵانەی کە خۆیشی دەیکات. ئەگەر ڕەخنە لەخۆگرتن بکەین بەبنەما و خۆمان بگۆڕین، ئەمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ گۆڕانی دەوروبەریش.

* "لیسینگ" ڕوانینی وەهایە: «هەندێک کەس بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ڕەخنە ڕەسەنایەتی لە مرۆڤدا کاڵ دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر من ڕەسەنایەتی و داهێنانم هەبن، ئەوا لە ڕێگەی ڕەخنەوە بەدەستم هێناون». ئەم ڕستەیەی لیسینگ لە کوێوە ناکۆک و تەبا دەکەوێتەوە لەگەڵ "داهێنەر" و "داهێنان"ی ئەدەبی؟

– ئەگەر مەبەست لە ڕەسەنایەتی، گەڕانەوەی مرۆڤ بێت بۆ سروشتی بێ گرێی خۆی، ئەوە هەردەم لە نێو داهێناندا پۆزەتیف دەکەوێتەوە و دەبێتە هێزی ڕاکێشەری خوێنەر بۆ داهێنەری دەقی ئەدەبی. بەڵام ئەگەر مەبەست لە ڕەسەنایەتیی گەڕانەوەی مرۆڤ بێت بۆ ئەو پێوەرە دەستکردانەی کە کولتوورەکان مرۆڤیان لەسەر ڕاهێناوە و بوونەتە باو و بەڵگەنەویست، ئەوە ڕوحی داهێنان کاڵ دەکاتەوە و سەرنجی مرۆڤ ڕاناکێشێت. ڕەخنە دەتوانێ

ئەم دوو حاڵەتە لە نێو دەقدا بدۆزێتەوە و بزانێت ئەو ڕەسەنایەتییە سروشتییە یان دەستکرد.

* یەکـێک لە ڕوانینەکـانی "دێرک واڵکۆت" وەهایە: «ئەدەب دەمی زامێک هەڵدەداتەوە، قووڵتر لەو زامەی مێژوو هەڵی دەداتەوە». ئێمە دەتوانین بەم شێوەیەیش بڵێین: لێکۆڵەر و ڕەخنەگری کوردیی قووڵتر دەچنە نێو پێکهاتەی دەقەکان؟

– گەشتی مێژوونووس بە نێو ئەو ڕووداوانەی کە دەیاننووسێتەوە، زۆر جیاوازە لە گەشتی نووسەر بە نێو هەمان ئەو ڕووداوانە، کە لە ڕۆمانێکدا دای دەرێژێت. هەر سەبارەت بەو وتەیە، مێژوونووس پێت دەڵێ بۆ ئەو زامە دروست بوو، بەڵام نووسەر دەچێتە نێو زامەکەوە و لەگەڵ هەموو گەردیلە ئازار پێگەیشتووەکاندا دەدوێ و ئازاری ئەوان دەکاتە پەیام و دەیگەیەنێت. بە گوزارەیەکی تر، مێژوونووس تیژ بە نێو ڕووداوەکاندا تێ دەپەڕێ، نووسەر لەلای هەر دیاردەیەکی نێو ئەو ڕووداوە ئێستێک دەوەستێ و بیر دەکاتەوە و گومان دەکات و پرسیار دەورووژێنێ. بۆیە ئەوەی ئەدەب دەیکات، مێژوو پەی پێ نەبردووە و نایبات.

* ڕۆشنبیرانی کورد توانیویانە بەکەرەستە مۆدێرن و چەمکە جیهانییەکان دۆخی گشتیی ئێستەی کوردستان بخوێننەوە و تەنگژەکان بەرەو چارەسەر پەلکێش بکەن؟

– ڕۆشنبیری کورد توانیویانە کێشەکان بخوێننەوە، بەڵام چارەسەرییەکان بەدەستی کەسانی ترە. تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری لە وڵاتی ئێمەدا هەیە و ڕووناکبیران توانیویانە نەک هەر بیخوێننەوە، بەڵکە پرۆژە و پێشنیازی چارەسەرییش بخەنە ڕوو، بەڵام ئەوە کاری سیاسەتوان و بڕیاربەدەستەکانە کە ئەو پرۆژانە بپەژرێنن و جێبەجێی بکەن. بەم ڕۆژگارە پێشنیاز و پرۆژە دەخرێنە ڕوو، بەڵام ناخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە.

* ڕۆشنبیرانی کورد دەزانن بیر لە چی دەکەنەوە و لە پشت بیرکردنەوەکانیاندا چ مەبەستێک خۆی نواندووە؟

– بە بڕوای من قۆناغی ئاڵۆز، بیرکردنەوەی ئاڵۆزیش لەگەڵ خۆی دەهێنێ. لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کۆمەڵێک تەنگژە هەبێت، مانای ئەوەیە قۆناغێکی ئاڵۆز دەگوزەرێ و پێویست بە ڕوونبینی و تێگەیشتن لەو قۆناغە هەیە. هەندێک لە ڕۆشنبیران هەوڵی جیدی دەدەن بۆ تێگەیشتن لەو واقیعە و خستنە ڕووی پرۆژە و پێشنیازی گونجاو، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین چارەسەری ئەو تەنگژانەش پێویستییان بە پسپۆڕیەتی هەیە و دەبێ هەر تەنگژە و پسپۆری بواری خۆی چارەی بۆ دابنێت.

* لە نێو ڕۆشنبیرانی ئێستەی کوردستاندا کۆمەڵێک گرووپ ئامادەییان هەیە، ئێمە دەتوانین بڵێین ئەمانە بنەمایەکی تەندروستیان هەیە بۆ درێژەدان بە کارەکانیان؟ بۆچی ئەم گرووپانە هەر دەمێک و کەسێک وەکو «ڕۆشنبیری گەورەی کورد» دەناسێنن؟

– نا من پێم وا نییە گرووپ لە کوردستاندا لەسەر بنچینەی زانستی و پسپۆڕیەتی دروست ببێت، گرووپگەرایی نێو ڕۆشنبیرانیش لە تەکەتولی نێو حیزبەکان دەچن. خۆزگە لەسەر بنەمای زانستی و پسپۆڕانە گرووپ و دەستە دادەمەزرا، ئەوسا دەیانتوانی لە بەرەو پێشەوەبردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری کوردیدا زۆر کاراتر لە ئێستا، ڕۆڵیان هەبێت.

# گەنج لە نێو هاوکێشەکانی ژیاندا

سازدانی تەوەر.. ڕێبوار ڕەزا چوچانی

لە کۆمەڵگەیەکدا کە تازە لە سەرەڕێی کرانەوە و پەیبردنن بە پێشکەوتن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی کێشەکان و پەڕاوێزخستنی گەنج، ئەمەش بە سەرەتایەکی خەتەرناک دادەنرێت بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە، ئایا ئەم پەڕاوێزخستنە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟، بڵێی کاریگەری ململانێی نەوەکان بێت، کە ئەمەش پێشینەیەکی دووری هەیە و لە هەموو قۆناغەکانی ژیاندا ئەم ململانێیە بوونی هەبووە، یاخۆ حاڵەتێکی لێک تێنەگەیشتنە کە ئەمڕۆ سەراپای تێڕوانینەکانی گرتووەتەوە، ئایا گرفتێک هەیە لە نێوان گەنج و دەسەڵاتدا؟، یاخۆ دیسانەوە ناتێگەشتنێک هەیە، ئەرکی دەسەڵات چییە لە بەرانبەر ئەم تەنگژەیەدا و دەبێت ئەرکەکانی سەرشانی گەنجانیش چی بن و چۆن جێبەجێیان بکات؟، دەستپێکردنەوەی کۆچی بەلێشاوی گەنجان بۆ؟، ئەی ئەو بەراوردکارییانە چین لە نێوان ژیان و تێڕوانین و تێفکرینەکانی گەنجانی ئێرە و گەنجانی وڵاتانی پێشکەوتوو، کۆمەڵگە چۆن دەڕوانێتە هەڵسوکەوتەکانی گەنج.

ئەمانە و چەند بابەتێکی تری تایبەت بەم کێشەیە لەم تەوەرەدا دەخەینە ڕوو، بەڵام ئەوەی کە جێگەی ئاماژە پێدانە ئەم تەوەرە کاری نزیکەی ٦ مانگمە و لە ڕێگەی رۆژنامەی جەماوەرەوە خستوومانەتە ڕوو، بۆیە بە پێویستی دەزانین جارێکی تر لە ڕێگەی سایتی دەنگەکانەوە دووبارە بیخەینە روو، چونکە ئەوەی هەستی پێ دەکەین بەردەوامی ئەو گرفتانەیە و لە رۆژگاری ئەمڕۆشدا دووبارە بوونەتەوە.

* یاسـایەک هەیە بـۆ ژیان کـە هـەر تاک و گـرووپێک، کـۆمـەڵێک ئەرکیان لە ئەستۆیە کە پێویستە جێبەجێی بکەن، بەڵام ئێستا لە ناو کـۆمـەڵگەی کـوردیدا دەبینـین گـەنج بێـزارە، لەوانـەیە داوای کۆمەڵێک شت بکات و کۆمەڵێک تموحی هەیە بۆ ژیان قورس بێت، بەڵام لەگـەڵ ئـەوەدا، ئەوەندەی باس لە داواکـارییـەکـانی دەکـات، باس لە ئەرکەکانی سەرشانی خۆی ناکات، تۆ ئەم حاڵەتە بۆ چی دەگێڕیتەوە؟

– بێگومان ئەوە پێـویستی بە یاسایەکە ڕێکی بخات، یاسـای ماف و ئەرک، یاسایەکە زۆر لە بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، نەک تەنیا باری ژیانی گەنج، هی هەموو کۆمەڵگە لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا.

دەبێ ئەو یاسـایە دیاری بکات چەند ئەرک لەسـەر شـانتە بـەرامبـەر بەوە دەبێت چەند مـافت هەبێت، چونکە ئـەگـەر ئەمـانە بـەیاسـا ڕێک نەخـرابێت، تاکـێک لەوانـەیە زیادەڕۆیی بکات، لەوەی کـە داوای مـافـەکـانی خـۆی دەکـات بەرامـبەر بەوەش کـەمترین ئەرک نەکێشێ بۆ بەدەسـتهێنانی ئەو مافـە زۆرەی کە داوای دەکات.

لە وڵاتی ئێمەدا بەداخەوە کەموکوڕی هەیە، لەوەدا کە بابەتی ئەرک و مافی هـاووڵاتی بەگشـتی نـەک تەنیـا گـەنج ئەگـەر بەگشـتی باسـی بکەین، ئەوەی کـە مـرۆڤ لەم وڵاتە وەکو هـاووڵاتییـەک بزانێ مـافەکانی چییـە، بەرامبـەر بەوە چ ئەرکـێکی لەسـەر شـانە کـە بیکێـشێ، بـەڵام تاکـەکـان بۆ خـۆیان وەکـو تاک بڕیاریان داوە یان ئـەرکێکیـان بۆ خۆیان دەستنیشـان کردووە و ئەو ئەرکانە دەکێشن، بەرامبەر بەوە مافێکیان هەیە یان خەڵکانێکیش هەیە زیاد لەوەی کە ئەرک دەکێـشن مـافیـان هەیە، واتە ناجـۆرییـەک یاخـۆ نادادوەرییـەک هەیە لە هاوکـێـشـەی ئەرک و مـاف لە وڵاتی ئێـمـە و یاسـایەکـیش ئـەمـانـەی ڕێک نەخستووە تاکو ئێستا.

ئەگەر باسی گـەنجیش بکەین بەتایبـەتی، بێگومان ئەوە هـەستی پێ دەکرێت

کــە بەتـەواوەتـی تووڕەبـوونێـک لە نـاخـی گـەنجــدا هـەیە، دیـارە تـووڕەبوونـیش دۆخـێکـی دەروونـییە زیاتر لەو کـاتانەدا تووشـی مـرۆڤ دەبێت، کە هەست بەوە بکات ناهەقـیـیـەکـی بەرامبـەر دەکرێت، یان پاڵەپەسـتـۆیەکـی دەروونـیی لەسـەرە کە ناتوانێ ئاواتەکانی خۆی بهێنێتـە دی، بەڵام لەگەڵ ئەمـانەشـدا کۆمـەڵێک وزە هـەیە لە تەمـەنـی گـەنجـیـەتـیدا، زیاد لە هـەمـوو قـۆنـاغـەکـانـی تـری ژیـان ئـەو وزەیـە کـۆ دەبێتـەوە کـە قـۆنـاغـی گـەنجـەتـیـیـە، ئـەم وزەیـە پێـویـسـتـە بـەشـێـوەیـەکـی تەندروست ئاڵوگـۆڕی پێ بکرێت، ئەمـەش لە پـرۆژەی جـیـاوازدا و لە پرۆژەی کـارکـردندا دەتوانێ بیکـات، واتا کـاتێـک گـەنج لەم پرۆژانەی کـە بۆی دانرابێ یان خـۆی دای نابێ کـار دەکـات، ئەو کـاتە بوارێکـی دەبێ بۆ خـۆسـەلماندن و ئاڵوگۆڕی وزەکـانی، خۆسـەلماندنیش یەکێکە لەو دۆخـانەی کە مـرۆڤ پێویسـتە پێی بگات بۆ ئەوەی گەشە بکات.

ئەگەر ئێمە لە رووی دەروونییەوە تەماشای ئەم حاڵەتە بکەین وەکو پەیژەیەک وایە، کە مرۆڤ پێویسـتی سـەرەتاییی هـەیە و دەبێ پێویستییە سـەرەتاییەکانی دابین بن، کە لە کـۆمەڵگەی ئێـمەدا بەداخەوە رەنگە تەنیا چینێک یان دوو چین (چینی مـامناوەندی و چینی سـەرەوە)، پێـویسـتـیـیـە سـەرەتاییـەکـانـی ژیـانیـان دابین بـووبێت، بـەڵام چین و تـوێژی تر هـەیە، کــە هێــشــتــا پێــویســتــیــیــە سـەرەتـاییەکـانیان لـە خواردن و شـوێنـی نیشتـەجێبوون و...هتد دابین نەبووە، چونکە ئەگەر ئەمـانە دابین نەبێت، تۆ ناتوانیت بە پلەیەکی تری پەیژەکـەدا سـەر بکەویت، پلەی دووەمیش ئـەوەیە کە مرۆڤ پێـویستە رێزی لێ بگیرێت، خاوەنی هـەرچی کارێک بێت یان هـەرچی پلە و پایەیەکی کۆمەڵایەتی بێت دەبێ خاوەنی رێزێک بێت، ئـیـتـر دوای ئەوەیە قـۆنـاغـێکـی تر دێت و پلەیەکـی تـری ئەو پەیژەیە دێت، ئەویش ئەوەیـە کـە مـرۆڤ بتـوانێ لە کـارێکدا خـۆی بسـەلمێنێت، ئیـتـر ئەو کارە کـارێکـی رۆشنبیـری بێت یان بازرگانی یاخۆ کـولتووری و هـەر شـتێک لەو کـارانە پێویسـتـە خـۆی تێدا بسـەلمێنێت، تووڕەبوونـی گەنج لە وڵاتـی ئێمـەدا، من پێم وایە بـەهـۆی ئەوەیە کـە هەست ناکـات، ئەو بوارەی هـەیە پـرۆژەکـانـی خـۆی جێبەجێ بکات و خۆی تێدا بسەلمێنێت.

* ڕاستــە گـەنج خــاوەن هێــزێکە کــە زۆربەی هـەرە زۆری ئەو شــتــانـەی کـە پێـوەنـدییــان بـە داهێنانەوە هەیە لە ناو تاقــەتی گەنجدایە، بـەڵام لێرە دەبینـین ئەو وزە و توانایە بەهەدەر دەڕوات، شتێک نیـیە گـەنج خـۆی پێوە سـەرقـاڵ بكات و بـەرهـەمدار بێت، ئەرکی سـەرشانی کێیە کە هێز و توانای گەنجەکان کۆ بکاتەوە لە ئاراسـتـەکـانی کـارکردندا، تا بـەرهـەمێکی هەبێت بۆ خـۆی و بۆ کـۆمـەڵگەکـەی؟ دواتر بـاسی ناجـۆری و نادادوەریت کـرد، پێت وا نیـیـە ئەم حـاڵەتە لە ناو کـایەکـانی ژیاندا هـەیە لەم کـۆمـەڵگەیە، پێــشــینـەیەکی دوورتری هەبێ یان پێـوەندیی بەو کـولتــوورەوە هەبێت، کە زاڵ بووە بەسەر هەموو کایەکانی ژیانکردن لێرە؟

– دەبێ ئێمە ئەوەمان لە بیر نەچێت، کوردستان پێویستە وەک دۆخێکی زۆر جـیــاواز، وەکـو دۆخـێکی زۆر تایبـەتی تەمـاشــای بکرێت، قـۆناغی زۆر تێپەڕیوە بەسەر مێژووی کورد و بەسـەر کوردستاندا، ئێمە هـەتاکو ئێستاش ناتوانین وەکــو وڵاتێک نـاوی کــوردســتــان ببــەین، بەڵام لە چەند ســاڵێکی رابردووەوە کـــە دەتوانین لە دوای رووخــانی رژێمی دیکتـــاتۆری ســـەدام حوسێنەوە، حیساب بۆ ئەوە بکەین ئیتر سیستـەمێکی ئەلتەرناتیڤ کە ئێمە خۆمان پێشنیـازکەری بین، بتوانین لە جێگەی ئەو سیستـەمانەی پێشوو کە دانراوە دابنێین، بۆ نموونە سیستەمی پەروەردە کە کەسایەتیی مرۆڤی ئێمەی شێـواندووە لە ڕابردوودا، ئێستـاش رەگی ئەو شێـواندنە لە ناو ئێـمـەدا هەر مـاوەتەوە چۆن ئەو سـیـسـتـەمـە بگۆڕدرێت، واتـە ئێـمـە مـاوەیەکی کـورتمان بەدەستەوە بووە، بۆ ئەوەی ئەلتەرناتیڤی سیستـەمی خـۆمـان دابنێین، ئەویش تەنگژەی جـۆراوجـۆری سـیـاسی و کـۆمـەڵایەتی و ئابووریی هەر هەبووە لە ئارادا، بۆ ئەوەی نەتوانرێ ئەو سیستەمە دابنرێ، بەڵام لە ئێستا بەدواوە من پێم وایە ئیتر کاتی ئەوەیە، کە سیستـەمی ئەلتەرناتیڤ بەشێـوەیەکی زانستی و بەشێوەیەکی عەقڵانی دابڕێژرێ و لە ناو ئەو سیستـەمەدا، کە سیستـەمی گشتیی حکوومـەتە جێگیر بکرێت، هەروەها سیستـەمێک بۆ حزبەکانیش،

بەڕاستی ئێمە حزبەکانیشمان سیستەمێکی ئەوتۆیان نییە، کە بتوانن پێشڕەوایەتیی نوێخوازی بکەن لە ناو کۆمەڵگەدا، کۆمەڵگە پێویستی بە نوێبوونەوە هەیە، چونکە لە ناو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا کۆمەڵگەی کوردیش ئەندامێکە، پێشتر ئەو حاڵەتە وا نەبووە، بەڵام ئێستا کۆمەڵگەی کوردی کرانەوەیەکی بەخۆیەوە دیوە، پێوەستە بە وڵاتانی ترەوە، لەو کولتوورە کراوەدا و لەو کۆمەڵگە کراوەدا پێویستی بە سیستەمێک هەیە، نەک چاولێکەری بەڵام سیستەمێکی وا کە خۆی پێشنیاری بکات و گونجاو بێت، لەگەڵ بەها و پێوەرە جیهانییەکان (گەردوونییەکان) کە دانراوە.

ڕێکخستنی یان ڕێنوێنییەکان لەسەر بنەمای ئەو مافە گەردوونییانەوە بێت کە دانراوە، پێویستە لەسەر شێوازێک یاخۆ مۆدێلێکی وڵاتێکی پێشکەوتوو بێت، بەڵام بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی دۆخی کوردەوە ئەمانە ڕێک بخرێنەوە، پێم وایە ئەوە کارێکی قورس نییە، ئەگەر ویست هەبێ بۆ ئەوەی سیستەمێکی وای ئەلتەرناتیڤ دابنرێ و ئیشی لەسەر بکرێ چ وەک حکوومەت و چ وەک حزبەکان و چ وەک ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، مخابن زۆرجار ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبینین، کە سیستەمێکی بەڕێوەبردنی عەشایەری تێیدا پەیڕەوی دەکرێ، بەڵام ناویشی ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنییە، واتە لای ئێمە ئەو شتانە سەرلەبەری گۆڕانکارییان پێویستە، کە دەڵێین سەرلەبەری یان کە داوای گۆڕانکارییەکی رادیکاڵانە دەکەین، مانای ئەوە نییە کە شتێکی زۆرمان داوا کردبێ یان ئەلتەرناتیڤێکی قورس بێت بۆ ئێمە، من پێم وایە کە لە ئێستا بەدواوە ئەو وزە و توانایەی چ لە ناو ڕووناکبیراندا و چ لە ناو کەسانی پێشکەوتنخوازی ناو حزبەکان و حکوومەتیش بێت، ئەو ویستە هەیە کە بکرێ، بەڵام ئەو خواستە دیارە لە سەرەتاوە بەرهەڵستی زۆری دەکرێ، هەموو گۆڕانکارییەکیش لە ناو کۆمەڵگەکانی تری دنیادا وا بووە، بەرهەڵستی زۆری هەبووە، ئەگەر ئێستاکە زۆریش بێ کارێکی قورس نییە و ئەگەر ویستی بەهێز هەبێت هەر دەکرێ.

* ڕەنگە بێزاریی گەنج زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە

دەسەڵات قۆرخ کراوە بۆ کەسایەتییە حزبییەکان، واتە ئەوان پێیان وایە کە بەهەموو پێوەرێک لێرە حزب دەسەڵات بەڕێوە دەبات بەبێ ڕەچاوکردنی توانای کەسانی تر، لە ناو ئەو حزبانەشدا حەتمەن کەسانێک هەیە حەز بە گۆڕان دەکەن وەک ئاماژەت پێ کرد، بەڵام ئەگەر سەیر بکەین بە بەراورد لەگەڵ هەموو کۆمەڵگەکانی تردا، لێرە ئەوانەی کە داکۆکی لە مانەوەی ئەو سیستەمە کۆنە دەکەن، ئیتر بەهەر ئامانجێک بێت زیاترن لەوانەی کە دەیانەوێ بیگۆڕن، بەڵام پرسیاری ئەم گۆڕانکارییانە بەشێوەیەکی ئاسان و لە کاتێکی کەمدا دەستەبەر دەکرێت؟

– لە ڕاستیدا گۆڕانکاری پێش هەموو شتێک بوێریی دەوێت، ڕەوتی مێژوو و ڕەوتی کۆمەڵگەکانی جیهانیش بەرەو پێشەوەیە، بۆیە ئەو خواستە ئەگەر بەرهەڵستکارانی زۆرتر بێ لە گۆڕانخوازانیشی هەر دەستەبەر دەکرێت، بۆیە ئەم خواستەش کە لێرە هەیە هاوکات لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵگەکانی جیهان بەرەو ئەو ئاراستەیەیە کە بەرەو پێشەوە دەڕوات، پێم وایە ئەگەر جورئەت هەبێ لە ناو کەسایەتییە گۆڕانخوازەکان لێرە، من گەشبینم لەوەی کە گۆڕانکاری دەبێت.

* ئەگەر بچینە سەر لایەنێکی تر، دیاردەیەک هەیە لە ناو گەنجاندا کە ڕەنگە ئەمەش کاریگەری ئەو کولتوورە بێ کە پێشتر باسمان کرد، جۆرێک لە کرانەوە هەیە بەڵام زۆر جیاوازتر لە کرانەوەی کۆمەڵگەکانی تر، بۆ نموونە کرانەوەیەک لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەی مرۆڤ بەتایبەتی گەنجان، لێرە حاڵەتەکە زۆر جیاوازە یاخۆ زۆر دەگمەنە، واتە ناتوانرێ بەئاسانی کرانەوە هەبێت لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە چین و بۆ شکاندنی بەربەستەکانی ئەم کرانەوەیەش پێویستە چی بکرێت؟

– لێرەدا هۆشیاری ڕۆڵ دەبینێت، هەندێک جار ڕەنگە مرۆڤ پێناسەی هەڵە بۆ کۆمەڵگەی کراوە بکات، کۆمەڵگەی کوردستان کە جۆرێک لە کرانەوەی تێدایە بەبێ بەرنامەیە، تەنیا ئەوە نییە بواری ئەوەمان هەبێت کە چەند کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی لە ناو ماڵەکانمان هەبێت، کرانەوە پێویستە بەو شێوەیە بێت کە هۆشیارییەکیش بۆ ناساندنی ئەو شت و دیاردە نوێیانە هەبێت، دیارە داوودەزگای دەوڵەتی و داوودەزگای کۆمەڵگەی مەدەنی پێویستە ئەو ڕۆڵە ببینن، کە چۆن هۆشمەندی و پلەی هۆشمەندیی خەڵکیش بەرز بکەنەوە بەرامبەر بەو گۆڕانکارییانە، تەنیا بەبینینی ئەو تێکەڵاوییەی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە زانکۆکانی ئەوروپا، کە لە ڕێی تەلەڤزیۆنەکانەوە دەبینرێ و لێرە لەوانەیە وەکو لاساییکردنەوەیەک ئەوە بکرێ، بەبێ ئەوەی زەمینەیەک هەبێت بۆ یەکترناسینی ئەم دوو ڕەگەزە بۆ یەکتری، واتە کوڕ و کچ لە وڵاتی ئێمەدا هێشتا یەکتر ناناسن، کاتێک کە پێکەوە قسە دەکەن هێشتا زۆر بە شەرمەوە قسە دەکەن، تەنیا ئەگەر ئەو کرانەوە وەکو لاساییکردنەوەش بێت، دەبینین زۆر جار تووشی هەڵە دەبن، لێرەدا کە باس لە هەڵە دەکەین مەبەست لەوەیە کە کولتوورێک لێرە هەیە، هێشتا کاری تێدا نەکراوە بۆ گۆڕان، هێشتا سیستەمێکی خێڵەکی لە ناو هەموو خێزانێکدا سەروەرە، بەڵام هاوکاتیش بەبێ ئەوەی هۆشمەندییەک لە ناو خێزاندا یان لە ناو قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندییەکاندا و لە ناو زانکۆکانیشدا بڵاو بووبێتەوە، یان کولتوورێکی کراوە لە ناو کۆمەڵگەدا دروست کرابێت، تەنیا ئەو لاساییکردنەوەیە هەیە کە باسم کرد، لاساییی ڕۆژئاوا لە ڕێگەی سەتەلایت و ئەنتەرنێتە و من پێم وایە قۆناغی لاساییکردنەوەکە، ئەگەر بکرێتە ئەوەی کە کولتووری دیموکراتی و کولتووری کۆمەڵگەی کراوە لە کوردستاندا پەیڕەوی بکرێت یان دروست بکرێت، دیارە پێویستە لەسەر دەستی ڕووناکبیران و گۆڕانخوازانی ناو کۆمەڵگەدا ئەوە دروست بکرێت، چەندان نموونەی تریش هەیە کە باسی بکەین وەکو ئەوەی کە هەڵە بووە.

ئێمە دەتوانین ئەو نموونەیە بهێنینەوە وەک مۆبایل و ئەنتەرنێت، کە

ئامـرازی زۆر گەشـەسـەندوو و پێشکەوتوون و مـرۆڤ دەتوانێ بۆ وەرگـرتنی زانیاری و بڵاوکـردنەوەی هۆشـیاری و بۆ زۆر شـتی بەنرخ بەکاریان بـهێنێ، بەڵام لای ئێمـە زۆر بەهەڵە ئەم تەکنۆلۆجیـایانە بەکار دەهێنرێت، ئێسـتا زۆر باس لەوە دەکرێت کە مۆبایل لە نێوان کوڕ و کچدا چەندان کێشـەی دروست کـردووە وەک وێنەگرتن و مۆنتـاجکردنی وێنە و بڵاوکـردنەوەی، کـە خـودی ئەو کچانە بەدەیان کێشەیان بۆ دروست دەبێت لەلایەن هاوڕێ کوڕەکانیانەوە، کە بەبێ ئاگەدارکـردنەوەی ئەوان یان بەدزییـەوە وێنە دەگیـرێن و بڵاو دەکرێنەوە، ئێـمـە لە رۆژنامـەکـاندا چەندان کـێـشـەی وا دەبـینین و باس دەکـرێ، ئـەمـە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئێمە نەمانتوانیوە تەکنۆلۆجیا وەک پێویست وەک ئەوەی بۆ پێشـخـسـتنی کـۆمـەڵگەکـەی خـۆمـان سـوودی لێ وەرگـرین، رێک بەپێچەوانەوەیە کەڵک ئاوەژوومـیان لێ وەرگرتووە، یان بابەتی ئازادیی بیروڕا، لە مـاڵپـەڕەکـانـەوە دەبینـین لە جـیـاتی ئەوەی بـۆ سـوودمـەندی یان وەکـو رۆژنامـەیەکی ئەلکتـرۆنیی تەواو پێشکەوتوو، کـە بەخـێـرایی زانیـارییـەکـانت بگەیەنێتە خەڵکانی تر، بەڵام بەداخـەوە لای ئێمـە بۆ جنێودان بە یەکتری و بۆ تۆمـەت هـەڵبەسـتن بۆ خـەڵکی تر و بۆ زۆر شتی ناشـیرینی تر بەکاری دەهێنن، ئەمـەش جۆرێک لەو نموونانەی ترە کـە ئێمـە بەهۆی ناهۆشـمەندییـەوە زیانمان زۆر پێ گەیشتووە لە تەکنۆلۆجیای نوێ.

* ئەگـەر باسی ئەم ناتێگەیشـتنە و ئەم لاسـاییکردنەوەیە بکەین، حەتمەن ئەمـەش ئەو کێشـانەی دروست کردووە لە ناو کـۆمەڵگەدا، ئەم حـاڵەتەش پێت وا نییـە لە ئەنجامی قووڵنەبوونەوەی تاکەکان بێت لەسەریان، بۆ نموونە ئێمـە ئەگەر هەڵسەنگاندنمان هەبێت بۆ حاڵەتەکان حەتمەن ئەوەی لە نەزەری خۆماندا هەبێت ئیتر لایەنی چاکـە و خـراپـەمـان بۆ دەردەکـەوێت، دواتر هەر کـامـێکیـان هەڵبـژێرین ئەوە دەکەوێتە سـەر ئاستی تێگەیشـتنمـان، بەڵام پێت وا نییە ئـەم ناتێگەیشـتنە لە ئەنجامی ئەو هەڵنەسـەنگاندنەوە یان

ئەو نەخوێندنەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێمە نیمانە لە ئاست حاڵەتەکاندا؟

– بێگومان، دیارە کۆمەڵگە لە چەند تاکێک پێک نەهاتووە، کۆمەڵگە خەڵکی زۆر جیاوازی تێدایە چ وەک حکوومەت خەڵکی زۆر جیاوازی تێدایە، خەڵکی زۆر پێشکەوتنخواز هەتا خەڵکی زۆر کۆنەپارێز لە ناو حزبەکانیش بەهەمان شێوە، لە ناو خێزانیشدا ئەم حاڵەتە هەیە، جاری وا هەیە لە ناو خێزاندا ئەندامێکی زۆر پێشکەوتنخوازە واتە بەهەوڵی تاکەکەسی خۆی توانیویەتی ڕێنوێنی خۆی بکات، یان زانیاری وەربگرێ تا خۆی پێش بخات.

بەڵام وەکو ڕێنوێنییەکی گشتی کە پێویستە هەبێت، وەک لە سەرەتادا گوتم، ئەو شتانە پێویستە بەیاسا ڕێک بخرێن، دیسانەوە ئەوەش مافە کچێک کە لە مۆبایلەوە زیانێکی وای پێ دەگات کاتێک ئەو کێشەیە دەکەوێتە سەر ڕۆژنامە و دەبێتە دیاردەیەک و وەکو دیاردەیەک باسی لێوە دەکرێت، خێرا لایەنە بەرپرسەکان کە دەرک بەو کێشەیە دەکەن کە وجوودی هەیە پێویستە بە یاسا و ڕێنوێنی ئەم شتە ڕێک بخەن، ئەگەر کەسێک لەسەر ئەو سەرپێچییانە سزای یاسایی درا، ئەو دیاردەیە ئیتر لەو ڕێگەیەوە سنووردار دەکرێ، یان هیچ نەبێ تەشەنە ناسێنێ.

* بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا بەشێوەیەکی هەڵە، دیسانەوە من دەیگێڕمەوە بۆ ئەو کولتوورەی کە وای کردووە بەربەست لە نێوان کرانەوەی تاکەکاندا زیاتر دروست ببێت، یاخۆ ڕەنگە هۆکارێکی تری ئەم لایەنە ئەوە بێت، کە ئەم تەکنۆلۆجیایانە شتێکی تازە بن بەنیسبەت ئێمەوە، کە ناتوانین وەکو پێویست سوودی لێوە وەربگرین، ئەوە لە ئەنجامی هەموو ئەو کەبتکردنانەوە نییە کە کاریگەری ئەو کولتوورەن کە هەیە و ئەو جۆرە کەبتکردنانەی بۆ مرۆڤەکانی ئێرە دروست کردووە ؟

- هیچ گومانێکی تێدا نییە، کە پاڵەپەستۆیەکی دەروونیی زۆر بەتایبەتی لەسەر گەنج هەیە بە کچ و کوڕەوە، دەتوانین بڵێین لەسەر کچ زۆر زیاترە، ئەو کەبتانە یاخۆ ئەو چەپاندنانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان ئەو وزەیەی کە لە گەنجدا هەیە دەچەپێنرێت، کات بەسەر دەچێت و ئەم وزانە بە چەپاوی دەمێننەوە، بەڵام لەلایەکی تریشەوە زانیارییەکی زۆر یان بەبێ سانسۆر هەیە، کە وای کردووە هەموو کولتوورەکانی دنیا ئێستا لە ماڵەکانەوە ببینرێت ، لە ڕێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەو کاتە ئەو چەپاندنەی کە هەیە و ئەو کرانەوەیەی کە لە تیڤییەکانەوە دەیبینێ یان لە فیلمی پۆرنۆگرافی دەیبینێ، جۆرە هەڵچوونێک لە دەروونیدا دروست دەکات بەشێوەی تووڕەیی، ڕەنگە ئیتر بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ڕەفتارەکانیدا لادان دروست ببێت، ئێمە دەبینین لەو لادانەوە کە لە ناو زۆربەی کۆمەڵگەکانی تریشدا هەیە، پەنا بۆ مەوادی بێهۆشکەر دەبرێت، کە ئەمەش کۆمەڵێک جۆری هەیە و حاڵەتی زۆر نائاساییی تر روو دەدات.

ئێمە بینیمان هەر ئەو چەپاندنە کۆمەڵێک کاریگەری بەجێ هێشت، کە دەستە و تاقمی وەک (شێخ زانا)ی دروست کرد و بە دەیان کوڕ و کچی هەڵخەڵەتاندبوو، یەکێک لەوانە کە من بابەتێکم لەسەر نووسیبوو ئەوە بوو، کە ئەو پاڵەپەستۆ و ئەو چەپاندنەی کە کۆمەڵگە لەسەر گەنجی دادەنێت، لە دروستبوونی دەرفەتێکدا ئەگەر دەرفەتەکە زۆر خراپیش بێت بەکاری دەهێنێ، بۆ سەرفکردنی ئەو وزانەی کە لە ناخیدا کۆبوونەتەوە.

* ئەگەر سەیری ئەو ڕێژانە بکەین، لەبارەی گیرۆدەبوونی گەنج بە مادە سڕکەرەکانەوە، دەبینین ڕێژەیەکی زۆر ترسناک هەیە، بەتایبەتیش ئەم ڕێژەیە مەترسی دروست دەکات بۆ داهاتووی ئەو گەنجانە یان بۆ کۆمەڵگە بەگشتی، بۆ ڕێگەگرتن لەو مەترسییانە پێویستە چ ڕێوشوێنێک بگیرێتە بەر؟

- لە وڵاتانی تر کە کێشەیەکی وا سەرهەڵدەدات، بەڕاستی ئەو دەزگایانەی

کە سەروکاریان بە پرسە تەندروستییەکانەوە هەیە، ئەو ئەرکە لە ئەستۆی خۆیان دەگرن، ئەمەیش زیاتر دەزگای حکوومەتی دەتوانێ ئەو کارانە بکات، رەنگە بڵێم وەزارەتی تەندروستی پێویستە خەمی ئەم کێشەیە بخوات، کاتێک دەبینین وەکو دیاردەیەک لە شارەکانی کوردستاندا بە گشتی سەر هەڵدەدات، بۆ رێگەگرتن لەو حاڵەتانە وەزارەتی تەندروستی کۆمەڵێک ئەرکی دەکەوێتە ئەستۆ، بە هەمان شێوە وەزارەتی ناوەخۆ بۆ رێگەگرتن لە کڕین و فرۆشتنی ئەو مەوادانە، کە رەنگە لە ولاتانی هاوسێوە بێنە نێو کوردستان، بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان ئەو ئەرکە لە ئەستۆی ئەواندایە نەهێڵن ئەو مادانە بگەنە کوردستان، جگە لەوانەش وەزارەتی پەروەردە دەبینین ئێمە هەموو ئەو دیاردانەی کە لە کۆمەڵگەدا روو دەدەن پێویستی بەوە هەیە، کە بە شێوەی تیم کاری بۆ بکرێت، زۆر لە وەزارەتەکان بە هاوکاریی یەکتری پلان دابنێن و بۆ کەمکردنەوەی یان نەهێشتنی ئەو دیاردە نێگەتیڤانەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە، وەزارەتی پەروەردە دەتوانێ هۆشیاری لەبارەی زیانە دەروونییەکانی، زیانە ئابوورییەکانی، ئەم کێشەیە بۆ گەنج لە قۆناغەکانی خوێندن زیاتر لە تەمەنێکە کە مرۆڤ هۆشیارییەکەی لە ئاستێکی وادا نییە کە بتوانێت زیان و سوودەکانی بابەتێک هەڵسەنگێنێت، ئەو کاتە ئەوە ئەرکی دەزگایەکە کە ئەو ئەرکانە بگرێتە ئەستۆی خۆی و رێگەیان بۆ رۆشن بکاتەوە.

* ئەی بە چارەسەرنەکردنی ئەم کێشەیە مەترسییەکانی لە چیدا دەبینیت؟

– بێگومان ولاتی وا هەیە، کاتێ ئەم کێشانەی تێدا تەشەنە دەسێنێ بۆ نموونە وەکو ئێران، دەبینین ژمارەیەکی زۆر لە گەنجی ئەو ولاتە تووشی ئەو حاڵەتانە دەبن، رەنگە گەر سیستەمێکی سیاسیی دیکتاتۆر بۆ خۆشی هاندەری بابەتێکی وا بێت، مەبەستی بێ گەنجەکانی بخاتە نێو حاڵەتێکی وا، کە بیر لە رەفتار و سیاسەتە هەڵەکانی ئەو نەکەنەوە، بەلام لە دۆخی ئێمەدا خۆشبەختانە هێشتا لەو ئاستەدا نییە بڵێین حکوومەت رێگە بۆ ئەوە خۆش

دەکـات، بە پێـچـەوانەوە هەوڵ هـەیە بۆ ئەوەی رێگە لـەم دیاردە خـراپانەی کـە دێتە نێو کۆمەڵگەوە بگیرێت، بەڵام چونکە بە شێوەیەکی سیستماتیکی کاری بۆ ناکـرێت، گـرووپێک یان رێکخـراوێک دێت قـسـەی لەسـەر دەکـات بـەبێ سـۆلیـداریتی یان هەرەوەزی لـەگـەڵ حکوومـەت، یان حکوومـەت بەبێ رێکخـراوەکـان کـار لەسـەر ئەو بابەتانە دەکـات، کـە پێـویسـتـە بەهاوکـاریی یەکتری بێت، بۆیە ئەنجامەکانی بە باشی نابینرێت، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی سیستماتیکی و پێوەندیی وەزارەتەکان بە یەکترییەوە بە شێوەی تیم کاری بۆ بکرێت، بێگومان ئەنجامی باش بەدەستەوە دەدات، سەبارەت بەوەی چ زیانێک دەگـەیـەنێت، لـە هـەر کـۆمـەڵگەیەکـدا هـۆشـیـاری و وزەی ئـەو کـۆمـەڵگەیە بەهۆشـیـاری و وزەی ئەو گـەنجـانەوە دەپـێورێت کـە لە نێو ئـەو کۆمـەڵگەیەدا هـەیە، کـە زۆربەی گـەنج گـیـرۆدە دەبن بە کـێـشـەیەکی وەهـاوە، ئەوا لە وزە و هێـزی نەتەوەیی کـەم دەبێـتـەوە، لـە وزە و هێـزی کۆمـەڵگە کـەم دەبێـتـەوە، ئەوە گەورەترین زیانە کە بە کۆمەڵگەیەک دەگات لە حاڵەتێکی وادا.

* ئەگـەر بگـەڕێینەوە بۆ هـەڵچـوونەکانی گـەنج، کـە جـووڵەی گـەنج لێـرە و لەوێ هـەڵچـوونێکی پێـوە دیارە، ئەم هـەڵچـوونەش رەنگە زۆرجـار بەرەو ئاراسـتەیەکی توندوتیـژی هـەنگاو بنێت، بەڵام لێـرە یەک جـیـاوازی هـەیە، ئـەگـەر سـەیری هـەڵچـوونەکـانی گـەنجـانی وڵاتانی تـر بکەی، ئامـانجـێکیـان هەیە یاخـۆ لەسـەر یـەکـێک لەو حـاڵەتانەی کـە پێـوەندیی راسـتـەوخـۆیان بە ژیان و داهـاتووی ئەوانـەوە هـەیـە، بەڵام لێـرەدا دەبینین هـەڵچـوونەکـانی گـەنج ئاراسـتـەیـەکی تر دەگـرێتـە بـەر، بۆ نموونە کـاتێک دەرژێنە سـەر شـەقـام، تەنانەت لە داواکـارییـەکـانیـشـیـاندا ناهاودەنگـییـەک دەبینـرێن، ئـەوەندەی داوای شـتـە سـادەکـان دەکـەن، ئـەوەندە پێ لەسـەر دوارۆژ و داهـاتووی خۆیان داناگرن، بەڕای تۆ ئەم حـاڵەتە لـە چیـیـەوە سـەرچاوە دەگـرێت، چی بکرێت بۆ ئەوەی ئـەو هـاودەنگییە دروست ببێ؟

- لە سەرەتاوە باسی ئەوەم کرد، وەک بەراوردێک لە نێوان گەنجی کۆمەڵگەی تر و گەنجی کوردستان، ئەم بەراوردە من بە رەوای نازانم، لەبەر هەندێ هۆکار بتەوێ و نەتەوێ بارودۆخی سیاسی و کولتووری و مێژوویی کۆمەڵگەیەک لە کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، تۆ ناتوانی ئەو بەراوردە بکەیت یان ئەگەر کردیشت ناتوانی ئەنجامێکی زانستییانەی لێ هەڵێنجێنیت، ئێمە ئەگەر لە چاویلکەیەکی کۆمەڵناسییەوە سەیری ئەم بابەتە بکەین، دەبینین ئەو هەڵچوونانەی گەنج کە لە کوردستان هەیە و ئەوەی کە زیاتر داخوازییەکانی خۆی پێش دەخات، لە داخوازییەکانی کۆمەڵگە بە گشتی، هۆکارێکی هەیە و رەوایەتییەکیشی هەیە، هۆکارەکەی ئەوەیە کە پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی دابین نەبووە، پێویستییە سەرەتاییەکانی خۆی وەکو تاکێک دابین ببێ، مرۆڤ کاتێ پێویستی خۆی هەبوو، ناتوانێ باس لە پێویستییەکانی گرووپێ بکات، نەک کۆمەڵگەیەک بە گشتی، واتە من بۆیە رەوایەتییەک دەدەم بەوان، چونکە هێشتا ئەو دۆخە چارەسەر نەکراوە کە گەنجان بە گشتی و یان کۆمەڵگە بە گشتی پێویستییە سەرەتاییەکانیان دابین بووبێت، بەڵام ئەگەر ئەم حاڵەتە لە کوردستانیشدا جێبەجێ بوو، واتە ئەگەر پێویستییە سەرەتاییەکانی هاوولاتییان بە گشتی جێبەجێ بوو، ئەو کاتە پرۆژەی بۆ کۆمەڵگە دەبێت و داخوازییەکانی کۆمەڵگە بۆ خۆیان سەرچاوە دەگرن، بۆیە لە کۆمەڵگەکانی تردا کە ئەمانە بۆ خۆیان چارەسەر بوون، گرووپەکان یان رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئیتر تایبەت بێت بە هەر چین و توێژێک دێن باسی داخوازییە گشتییەکان دەکەن، ئەوانەی کەهی کۆمەڵگەن بە گشتی، ئێمە نەک تەنیا لە ناو گەنجاندا بگرە لە نێو چین و توێژی تریشدا هەست بەوە دەکەین، کاتێک کە تەنانەت بوارێکیان بۆ دەگونجێت کە لەگەڵ سەرۆکی کوردستاندا قسە بکەن، زیاتر پێویستییە تایبەتییەکانی خۆیان دەخەنە روو، نەک پێویستییەکانی کۆمەڵگە، زۆرجار دەبینین لەو کۆڕ و کۆبوونەوانەدا باسی شتە زۆر سەرەتایی و تایبەتەکانی خۆیان دەکەن، چونکە ئەو هێشتا لە خەمی شتە تایبەتییەکانی خۆیدایە نەک کۆمەڵگە بەگشتی.

* بەڵام نابێت ئەوەمـان لە بیـر بچـێت، کـە کاتێک دەبینین گـەنج باس لە داواکـارییـە تـایبـەتیـیـەکـانی خـۆی دەکـات، ڕەنگە ئەمـە پێوەندیی بـەو ترسـەوە هـەبێت، کە لە داهـاتووی خـۆی هـەیەتی، یان ڕەنگە واقـیـعێک لای ئەو دروست بووبێت کـە بڵـێت باسـکردن لە شتە گشتییەکان لەوانەیە هیچ بۆ من بەرهـەم نەهێنێت، بەڵام پێت وا نییـە دڵنیـانەبوون لە داهـاتـوو و ژیان و چارەنووسـی ئەمـەش بۆ خـۆی گرفـتێک بێت و وای کـردبێ لە گـەنج کـە ئەم بـیرکـردنەوەیە لەلایدا دروست بووبێت؟

– زۆربەی ئەو کۆمـەڵگەیانەی کە بە تەنگژەی سیاسـی و شـەڕی ناوەخۆیی و شـەڕ لـەگـەڵ هاوسـێکانیـدا تێ دەپـەڕن و گـیـرۆدەی ئـەو تەنگژە سـیـاسـی و ئابوورییـانە دەبن، جۆرە حـاڵەتێکی دەروونیـیـان بۆ دروست دەبێت کە نادڵنیـا بن لە داهـاتـووی خــۆیان، زۆرجــار لـە کــاتی شــەڕەکــاندا، لە کــاتی پێکدادانەکانداو، لەتەنگژە سیاسـی و ئابوورییەکاندا، ئەوەی کە هـەیە لەدەست دەچێت، لەو حـاڵەتانەی کـە ڕووبەڕووی کورد بووەتەوە بـە تایبـەتی دەبینی زۆر بە دەگـمـەن خـێـزان هەیە، جارێ دووجـار مـاڵی تاڵان نەکـرابێت، یـان ناچار نەبووبێت مـاڵی خـۆی بەجێ بـهێڵێ و بڕوات و تا دێتـەوە شـتـەکـانی لەدەست داوە، ئـەو حـاڵەتی لەدەسـتـچوونە کـە چەند جارێک دووبارە بووەتەوە بۆی، یان ئەگەر لە زاتـی خـۆشیـدا ڕووی نەدابێ، دەبینێ هـاوسێکەی تووشـی ئـەو حاڵەتە بووە، ئەمـە وەکـو دۆخـێکی دەروونی لەلای دروست دەبـێ، نادڵنیـای دەکـات لە داهاتووی خـۆی، بۆیە هـەردەم ئەو دۆخـانە وای لێ دەکـات لە خـەمی ئێسـتـایدا نەبێ ئەوەندەی لە خـەمی داهـاتووی خـۆیەتی، لە کـاتێکدا مرۆڤێکی سـروشـتـی یان ئاسـایی، پێـویسـتـە سـوود لە ئێـسـتـای خـۆی وەربگـرێ، هـەوڵ بدات چی پێویستە بۆ ئەمڕۆی خـۆی بیکات، ئەمـە مانای ئەوە نییـە کە بیر لە داهـاتووی خـۆی نەکـاتەوە، بەڵام ئەگـەر ئـەمڕۆ دابین نەکرێت ناتوانرێ سـبـەینێش دابین بکرێت، واتە ئـەو دۆخـە دەروونییـە وای لـێ دەکـات، ئەمڕۆشـی لەدەسـت بچێت

چونکە ئەمڕۆ لە خەمی سبەینێدایە، ئەمڕۆی بە خەم تەواو دەکات، سبەینێش ناتوانێ بەدەست بهێنێ، چونکە لە کاتێکدا بە نیگەرانییەوە بیر لە سبەینێ بکەیتەوە، ناتوانی سبەینێ بەدەست بهێنی و دەستکەوتێکت هەبێ بۆ سبەینێ، چونکە لە حاڵەتی نیگەرانیدا کە حاڵەتێکی دەروونی ئاڵۆزە، ناتوانی باش بیر بکەیتەوە، بۆیە دەبینین هەڵچوونی دەروونیی و تووڕەیی، ئەو تووڕەبییە هەستکردنە بەوەی کە خودی ئەوەی لە ئێستادا هیچی دەستگیر نابێت و لە سبەینێشی نادڵنیایە، وای لێ دەکات لە حاڵەتێکدا چۆن بە زووترین کات شتێک بەدەست بێنێ، لێرەدا دەتوانین ئیتر باسی ئەوە بکەین، چۆن گەنج ناچار دەبێ بۆ بەدەستهێنانی ئەو دەستکەوتانە بۆ سبەینێی خۆی، ئەمڕۆی بکاتە قوربانی، بەوەی جاری وا هەیە ساڵێکی تەمەنی خۆی لە ڕێی کۆچێکدا خەسار بکات، لە پێناو چەند ساڵی داهاتوودا، زۆرجار گەنجی وا هەبووە، چەندان ساڵی ویستووە تا لە وڵاتێکی تردا بگیرسێتەوە و ببێتە خاوەنی ئەوەی لە وڵاتێکدا وەربگیرێ و مووچەیەکی هەبێ یان ببێتە خاوەن کارێک بۆ ئەوەی لەوێ دەستکەوتێکی ئابووری بەدەست بهێنێ و بێتەوە لە کوردستان کارێکی پێ بکات، ئەم دۆخە دەروونییانە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە تەنگژەی سیاسی و ئابووریی تێدا هەیە، ڕوو دەدات، بە داخەوە کە لە کوردستانیشدا هەیە.

* من هەموو دەمێ پێ لەسەر بابەتێک دادەگرم لە گفتوگۆکاندا یان لەو کاتانەی کە باس لە گەنج دەکرێ، ئەویش ئەوەیە ئێمە گەنجانێکمان هەیە، ئیتر بە هەر هۆکارێک بێت لەو هۆکارانەی کە پێوەندییان بە بارودۆخی سیاسی یان تەنگژەی ئابووری یان هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو هۆکارانەی تر کە پێوەندییان بە کایەکانی ژیانکردنەوە هەیە، لێرە ژیانیان بەرەو ئاڵۆزی بردووە یاخۆ وایان کردووە کە مرۆڤ نەتوانێ بەپێی تموحەکانی خۆی هەڵسوکەوت بکات، ئەمەش بەرەنجامێکی وای لێ کەوتەوە کە کۆمەڵێکی زۆر لە گەنجانی ئێمە بێبەش بن لە خوێندن،

خـوێندنیش لـەم وڵاتەی ئێـمـەدا ئیـتـر پێـوەرە بۆ ئـەوەی مـرۆڤ داهـاتووی خـۆی مـسـۆگـەر بکات، ئەوانە کۆمـەڵێکن کە بـێ هـیـوا مـاونـەتەوە لە داهـاتووی خـۆیان، رەنگە زۆربەی هـەڵچوونەکـانیش لای ئەوانـەوە سـەرچاوە بگرێ، کـارکـردن لەسـەر ئەمـانە یاخـۆ چارەکردنی گرفتەکانیان بە چ ڕێگەیەک دەبێت؟

– ئەوەی کـە تۆ گـوتت زۆربەی هـەڵچـوونـەکـان لای ئەو کـەسـانەوە سـەر هەڵدەدات کە هیوایەکیان بە داهـاتووی خۆیان نییە، منیش دەڵێم کەسانێک کە هەست بکەن هیـچیـان نییـە بیدۆڕێن، ئامادەن ژیانی خۆشیـان لەدەست بدەن لە پێناوی ئەوەی شتێک بەدەست بێنن، ئەگەرچی شـتەکە زۆر بچـووکیش بێت، دیارە سـوودوەرگرتن لە ئەزمـوونی وڵاتانی تر، هەردەم شـتێکی باشـە، ئێمـەش کە لە سـەرەتای دامەزراندنی دەوڵەت و ڕێکخسـتنی کۆمـەڵگە و دانانی یاسـا و دەستوور و ئەو شتانەیـن دەتوانین سوود لە ئەزموونی وڵاتانی تر وەربگرین کە چۆن ئـەم کـێـشـانەیان لە کـاتی خـۆیدا چارەسـەر کـردووە. لە زۆربـەی ئەو وڵاتانەی کـە ئەزمـوونـی جـیـاوازیان هـەیە لەم بابـەتانە، حکوومـەت شـتـێکی بەنـاوی بێکارییـەوە یان مـووچەیەکی بەناوی بێکارییـەوە هەیە، یان بـە نـاوی یارمـەتیی کۆمـەڵایەتییەوە نەک بۆ تـاکەکەس بەڵکو بۆ خێزان دەبڕێتـەوە، واتە هیچ خێزانێک لە کاتێکدا کـاری نەبێت ناکەوێتە سـەر ئەوەی هیـچی نەبێت لە پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیان، هەمووەدەم پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیان دابین بووە، لەلایەن دەزگەیەکی لێپرسـراوەوە، کە دەزگـەی کۆمـەڵایەتیی نـاوە، یان بە سـۆسـیـال ناودەبرێت، بەهـەرحـاڵ لە هـەر وڵاتێکدا نـاوێکی خـۆی هـەیە، ئێـمـە لـە کـوردسـتـاندا دەتوانین سـوود لەو ئەزمـوونە وەربگرین، پێـم وا نییـە کوردستان لە رووی داراییەوە کێشـەیەکی وای هـەبێت، ڕەنگە کێشـەی هێنانی سـووتەمـەنی و دابینکردنی کۆمـەڵێک پێداویسـتی وەکو کارەبا و ئـاو کێشـەی تێـدا هـەبووە بۆ حکوومـەت، چونکە پێـوەست بووە بە مـەسـەلـەیەکی سـیـاسـیشـەوە، زۆربەی کـات لەو وڵاتانەی هـاوسێوە ئەو سـووتەمـەنییـانەی بۆ کـوردسـتـان هـاتووە بە کـەیفی خـۆیان بووە، هـەر کـاتێک ویسـتـبـێتـیـان ئەو

ناردنانەیان ڕاگرتووە، بۆ ئەوەی تەنگژەی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناو ئەم کۆمەڵگەیەدا دروست بکەن، بەتایبەتی لە هاوین دەبینین ئەم تەنگژە چۆن دروست دەبێ لە کوردستاندا و تەنگژەی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست دەکات.

بەڵام بۆ ئەو گەنجانەی نەیانتوانیوە خوێندن تەواو بکەن، پێویستە کاریان بۆ دابین بکرێت، ژمارەیەکی یەکجار زۆر کۆمپانیا لە کوردستان هەیە، ئێستا کار دەکەن بۆ ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانەوە، پرۆژەی جۆراوجۆر هەیە، ئەم پرۆژانە بە ڕاستی گەر بشدرێنە کۆمپانیا بیانییەکان پێویستە کرێکارەکانی کورد بن، دەبێ سوود لە توانای ئەو کەسانە وەربگیرێ کە نەیانتوانیوە خوێندن تەواو بکەن، لە هەر وڵاتێکیشدا ئەوەی نەیتوانیبێ خوێندن تەواو بکات، یان توانایەک، شایستەیەکی زانستیی هەبێ لەو کارانەدا بەشدار دەبێ کە پێویستی بە خوێندن و بڕوانامە نییە، دەتوانرێ لەو پرۆژانە کاریان پێبکرێ، وەکو تریش لە حاڵەتی هەرە خراپیشدا دەتوانرێ بەو یارمەتییە کۆمەڵایەتییە یان بەو مووچە بێکارییە کێشەکە چارەسەر بکرێ.

* با ئێمە ئەم پرسیارە چڕوپڕ بکەینەوە بۆ دوو لایەن، ئەرکەکانی سەرشانی گەنج چییە لەم سەردەمەدا کە پێی هەستێت، مافەکانی چین، دواتر دەسەڵات پێویستە چی بکات بۆ چارەسەری تێکڕای کێشەکانی گەنج؟

– دیارە حکوومەت لە کابینەی تازەی خۆیدا، وەزارەتێکی داناوە بەناوی (وەزارەتی وەرزش و لاوان) بێ گومان ئەو وەزارەتە یاسا و ڕێنوێنیی خۆی دەبێ بۆ گەنجان لە کوردستان بە کوڕ و کچەوە، بەڕاستی پێم وایە زۆربەی هەرە زۆری ئەرکەکانی کۆمەڵگەیەک لە هەر بوارێکدا بێ، لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، چونکە وزەی گەنج لەو تەمەنەدا ئەو وزەیەیە کە کۆمەڵگەی پێ بەڕێوە دەچێت، زۆربەی ئەرکەکان دەکەوێتە سەرشانی ئەوەوە، پێویستە لە بەرامبەر ئەوانەدا مافەکانی خۆی وەربگرێ، مافەکانی

رەنگە بەپێی ریزبەندی کە بڵێین چی و چین، ئەمە قورس بێت ئێستا باسی بکەم، وەکو هەر هاوولاتییەک ئەرک و مافی خۆی هەیە، بەلام چونکە وزە و توانای گەنج چڕ کراوەیە لەو تەمەنەدا، زۆر لە ئەرکەکان ئەگەر ئەرکی حزبی و حکوومەتی بێت یاخۆ ئەرکەکانی تری ناو کۆمەڵگە بێت، دەکەوێتە سەرشانی گەنجەوە، پێم وایە وەکو وزەی بیرکردنەوەش لە ناو رووناکبیرانی گەنجدا پێویستە ئەو وزەیە تەرخان بکەن بۆ ئەوەی چۆن کۆمەڵگە گەشە دەسەنێ، ببن بە هێزێکی رێنوێنیکەر بۆ حکوومەت و حزبەکان (ئێمە خەڵکێکی زۆرمان هەیە کە گەنجن و لە ناو حزبەکاندا ئەندامن، بەلام ئەرکی خۆیان جێبەجێ نەکردووە، لەوەی کە بتوانن حزبەکان بە ئاراستەی پێشکەوتنخوازیدا بەرن) یەکێک لە ئەرکەکانی گەنجی حزبی ئەوەیە، کە ئاراستەی حزبەکەی خۆی بەرەو پێشەوە بەرێ، بەو هێزە فیکری و دەروونییەی کە هەیەتی، پێشکەوتنی هەر حزبێکیش لە کوردستاندا بۆ نموونە ئێمە پارتی و یەکێتیمان وەک دوو حزبی خاوەن بنکەی فراوانی جەماوەری هەیە، ئەگەر شەست یان حەفتا لەسەدی کۆمەڵگە لەوان پێکهاتبێ، ئەوەندەش لە کۆمەڵگە پێش دەکەوێ ئەگەر ئەوان پێش بکەون، بۆیە گەنجە حزبییەکان ئەو ئەرکەیان دەکەوێتە ئەستۆ، گەنجە بێلایەنەکانیش بە هەمان شێوە، بەڕاستی لێرەدا ئەرکی کۆمەڵگە هەر ئەوە نییە، کە رێنوێنیی حزبێک بکات کە دەڵێم رێنوێنیی زۆر جار لە رەخنەدا خۆی دەردەخات بەلام بەمەرجێ رەخنەیەکی بە پرۆژە بێ، کە مەبەستی پێشخستنی کۆمەڵگەکە بێت، دەتوانێت گەنجی حزبی بە شێوەیەکی راستەوخۆ، گەنجی بێلایەنیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاراستەکەری حزبەکان و کۆمەڵگە بن بۆ پێشەوە، ئەوەش ئەرکێکە زۆر لە بواری کۆمەلایەتیدا یان سیاسیدا یان لە ناو داوودەزگەکاندا ئەو ئەرکە لە ئەستۆی خۆیان بگرن و بە جوانترین شێوە جێبەجێی بکەن و بەپلان و بەرنامەوە.

دیدارێک لەگەڵ نووسەر و ڕووناکبیر مەهاباد قەرەداغی

## لەبارەی دیموکراسی و کۆمەڵگەی کوردستان

سازدانی: هاوار بانیخێڵانی

* سەرەتا دەمانەوێ هێمایەک بۆ مێژووی کۆمەڵگە بکەیت لە ڕووی داوونەریتی کۆمەڵایەتییەوە.

- مێژووی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگەیەک قۆناغەکانی گەشەسەندنی ئابووری، سیاسی و کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە دیاری دەکات. داوونەریت، یاسا و ڕێسا و ڕێنوێنییەکانی کۆمەڵگە بەپێی ئەو گەشەسەندنانە دەگۆڕێن. داوونەریتەکان بەپێی ئەو گۆڕانانە، گەر کەس دەستیشیان تێ وەرنەدات، هەر دەگۆڕێن، بەڵام گۆڕانێکی بێ بەرنامە و هەڕەمەکی، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتدارانی سیاسی و کولتووری و ئابووری بە پلانەوە زەمینە بۆ ئەو گۆڕانکارییانە خۆش بکەن، ئەودەم گۆڕانێکی پرۆگرامیزەکراو، ڕێکوپێک و هاوچەرخ دێتە بەرهەم.

کۆمەڵگە ئۆرگانێکی فرە ئاست و هەمەڕەنگ و زیندووە، بۆیە دەبێ بەرەچاوکردنی ئاستەکان، ڕەنگەکان و زیندوویەتییەکەی پلان بۆ پەرەپێدانی کولتووری ئەو کۆمەڵگەیە دابنێت. دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگە بەرپرسیارن بەرامبەر ئەو گۆڕان و نەگۆڕانە، بۆیە هەر دیاردەیەکی نائاسایی لە مێژووی کۆمەڵایەتی ڕوو بدات، حوکمڕانانی ئەو سەردەمە لێی بەرپرسیار دەبن و بەپێچەوانەشەوە، هەر گۆڕانێکی پۆزەتیڤ و بە ئاراستەی پێشەوە ڕووب دات، لە ئەستۆی ئەواندایە.

* ئەو دیموکراسییە کامەیە کە بە باشترین شێوە دەبێتە هۆکاری چارەسەرکردن و بنەبڕکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان؟

– دیموکراسی باشترین سیستەمی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگە و سیستەمە سیاسییەکەیەتی، وەلێ هیچ سیستەمێکیش نییە خاڵی بێت لە کەموکوڕی، یان بانگەشەی ئەوەی بۆ بکرێت کە ئەو سیحرەی تێدایە کۆتایی بە کێشەکان بهێنێت. کێشە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسییەکان و کولتوورییەکانیش بەهۆی سروشتی مرۆڤەکانەوە سەر هەڵدەدەن. مرۆڤ لە سروشتەوە ئازادە و زەمینەی دەروونیی ئەوەی هەیە کە بەرگری لە ئازادیی خۆی بکات، بەڵام لە کاتی پێوەندییە مرۆییەکاندا، ئازادیی من و تۆ، ئەم و ئەو، ئێمە و ئەوان، بەریەک دەکەون و ئەوسا کێشەکان سەر هەڵدەدەن. دیموکراسی لە هەموو سیستەمێکی تر، باشتر چارەسەری بۆ پێوەندییەکانی مرۆڤ و بەریەککەوتنی ئازادییەکانیان، داناوە، بەڵام نەک بە شێوەیەکی بنبڕ و لێ بڕاوە. مرۆڤ ئەگەر فێر بێت ددان بەوی تردا بنێت، بەڕەچاوکردنی جیاوازییەکانی، دەتوانێت بەو جیاوازییانەشیەوە خۆشی بوێت و وەک چۆنە ئاوا قبووڵی بکات. بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیش یەکێک لە هۆکارە هەرە سەرەکییەکانی لە دروستکردنی کێشەکان، جا سیاسی بێت، یان کۆمەڵایەتی. غەریزەکانی مردن و ژیان لە مرۆڤدا ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێن و هاوسەنگییەکیان بۆ دابین نەکرێت، خۆپەرستی دەبێتە نۆرمێک و بەو شێوەیەش هەر کەس بۆ خۆی و لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆیدا، ئامادەی پێشێلکردنی ماف و ئازادیی ئەوانی تر و زەوتکردنی توانا و دەستکەوتەکانی ئەوانی تر دەبێت.

دیموکراسی باشترین سیستەمە، بەڵام وێڕای ئەوەش مرۆڤ هەردەم پێویستی بەکارکردنە لەسەر ڕوحی خۆی و تا مرۆڤ ئاسانتر ژیان وەربگرێت و هاوسەنگیی نێوان ڕوح و جەستەی ڕابگرێت، کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانەتر دروست دەبێت. هەمووو ئەمانەی باسیشمان کرد، پێویستی بەپلان و میکانیزمی پیادەکردنی ئەو پلانانەیە. سەبارەت بە کوردستان، مخابن و

مخابن و مخابن، کەس بیر لە پلان ناکاتەوە، هەموو شتێک هەڕەمەکی دێت و دەڕوا و ئەگەر ئەم فەوزایەش ببێت بە نۆرم، مەترسیی ئەوەی هەیە کۆمەڵگەیەکی توندوتیژ و غەریزەپەروەر دروست ببێت.

* کاتێک کۆمەڵگەی کوردی بانگەشەی ئەوە دەکات با هەموو بەشداری لە پرۆسەکانی کۆمەڵایەتیدا بکەین ، بەڵام لەولاشەوە دەبینین هیچ بەهایەک بۆ ڕەگەزی مێیینە نە ماوەتەوە و بگرە کوشتنیشیان رووی لە زیادبوون کردووە، دەکرێ قسەی لەسەر بکەی؟

– لە نێو یاساکانی سروشتدا نێر و مێ پێکەوە هاوسەنگی دروست دەکەن. ئەمە یاسایەکی ئەزەلییە، بەڵام دەروونناسەکان لەم سەد ساڵەی دواییدا ئەمەیان دۆزییەوە و فرۆید لە ڕابەرەکانی دۆزەرەوەی ئەم دیاردەیە بوو کە لە نێو هەر مرۆڤێکدا پیاو بێت یان ژن، هەردوو هۆرمۆنی ئەندرۆجین و ئەسترۆجین هەیە، کە دەبێتە هۆی ئەوەی سیفەتی هاوبەش لە نێوان پیاو و ژندا هەبێت. دەروونناسەکان ئەو سیفەتانەیان ناو ناوە (ئەنیما) و (ئەنیمۆس) ، پیاوان و ژنان هەریەکەیان هەڵگری هەردوو جۆری ئەو سیفەتانەن. مەسەلەی پیاوەتی و ژنیەتی، کردەی کولتوورن، دەنا لە سروشتی مرۆڤایەتیدا هاوسەنگییەکی جوان و ڕێک لە ئارادایە. نە ژن لە پیاو باشترە و نە پیاو لە ژن باشترە، بەڵکو مرۆڤە هاوسەنگەکان ئەوانەن دەتوانن ئەو سروشتە بپارێزن و نەکەونە ژێر کاریگەری کولتوورێکی زاڵمەوە و بەرامبەرەکەی خۆیان بچەوسێننەوە. ئەو جیاوازییانەی لە بیر و جەستەی ژن و پیاواندا هەیە، تەواو سروشتی و جێگەی بایەخن و بۆ ئەوەیە پارسەنگی یەک بن و هاوسەنگی لە ژیاندا دروست بکەن، بۆیە نابێت سیفەتەکانی ژنیەتی یان پیاویەتی ببێتە هۆکارێک بۆ بەرزنرخاندنی توخمێک و نزم نرخاندنی ئەوی تر. خەبات بۆ یەکسانی، هەوڵێکی ژیرانەیە بۆ پارسەنگکردنەوەی ئەو لاسەنگییانەی کە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و وای کردووە کولتوورێکی پیاوسالار دروست

ببـێت. مـرۆڤـسـالاری، گـەڕانەوەیە بۆ سـروشـتی مـرۆڤ، بۆ پێـدراوە سروشتییەکانی هەریەک لە پیاو و ژن و ئەو هاوسەنگییەی بوون و ویژدان و ژیانیان دەپارێزێت.

لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، وەک کۆمەڵگەکانی دەوروبەریش و هی تریش لە دنیادا، جارێ تێگەیشتنێکی تەواو لەبارەی سروشتی مرۆڤەکان، دروست نەبووە. ڕۆشنبیرییەکی زانستی و دەروونی و ڕوحیی ئەوتۆ لە ئارادا نییە تا زەمینە بۆ ئەو هاوسەنگییە خۆش بکات. ئێمە ئەگەر عەقڵانی بڕوانینە بارودۆخی خۆمان وەک کۆمەڵگە، نابێ سەیریش بێت بەلامانەوە بۆچی ئاوایە، ئەی خۆ بۆ هەموومان ڕوونە مێژووی سیاسیی کوردستان چەندان سەدەیە لە چ تەنگژەیەکی گەورەدا بووە و کولتووری داگیرکاری و شەڕ لەلایەن (ئەوان)ەوە خەباتی ڕزگاریخوازی لەلایەن (ئێمە)وە چۆن مێشکی ناوەوە و دەرەوەی ئێمەی داگیر کردووە. ئەوە چەند ساڵێکە و تەنیا لە بەشێکی کوردستاندا زەمینەیەکی خۆماڵی دروست بووە بۆ بیرکردنەوە لە خۆ. هەندێ هەنگاوی سەرەتایی و جیدی بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی نراوە و، پێویستە ئەو هەنگاوانەش بەردەوام بن. لە نێو کۆمەڵگەکاندا هەردەم ململانێی نێوان هێزە نوێخواز و کۆنەخوازەکاندا دەبێت، بەڵام گرینگ ئەوەیە مەیلی ئازادیخوازی، نوێخوازی و یەکسانیخوازی بەهێزتر بێت و هەنگاوەکانیش سەقامگیرتر بن.

ئێمە کە ساڵی ٢٠٠٥ سیاسەتی یەکسانیمان داڕێژا کە ببێتە ستراتیجی حکوومەتی کوردستان، ئەودەم بەرەو ڕووی کێشەی زۆر و پەلاماری زۆر بووینەوە، بەڵام بەلای منەوە ئاسـایی بوو، چونکە بە چاویلکەیەکی کۆمەڵناسییەوە دەڕوانمە دیاردەکان و دەزانم شەپۆلەکانی نێو کۆمەڵگە لە بارودۆخی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەدا چلۆن ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. ئەو هەنگاوە سەرەتاییەی ئەوسا، ئەوەی بەدوادا هات، کە چەندان بەڕێوەبەریەتی لە شارەکانی کوردستاندا دروست ببێت بۆ بەدواداچوونی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان، هەروەها لیژنەی باڵا دروست ببێت کە سەرۆک وەزیران

خـۆی سـەرۆکـایەتیی بکات بۆ ئـەو مـەبەسـتـە. کـوردسـتـان هێـشـتـا نەبووەتە وڵاتێکی دان پێـدانراوی فـەرمی لـە دنیـادا، بەڵام لە هـەمـوو وڵاتـەکـانـی تری دەوروبەرمـان زیاتر کـار بۆ مـەسـەلەی یەکـسـانی کـراوە. ئـەگـەر کـەسـێک ئەم هەنگاوە سەرەتایی و جیدییانەی ئێستا بەرز نەنرخێنێ، مانای ئەوەیە نازانێ کـــۆمـــەڵگە چـۆن گـــەشـــە دەکـــات و چـلـۆن هـەنـگاو بـەهـەنـگاو بـەســـەر کەموکوڕییەکاندا زاڵ دەبن. سەرۆک وەزیرانی کوردستان کە بایەخ بەم پرسە دەدات، دەبێت ئـەو بایەخـە بەرز بنرخـێـنین. توندوتیـژی بـەرامـبـەر بـە ژنان لە کۆمـەڵگەکانی تریش هـەیە، بـەڵام ئێـمـە لە کـوردسـتـانـدا پـەردەپۆشی ناکـەین و دەمـانـەوێ ڕاشکاوانە بـاسـی بکـەین و چارەسـەری بۆ بدۆزینـەوە. شـەرم نـیـیـە مرۆڤ باسی توندوتیژی و ڕەشەکوژییەکانی نێو کۆمەڵگەکەی بکات لە پێناوی چارەسـەرکـردنـی، ئـەوە شـەرمـەزارییـە دیاردەی کـوشت و بڕ و سـەنگەسـار هـەبێت و بشاردرێتەوە و لە ژێرەوە پەرە بسێنێ و کۆمەڵگە پەک بخات.

* ئایا بەڕای ئێوە لە کـوردسـتـان ئەو دیموکراسـییە بەرقـەرارە بۆ یەکـسـانـی و عـەدالەتـی کـۆمـەڵایەتی تـا لە سـایەیدا پێکهـێـنانی کـۆمـەڵگەیەکی مـۆدێرن و زانسـتی لێ بکەوێتـەوە کـە تێـیـدا مـرۆڤ خاوەنی بڕیار بێت بە تایبەتی ژنی کورد؟

– لە باشووری کـوردسـتـاندا دیموکراسـی لە قـۆناغێکی سـەرەتاییدایە. ئێـمـە ناتوانین بڵـێین دیموکراسی بە مـانـا فـراوانەکەی لە کـوردسـتـانـدا هـەیە، بەڵام دەتوانین بانگەشـەی ئەوە بکەین کـە هـەنگاو بەرەو دیموکراسـی دەنرێت. بەڵگەم بۆ ئـەم قـسـانـەم هـەیە و بڕوانـە چۆن نووسـەران و ڕۆژنامـەنووسـان توانـیـیـان ڕۆڵیان هـەبێت لە گۆڕانکاری لە یاسای کـاری ڕۆژنامەوانیدا، کە لە پەرلەمانی کـوردسـتـان دەرچوو. ڕەشنووسـی دەسـتـووری کـوردسـتـان خـرایە بەرچاوی خەڵک تا بیروڕای خۆیانی لە بارەوە دەرببڕن و هەموو ئەو کەموکوڕییانەی کە ڕەخنەیان لێ گیرا بـوونە پڕۆژەی پێداچوونەوەی دەسـتـوور. لە نێو دەسـەڵاتی سیاسـیی کوردستاندا کـەسانێکی مـۆدێرن هـەن و لە بنەمـاکانی دیموکراسـی

تێ دەگەن و ڕەچاوی بیروڕای خەڵک دەکەن، بەڵام مخابن کەسانێکی ملهوڕیش هەن کە حیساب بۆ کەس ناکەن و گوێ لە کەس ناگرن. بە بڕوای من خەباتی دیموکراتخوازانی کوردستان پێویستە پشتیوانیکردنی کەسانی مۆدێرنی نێو حزبەکان و حکوومەتی کوردستان بێت و ڕیسواکردنی ملهوڕ و کەسەڕەقەکانیش بێت.

سەبارەت بە ژنی کوردستان، هیچ گومانی تێدا نییە، ئەو دەستکەوت و بەرهەم و بەهرانەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە، هی هەموومانە بە ژنان و پیاوانەوە، بەڵام بەشی ژن براوە و دەبێت وەربگیرێتەوە. ئیدی ئەو کاتە بەسەرچوو کە ژن بێدەنگ بێت لە داواکردنی مافەکانی خۆی، یان بە جۆرێک بەناوی ماف پێدانەوە بخاپێندرێ. کاتی ئەوە بەسەر چوو، تەنیا چەند ژنێکی ملهوڕ و بەستەزمان و ناڕۆشنبیر لە پێگە سیاسییەکاندا وەک بووکەشووشە دابنرێن، تەنیا لەبەرئەوەی ژنی ئەم بەرپرس و خوشکی ئەو بەرپرس و دایکی ئەم و دۆستی ئەون. نا، ئەم نەریتە سیاسییەی کە لە وڵاتە دواکەتووەکان و لە کوردستانیشدا هەبووە و هەیە، پێویستە بگۆڕدرێت و پێویستە لێی بێدەنگ نەبین. کچی هەژارێکی کوردستانیش وەک کچ و خوشکی سەرۆکەکان و سیاسەتوانەکان مافی ئەوەیان هەیە ڕۆڵی خۆیان بگێڕن لە گۆڕەپانی سیاسی و کولتووریدا و نابێ بەربەستیان بۆ دابنرێت تەنیا لەبەر ئەوەی کچ و ژنی بەرپرسان نین. پێویستە ژنی کوردستانیش مافی ئەوەی هەبێ بە توانای خۆی تەنانەت ببێت بە وەزیری بەرگریش. پەرلەمانی کوردستانیش بە هەمان شێوە، پێویستە ئەندامەکانی چ ژن و چ پیاو خەڵک هەڵیان بژێرێت. ئەم نەریتەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، جێگەی ڕەخنەیە و پێوەرێکی نادروستی تێدا بەکار هێنراوە بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران. بە گوزارەیەکی تر دەتوانین بڵێین نوێنەرەکانی پەرلەمان تەعین کراون. ئەگەر پێوەری شایستەیی و توانا بەکار نەهێنرێت، کەس خۆی هیلاک ناکات و گەشە بەخۆی نادات بۆ پێشبڕکێی ئەو پۆستانە، بە پێچەوانەوە بەم نەریتەی ئێستا چ ژن و چ پیاو هەوڵی ماستاوکردن و خۆبردنەپێشەوە و هەوڵی ناڕەوای تر دەدەن بۆ گەیشتن

بەو شـوێنانە. ئەمـە شـێرپەنجـەی سـیاسـەتی کـوردییـە و دەبـێ ئەم نەریت و پێوەرانە بگۆڕین.

* بەهاکـانی دیموکـراسی کـامـانەن کـە هاوکـاریمـان دەکـات بۆ نەگەیشتن بە ئاکامی خراپ؟

- بەها سـەرەکـییـەکانی دیموکـراسی برێتین لە یەکـسـانی و دادپەروەری و ئازادی. لە نێو بـەهـای یەکـسـانیـدا هاوسـەنگی لە ئەرک و مـافی نێـر و مێ، گـرووپە ئیـتنیکییـە جیـاوازەکـان، ئاینە جیـاوازەکـان هەیە. لە نێـو بەهـای دادپەروەریدا پێوەری ویژدان و خۆشەویستی و ئاشتیخوازی سەروەرە. لە نێو بەهـای ئازادیشـدا نەبوونی بەربـەست و سانسـۆر و بەیاساییکردنی دەربڕینی ئازاد و چاپەمـەنیی ئازاد و پیـادەکـردنی باوەڕی سـیـاسـیی جـیـاواز لە چوارچێوەی ڕەوتی گەشەی ئەو کۆمەڵگەیەدا. ئێمە ئەگەر بەهاکـان بناسین، دەتوانین کـاریشی بۆ بکەین و مـیکانیـزمـەکـانی پیـادەکـردنیشی بدۆزینەوە. هەمـوو ئەمانەش لە چوارچێوەی ئیرادەی مرۆڤ خـۆیەتی و مـەحاڵ نییـە بێتـە دی. کـۆمـەڵگەی ئێـمـەش ئەگـەر ئیـرادەی بەهێـزی خـوازیارانی دیموکـراسی سەروەر بێت، دەتوانین پێی بگەین.

* دەکرێ بزانین سیستەمێکی ئایدۆلۆجیک هەیە هەڕەشە لە ماف و ئازادییەکانی ژن بکات؟

- سـیـسـتـەمی سـەرمـایەداری ژن دەکـاتە کـاڵا. تۆ تەنیـا بڕوانە ڕێکلامـە بازرگـانیـیـەکـان و ببـینە چۆن بە وروژاندنـی غـەریزەی سـێکسی بەهۆی پیشاندانی ژنی ڕووتەوە، بەرهەمەکانیان لە بازاڕدا ساغ دەکەنەوە، لە کاتێکدا جەستەی مرۆڤ چونکە ماڵێکی پیرۆزە بۆ ڕوحی مرۆڤەکە، پێویستە لە هەموو وروژێنەرە مادییەکان دوور بخرێتەوە. لە سیستەمی خێڵەکیشدا دیسانەوە ژن بە کاڵا دەکرێت و بڕوانـە چۆن پێناسـەی شـەرەفی پیـاو لە جـەسـتـەی ژندا بەرجـەسـتـە دەکـرێت و لە پای ئەوەش کـولتـووری شـەرەف لە کـۆمـەڵگە

دواکەوتووەکاندا بووەتە نۆرمێکی ترسناک و توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان پیادە دەکرێت لە پای ئەو شەرەفە. فێمێنیزم بۆ ئەوە داهات کە ڕاڤەی ئەو خەتەرانە بکات کە لەو سیستەمانەوە بەرامبەر بە ژن پیادەیە.

* هەروەک دەزانین لەم ساڵانەی رابردوودا بەرێژەیەکی بەرچاو رەشەکوژی ژنان دەستی پێ کردبوو، بەڵام وا دەبینین سەرەتای داکۆکیکردن لە ژنی کورد سەری هەڵداوە، چۆن دەکرێ زیاتر پەرەی پێ بدرێ؟

– بە ویست و ئیرادەی پیاوان و ژنانی کوردستان دەکرێ کۆتایی بەو نەهامەتییانە بهێندرێ. ئێمە پێویستیمان بە پێناسەکردنەوەی پێوەر و چەمکە بەکارهێنراوەکانمان بە. ئێمە پێویستە زمانی کوردی لە گوزارە ئازاردەرەکان بەرامبەر بە ژن پاک بکەینەوە و ئیدی زەعیفە و حورمە و ماڵەوە نەبن بە کۆدی ژن. جاری وا هەیە، هونەرمەند یان نووسەرێکی بەناوبانگ کە باسی هاوسەرەکەی دەکات، دەڵێ "ماڵەوە"، ئەمە لە باکگراوندی مێشکی ئەودا ژن سیمبولی ماڵەوەیە و شتێکی مادییە نەک ئەندامێکی پڕ لە ئۆرگانی زیندوو. ئێمە پێویستە خەوشەکانی زمان و کولتوور و داوو نەریتەکان ببینین، تا بتوانین کاریان لەسەر بکەین. پێویستمان بە شۆڕشێکی کولتووری و کۆمەڵایەتییە.

* ئایا بە بڕوای بەڕێزتان وەک رووناکبیرێک ئەم پشتیوانییەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکان بۆ ژنی کورد چەندە کاریگەری هەیە یان رەنگدانەوەی چۆن دەبێت چی لە ناو کۆمەڵگەدا و چی لە ناو خودی دەسەڵات...؟

– ئەم هەوڵەی پێشمەرگە دێرینەکان زۆر بەرز دەنرخێنم و بە خوێندنەوەی ئەو داکۆکینامەیەی کە بڵاویان کردەوە، یەکسەر دەستم دایە خامە و ئافەریننامەیەکم بۆ نووسین. پێشمەرگە لە خەیاڵگەی مرۆڤی کورددا کۆدی

ڕزگارییە و سیمبولی خۆشەویستی مرۆڤ و خاکە، بۆیە ئەگەرچی تۆزێ درەنگیش کەوت، هەر چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکرا بەرامبەر بە دیاردەیەکی نامرۆڤانەی وەک ڕەشەکوژی هەڵوێستی جیدی وەرگرن. ژنی کوردستان، چییان بۆ پێشمەرگە نەکرد؟! دایک و خوشک و هاوسەر و خۆشەویستی پێشمەرگە نەبوون؟! هاوڕێباز و هاوسەنگەریان نەبوون؟! کەواتە، ئەگەر لە ئێستادا پێشمەرگە ژن لە یاد بکات، وەک ئەوە وایە ویژدانی خۆی دۆڕاندبێت. من هەست بەڕابوونی ویژدان دەکەم لەم هەڵوێستە جوانەی کە پێشمەرگە دێرینەکان نواندیان، بەڵام چاوەڕێی ئەوەشیان لێ دەکەم کە بەردەوام بن و نەک خۆیان بە پشتیوانیی خەباتی ژن بزانن، بەڵکو خۆیان بە پێشمەرگەی یەکسانیش بزانن. من لە تیۆرییەکی خۆمدا کە لە کتێبی "ئازادکردنی مێژوو"دا هەیە، گوتوومە: مێژووی کورد و هی ژنی کورد وەک گوێزێکە، مێژووی کورد توێکڵ و هی ژنی کورد کاکڵی گوێزەکەیە، کوردستان گەر ڕزگاریش بێت و ببێت بە وڵاتێکی سەربەخۆ، بەڵام ئەگەر ژن لە نێو ئەو وڵاتەدا دیل و داماو بوو، ئەو سەربەخۆییە مانایەک نادات و ناوەرۆکێکی پووچی هەیە، وەک گوێزێکی پووچ. پیاو بەبێ ژن ڕزگار نابێت، ژن و پیاوی کوردیش هاوچارەنووسن و کەسیان بەبێ ئەوی تریان چێژ لە ئازادی و سەربەخۆیی نابینن.

## مەهاباد قەرەداغی بۆ تەوەری گەنج لە ڕۆژنامەی خەبات

سازدانی: ئاشتی شاهباز و سەردار کەریم

* کۆمەڵگە پێویستی بە ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی هەیە، ئەم ڕیفۆرمە لە کوێ و لە چییەوە دەست پێ بکەین؟

– کۆمەڵگەی کوردستان نەک ئێستا بەڵکو هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە پێویستی بە ڕیفۆرمێکی ڕیشەیی هەبووە لە هەموو بوارەکاندا، بواری سیاسەت، کۆمەلایەتی، ئابووری و کولتووری. هەموو ئەو بوارانە پێوەندیدارن بەیەکەوە و گۆڕانێکی ڕیشەیی پێویستە هەموو ئەو لایەنانە بگرێتەوە.

ڕیفۆرمێکی سیاسیی ڕیشەیی پێویستە لە ناو حزبەکانی کوردستاندا بکرێت و کولتوور و ستركتووری خۆیان بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ دنیای هاوچەرخ بگۆڕن. پێویستمان بەوەیە پێوەری هاوچەرخ بەکار ببەین تا بتوانین بەپێی گۆڕانکارییەکانی دنیا و دەوروبەرمان خۆمان پێش بخەین و بگونجێنین. ئەگەرچی ماوەیەکی زۆرە پێویستی ئەو ڕیفۆرمە لە ئارادایە، بەلام ئێستا خەریکە بەشێوەیەکی جیدی باسی لێوە بکرێت و دەستی پێ بکرێت. خۆشبەختانە چ لە ناو ڕووناکبیران و چ لەلای حزبەکانەوە ئەو مەیلە بۆ گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ئارادایە و گفتوگۆی گەرمی لەسەر دەکرێت. ماوەیەکە تەنیا بە قسە و بە تیۆری دەیبیستین، بەلام خەریکە بخرێتە بواری پراکتیک و ئەمەش بۆ خۆی هێمایەکی باشە و مرۆڤ دەتوانێت گەشبین بێت بە ئەنجامەکەی. وەک وتم پێوەرەکان زۆر گرینگە پێوەری هاوچەرخ بێت و ئامرازەکانی گۆڕانکاریش پێویستە نوێ بن. مرۆڤ ناتوانێت بە ئامرازی کۆن کۆمەڵگە نوێ بکاتەوە، یان بە کەسانی کۆنخواز ڕیفۆرمی ڕیشەیی بەرەو

ئاراستەی پێشکەوتن و دنیای هاوچەرخ بکات. ئەگەر پێوەر و ئامرازەکانمان هاوچەرخ بن، دنیا دەتوانێت بمانخوێنێتەوە و حیسابمان بۆ بکات. ئەگەر بەپێچەوانەی ئەمەش بێت و تەنیا فۆرمی شتەکان بگۆڕین و ناوەرۆکیان وەک خۆیان بمێننەوە، ئەوە هەر لە دواوە دەمێنینەوە و دنیا نامانخوێنێتەوە و چاویلکەکانی جیهانی نوێ نامانبینێت.

* کۆمەڵگەی کوردی بەبێ بەرنامە و ڕێبەرایەتییەکی دروست هەنگاوەکانی گۆڕانی گرتووەتە بەر، ئەم هەنگاوانەش کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و مرۆییی بۆ دروست کردووە. چی بکەین لە پێناوی ڕاستکردنەوەی ئاراستەی هەنگاوەکان؟

– پێویستمان بەدانانی بەرنامەیە. یەکەم هەنگاومان ئەوەیە بۆ گۆڕانکاری ڕیشەیی پلانمان هەبێ و بەبێ پلان کار نەکەین. چەند ساڵێکە هەندێ گرووپ و لایەن و ڕێکخراو باس لە ڕیفۆرم دەکەن، بەڵام کە دەکەوێتە بواری پراکتیک ئەنجام ناهێنێ، هۆی ئەوەیە بەبێ بەرنامە بووە و بە هەڕەمەکی دەکرێت. ڕیفۆرم حەتمەن دەبێت بەرنامەدار بێت و هەنگاوەکان دیار بن و هیچ هەنگاوێک پێش و پاشی ئەوی تر نەکەوێت و هەر هەنگاوێک لە جێی خۆیدا بێت و بکرێت. بەرنامەیەکی واش دەبێت پسپۆڕانی هەموو بوارەکان پێکەوە دای بنێن، نەک تەنیا سیاسەتوان یان ئەندامی سەرکردایەتیی حزبەکان، یان تەنیا هەندێ ڕووناکبیر دای بنێن. گۆڕانێکی لەو جۆرە پێویستە کۆی بیرکردنەوەی پسپۆڕانی سیاسەت، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، پەروەردە، فێمینیستناسی، کولتوورناسی و، بوارەکانی تریشی تێدا بێت. گۆڕان پێویستە بەپرۆسەیەکی بەردەوام بکرێت و کاتی بۆ دابنرێت و نەوەستێت. پێویستە بە شێوەیەکی بازنەیی و بەردەوام بێت، چونکە دنیا و دەوروبەریش بەردەوام لە گۆڕاندان و بۆ ئێمەش گۆڕانکاری دەبێتە پێویستی و ئەرکی سەر شانمان.

* زۆرترین کێشە و گرفتەکانی نێو کۆمەڵگە لە ئەنجامی

پێـوەندییـە سـۆزدارییـەکـان و مـەسـەلەی سـێکسـە. تۆ ئەمـە بە یاخـیـبـوون لـە کـولتـوور و داوونەریت و ئاین دادەنێـیت، یاخـود کرانەوەی کۆمـەڵگە بەرامبـەر بەم مەسـەلانەی کە تا ئێـسـتـاش لە چوارچێوەی حەرام و عەیب و شـەرەفپارێزی دەژمێردرێن؟

– لە ڕاسـتـیدا ئـەو کێشـانەی کە لە کۆمـەڵگەی ئێـمـەدا ڕوو دەدەن و ناوی دەنێن کێشـەی کۆمەڵایەتی، بەهـۆی گەمـارۆدانی حـەز و ئارەزووەکانی مـرۆڤی ئێمـەوەیە لەلایەن کۆمەڵگە و کۆنترۆڵی کۆمـەڵایەتییـەوە. هـەردوو توخمـی نێر و مێ لە کۆمەڵگەی ئێمەدا حەزەکانیان دەچەپێـندرێ و مەودای ئارەزووەکانیان بەرتەسک دەکرێتەوە. ئـەم چەپاندنەش ناتوانێ بەردەوام بێت و لە ناکاودا و بە هـەر هـۆیەکـەوە بێت سنووری هۆشـیـاری دەشکێنێ و ئەو غـەریزانە بە شـێـوەی تری نائاسـایی دەخـاتە کار. سـروشـتی مرۆڤ وایـە و ناتوانرێت بە بەردەوامی ڕێگە لە هـەست و غـەریزەی سـروشـتی بگیرێت. ئەگـەر مـاوەیەکیش ئەوە کـرا، ئەوە ئەو هـەست و غـەریزە چەپاوانە لە فرسـەتێک دەگـەڕێن بۆ دەربازبوون و لە شێوەی ڕەفتاری نائاسـاییدا دەردەکەوێت. ئێمـە دەبێت بزانین چەپاندنی لاوان کـێـشـەیە نەک چارەسـەر، چارەسـەری ئەو کـێـشـانە لە پەروەردە و هۆشیارکردنەوەدایە.

پەروەردەی هـەڵەی ناو خێزان، ڕەفتاری کۆمـەڵگە و مامەڵەکردنی هـەڵە لەگەڵ کوڕ و کچی هـەرزەکـار و نەناسـینـی باری دەروونییـان لەو تەمەنەدا، وا دەکـات بە شـێوەیەکی نادروست ڕەفتـاریان لەگـەڵ بکرێت و لە ئاکـامـدا لە شـێـوەی سـەرهـەڵدانی دەیان جـۆری کێشـەی کۆمـەڵایەتیدا دەربکەوێت. ئێـمـە ئێـسـتـا دەبینـین چۆن کـێـشـەی بەکـارهێنانی تـەکنۆلۆجـیـای سـەردەم، ئینتـەرنێت و مـۆبـایل لە کـۆمـەڵگەی ئێـمـەدا دەیان کـێـشـەی دروست کـردووە و تـەنانەت تاوانیشـی لێ کەوتووەتەوە. ئەم کـێشـانە ئەوە ڕوون دەکـەنەوە کـە پەروەردەی خێزان و پەروەردەی قوتابخانە و پەروەردەی زانکۆکـانی ئێمە سـەرکەوتوو نین و کارەسات دەخـوڵقێنن. ئەوەی ڕوو دەدات تەنیا یاخیبوون نییە لە داوونەریت،

بەڵکە زەنگی خـەتـەرە و لەوە ئاگـەدارمـان دەکـاتەوە کـە ئێـمـە لە بواری پەروەردەی خـێـزان و قـوتابخـانە و زانکۆکـانمان گـەیشـتـووینەتە کۆڵانێکی بنبـەست و ئەگـەر هەر ئێسـتـا و یەکسـەر دەست بە چاکسـازی لە هەمـوو بـوارەکـانـدا و بە تـایبـەتـی لە بـواری پەروەردەدا نـەکـەین، ئـەوە خـەتـەری ڕاسـتـەقـینە لـە پێشـمـانەوەیە و هەڕەشـەمـان لێ دەکـات. ئەم هەڕەشـەیە بە تایبـەتـی لەسـەر ئافـرەتان زۆرە، چونکە کـۆمـەڵگەی نێـرسـالاری دەسـتـی نێرینەکانی ڕاهێناوە بە ئازاردانی مێینەکان. ئەم دۆخە چارەسەری پێویستە و تاخیرکردن هەڵناگرێت.

پێـویسـتـە بە بەرنامـەوە کـار بۆ گـۆڕانکاری لە نـاو سـیـسـتـەمی خـێـزاندا بکرێت. سیستەمی خێڵەکیی خێزان و ئەو هەڕەمە باوکسالارییەی کە هەیە و لەسـەر بنەمـای چەپاندن و خـەسـاندن بەڕێـوە دەچێ، پێـویسـتـە کۆتـاییی پێ بهێنرێ و لـە جێگەی ئەوە سـیسـتـەمێکی دیموکراسی لە ناو خـێزاندا پیادە بکرێت. بە هەمـان شـێـوە لـە قـوتابخـانەکـاندا و لە زانکۆکـاندا. بە کـورتی پێـویسـتـمـان بە دەسـتـپـێکردنێکی فـراوانی دیموکـراتـیـزەکردنـە لە هەمـوو دەزگاکاندا، دەزگای خێزان، دەزگا پەروەردەیییەکان و دەزگاکانی دەوڵەت بە گشتی.

هەڵمـەتی دیمـوکـراتـیـزەکـردن پێـویسـتـی بە هەمـوو لایەکـە، حـزبەکـان، حکوومـەت، ڕێکخراوەکـانی کۆمەڵگەی مـەدەنی، ڕێکخـراوە نێونەتەوەیییەکان. ئەم کارە تەنیا بە هەرەوەزی دەکرێت نـەک بە هەڕەمەکی و هەر کەس بۆ خۆی. پێویستمان بە سوودوەرگرتنە لە ئەزموونی وڵاتانی دیموکراتی، لە پسـپۆڕانی خۆمان کە لە وڵاتانی دنیان، لە پسپۆڕانی تر کە دۆستمانن و چاکەی ئێمەیان دەوێت. بەهەرحـاڵ، ڕیفـۆرم بە هەمـوومـان دەکـرێ و هەر یەکێکمـانی لێ کەم بێت، ژن یان پیاو، کوڕ یان کچ، جێگەی دیار دەبێ و کەموکوڕی پەیدا دەبێت.

* نەبوونی یەکـسـانی لـە نێـوان ژن و پـیـاو هەندێک بە ڕەهاییی دەسـەڵاتی پیـاوی دەزانن و هەنـدێکیش لە بـێ جـورئەتـی ژنی

کوردی دەبیننەوە، بە ڕای مەهاباد قەرەداغی کامیان ڕاستە؟

– دیارە سیستەمی باوکسالاری تایبەت نییە بەکۆمەڵگەی کوردەوە، بەڵکو ژنان لە هەموو کۆمەڵگەکانی سەرتاسەری جیهان گیرۆدەی ناهەوسەنگییەکانی ئەو سیستەمە بوون و تێکۆشاون بۆ دانانی سیستەمی بەدیل و چەسپاندنی یەکسانی کە سیستەمی مرۆڤسالارییە و ڕەچاوی توخمەکان ناکات. چەسپاندنی یەکسانیش لە هەر وڵات و کۆمەڵگەیەکدا بە ڕادەی جیاواز پێی گەیشتوون بەپێی ئەو خەبات و تێکۆشانەی بۆی کراوە و جدیبوونی ئەو حزب و حکوومەت و دامودەزگایانەی کە لەو وڵاتەدا سەروەر بووە. بە داخەوە هێشتا لە هیچ کوێ بە تەواوی تەواوەتی پێی نەگەیشتوون، بەڵام لە هەندێک کۆمەڵگە زۆر نزیک بوونەتەوە لەو ڕێژەیەی کە مەبەستە و گەیشتوونەتە نزیک یەکسانی. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئافرەت پەراوێز خراوە و دەرفەتی بۆ دروست نەکراوە تا گەشە بە کەسایەتی و بە تواناکانی خۆی بدات، نە لە ناو حزبەکان و نە لە ناو حکوومەتدا و نە لە داوودەزگاکانی تر. نە لە خێزاندا ئەو دەرفەتە دەدرێ و نە لە کۆمەڵگە، ئیدی چۆن بتوانێت لەگەڵ پیاودا کێبەرکێ بکات. لە خێزاندا تەنیا هانی کچ دەدرێ بۆ پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرایەتی و خۆ تەرخانکردن بۆ پیاو و بۆ منداڵەکان، هان نادرێت بۆ کارکردن لە سیاسەت و لە ناو کایەی ئابووری و لە ناو کایە کولتوورییەکان. حزبەکان ژنیان پەراوێز خستووە و دەرفەتی نادەن بێت و تواناکانی خۆی وەک ئەوی تر بخاتە خزمەتی کۆمەڵگەوە. دیارە مەبەست لێرەدا ژنی کوردستان بە گشتییە و نابێ هەڵاواردن هەبێت لە دانی دەرفەت بە کەسانێک و نەدانی بە کەسانێکی تر. ئەگەر ئەو دەرفەتانە لە ئارادا بێت و ژن ئەوساش نەیەوێت بەشداریی تێکۆشانی هەموو بوارەکان بکات، ئەوسا دەبێت باس لە بێ جورئەتی بکرێت. بۆیە بە باوەڕی من پەراوێزخستن و کەمتەرخەمی لە ئاست ئافرەتی کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە و، هیچ ڕیفۆرمێکیش لە کۆمەڵگەدا سەر ناگرێت ئەگەر بارودۆخی ئافرەت چاک نەکرێتەوە و هاوسەنگی و یەکسانی دروست نەبێت. من خوازیارم لەم ڕیفۆرمانەی کە ئێستا حزبەکان

باسی لێوە دەکەن دیسانەوە ئافرەت پەڕاوێز نەخرێت و سوود لە تواناکانیان وەربگیرێت. نەک تەنیا خوازیارم بەڵکو وەک ژنێکی خەباتکار لە بواری مافی مرۆڤ و یەکسانی داوا لە سەرکردایەتیی حزبەکانی کوردستان بەگشتی و پارتی و یەکێتی بەتایبەتی دەکەم کە ڕەچاوی ئەم خاڵە بکەن و ئافرەت فەرامۆش نەکەن، چونکە ڕیفۆرمەکانیان ئەو کاتە دەبێتە ڕیشەیی و سەرکەوتوو دەبێت کە توێژەکانی ئافرەتان، لاوان و قوتابییانیش بگرێتەوە و بەتایبەتی گۆڕانکاری لە بارودۆخی ژناندا دەتوانێت زامنی سەرکەوتنی ئەو ڕیفۆرمانە بکات.

* دەکرێ ئەم جیاوازییە لە نایەکسانیی ژن و پیاو لە پرۆگرامی پەروەردەدا بچەسپێت، یاخۆ پێویستە بگەڕێینەوە بۆ یاسا؟

– بێگومان زۆر گرینگە لە دەستووری کوردستاندا پرەنسیپی یەکسانیی جێندەری بچەسپێت، چونکە دەستوور ڕوحی یاساکانی داهاتووە. ئێمە پێویستمان بە دەستووری مەدەنییە بۆ ئەوەی یاساکانیش مەدەنی بێت. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە پەروەردەیەکی مۆدێرن دەتوانێت هەڵگری پەیامی یەکسانی بێت و لە ڕیفۆرمی پەروەردەییدا ڕەچاوی ئەو پایە گرینگە بکرێت. بەبێ یەکسانی گۆڕانکاری مانای ڕاستەقینەی خۆی ون دەکات، بەبێ یەکسانی دیموکراتی ناچەسپێ و لار و خوار دەبێت. یەکسانی پێویستە لە ڕەوشتی تاکە کەسەکانیشدا بچەسپێت، واتە کولتوورێکی وامان پێویستە کە ڕوانگەیەکی ڕوون و یەکسانخوازانەی هەبێت و هەموومان وەک بایەخی مرۆڤایەتیمان یەکسان ببینێت. پەیڕەو و پرۆگرامی حزبەکان پێویستە پرەنسیپی یەکسانییان تێدا بچەسپێت، بەڵام نەک تەنیا وەک نووسین بگرە لە پیادەکردندا و لە بەکارهێنانی وزەی ئافرەتان و لە پەرەپێدانی توانای ئافرەتانی کوردستاندا کارا بکرێت.

* ژمارەی کوژران و خۆسووتاندنی ژنان یەکجار زۆرە. کێ بەرپرسیارە و چارەسەری لای کێیە و چی بکرێت؟

– بەداخەوە کۆمەڵگەکەمان گەیشتووەتە ئاستێک کە ڕۆژانە زیاتر لە دوو ئافرەت لە دۆخێکی تاوانئامێزدا گیانی لەدەست دەدات. کوشتن بە پاساوی شەرەف لەم ماوەیەدا زۆر زیادی کردووە، بەهەمان شێوە خۆسووتاندنی ژنان و خۆکوشتن بە شێوازی تر. تاوانبار لەم کێشانەدا تەنیا ئەو کەسانە نین کە ئەو ژنانە دەکوژن یان دەبنە هۆی کوژرانیان، بگرە تاوانبار سیستەمێکە کە ژیانی کۆمەڵگەیەکی تاڵ کردووە، ڕوویەکی جوان و شارستانیی بۆ کۆمەڵگەی ئێمە نەهێشتووەتەوە. دەپرسی کێ بەرپرسە لەوە؟ بێگومان بەرپرسەکان بەرپرسن لەم دۆخانە، چونکە خۆیان بەرپرسیاریەتیی کۆمەڵگەیان لە ئەستۆی خۆیان ناوە و کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن، کەواتە دەبێ چارەسەری بکەن و یارمەتی لە ڕێکخراوەکان و ڕووناکبیرانیش بخوازن. بەداخەوە ئێمە لەوانەوە تەنیا ئەوە دەبیستین دەوترێت ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، بەڵام ئەم نیوەی کۆمەڵە لەلایەن ئەو نیوەکەی ترەوە بە شێوەی جۆراوجۆر دەچەوسێندرێتەوە و لە ئاکامدا ژمارەی ئەو کەسانەی کە دەبن بە قوربانیی ئەو چەوساندنەوەیە و بە پاساوی جیاجیا لەناو دەبرێن ساڵانە چەند هەزارێکە، ئەمە جگە لە کولتووری سووکایەتی پێکردن و شەڕی دەروونی کە ئاکامەکەی لە کوشتن خراپترە. ئەژماری ئەوانەی کە دەکوژرێن، ئەوانەی کە سووکایەتییان پێ دەکرێت، ئەوانەی کە خۆ دەکوژن و دەسووتێن هی ئەوە نییە بێدەنگیی لێ بکرێت. زوڵمێکی گەورە لەم نیوەی کۆمەڵە دەکرێت و، بەرگرییەکی ڕاستەقینەی پێویستە. پێویستە لە ئاستێکی بەرزدا پشتیوانی لە ژن بکرێت بۆ خۆ ڕزگارکردن و ڕزگارکردنی مێژووی خۆی لەم دەردەسەری و نەهامەتییە.

* سەنتەر و ڕێکخراوەکان تا ئێستا کاریان بۆ نوخبە کردووە کە دەکرا دەنگیان بگاتە هەموو شوێنێک؟

– سەنتەر و ڕێکخراوەکان تواناکاری سنووردارین هەیە، دەوڵەت خاوەنی تواناکاری تەواوە و دەتوانێت بگاتە هەموو شوێنێ. حزبەکان باڵادەستن و دەتوانن بگەنە هەموو شوێنێ. دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بە تایبەتی تەلەڤزیۆن

ئەو ئامـرازەیە کـە دەتوانێت دەنگ و ڕەنگی هەقـخـوازانە بگەیـەنێـتـە هەمـوو مـاڵێک، بەڵام ئەم ئامـرازانە بە دەسـتـی ڕێکخـراوەکانـەوە نین و هەتا ئێـسـتـا تەنیـا حـزبـەکـان خـاوەنی ئامـرازی وا و تواناکـاری وان. بەڵام دەزگـاکـانی ڕاگەیاندن لەلای ئێمە هێشتا نەبووەتە ئەو ئامرازەی بۆ بەرژەوەندیی گشتی و بۆ گەشەسەندنی گشتیی کۆمەڵگە بەکار ببرێت. عەقڵی پشت ئەو ئامـرازانە بڕیاردەرە لەوەی چ بەرنـامـەیەکی هەیە بۆ کـۆمـەڵگە و چەند دەیەوێت کـۆمـەڵگە پێش بخات. تیڤییەکانی ئێمە نەبوونەتە ئامـرازێکی پێوەندیی توند و تۆکمەی نێوان ڕێکخـراوەکان و ڕووناکـبـیـران و خـەڵک. دەبێت لە کـاتی بیـرکـردنەوە لە ڕیفۆرم بیـرکردنەوەیەکی جیدیش لە ڕاگەیاندن بکرێتـەوە. ئەوە کێشە نییـە کە ڕاگـەیاندنەکـان حـزبین، کێـشـەکە ئەوەیە کە بـەرنامـەیان بۆ پێـشـخـسـتنی حـزبەکـەیان نەبێت. ئەو حــزبەی کـە لە ڕاگـەیاندنـەکـانی خـۆیەوە دەیـەوێت کۆمەڵگە پێش بخات سوودەکەی بۆ حـزبەکەشی دەگەڕێتەوە و تەنیـا بەو جۆرە بەرنامەیە دەتوانێت حزبەکەی بکاتە پێشڕەوی گۆڕانکاریی پۆزەتیڤ. خـۆزگە ڕاگەیاندنی ئێمە لە قاڵبی تەسکی خزم خزمێنە بێنە دەرەوە و بۆ کۆمەڵگە کار بکەن.

* گەنجـی کورد دەیەوێت کۆپییـەکی ڕاسـتـەقینەی گـەنجی ئەوروپا بێت، پێت وا نـیـیــە ئەم کــۆپیــبــوونـە لە کــۆمــەڵگەیـەکی نەریـتی ڕەنجێکی زۆر و قوربانیدانی بوێت؟

– من پێم وا نیـیـە گـەنجی کـورد بیـەوێ سـێـبـەری گـەنجی ئەوروپا بێت، هێندەی ئەوەی دەیەوێت بەپێــوەری ئەمــڕۆ مــامــەڵەی لەگــەڵ بکرێت و بە چاویلکەی ئەمڕۆ تەماشای خواستـەکانی بکرێت. گەنجی کورد هەقی خۆیەتی داوای دەرفــەت بکات تا خــۆی تێـدا بدۆزێتــەوە و خــۆی تێـدا بســەلمێنێ. لە پرۆســەی ڕیفـۆرمـیـشـدا گـەنج بەشی شـێـری بەردەکـەوێت و دەبێت زۆربەی هەنگاوەکـان ئەو بینێت. گـەنج ئەرکی زۆری دەکـەوێتـە سـەر و ئەگـەر ئەنجـامی بدات پێویستە بە قەد ئەو ئەرکانەش مافی بەربکەوێت.

* کۆمەڵگەی داخراو و ئامێرە پێشکەوتووەکانی تەکنۆلۆجیا کۆمەڵێک ڕووداوی کارەساتئامێزی لێ کەوتووەتەوە، ئایا پێویستمان بەبوونی سانسۆرێکی توند هەیە، یاخۆ وشیارییەکی زانستییانە، لە کاتێکدا وشیارییەکان بە ئاسانی وەرناگیرێن؟

– خودی هەبوونی ئەو هەموو سانسۆر و کۆنترۆڵ و گەمارۆ دەروونییەیە کە وای کردووە مرۆڤی ئێمە بەرەو ئەو ئاراستە و لادانانە ببەن. نەخێر سانسۆر چارەسەر نییە و ئاکامی پێچەوانەی هەیە. ئێمە پێویستمان بەگەیاندنی هۆشیاری و کولتووری تەکنولۆجیایە پێش گەیاندنی خودی تەکنولۆجیا بەمرۆڤی کورد. پێویستمان بە کرانەوەی مێشکی خەڵکی کۆمەڵگەیە، پێش کرانەوەی کۆمەڵگە بە ڕووی نادیار و نەناسراوەکاندا. ئەوەی ڕوو دەدات ناوی لێ نانرێت کۆمەڵگەی کراوە و بە هەڵە پێناسەی کۆمەڵگەی کراوەمان کردووە. کرانەوەی عەقڵ مەبەستە، کرانەوەی دەرک و هۆشیاریی کۆمەڵگە مەبەستە کە ئەمانەن چاومان بە رووی پێشکەوتنەکانی دنیادا دەکەنەوە. ئایا ئێمە ئەمانەمان کردووە؟ کۆمەڵگە تەنیا بەوە ناکرێتەوە کە بە لێشاو تەکنۆلۆجیای تێ بڕژێ و بە دەگمەن هۆشیاریی بدرێتێ. لە دۆخی وادا کۆمەڵگەی بەرەڵای ناو لێ دەنرێت نەک کۆمەڵگەی کراوە. ئەوەتا چەندان ئافرەت بوونەتە قوربانیی بەکارهێنانی هەڵەی مۆبایل لە ئەنجامی گرتنی دیمەنی سێکسی و پۆرنۆگرافی. ئەمە بەرەڵاییە نەک کرانەوە. ئەمانە دەبێت بەیاسا ڕێک بخرێن و چارەسەر بکرێن. پێویستە سزای مەعقوول هەبێت بۆ ئەو کەسانەی کە ناوی خەڵک دەزڕێنن و کە وێنەی وا دەگرن و بڵاوی دەکەنەوە. پەرلەمان ئێستا لەبەردەم ئەم بەرپرسیاریەتییەدایە بۆ دەرکردنی یاسایەک کە سنوور بۆ ئەو ڕەفتارانە دابنێت.

* پێت وا نییە کاتی ئەوە هاتبێت هەمووومان بڕژێینە ناو کۆمەڵگەوە و لەسەر ئەرزی واقیعدا بچینە ناواخنی کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکانەوە؟

– بێگومـــان، زۆر ڕاســـتــە و منیش پێم وایە کـاتی پراکــتــیــزەکــردنی تیۆرییـەکانە. من وەک خـۆم لە ناو کۆمـەڵگەم و کێشـە و گرفتەکانیـان دەبینم و دەبیستم و هەستی پێ دەکەم. پێویستە هەوڵ بدرێت مەودای نێوان ڕووناکبیر و خەڵک، بەرپرسـەکان و خـەڵک کەم بکرێتەوە. مـەودای نێوان سـەرکردایەتی و بنکردایەتیی حزبەکان کەم بکرێتەوە و دەنگیان بە ئاسانـی بە یەکتری بگات و ئامـــرازی پێــوەندی لە نێــواندا هـەبێت و ئـاســان بێت. لە وڵاتانـی ڕۆژئاوا بەرپرسـەکان لە نێو خـەڵکدان و زۆر جار ڕێکەوتیـان دەکەیت و دەیانبینیت و گەر بتەوێت قسـەیان لەگەڵ دەکەیت، بەڵام لای ئێمـە لە کوردسـتـان وا نییـە، ئەوەی پلەی بـەڕێوەبەرێکی گـشـتـیی هەیە ئیـدی خـۆی لە خـەڵک ون دەکـات و خـەڵک ئاسان پێی ناگەن. ئەمـەش وای کردووە خـەڵک و بەرپرسـەکان نامـۆ بن بە یەکـتـری و لە یەکـتـری تێ نەگـەن. ڕاسـتـە لای ئێـمـە بەهـۆی بارودۆخی ئاســایشـــەوە وەک وڵاتانـی ڕۆژئاوا نیــیـــە و هەندێک مــەترسی هەیە، بەڵام خۆشبـەختانە کوردستـان ئێستا ئارامە و ئاسـایش بەرقەرارە. ڕەنگە بۆ چەند کەسێک نەگونجێ، دەنا وەزیرەکـان و ئەندامانی پـەرلەمان و بەڕێوەبەرەکـان و بەرپرسە حزبییەکان پێویسـتە لە ناو خەڵک بن و گوێ لە ئارێشـەکانیان بگرن و هـاودەنگ و هـاوخـەمیان بن.

* ئەگـــەر ڕەوت و ئـاراســتـــەی گــۆڕانـەکـــان بەدەست مـــەهـاباد قەرەداغی بێت، بە چ ئاراستەیەکی دەبات؟

– ئەگـەر بەدەســتی مـن بێت، بـەشـێــوەیەکـی ڕوون و بەرجـەســتــە و بـەبێ دژەگۆیی پرەنسیپی یەکسانی لە دەستووری کوردستاندا دەچەسپێنم. لە نێو داوو دەزگای حکوومەت و هەموو کۆمەڵگەدا سیاسەتی یەکسانی پیادە دەکەم. لە هەموو ئاستەکاندا هەر لە باخچەی منداڵانەوە تا وەزارەتەکان کەسـی شیاو لە شــوێنی شــیـــاو دادەنێم و پێــوەری زانســتی و هـاوچەرخ بە کـار دەبـەم لە دابەشـکردنی دەســەڵات و کـار و داهاتدا. ســوود لە توانا و وزەی بێ پایانی لاوانی کوردستـان بە کچ و کوڕەوە وەردەگرم بۆ پیادەکردنی پلانی گۆڕانکاری

و پێشکەوتن. زانکۆکان وا دەگۆڕم کە ببێتە بەرهەمهێنەری مەعریفە و توانای مرۆیی. هانی هاووڵاتییانی کوردی هەندەران دەدەم بێنەوە بۆ کوردستان، لێرەش سوود لە تواناکانیان وەردەگرم و لە بەرژەوەندیی کۆمەڵگە دەیخەمە گەڕ. هەوڵ دەدەم کولتووری ئاشتی و ژیاندۆستی و خۆشەویستی پەرە پێ بدەم و هەموو تواناکارییەکان لە پێناویدا بخەمە کارەوە.

نووسەر و ڕووناکبیر مەهاباد قەرەداغی

# لەبارەی دیاردەی ڕەشەکوژی ئافرەتانەوە بۆ کوردستان ڕاپۆرت دەدوێ

سازدانی: تارا محەمەد

* کوردستان ڕاپۆرت: لە دیدی کۆمەڵناسییەوە لە مەسەلەی ئافرەتان و دیاردە کۆمەلآیەتییەکان دەکۆڵیتەوە، ئایا ژنکوشتن بەتۆمەت و بەپاساوی شەرەف لە کوردستاندا دەخەیتە ناو کام چوارچێوە و چ پێناسەیەکەوە؟

– کۆمەڵگەکان خانە زیندووەکانی جەستەی ئەم گەردوونەن. لەبەر ئەو سیفەتی زیندووبوون و ئۆرگانیکیەیە کە هەردەم "کۆمەڵگە" قابیل بەلەدایکبوون و گەورەبوون و گەشەسەندن و گۆڕان و پێشکەوتنە، وەک چۆن قابیل بە وەستان و دواکەوتن و گەشەنەسەندن و نەگۆڕان و مردنیشە.

سروشتی کۆمەڵگەکان بەپێی جیاوازیی جوگرافیا و مێژوویان، بەپێی جیاوازیی زمان و ئاین و کولتووریان دەگۆڕێت. فەلسەفەی ژیان و دنیابینی مرۆڤەکانی هەر کۆمەڵگەیەک پێوەستە بەو فاکتەرانەی سروشتی کۆمەڵگەکە دیاری دەکات. فەلسەفەی ژیان واتە تێڕوانینی گشتیی کۆمەڵگە و تێگەیشتنیان بۆ مرۆڤ و دیاردەکانی پێوەندیدار بە مرۆڤەکانەوە. لە ئێستادا سیستەمی باوکسالاری تێڕوانینێکی زاڵی کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاستە، کە کوردستانیش دەگرێتەوە، کە تیایدا تێگەیشتن لە ماف و مافی بەرامبەر، ئازادی و ئازادیی بەرامبەر لە ئاستێکی پریمیتیڤدایە. نەک هەر لە

کۆمەڵگەی ئێمەدا، لە هەموو کۆمەڵگە پیاوسالارەکاندا یاسا بەناوبانگەکەی داروین کە لە کتێبی (بنەڕەتی جۆرەکان) باسی دەکات پیادەیە، کە دەڵێ (بەهێزەکان گەشە دەکەن و لاوازەکان مەحکومن بە لەناوچوون). ئافرەت لەو کۆمەڵگانەی کە کولتووری پیاوسالاری بە خەستی لە ئارادایە و کاری پێ دەکرێت، بوونەوەری لاواز کراوە و کۆمەڵێ خەسڵەتی ناسروشتیی پێ دراوە کە وەک کۆد بۆ کۆیلەکردنی هەمووکات بەکار براوە. کۆدی (شەرەف) یەکێک لە سەرەکیترینیانە کە لە جەستەی ژندا دانراوە و بەردەوام هەڕەشەی لاوازکردنەوە و بێبایەخکردن و نەمانی لێ دەکات.

شەرەف بەهایەکی مرۆڤە و بە پێناسەی عەقڵانی بریتییە لە ڕەوشتی جوان، ڕەوشتی جوانیش چوارچێوەی ویژدانێکی پاک و زیندووە، مرۆڤی بە ویژدانیش ڕاستگۆ و دەست و دڵپاک و میهرەبانە. بەڵام هەر ئەم شەرەفە بە پێناسە ناعەقڵانییەکەی بریتییە لە داوێنی ژنی بنەماڵە، ئەم داوێنەی خەتەرترین بەشی جەستەی ژنە و ئەو شوێنەیە کە بۆمبایەکی بە ناوی شەرەفەوە تێدا دانراوە و دەبێ ئاگەداری بێت نەتەقێتەوە.

لە کولتووری پیاوسالاریدا بەهاکان پێناسەکانیان بەپێی بەرژەوەندییەکانی چینی باڵادەستی کۆمەڵگە پێناسە دەکرێت، بۆیە جگە لە نوخبەی باڵادەستی کۆمەڵگە، هەموو ئەوانی تر دەبنە کۆیلە و قوربانیی پێناسەی هەڵەی ئەو چەمکانە و زیانی زۆری جەستەیی و دەروونییان پێ دەگات. ژن لەو کۆمەڵگانەدا بووەتە کۆیلەی ئەو پێناسەیەی کە لە شەرەف و لە جەستەی کراوە.

لە کوردستانی ئێمەشدا ئەو پێناسەیە زۆر بەزەقی بووەتە چوارچێوەی جەستەی ئافرەت و دیلی کردووە. ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا هێندە لاواز کراوەتەوە بەهۆی ئەو چوارچێوە و پێناسەیەوە کە لە چەمکی شەرەفی بنەماڵە کراوە، بووەتە ئەو بوونەوەرەی کە مەحکوومە بە لەناوچوون، بۆیە بەو شێوەیە ڕەشەکوژی ئافرەت بووەتە دیاردەیەکی ترسناک و پیادە دەکرێت.

* کوردستان ڕاپۆرت: گرینگترین پاڵنەرەکانی کوشتنی مێینە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چین؟

– خەسڵەتی توندوتیژی سیمای ڕاستەقینەی کولتووری نێرسالارییە، بۆیە یەکەمین پاڵنەری دەروونی لە پشت کوشتنی ژنانەوە سیفەتی زەبروزەنگئامێزی پیاوانە. هەڵبەتە هەموو پیاوان ژن ناکوژن، ئەو پیاوانە ژن دەکوژن کە لە ڕووی گەشەسەندنی عەقڵ و هۆشیارییەوە لە قۆناغێکی زۆر سەرەتایی (پریمیتیڤ)دا دەژین. چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بە جیا گەشە دەکەن و هی هەندێکیان سستە و هی هەندێکی تریان خێرایە، واتە کلاسەکانی کۆمەڵگە هاوتەریب بۆ پێشەوە ناڕۆن و هەن غار دەدەن و هەن بەجێ دەمێنن. لە کۆمەڵگەی ئێمەشدا بە زۆری لە توێژە گەشەنەسەندووەکان و توێژە بەجێماوەکان ڕەشەکوژیی ژنان زۆرە. مەبەستم لە توێژی بەجێماو ئەوانەیە کە لە ڕووی فیکر و ژیری هەژارن و توانای هەڵسەنگاندنی عەقڵانیی مەسەلەکانیان نییە، بۆیە دەشێ لەسەر قسەیەک، تۆمەتێک، هەڵسوکەوتێک کە بەدڵی پیاو نەبێ، ئافرەتێ بەر فیشەک و خەنجەر بدرێت. لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیدا گوتراوە ( ئەمبەر ئەوبەرە ناسکە دولبەرە، لەسەر ماچێکی شەڕەخەنجەرە) ئەمە تەنیا بەستەیەکی فۆلکلۆر نییە کە ڕابردووی ئێمەی پێناسە کردبێت، ئەمە واقیعی کۆمەڵگەیەکە کە لە ئێستاشیدا ڕێک وەکو ڕابردووی وایە و لەم ڕووەوە گەشەی نەکردووە و لەسەر ماچێک شەڕەخەنجەر دەکات و لەو شەڕەخەنجەرەشدا زۆر جار نەک تەنیا ژن پیاویش دەکوژرێت.

هۆی ئەم توندوتیژییەش مەسەلەی شەرەفەکەیە، ئاخر بەپێی تێگەیشتنی ئەو خەنجەربەدەستانە شەرەف بە تەنیا ماچێکیش دەشکێت. شەرەفی شکاویش بە خوێنی تکاو پینە دەکرێتەوە. تەنیا گرووپە پریمیتیڤ و دوور لە شارستانییەکان بەم شێوە ناعەقڵانییە ڕەفتار لەگەڵ جەستە و بەها و پێوەرەکان دەکەن، لەم خاڵەدا، واتە لە پێناسەکردنی شەرەف و شۆرینەوەی شەرەفی شکاو بە خوێنی ڕژاو، کۆمەڵگەی ئێمە لە ئاستی گرووپە شارستانی

نەدیوەکانی نێو دارستانن.

هەڵبەتە جگە لە فاکتەری توندوتیژی پاڵنەری ئابووریش یەکێکی ترە لە فاکتەرەکانی کوشتنی ئافرەت بەپاساوی شەرەف. زۆر جار بۆ ئەوەی مافی مێینەیەک بخورێت لە خانەوادەیەکدا بۆ نموونە لە میراتدا، نێرینەکە تۆمەتی شـــەرەفی وەپاڵ دەدات و زەبروزەنگی لە دژ دەنوێنێ و دەیکوژێ بۆ ئەوەی هەقەکەی بخوات.

فاکتەری سیاسیش لە هەندێ دۆخدا بووەتە هۆی ڕەشەکوژیی ژنان لە کوردستاندا، بۆ نموونە لە سەرەتای ساڵەکانی ڕاپەڕین ژمارەیەکی زۆر ژن بە پاساوی ئەخلاق کوژران، بەڵام تۆمەتەکانیان ئەوە بوو کە سیخوڕی بەعس بوونە. ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگەش پاڵنەری ترە بۆ پەرەسەندنی ڕەشەکوژی بەشێوەیەکی گشتی و هی ژنان بەتایبەتی.

* ئاخۆ دیاردەیەکی وا چارەسەری هەیە؟ چ بکرێ باشە بۆ ڕێگرتن لە تەشەنەسەندنی دیاردەکە و بۆ بنبڕکردنی کوشتنی ژنان؟

– لە سروشتدا بۆ هەموو دەردێک دەرمانێکیش دانراوە. ئێمە کە دەستنیشانی دەردەکەمان کردبێت و بزانین ئەوە تێڕوانینی کۆمەڵگە و تێگەیشتنی هەڵەیەتی لە چەمکی شەرەف و پێناسەکردنی هەڵەیەتی بۆ بەهای شەرەف کە ئەو هەموو نەهامەتییەی لێ کەوتووەتەوە، کەواتە دەبێ کار لەسەر هۆشیاریی کۆمەڵگە بکەین بۆ پێناسەکردنەوەی جەستە و شەرەف و بەهاکانی تری پێوەندیدار بە ڕەوشتی تاک و کۆمەڵ. ئەمەش بە پرۆسەیەکی بەردەوام و بە پلانی عەقلانی و بەیاسا و بە ڕێنوێنیی ڕووناکبیرانە دەکرێت.

پێویستە مەودای نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە کەم بکرێتەوە، تا گەشەسەندنێکی تا ڕادەیەک هاوتەریب لە کۆمەڵگەدا ڕوو بدات. ئەمەش بەڕێکخستن و دانانی سیستەمێکی ئابووریی گەشەسەندوو دەکرێت.

پێویستە سیستەمێکی دیموکراتی بەرقەرار بێت و لەسەر بنەماکانی مافە

گەردوونییەکانی مرۆڤ، دەستوور و یاسا بناغەییەکانی وڵات دابڕێژرابێت. یاسا سەروەر بێت و عەقڵ و ویژدان دادوەر بێت.

* پرسیاری کۆتاییمان پرسیارێکی تایبەتییە لەبارەی ژیان و خەباتی خۆتەوە وەک شاعیر و نووسەر و چالاکێکی مافی مرۆڤ. لەم ماوەیەدا لە کارەساتێکی گەورەی تەقینەوەدا لە شاری کەرکووک هاوسەرەکەت شەهید بوو، وەکو زانیومانە ئەو پیاوە هاوسەرێکی پشتیوان و هاوسەنگەری خەباتی تۆ بوو لە پرسی یەکسانیدا. ئاخۆ لەدەستدانی پشتیوانێکی وا تۆ لە کار و چالاکییەکانت دادەبڕێت یان سارد دەکاتەوە؟ خۆت چۆن ئەو بارودۆخە تازەیەی ژیانی خۆت هەڵدەسەنگێنی؟

– بە حوکمی ئەوەی من لە منداڵییەوە لە مەیدانی تێکۆشانم و زۆر لە گەنجیشەوە هەودای فەلسەفە و سیاسەت و ئەدەبیات بووم، تێگەیشتنێکی تایبەتی خۆمم هەیە و بەشێوەیەکی تەقلیدی ناڕوانمە ژیان و مردن. لەلای من مردن کۆتایی قۆناغێکی ڕوحی مرۆڤە نەک کۆتایی ڕوح.

مستەفا گەرمیانی ئەو کوڕە کەرکووکییە ڕوح سووک و پێشکەوتنخواز و دڵسۆزە بوو کە لە چواردە ساڵیمەوە ناسیم و بووین بەهاوڕێ و خۆشەویستی یەکتر، بەڵام هەر زوو بەهۆی بارودۆخی سیاسیی وڵاتەکەمانەوە لە یەکتر دابڕێنراین و من خرامە زیندانەوە و ئەویش بەرەو تاراوگە چوو، تا دووبارە یەکمان گرتەوە دوازدە ساڵی خایاند و چارەنووسمان کردینی بەهاوسەر و هاوسەفەر. ژیان پڕە لە تاڵی و شیرینی، لە دەشتایی و هەڵدێر، ئێمەش پێکەوە قۆناغەکانیمان دەبڕی و لە ژیانی هاوسەریەتیماندا زیاتر وەک دوو هاوڕێ ڕەفتارمان دەکرد. مستەفا پیاوێکی کوردی دەگمەن بوو، نەک تەنیا بەوتە بەکردار پێشکەوتنخواز بوو، بەڕەفتار ڕووناکبیر بوو. هەڵبەتە لەدەستدانی هاوڕێیەکی وا تا سەر ئێسقان ئازاردەرە، بیرەوەرییەکان هەست و هۆش و دڵ و دەروون دەهەژێنن، بەڵام خۆشبەختانە یەکێک لە سیفەتەکانی

من ئەوەیە ئـازار و ژانەکـان لە ڕووی دەروونییـەوە بەهێـزترم دەکـەنەوە. ڕەنگە هۆیەکی ئەو سـیفـەتـەم ئەوە بێت کـە لە تەمـەنێکی ناسـکی ژیانمدا ڕووبەڕووی سـەخـتـتـرین ئەزمـوونی زیندان بوومـەوە و لە ئەشـکەنجـەخـانەکـاندا مـردنم بەچاوی خۆم دی، ئەوەش منـی کرد بەمرۆڤێکی چاوقایم و هـاوکات تێڕوانینی منی بەرامبەر بە ئازار و مردن گۆڕی.

من کـە خــەبات لە دژی کـولتــووری پیـاوسـالاری دەکـەم لـە کـاتێکدایە ئەو پیاوانەی لە ژیـانی مندا ڕۆڵی گرینگیـان بینیـوە لە شـێوەگرتنی کـەسـایەتیم، پیـاوی باش و مـیــهـرەبان و پێـشکـەوتنخـواز بـوون، باوکم لە قـۆناغـێکدا و هاوســەرەکەم لە قـۆناغێکی تری ژیانمدا ڕۆڵی گـرینگیـان گێـڕا لە هاندان و پشتیوانیکردنم. بـاوکم لە سـاڵی ١٩٨٨ەوە و، هـاوسـەرەکەشم دوو مـانـگ و نیو لەمـەوبەر وەک جەسـتەیان بەجێیـان هێشـتـووم و ئەم دنیایەیان بەجێ هێـشت، بەڵام وەک ڕوحیان لەگەڵمدان و ئێستاش بە لێشاو وزەی گەشم بۆ دەنێرن.

وەک خۆم لە خـەبات و کارەکانم نە سـارد دەبمەوە و نە دادەبڕێم، ئازارەکانم دەکەم بەداهـێنان، بیرکـردنەوەکانم دەکەم بـە چالاکی و بزووتنەوە، تەنیـا ئەو کـاتە واز لە چـالاکی دەهێنم کـە خـۆم بمرم، ئەو دەمـیش تەنیـا جـەسـتـەم لە چالاکی دەوەسـتـێ و ڕوحـم هەڵدەفــڕێ و جــۆرێکی تری چـالاکی دەست پێ دەکات و پەیامێکی خودایی و مرۆیانەی تر هەڵدەگرێ.

## هەڤپەیڤینێک

## لە تەوەرێکی هەشتی مارسی ٢٠٠٨ دا بۆ کۆواری شرۆڤە

سازدانی: ئاسۆ ئەحمەد

* ئایا ژنی کورد خاوەنی گوتارێکی فێمینیستی خۆیەتی؟ ئەگەر بەڵێ ناوەرۆکی ئەو گوتارە چییە!

– وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە هەر وا سانا و سەرپێیی نادرێتەوە و گەر بمەوێ ڕاشکاوانە لەسەری بدوێم، دەبێ لای کەم بە کتێبێک بەرسڤێکی تەواوی بێ کەموکوڕی بدەمەوە. لە دۆسیەیەکی وادا تەنیا هەوڵ دەدەم بە شێوەیەکی کۆنکرێتی ڕۆشنایی بخەمە سەر هۆکارەکانی لاوازیی گوتاری فێمینیستی لە کوردستاندا.

نەتەوەی کورد، بەهۆی گیرۆدەبوونییەوە بە مێژوویەکی سیاسیی ئاڵۆزی پڕ لە کێشە و ململانێ هەروەها جوگرافیایەکی سیاسیی ناسەقامگیر و چاو تێبڕاو لەلایەن زۆر هێز و وڵاتی دەوروبەر و دنیاوە، لە ڕابردوودا جێیەک نەبووە دەرفەت بۆ داهێنانی فیکر و ڕێباز و ئایدیۆلۆجیای خۆماڵی دروست بکات، لە ئێستاشدا بارودۆخ هێندە سەقامگیر نییە تا وەک جوگرافیایەکی ئارام مامەڵەی لەگەڵدا بکەین و ببێتە کەشێک بۆ داهێنانی فیکر و دنیابینی خۆماڵی. فێمینیزمیش پێش هەر شتێک فیکر و فەلسەفەیە و بۆ ئەوەی فەلسەفە و فیکرێکی فێمینیستی کوردی دروست بکەین پێویستمان بە کات و دەرفەت و پشتیوانی و جوگرافیایەکی ئازاد و ئارامە. وەنەبێ کورد ژنی بیرکەرەوەی نەبێ و هەمووان دەستەوئەژنۆ دانیشتبین و چاوەڕێ بکەین،

لەگەڵ ئەوپەڕی سەختی بارودۆخی ئافرەت لە کوردستاندا و شەپۆلی دژایەتیی بەرفراوان بۆ ژنانی بیرکەرەوە و نووسەر و چالاکەکانی بواری یەکسانی، هێشتاش هەوڵی جیدی لە ئارادایە بۆ بناغەدانان بۆ بزووتنەوە و گوتارێکی فێمینیستی کوردی. فەلسەفەی فێمینیزم لە جیهاندا جێگەی بایەخی ئێمەشە، بەڵام مەرجە بە سوودوەرگرتن لەو بنچینەیە و ڕەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی، ئابووری، کولتووری و کۆمەڵایەتیی کوردستان، بیری فێمێنیزمێکی کوردی دابڕێژین و تیۆری جۆراوجۆرمان لەو بارەیەوە هەبێت.

ئێمە دەبینین سەدان ڕێکخراو لە کوردستاندا هەن و بە ئامانجی کارکردن بۆ مافی مرۆڤ و دادپەروەری و یەکسانی دروست بوون، دەیان ڕێکخراویش بە تایبەت بەناوی ژنان و ئافرەتان و کچان و خوشکان و خانمان و هتد دروست بوون، چەندیان ساڵە کار و چالاکی دەکەن، کەمتر ئەنجامی چالاکییەکان دەرکەوتوون و کاریگەرییان وەک پێویست نەبووە. وەزارەتی تایبەت بەکاروباری ژنان دانراوە، لیژنە و بەڕێوەبەریەتی و سەنتەر و زۆر شتی تر دروست دەکرێ، بەڵام دەبینین گۆڕانکاری هێندە خاوە کە زۆرجار هەموومان نیگەران دەکات. وەنەبێ ئەم ڕێکخراو و لیژنە و کەسایەتییانە حەز نەکەن کاریگەری زۆر باشیان هەبێت، بەپێچەوانەوە هەریەک لەو ڕێکخراو و لایەنانە پێی خۆشە کاریگەری تەواوی هەبێت و بەشدار بن لە پێشخستنی کۆمەڵگە، بەڵام کارەکان کەموکوڕییان هەیە و پێویستە هەڵیان سەنگێنین و بزانین عیللەتەکە لە کوێ و لە چیدایە.

یەکێک لە عیللەتە سەرەکییەکان ئەوەیە کە مەسەلەی ئافرەت لە کوردستاندا نەخراوەتە قاڵبی فیکرەوە و نەبووەتە بەشێک لە پلانی ستراتیجیی داوو دەزگاکان و تەنانەت ڕێکخراوەکانیش. ئەگەر ئەم مەسەلەیە نەبێت بە فیکر، ناشتوانرێت تێکەڵ بە ئایدیۆلۆجیا و ڕێبازەکان بکرێ و سیستەم و قوتابخانەی لێ دروست بکرێت و هەر حزبێ لە چوارچێوەکەی خۆیدا بە سیستەمێکی دیاریکراو کار بۆ پراکتیزەکردنی بکات. بۆیە دەبینین ڕێکخراوەکانی تایبەتمەند بە پرسی ئافرەتان لە حزبەکاندا پاسیڤن و ڕۆڵێکی

ئەوتۆ لە گۆڕانکارییەکاندا نابینن. ئەگەر لە نێو حزبەکانی کوردستاندا ئافرەتی سەرکردە هەبووایە، بە مەرجێ تیۆریسێنیش بوایەن لە پرسەکانی جێندەر و فێمینیزمدا، ئەودەم لەگەڵ ڕێباز و فیکری ئەو حزبەدا هاوتەریب سیستەمێک گەشە پێ دەدرا کە مەسەلەی یەکسانیی جێندەر لە ئەجەندای ئەو حزبەدا ببێت بە هێڵێکی ستراتیجی و چالاکییەکانی ڕێکخراوی تایبەتمەندیی ئەو حزبەش لەسەر بنچینەی ئەو ستراتیجییە تاکتیکی دادەنا و سوودیشی لە تەکنیک و میتۆدی جیاواز و مۆدێرن وەردەگرت بۆ بەئەنجامگەیاندنی بەرنامەکانی ئەو ستراتیجییە. بەڵام مخابن لە نێو حزبەکانی کوردستاندا هێشتا ئافرەتی سەرکردەی لەو جۆرە نییە، بۆیە مەسەلەکەش لە ئەجەندای حزبەکاندا نەبووەتە جێگەی بایەخ. زۆر گرینگە حزبەکانی کوردستان کاژی کۆن فڕێ بدەن و بەرگی نوێ بپۆشن. بەڵام هەر ئەوەندەش نا، زۆر گرینگ و پێویستە ناخی کۆن بگۆڕن و فیکری کۆنیش فڕێ بدەن و ناوەرۆکێکی نوێ و فیکری نوێ بەرهەم بهێنن. نامەوێ لە هیچ مەسەلەیەکدا بە ڕەهایی قسە بکەم، بەڵام لەم مەسەلەیەدا ڕەهایانە دەڵێم، مەحاڵە حزبێک پێشکەوتنێکی ڕاستەقینە پێش بکەوێ و بتوانێ کۆمەڵگە پێش بخات، ئەگەر کۆمەڵێ پرسی گرینگی لە ستراتیجی خۆیدا دانەنابێ و نەیکردبێت بە سەوابتی خۆی، کە یەکێک لەوانە پرسی یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتییە. زۆر گرینگە حزبەکان دەرفەت دروست بکەن بۆ ئەندامەکانی خۆیان کە پێش بکەون و ببن بە کادیری فیکر و بەرهەمهێنەری تیۆری و داڕێژەری سیستەم و بەرنامەی مۆدێرن. بە تایبەت ئەندامە ئافرەتەکانیان، پێویستە دەرفەتیان بۆ دروست بکرێت و بتوانن پێ بگەن و ببن بە سەرکردە. بە بڕوای من و لە ئەنجامی ڕامان و کۆڵینەوە لەم بابەتە گوتوومە و دەڵێم "سەرکردە دروست ناکرێت، سەرکردە لەدایک دەبێت." مەبەستمە بڵێم ئەو مرۆڤەی کە دەشێ ببێ بە سەرکردە، پێویستە نەواتی سەرکردایەتی لە ڕوحیدا هەبێت و ئەو نەواتەش بەهۆی بایەخ و پەرەپێدان و وەبەرهێنان لە نێو حزبەکاندا زەمینەی گەشەسەندنی بۆ ساز بکرێت. بۆیە

گرینگە و پێشنیاز بۆ حزبەکانی کوردستان دەکەم، بۆ دەورەی کادیران و سەرکردایەتی، سەرەتا ئەو کەسانە دەستنیشان بکەن کە نەواتەکەی تێدایە، ئینجا هەوڵ بدەن کار لەسەر ئەو کەسانە بکەن و سیفەتەکانی سەرکردایەتی لە نێویاندا گەشە پێ بدەن. هەندێ جار دەبینین کەسانی وا بە سەرکردە ناوزەد دەکرێن، کە زەڕەیەک لەو نەواتەیان تێدا نییە و مەحاڵە بین بەسەرکردە، کەس بە زۆر ناتوانرێت بەسەرکردە بکرێت. ئافرەت خۆیشی پێویستە هەست بە بوونی ئەو نەواتە لە خۆیدا بکات و هەوڵی گەشەپێدانی بدات. دنیا گۆڕانی بەسەردا دێ و پێوەرەکان و عەقڵیەتەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت، حەتمەن کوردستانیش هەر وەک ئێستا نامێنێ و گۆڕانی بەسەردا دێ، پێویستمان بە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتی کارا و کارتێکەر هەیە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو.

* گوتاری ژنی کورد گوتارێکی سەربەخۆ بەخۆیەتی یاخۆ گوتارێکە لە ژێر ڕکێفی گوتارەکانی تردایە بۆ نموونە گوتاری ئاینی، نەتەوەیی، چینایەتی...؟

– گوتاری ژنی کورد، کە دروست دەبێت پێویستە گوتارێکی تایبەت و ژنانە بێت، هەڵبەتە ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە جودا و بێبەری بێت لە کاریگەری گوتاری کولتووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت ئاینیش، چونکە ئافرەت لە مەملەکەتێکی سەربەخۆی دابڕاو لە خەڵکی تر ناژی و ئەو گوتارەی کە دروست دەبێت، پێویستە واقیعی بێت و بۆ ئەوە بشێت لەسەر زەمیندا پراکتیک بکرێت و بەرەنجامی ئەو کارانەش گۆڕانێکی خوازراویان هەبێت. مەبەستمە بڵێم، پێویستە لە گوتارێکی فێمینیستانەی کوردیدا خوێندنەوەمان بۆ کولتوور و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێت و لە بیریشی نەکەین کە ئاین بەشێکی بەرفراوانی کولتوورە. ئاین لە گوتاری فێمینیستیدا پێویستە خوێندنەوەیەکی نوێ و زانستییانەی بۆ بکرێت و پێشنیازی چاکسازی و ڕیفۆرمی ئاینەکان ببێت بە بەشێک لە بەرنامەی

فێمینیستەکانیش. لە دیسکۆرسی فێمینیستی کوردیدا پێویستە دیالۆگ ببێت بە خاڵی بنچینەیی و لە ڕێگەی دیالۆگەوە تێگەیشتن دروست بکرێت و کار لەسەر خاڵە هاوبەشەکان بکرێت. فێمینیستی کورد هێشتا لەگەڵ خۆیدا مۆنۆلۆگ دەکات و هێشتا ئەو دێباتە گەرموگوڕە دروست نەبووە کە ببێتە خاڵی دەستپێکی لێک تێگەیشتنی نێوان ئافرەت و پیاو. ئێمە پێویستە لە کەشێکی دیموکراسیدا پێکەوە گفتوگۆ بکەین. دەزگا و هۆکارەکانی ڕاگەیاندن لە کوردستاندا تا ئێستا دەستپێشخەرییان نەکردووە بۆ دروستکردنی ئەو کەشە بۆ لێک نزیکبوونەوە و لێک تێگەیشتن، بەپێچەوانەوە لە ئاڵۆزکردنی کێشەکان و دروستکردنی کەشی پڕ لە دڕدۆنگی و گومان و لێکترازاندا ڕۆڵیان بینیوە.

هێشتا خەڵکێکی زۆر هەیە لە کوردستاندا سڵ لە وشەی فێمینیزم و فێمینیست دەکاتەوە و پێیان وایە فێمینیستەکان کار بۆ لێکترازانی ژن و پیاو دەکەن، کە ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە. کاری فێمینیستەکان لێک نزیککردنەوەی ئافرەت و پیاوە و دروستکردنی پێوەندییەکی مرۆڤانەیە لە نێوانیاندا. پیاو و ئافرەت ئەگەر پێوەندییەکی مرۆڤانە لە نێوانیاندا هەبێ، ئیدی چ ژن و مێرد بن، یان باوک و کچ، یان خوشک و برا، یان هاوڕێ، ژیان بە سانایی و جوانی بەسەر دەبەن و توندوتیژی لە ئارادا نامێنێ. لە دۆخێکی وەک هی ئێستادا ژنان و پیاوان هەردوولایان لە سروشتی مرۆڤبوونی ئاسایی خۆیان دوور خراونەتەوە و کراون بە چەوساوە و چەوسێنەر، کۆیلە و خاوەن، ستەم لێکراو و ستەمکار. هەوڵی ئێمە بۆ ئاساییکردنەوەی ئەو دۆخە نائاساییانەیە.

دەشێ هەندێ ئافرەتی چالاکیش هەبن ڕۆڵیان هەبێت لەو تێگەیشتنە هەڵەیەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمە بەرامبەر بە فێمینیست و فێمینیزم هەیە. هەندێ ئافرەتی چالاک کە لە تیڤی و ڕادیۆکاندا قسە دەکەن و من خۆم کە دەیبیستم سەرم سوڕ دەمێنێ. هی وا هەیە دێ و یەکسەر پیاو تاوانبار دەکات و حاڵەتێ دەگرێ و باسی دەکات و تەعمیمی دەکات. من خۆم

بیستوومە ئافرەتی وا هەبووە گوتوویەتی پیاو دڕندەیە. ئەمە هەڵەیە، ئەگەر مرۆڤ خوێندنەوەی بۆ هەموو ڕەهەندەکانی دیاردەکانی نێو کۆمەڵگەیەک نەبێت دەکەوێتە هەڵەی واوە. مرۆڤ پێویستە لە ڕەگ و ڕیشە و لە قووڵاییی کێشەکان بڕوانێ و تەنیا تەماشای ڕووبەر نەکات، بۆ ئەوەی لە هۆکار و ئەنجامەکان تێ بگات و لەسەر بنچینەی ئەو تێگەیشتنە گفتوگۆ لەسەر کێشەکان بکات. مرۆڤێک ئەگەر هەڵسوکەوتێکی دڕندانەشی کرد، لە خۆیەوە نابێت بە دڕندە، دەبێ ئەوەشمان بیر نەچێ دڕندەکانیش زۆر جار قوربانین. ئەگەر هەموو لایەکی هاوکێشەکان ببینین، دەشێ شیکردنەوە و هاوسەنگکردنەوەیان ئاسانتر بێت. بۆیە زۆر گرینگە ئەوانەی لەسەر مەسەلەی ژن قسە دەکەن، شارەزا بن و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر نەکەن.

ئەو کەسانەی کە لە بواری یەکسانی و پرسی ئافرەتدا چالاکن، ئەگەر هۆشیارییەکی فێمینیستیان نەبێ و هاوکات بڕێک زانیارییان لەبارەی کۆمەڵناسی، دەروونناسی، دیاردەناسییەوە نەبێت، دەشێ لەجیاتی بارەکە چاک بکەن، خراپتری بکەن. ئەمە کێشەیەکی گەورەیە و هەستی پێ دەکرێت کە بڕێک لەو ئافرەت و پیاوانەی لەم بوارەدا کار دەکەن، لە جیاتی ئەوەی چاکی کەن، خراپتری دەکەن لەبەرئەوەی بە پرەنسیپەوە کاری بۆ ناکەن و شارەزاییەکەیان لەم مەسەلەیەدا زۆر سنووردارە. ئەمە نەک لە کوردستان، لە وڵاتانی تری دەوروبەریشماندا هەر وایە. لەم ماوەیەدا لە کۆنفرانسێک بووم لە میسر، ژنێکی میسری ناوی میرڤەت بوو بەڕێوەبەری شەڵتەرێکی ژنان "خانەی پاراستنی ژنان" بوو، دەروونناسیش بوو، قسەیەکی زۆر جوانی کرد و سەرنجی منی ڕاکێشا. گوتی هەقە ئەوانەی کە لە مەسەلەی ژناندا کار دەکەن فەحس بکرێن و بزانرێ بۆ ئەو کارە دەست دەدەن یان نا. ئەو مەبەستی بوو تێستێکی عەقڵی و هەستی و دەروونی بۆ ئەو کەسانە بکرێت و بزانرێت دەروونی ئەوان چەند بەهێزە و ئایا ئەوان ئەهلی ئەوەن ئەم ئەرکە گرینگ و گەورە و خەتەرەیان پێ بسپێردرێت. ئێمە لە کوردستاندا مخابن نموونەی "ماڵی خانزاد"مان هەیە، کە خانەی پاراستنی ژنان بوو، بەڵام بەهۆی خراپ

بەڕێوەبردنەوە ئافرەتە قوربانییەکانی دووبارە کردبووەوە بە قوربانی. ئەم نموونەیە بەهۆی ڕۆژنامەکانەوە ئاشکرا کرا، بەڵام هەر ماڵی خانزاد نییە، ڕێکخراو و شەڵتەری تریش هەیە لە کوردستاندا خراپ بەڕێوە دەبرێن و درەنگ یان زوو گەندەڵییەکانیان ئاشکرا دەبن.

زۆر گرینگە ئەو کەسانەی کە لەم مەسەلەیەدا کار دەکەن، سازش لەسەر پرەنسیپەکەی خۆیان نەکەن، بەڵام هەردەمیش ئامادە بن دەست لە میتۆدێ هەڵگرن و شێوازی باشتر تاقی بکەنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجی یەکسانی. گرینگە ئەوانەی لە مەسەلەی ژندا کار دەکەن خاوەنی کەسایەتیی بەهێز بن و دەروونیان زۆر پتەو بێت و سانا تەسلیم بە ڕووداو نەبن و هەناسە و پشوودرێژ بن.

* کێ نوێنەرایەتیی گوتاری فێمینیسی کوردی دەکات (ژنان یاخۆ پیاوان)؟

– گوتاری فێمینیستی لە کوردستانیش و لە هەر جێیەکی تریش بێت، پێویستە ئەو کەسانە نوێنەرایەتی بکەن کە خاوەنی فیکر و فەلسەفەی فێمینیستین. بە بڕوای من ژنانی بیریار دەبێ داڕێژەری فەلسەفە و فیکر و تیۆرییەکانی فێمینیستی بن، بەڵام پیاوانێکیش دەتوانن نوێنەرایەتیی ئەو گوتارە بکەن، بە مەرجێ خۆیان لە تەپوتۆزی کولتووری پیاوسالاری تەکاندبێت و مرۆڤسالاری بووبێتە ڕووگە و ڕوانگەیان. گوتاری فێمینیستی گوتارێکی ئینسانییە و فێمینیستەکانیش بۆ یەکسانی و دادپەروەری و ئاشتی تێ دەکۆشن. ئەو بەهایانەی کە لە گوتاری فێمینیستیدا تەرکیزی لەسەر دەکرێ، هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز، ئاشتیخواز و مرۆڤدۆست دەتوانێ کاری بۆ بکات. ڕاستی ئەوەیە کە دیموکراسیش بەبێ گوتارێکی فێمینیستی ناتەواوە. لە کوردستاندا پێویستمان بە گەشەپێدانی فەلسەفەی هیومانیستی هەیە، چونکە بەبێ گەشەسەندنی هەستی مرۆڤایەتی ناتوانین گەشە بەبەهاکانی تر بدەین.